# لەهەرشتێ مشتێ

## کۆمەڵە چیرۆک

رووداوی سەردەم
بەشێوەی چیرۆک

١٣٧٣ هە ١٩٩٤ز

نووسین و ئامادەکردنی
سەعید کاوە (کوێستانی)

# LITE AV VARJE

KORTA SAGOR

1994

ISBN
91- 630 – 2035 - 1

SAID KAVEH

فێرستی چیرۆکەکان


- پێشەکی کاك کریم حیسامی 4
- مامەسوورە 7
- ئەوە مانای ئابوریمان زانی 12
- بەکوردیش نوێژبکا نیزیکی مەبە 19
- قاقای زۆردار 26
- کوشتارو ڕاو و ڕووت 32
- دوایین ڕاسپاردە 37
- تالآنی شەرعی 46
- پشووی هەینی 57
- کوردو کۆمونیست 63
- گرێو و ئامانج 70
- ئەو ڕەوشتە دزێوە پیرۆزی خۆت بێ 75
- گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێ 82
- ئاواتی وەدی نەهاتوو 91
- دادگای بە بەرنامە 97
- ئەرێ خەج تۆسەری خۆت چ نێرە جاشێکم؟ 103
- تەنیا بە ئێعدام ڕزگاریم دێ 109
- کۆڕەو، ڕووداوێکی مێژوویی 116
- یاسای خێڵەکی ئازادی 126
- شکنجە 137
- ئامۆژگاری دوژمن ڕوو زەردی دێنێ 153
- دەستی لە . . . درێژتر! 160
- هەزار گوتە و یەك کردەوە 167
- دەستی بە تەنێ تەقەی نایە 172
- سەرنجێک بۆ چەند وشە 177

# چەند وتەیەک .

برای بەرێزو دۆست و هاوخەباتی دێرینی بەردەوامی پەنجا ساڵەم کاک سەعیدکوێستانی، داوای شتێکی لێکردم کەبەگوێرەی ڕواڵەت و یاسا، لە وزەی من دا نە بوو. چونکە هەرکەسە دەبێ کارێکی پێ بسپێرن کە بتوانێ ئەنجامی بدات. بەڵام ئێمەکوردین و لام وایە بەم زوانەش داب و نەریتی کوردەواری وەلا نانێین و لە ئەزموونی گەلانی تریش کەلک وەرناگرین.

لانی کەم ئەم کاراکتەرە لەباری خۆمەوەبۆ بەپێستیەتی. دەنا نووسینی پێشەکی بۆ بەرهەمێکی ئەدەبی، بۆچیرۆک و رومان، کاری ئەدیب و چیرۆک نووس و شارەزایانە. کاری ئەو کەسانەیە کەسەریان لە چیرۆک و داستان و رووماندەر بچێ و لەم بوارە دا پێشینەی کاریان هەبێ.

دەی، دڵم ئەهات بێژم کاک سەعید، پێشەکیان بۆ نانووسم. یان ئەم ویست خۆ بشکێنم و بڵێم: خۆت دەزانی نووسینی پێشەکی کاری من نیە. « کارلن بەکارکردان » دەسپێرن.

چیرۆکەکانم لێ وەرگرت و گەڕامەوە ماڵێ، دەستم کرد بە خوێندنەوەیان. بەدوای خۆیاندا ڕاکێشام و نەمتوانی وەلایان نێم. خۆم لە نێو ڕووداوو کارە ساتەکانی کۆمەڵگای کوردەواریدا، دە دیتەوە فاکتەرەکان هەر وەک پەردەی سینەما، بەپێش چاوم دا، دەهاتن و دەچوون.

دوای تەواو کردنیان لە ژێر تەنسیری کارە ساتی نێو چیرۆکەکان و شیرینی زمانی نووسەر، بە شێلگیری کەوتمە سەرباری خسڵەتی کوردی وگوتم: یانی چی، هەزار جاریش پێشەکی نووسین کاری من نەبێ، هەر دەی نووسم. ئەوە نیە، لە کوردستان و لە نێو کورد هەزاران کەس بە ریایی و ماستاو سارد کردنەوە، کاری ئەوتۆیان گرتۆتە دەست، نەک هەر لێی نازانن بەڵکوو سەقەتیشی دەکەن و کردویانە.

بەڵام بابزانین کاک سەعید، سەرچاوەی ئەم کورتە چیرۆکانەی لەکوێ هەڵگرتوە کە وا جۆگەی بۆ کێشاون و تێکەڵ بە دەریای ڕوونی ئەدەبی کوردی کردون؟

بەرهەمی ئەدەبی جگە لە دەرخستنی واقعیەت، بە فاکت و بەڵگە و سەرچاوە نیە. چوونکە لە رەوتی رووداوەکان و واقعیەتی ژیانی کۆمەڵگای نووسەرەوە سەر چاوە دەگرێ. چیرۆک نووسانی ناسراوی بەناو بانگ، تێکۆشاون رەوتی چیرۆکەکانیان لەگەڵ واقیعی رووداوەکان تێکەڵ بکەن و بە شارەزایی لەگەڵ ژیانی رۆژانەی خەلک بیان رازێننەوە. نووسەری ئێمەش بۆ نووسینی ئەم کورتە چیرۆکانە، لەکارەسات و رووداوی دەوروو بەری و لەژیانی ڕابردووی خۆی ئیلهامی وەرگرتوە، بەزمانێکی سادەو ساکار کە یەکێ لە مەرجەکانی بنچینەی نووسینی رەسەنە، گەلێک رووداو و بە سەرهاتی لە قالبی کورتە چیرۆکی شیرین و بەتام و چێژ دا بۆ هێناوینە سەرکاغەز کە هەموویان لە کۆمەڵگای ئیمرۆی کوردەواری و تەنانەت لە نێو کوردە ئاوارەکانی پەریوەشدا، بەزەقی دەبینرێن و رۆژ لەگەڵ رۆژ دوویات دەبنەوە.

کاک سەعید، بە نووسین و تۆمار کردنی ئەم بەسەر هات و رووداوانە، دوو ئامانجی پێکاوە. یەکەم بەرەی تازە پێگەیشتووی کورد، ئەو بەشەی کە بەناچاری لە نیشتمان دوورکەوتوونەوەو پەرەوازەی هەندەران بوون، بەخوێندنەوەی ئەم بەرهەمە جوانە، بارو دۆخی گەل و نیشتمانەکەی دێتەوە یادو هەستی نیشتمان پەروەری لە ناخی دا دەجووڵێ، وا دەکا کەهەر کوردو هەر کوڕی نەتەوەکەی بمێنێتەوە.

چیرۆکەکانی « دەستی ... درێژتر،» پیرۆزی خۆت بێ، « مامە سوورە، « گیا لەسەر پنجی خۆی دەروێ، « ئەگەر بەکوردیش نوێژ بکا»و... لەگەڵ روون کردنی واقعیەتی ژیانی دەر بەدەری، پڕن لەپەندو ئامۆژگاری بە نرخ بۆ لاوانی کورد لە دەرەوەی وڵات و بێگومان بۆ روون بوونەوەی بیرو ڕوانگەی لاوی کورد بێ تەئسیر نابن.

دووەم بە گێڕانەوەی ئەم رووداوانە، بیچمی ڕاستەقینەی دەرەبەگی لوت بەرزی نەزانی ترسەنۆکی زاڵم، هەر وەها جنایەت و خوێن ڕێژی حکومەتی داگیرکەری ئیسلامی و خۆڕاگری قارەمانەتی لاوی پێشمەرگەی کوردو مەرایی و هەلپەرستی هێندێ کادرو لێپرسراوی حیزبی


سیاسی و لامەلامەو ئاغا بەڵێی هێندێ مەلای پەڕ زەردو... هتدمان، بۆ دەخاتەروو، لەقالبی کورتە چیرۆکدا دنیای ئیمرۆی کوردەواری، دنیای گیرۆدەی دواکەوتوویی و بن دەستیمان پێشان دەدا.

نەک هەر ئەوە بەڵکوو سیاسەتیش وەک هەورێک بە عاسمانی چیرۆکەکانی کاک سەعیدەوە دیارە. ئەوەش بۆ ئەم ڕاستیە دەگەڕێتەوە، کە نووسەر نەیتوانیوە لە سیاسەت و لە کارەساتە سیاسیەکان دوور کەوێتەوە. ئاشکرایە کەسێکی تەواوی تەمەنی لەگەڵ دەردو ژانی نەتەوەکەی و کوێرەوەری سیاسی بردبێتە سەرو لەگەڵ دەردو داخی دواکەوتوویی و بن دەستی گەل و نیشتمان ژیابێ و سەروکاری لەگەڵ سیاسەتی سەرکوتکەرانەی حکومەتە زۆردارەکانی تورک و عەرەب و فارس بوو بێ، کاتێ دەست بداتە قەڵەم، ئەگەر خۆشی نەخوازێ دەم لەسیاسەت وەردا، بەسەر دادەکەوێ و ناتوانێ خۆی لێ لا بدات.

ساڵی ١٩٨٥ کاک سەلاحی مهتەدی، لەوەڵامی نامەیەکی مندا، نامەیەکی بۆنووسیبووم، شاکاری پەخشانی ئەدەبی و وشەی ڕەسەنی کوردی بوو. پاشان پێنووسەکەی بەلای سیاسەتدا سەرکێشی کردبوو، لەپڕ نووسیبووی: (ئەمەدەویست باسی سیاسەت بکەم، تێکەوتم. دەڕۆم و دەیبوێرم)

بە ڕاستی ڕووناکبیری کورد، لە نووسینی چیرۆکیش دا، ناتوانێ لە سیاسەت خۆی ببوێرێ. بەلای منەوە ئەو هەورەی سیاسەت کە عاسمانی کورتە چیرۆکەکانی کاک سەعیدی گرتووە، نەی توانیوە تەم و مژو لێڵی بخاتە سەر ڕووداوەکان و لە ڕووکردنی بەسەرهات و کارەسات و ڕوودلوەکانی کۆمەڵگای کوردەواریدا سەرکەوتوو بووە.

مارسی ١٩٩٤ کەریمی حسامی



# مامە سوورە

مامە سوورە لە دێهات دەژیا . ناوبراو تابڵێی پیاوێکی بە شانو شەوکەتو بەقەلافەت کەڵەگەت بوو . سەرو ریش ماشوبرنجیو بەتەمەن داچووبوو. پیاوێکی بەزیبكو دەمارو ئازاو نێو بەدەرەوە بوو. وەك بنە ماڵێکی سەرئاوالەو نان خۆشو نان بدە ، لەناوچەدا نێوو نیوبانگی دەرکردبوو .

پەلامارو بێدادیو زەبروزەنگی بێڕوحمانەی دوژمن بنەماڵەی مامە سوورەی وەك هەزاران بنەماڵەی تر لە زێدونیشتمانی خۆی هەڵکەندبوو ئاوارەی هەندرانی کرد بوو . مامەسوورەی ڕاونراو بە کۆلێك منداڵەوە لە یەکێك لە ولاتانی ئوروپایی گیرسابۆوە. مامەسوورەکە خووی بە فەرهەنگی خۆماڵیەوە گرتبوو ، دوای ئەوەی ماوەیەکی بەسەردا تێپەڕی ، ناو براو لەبەر ئەوەی بەو ئادابو کلتورەی دەرەوە ڕانەهاتبوو ، لە باڵخۆیدا تووشی ناکۆکیو ناتەبایی دەروونی هاتبوو قسەی دەپەڕاندو جاروباریش بەتووڕیی دەیگوت:

– ئەی گۆڕ ، باوام لێبێ. ئەوکاتەی لاو بوومو بەتینوتاقەتبووم شەیتان دەستی بەپاشی دادەگرت پێیدا نەفسم . کە چی ئێستا لاوەکی لەسەر ئەو تووك نەرمییەی خۆیان ڕا خێسە لە منداڵانم دەکەن، دەك ڕووت ڕەشبێ زەمانە. هەمووی ئەو بەزمو ملکەچیو بێدەسەلاتییە دەگەڕێنەوە سەر ئەوەی کە بێ ولاتین. رووی دوژمنانی داگیرکەر ڕەشبێو لەعنەت لەبابیان کە وا منو ماڵو منداڵمیان لە زێدو نیشتمانی خۆمان هەڵکەندو دەربەدەری هەندەرانیان کردین . بەوەڵڵاهی پیاو هەستێ بچێتەوە دەست بداتەوە چەك و بەنانە ڕەقەو بەربەرەکانی چەکداری لەبن ئەو دارو

دەوەنانەدا خوێنی مرۆڤ بڕژێ، سەد شەرافەتی بەسەر ئەو ژیانە لۆکسەی پڕ لە ڕەزالەتدا هەیە. بەس نییە مرۆڤ ئەرکی کۆمەلآیەتی و نیشتمانی خۆی بە جێ دێنێ، بەلام چبکەم لەش ساغیم تەواو نییەو چارم بێچارە.

خاتئەستی خێزانی گەلێك جاران گوێی لە سوورەی مێردی دەبوو کە قسەی دەکردو دەیبوڵاند، باشی تێ نەدەگەیی، ئەو جار گوێی لە هەموو شتێك بوو، بەلآم بەتەواوی بۆی روون نە بووە مەبەستی چییە. تۆزێکی لێ نیزیك بۆوەو دەستی هاویشتە سەر شانی و لەسەرەخۆ پرسی؟

– ئەرێ پیاوەکە! تۆسەری خۆت چبووە، لەگەڵ کێتە؟ دەکرێ بۆم باس بکەی بزانم چ باسە؟ ئاخر منیش ژنی تۆم و لە خۆشی و ناخۆشی تۆدا هاوبەشم، ئەگەر شتێك ڕوویداوە پێم بلێ. مامە سوورە وەك بۆم تەقیەوەو گوتی:

– چۆن تۆ نازانی چباسە؟ کەسانی نامەرد بە غەریبمان دەزانن خەریکن ئابروومان بەرن. چۆن لە بەیانیەوە تا دەنووین تۆگوێت لەزرڕەی تەلەفون نییە کە هەلدەگیرێ و دادەنرێتەوە؟ هەرکاتێك ویستت گووشی تەلەفون هەلگری هێشتا نەتگوتووە ئەلۆ، یەکێ لەولاوە دەڵێ؛ ئەلۆ ڕۆژ باش، شەو باش، بە ڕوو هەڵ مالآوی دەپرسن؛ "خوازێخان" لەماڵە. یان "نوقلێخان" چدەکا گووشی بدەیە.

کچێ خودا نوقلێ و خوازێم لێ بستێنێ، هەر کە لە قوتابخانە هاتنەوە، پێکەوە دەچنەدیوی خۆیان کاتژمێرێك چەنە لێدەدەن و قسەدەکەن کەس نازانێ دەلێن چی ؟ کاتێك دەپرسم کێبوو؟ کێیە؟ وەلآم دەدەنەوە؛ فلآن کچبوو، فلآن دەستەخوشکم بوو، مامۆستای قوتابخانەیە سبەینێ ژیمناستیکمان هەیە.

بەراستی ئەستی ئەوەندە وەڕەزو ماندووم، واکەوتوتە مێشکمەوە سەری خۆم هەلگرم و روو بکەمەوە ولآتە داگیرکراوەکەی خۆم و

دەستبدەمەوە چەك لەبن بەردێکی کوردستان بکوژرێم ، بەسنییە بەویژدانێکی ئاسودەوە سەردەنیمەوە .

ئەستی خێزانی بەگوێ لێبوونی ئەو قسانەی مامە سورە ، ئەوەندە پێکەنی، شین و سوورهەڵگەڕا . ئەو پێکەنینەی ئەستی ، سوورەی لەشك هاویشتبوو ، تێیەوە ڕامابوو لە خۆی دەپرسی بە چی پێدەکەنێ؟ بۆدەبێ قسەکانمی پێ سەیربێ !؟

ئەستی بە پێکەنینەوە دەستی لەسەر شانی سوورە داناو گوتی :

– کوڕە خۆ من نەمدەزانی تۆ بۆ ئاوا وەڕەزی. مانگێك بوو بیرم لە وەڕزی تۆدەکردەوە بۆم حەل نەدەبوو . من چوزانم تۆ لە دڵی خۆتدا خەریکی ئەو خواسو باسەی . پێم وابوو ڕەشو رووتو هەژاری لای خۆمانت وەبیر هاتوتەوە وەڕەزی. کوڕە تۆلای خۆی مرۆڤێکی سیاسیو ڕۆوناکبیری . وەڵڵا دەبوایە بەگرژو مۆنیت زانیبام کە تۆ دڵپیسی لە کچەکان دەکەی . ئەویش ئەو کچانەی ئێمە کە لەچاو کچی ئەو وڵاتە دەڵیی فرشتەن، لە بەیانیەوە دەچنە یانەی زمان فێربوون دوای نیوەڕۆ درەنگانێك دێنەوە ماڵ‌و تا هێندێك نیومال ڕێكو پێك دەکەن و خواردن ئامادە دەکەن شەوە . شەوەکەش ناحەسێنەوە دەبێ دەرسو دەور ئامادەبکەن، تەنانەت چاوقوچانێك دەسیان بەتاڵ نییەو ئاسوودەنین‌کە بچنە لای دەستە خوشکەکانیان. بزانە تەلەفونیشیان لێ قەدەغە ناکەی. نەکەی لەلای کچەکان ئەو کەندو کۆژەوانە بکەیو کای کۆن بەباکەی . تۆکەنگێ ئاوا دواکەوتووبووی؟ واز لەقسەلۆك و وڕێنە بێنە، بیری خێڵەکی لە ئوروپا شەق شەقێنی پێدەکرێ .

مامە سوورە بەو قسانەی ئەستی نەك هەر ئەهوەن نەبۆوە، بەڵکوو پتریش گرژو تووڕە بوو گوتی :

– ئاخر دایکی وەك تۆ ئاقڵو شەش دانگیان هەیە بۆیە وا تەواون .

لەجیاتی گوێم بۆ ڕاگری بزانی دەڵێم چی، پێم پێدەکەنی. دەزانم ئاموژگاریەکانیشت هەر ئەوە دەبێ. ئەوە نییە تۆش خەریکی فریوم دەدەیو بە باسی دەستەخوشك بۆیان دادەپۆشی. دەستە خوشك یەك، دوو، سێ، ئەو هەموو تەلەفونە ماڵی خراپ کردین کە سەری مانگان ئەوەندە پووڵی تەلەفونی دەستەخوشکان بدەین.

ئەستی دەیویست شتێك بدۆزێتەوەو هێندێك سوورەی مێردی ئەهوەن کاتەوەو نەیەڵێ ماڵەکەیان بشێوێ. بڕێکی لێ نیزیك بۆوەو بە ئەسپایی گوتی؛ ئەرێ سوورەگیان با بوخۆمان هێندیك بدوێین بەڵکوو بتوانین بە هەردووکمان ڕێگا یەك بدۆزینەوە تۆش لەو پەشێوی و وەڕەزیە بێیەدەر. تۆخوا سوورە شتێك دەڵێم توورە مەبە. بۆخۆت دەزانی کچ دەبێ شوو بکاو کوڕیش ژن بێنێ. خۆ دەبێ لە جێگایەك یەکتری ببینن و پێکەوە دوو قسەبکەن و باسی ڕازو نیازێکی خۆیان بێننە گۆڕێ و ناسیاری لە سەر یەکتری پەیدا بکەن ئەو جار بنێرنە خوازبێنی و کچ بخوازن. لە لای خۆمان سەرئاو سەرکانی هەیە، جیران مام ناونجی دەکات و کوڕو کچ یەکتری دەبینن تا دەگەنە یەکتری. لێرە ئەو سەرکانی و سەرئاوجیرانە نیە، لانیکەم دەبێ تەلەفونەکەیان هەبێ و لەگەڵ یەکتری بدوێن تا یەکتری دەناسن و بەرنامەی داهاتووی خۆیان دادەڕێژن. کەس بە وتەی ماڵی خراپ نەبووە، تۆخوا سوورە تۆش جارێك لە جاران بلێ وایە.

مامە سوورە هەرچەند ئاموژگاریە هێدی و هێمنەکانی ئەستی تۆزێکی نەرم کردبوو، بەلام سوورە فایتوون هەڵی گرتبوو لە وتەکانی خۆی نەدەهاتە خوارو هەر لە ئاشی سەرووی لێدەکرد.

خات ئەستی لەگەڵ سوورە دەدواو هەڵدەسوورا نێوماڵی هەلدەوەژارد. لە پەنجەرە ڕا چاوێکی لەدەرێ کرد، وەك بەرق بیگرێ کشاوە، سوورە پرسی چبوو؟

ئەستی گوتی؛ تۆخوا وەرە پێش بزانە چی دەبینی ؟

مامە سوورە پێی وابوو شتێك قەوماوە، ئەویش بەگورجی هەستا بۆ لای پەنجەرەکە ڕۆیشت و دیتی لەسەر جادە کچێکی ژیکەلانەی چاو شینی پرچ زەردی ئاوریشمی کەڵەگەت، لەگەڵ کوڕێکی لە خۆی جوانتر دەستیان لە ملی یەکتر هالاندووەو لێویان بە لێوی یەکترەوە ناوە خەریکی ماچ و مووچی خۆیانن . ئەوانیش بەو شێوەیە خەریکی ئەویندارین و شای بە سەپانی خۆیان نازانن. خەڵکیش لەسەر جادە هاتووچۆی خۆیان دەکەن و بی‌تەفاوەت بە دەورو بەریاندا دێن و دەچن و پێیان شتێکی ئاسایی‌یەو هەرگوێشیان لێ نییە.

ئەستی بۆ پشتگری لەقسەکانی خۆی رووی لە سوورە کردو گوتی:

– ئەوە ڕەوشت و کلتووری ئێرە یە. خۆ ئاگات لێ‌یە کەس کاری بەکس نییەو ، کەس لەداخی ئەوی‌تر ژانەزگ ناگرێ .

تو خوا سوورە وەلامم دەوە بزانم تۆ ئەو بەزمەی سەرجادە لەگەڵ تەلەفۆنی شەوانە ی کچەکان چۆن لێك دەدەیەوە ؟

مامە سوورە بزێکی هاتی و گوتی؛ هەزار پیاوی ناتێگەیشتووی وەك من ، بە قوربانی ژنێکی ئاقلی وەك تۆ بێت .

## ئەوە مانای ئابووریمان زانی .

شەنگە سەرگەرمی میوانو میوانداری خۆی بوو. لە خۆشی دیداری دۆستان بەتایبەتی هاوڕێی خۆشە ویستی قالە کە میوانی بوو بزەی سمێڵی دەهات. گەلێك جاران شەوانە بە تەلەفون هەواڵی هاوڕێ و دۆستو ئاشناو ڕۆشنایانی خۆی دەپرسی. شەنگە ئەو کاتو ساتانەی پێ خۆشبوو لەکۆڕی دۆستاندابیێو باس لە چۆنیەتی کوردستان بکەن. کاتێ خێزانی دادەنیشت پێیدەگوت؛ توخوا شەکرێ دەرحەق بە میوانان لەمەر خواردن دریغی مەکە بەسەر بلندی میوان بەرێکە. دۆستەکانی کە خووخدەی شەنگەیان دەزانی پێیان دەگوت؛ پیاوەتی تۆ لە میزان دەرچووە هێندێکی دەست پێوە بگرە .

شەنگە گەلێك جارکە دادەنیشت کلاوی خۆی دەکردە قازیو بیری لەو قسانەی خەڵك دەکردەوەو بە خۆی دەگوت؛ ئەو خەڵکە بۆ وای لێهاتووە فکرو زکریان پوولو پارەو دەوڵەمەند بوونە. مرۆف ئەوەندەی هەبێ دەستبۆ نامەرد درێژ نەکا سەبڵند بژی هەزار کاوڕە مێ دێنێ . پێم سەیرە بەمن دەڵێن دەستی پێوە بگرە! دەست بەچییەوە بگرم نان نەخۆم، منداڵەکان رووت بن، میوان ڕانەگرمو خۆیان لێ بشارمەوە ،ئاخر چۆن دەبێ کاری وابکەم ؟ لە تەمەنی لاویدا گەلێکم خۆم ماندوو کرد ، سەروەتو سامانێکی زۆرم پێکەوەنا ، چیلێهات؟ ئەوە نییە دوژمن دەستی بەسەرداگرتووە پێی خەنیبووە. بۆخۆم کە دەربەدەرو ئاوارەی هەندەران بوومەو خێرم لێ نەدی، جارێکی دیکەش تێهەڵچممەوە پوولو سەروەتو سامان کۆکەمەوە ، ئەو جار بۆکێ؟

ئەدی کەی پشوێك بدەم؟ ئەو تەمەنە کورتەی مرۆڤ هەیەتی هەر

هەمووی دەبی برەتیو نەحەسێتەوە مالی دنیا وەسەریەك بنێ؟ بۆکێ؟ منی دەربەدەر دڵخۆشیم بەهاتووچۆی دوستانەوە هەیە، هەردوستەکانمن گوێ لەدەردو مەرگی من ڕادەگرن. هەر ئەوانیشن دێنە سەردانمو دەبن بەمیوانم. میوانیش نەبێ، مال قەندو چاو نانو گۆشتو میوەی دەوێ. بە هاتنی میوان با برێك پتر بکردرێ، ئیتر کوێن لەبەریو ئەو هەڵکوتهەڵکوتو ڕاکەڕاکەی بۆچیە!؟ دەیجا با ماشێنی نوێم نەبێو کۆن بێ. ئەگەر دڵفرەوانی هەبێ سەروەتی دنیا هی تۆیە. جاروبار کوڕەکان بونی گلەییان لەزاری دێو دەڵێن؛ مالێ ئێمە وەك هێندێك مال ڕێكو پێكو پڕ لەفەرشی باشو مۆبلمانی باش نییە.

من هەمووی ئەوانە دەزانم. ڕەنگبێ ئەوانەی باسیان دەکەن کاری باشیان هەبێو داهاتیان باشبێ، بۆیە مالیان خۆشترەو باشتری پێڕاگەیشتوون. دەنا کاری دەست پێوەگرتنو قرنیسی کردن نییە. ئێمەش پێش دەربەدەریمان لەو مالانە بووین کە زۆرکەس ئێرەیی پێ دەبردین. ڕۆژێك لەگەڵ خێزانی پێکەوە دانیشتبوون هەڵی دایەگوتی:

– ئەرێ شەکرێ، ئەو خەڵکە بە من دەڵێ زۆر خەرج مەکەو دەست بە مالێ خۆتەوە بگرە، مەبەستی خەڵك لەو بەگوێ هەڵێنانە چییەو دەبێ چبکەینو چۆنی دەست پێوە بگرین؟

وەڵلاهی پیاوەکە منیش دەمێکە بیر لەو ئامۆژگارییو قسانە دەکەمەوە، بۆم بوتە معمماو هەرچی دەکەم ئێناگەم جامەگەر.

شەنگە قوتبوو پرسی مەگەر چی؟ دیارە شتێك دەزانی باسی ناکەی، دادەی شەکرێ تۆسەری خۆت پیم بلێ بزانم تۆ ڕات چییە؟

– بەخوای جگەلەوەی کەمتر جلو بەرگ بکرینو کەمتر بخۆین، باوەکو ئێستا نەژین. بەخوای چیترم پێ شك نایە شەنگە.

شەنگە بەسەرسوڕمانێکەوە بەلاتاو پرسیوابکەین دەبین بە لۆرد ؟

بەخوای شەکرێ ڕێگای دەوڵەمەند بوونت بۆ دۆزیمەوە! باشە ئەوە دامنا پێشنیاری تۆم بە جێ گەیاندو چەند هەزارێکمان پاشەکەوت کرد . پێم ناڵێی ئەو زگکوشینو چاو چرداگرتنە بۆچی و لەبەر چییە؟ تۆبزانە توخوا خۆمان چۆن بەو بیرە پیسەوە خەریك کردووە و وەدوای کلاوی خوارکەوتووین ، گوێ بدەینە لەچەران بچین دەست بە زاری مندالەکانەوە بگرینو نێوی بنێین دەست پێوە گرتنو پاشەکەوت کردن! یاخوا بەژەهری ماری ئەو کەسە بێ کە لەو ڕێگایەوە پارە وەسەر یەکدەنێو بەپارە دڵخۆش دەکات .

پارەکۆکردنەوە لەداهاتی خۆتە، دەکرێ کەداهاتی مانگانە زۆربێ پاشەکەوتیش هەبێ. دەنا ئەو بەزمەی کردویانەتە بەرنامە ڕێگای پەیدا کردنی سەروەتو سامان نییە، بەڵکوو ئەوکارە دزی لە ژنو منداڵو لە خۆیەو بەوە دەڵێن: بێوەژن کۆشی .

شەنگەو شەکرە ماوەیەك بێدەنگ بوونو چاویان تێك بڕی. شەنگە بێدەنگی شکاندو دیسان گوتی؛ باشە تۆ بۆ خۆت دەزانی من مەبەستم ماڵی دنیا نییە، بەلام وتەی خەڵك تووشی هێند یێك لێکۆڵینەوەو کەندو کۆژەوەی کردومو ناگەم بە هیچو بۆم حەل نابێ. خۆت دەزانی ماڵی قالەی برادەرم لەگەڵ ئێمە هاتوون وەك ئێمە کەسیان نییە کاریان بۆ بکا تا بڵێین داهاتی باشیان هەیە، هەرداهاتی گۆرینی ئێمەیە. هەردووکمان لە شوێنێك ڕاکە هاتوون بەقەرا یەکمان پێ بووە. بۆم روونکەوە بزانم بۆچی ئەوان خانووی ویلاو ماشێنو فیزو پۆزێکیان هەیە، ئێمە نیمانە؟! پارەی بەرقو تەلەفون دێ بە حاڵ پێڕادەگەین بیدەین . تۆ هیچ بیرت لێکردۆتەوە ؟

ئەرێ وەڵلا جوانم بیرلێکردۆتەوە. شوکور کوڕەکانی ئێمە شاییان بە خۆیانەو سەرداناخەن چاوچڕ داگرن دۆستو برادەر زەنگیان بۆ لێدەن. کاریان بەوەش نییە کە ئێمە دەبی مانگی کۆڵە پولێك بدەین.

دەنا بەو حاڵەش ڕا قالەی برادەرم گلەیی دەکردو دەیگوت: ئەو دۆستو برادەرانەی ئەولامان نابێ لەبیر بکەین، لانیکەم پێویستە مانگی جارێك برادەران بەسەرکەینەوە.

پیاوەکە، تۆ بڵێی قالە ڕاست بکا؟ تەلەفون بۆدورگرانە شەنگە.

کاتێك وا بە من دەڵێ، بێشك بۆخۆی لەسەدا سەد دەیکا .

تۆخوا شەنگە قسێك دەکەم منت پێ شێت نەبێو لێم مەگرە .

دەبلێ بزانم دەڵێی چی شەکرێ.

پێم وایە تۆ ئەوەندەت قالەی برادەرت خۆش دەوێ، خۆشەویستی بەری چاوی گرتووی کەمو کوڕی هاوڕێی خۆت نابینی. بەغەیبەتی نەبێ قالە زۆر قرنیسو لەچەرە. ئاگام لێیە ساڵێکە هەرتۆ تەلەفونیان بۆ دەکەی. قالە ئەگەر پرسیارێکی هەبوو بە پەلەپەل دەپرسێ، دەنا جارێکیش تەلەفونی نەکردوە. چۆن بڕوا بکەم مانگێ جارێك زەنگ بۆ کوردستان لێدەدا؟

ئەو قسانەی شەکرێ زۆری شوێن لەسەرشەنگە داناو کەوتە نێو بیروخەیالاتێکی قووڵ. گوتی؛ شەکرێ تۆ ڕاست دەکەی زۆر جاران لە دۆستایەتیدا مرۆڤ کەموکوڕی هاوڕێی خۆی نایەتە بەرچاو. بڕیاربێ بۆ تاقیکاری تاماوەیەك زەنگیان بۆ لێنەدەم، تابزانین ئەوان تەلەفون دەکەن لێمان دەپرسن؟

سێ مانگێك بەسەر ئەو ڕاوێژو بڕیارەی شەنگەو شەکرێدا تێپەڕی هەواڵێك لە ماڵی قالە نە بوو زەنگ لێدەن. ڕۆژێك پۆسچی کارتێکی بەئیمزای قالە لە مالیان هاویشت. کە شەنگە خوێندیەوە، وێڕای ڕێزو سلاو نوسیبووی ؛ زۆرتان وەڕەزی دەکەین بڕیارمان داوە ڕۆژی شەمە سەرێکتان بدەینو یەکدوو ڕۆژتان لە لابین.

کاتێك شەنگە لە خوێندنەوە بۆوە بە خۆی گوت؛ بۆیە گوتویانە پرسو ڕا

لە گەڵ هاوسەر لە هەڵە کەم دەکاتەوە ڕاویژ پێویستە. ئەگەر شەکریێ قسەی بۆ نەکردبام هەرگیز بەوە نەدەگەیشتم قالەی هاوڕێم تاقی بکەمەوەو لە قرنیسی ناوبراو شارەزابم . ئەی رووت سپی بێ شەکرێ بۆ ئامۆژگاریت. تۆ بزانە قالە دڵی نە هاتووە تەلەفونێك بکا بلێ دیم. دووسێ قرانی بە تەمریکی پۆست داوەو خۆی ئاسودە کردوە. ئاخێکی بە سۆزی هەڵکێشاو نووسینەکەی بۆ شەکرێ گێڕاوە کە بۆی نووسیبوون بە بنە ماڵەوە دێم .

دەزانی شەکرێ چاوەڕوانە تەلەفون بکەین ، ئەوکات خۆیو کوڕەکان و خێزانی تێکڕا لەسەرحیسابی تەلەفونی ئێمە تۆڵەی ئەو سێمانگە بکەنەوە. چەند وەختە من تەلەفونم کردوەو گوێم پێ نەداوە، ئەو جاریش تەلەفون دەکەم، بەلاّم دەڵێین؛ لەمێژە بڕیارمان داوە شەممۆ میوانی ئێوەین، بزانین دەڵێن چی؟ داخوا بەهانە دێننەوە ، یان ڕێگەمان دەدەن ؟

ژمارەی ماڵی قالەی گرت: ئەلۆ قالە چۆتی؟ شەو باش چۆنن باشن؟ نەیدەهێشت شەنگە هەواڵپرسی خۆی تەواوبکا، گەرمی کردبوو ئەوەندە سوێر قسە بوو مەگەر قالە ڕێگای شەنگەی دەدا قسە بکا . دەیگوت؛ ئەوە روحمتان سارد بۆتەوە لێمان ناپرسن نەتەلەفونێك نەشتیك. وەڕەزیمان کردبوون ئەوە دەهاتین سەرێکتان لێدەین پێتان چۆنە. برام جاران زوو زوو لێتان دەپرسین ئەوە بۆ روحمتان سارد بۆتەوە؟

شەنگە چیدیکەی ڕێگە نەدا قسەبکا ، دووپاتی کردەوەگوتی: ئەرێ گوێت لێبوو بەیانی لە گەڵ شەکرێ دێین؟

قالە زمانی تێك هالاّو گوتی؛ دیارە ماڵی ئیمە ماڵی خۆتانە، بەلاّم من کارتێکم ناردبوو پیتان نەگەیشتووە؟ چونکە وەڕەزیمان کردونو خۆمان ئامادەکردوە بەیانی بیین سەرتان بدەین. جگە لە ئێوە ماڵی خەمۆمان ئاگادار کردوەو کارتمان بۆ ناردوون سەری ئەوانیش بدەین.

شەنگە زۆر شتی بۆ روون بۆوە، بەلاّم جاریێ نەیدەویست مل بۆ

میوانداری قالە ڕاكێشێ تابزانێ وتوو ویژەكانیان بە كوێ دەگا . پرسی : ئەرێ قالە گیان! دەكرێ بپرسم ئەو كارتەی ناردبووت بە بۆنەی چیەوە بوو، بۆچی بە تەلەفون لە هاتنی خۆتان ئاگادارتان نەكردین؟!

قالە بە پێكەنینو زۆر بە تێڕادیوی گوتی؛ شەنگە گیان! مرۆڤ دەبێ لە ئوروپا هێندێك زیرەك بێو فێری فیتووفەننی ئابووری بێ، دەنا دەری نایەنێ. باوەڕ بفەرموو ئەگەر مرۆڤ ڕیزەكارێكە نەیكات پوولّ كۆ نابێتەوەو ناتوانێ ماشێنو خانووی باشو... بكڕێ .پیاو بێ خانوو ناحاوێتەوە. ماشەڵڵا ئەحەی كوڕیشم گەورە بووەو پێی خۆشە زوو زوو ماشێن بگۆڕێ، بۆخۆت دەزانی كوڕی تاقانەیەو ناكرێ دڵی بێشێنم . هیوادارم تۆش فێری ئەو شتانە بیشەنگەگیان . بەیانیش كە هاتم ئەو شتانەت بۆ باس دەكەم فیریان بی.

شەنگە بە بیستنی ئەو قسانە وەختابوو شەق بەری. پرسی؛ تۆ خوا قالە كورتەی ئەو شتانە كە دەبێ فێریان بم چن؟

قالە كە پارە بەری چاوی گرتبوو، پێی وابوو شەنگەش وابیر دەكاتەوە ، زۆر بە ڕاشكاوی گوتی؛ كوڕە ئەوەی كە دەبێ بیكەی یەكو دوونین ڕێزە كارێكن دەبێ بەرنامەت بۆیان هەبێو ئەنجامیان بدەی.

– باشە قالە گیان وەك چیو چی؟

گوێ بگرە شەنگەگیان! یەكەم تەلەفون گرانەو نابێ بیكەی. بەرقیش وەك خەڵكی ئێرە دەبێ بەیەكدوو شەمع، یان بەلامپی كەم نوور ڕای بێری . جاروبار لە میوانو میوانداری خۆت ببوێرە.

شەنگە لە باڵخۆیدا ئاوری گرتبووكە بۆچیتا ئێستا قالەی نەناسیوە . بە تەوسەوە پرسی؛ ئەرێ قالە! هەر بەیەكجاری پیاو تەلەفون كۆكاتەوە پێت چۆنە؟

ڕەنگبێ باشتر بێ، بەلام لەبەر لۆمەی خەڵكی هەر دەبێ هەبێ،

ئەگەرکەمی بە کار بێنی‌و زەنگ لێ نەدەی دەبێ٠

ئەوە بۆیە کوتە کاغەزێکت ناردبوو لە جیاتی تەلەیفون کردن؟ هەر بۆیەش ڕێگای مالمان نادەی‌و بۆخۆشت مل پێوەدەنێی؟

شەنگە گیان ئێمەش دەبێ شت فێربین‌و ئابوری‌زان بین. باوەڕ بفەرموو پولٚ بە هاسانی کۆ نابێتەوە. شەنگە لەداخان بەپت لێت دابایە دەقەلشی. نەیتوانی لەوە پترگوێ بۆئەو قسانەی قالە بگرێ‌و ئەو قۆریاتانە ببیسێ. دوای پیشخواردنەوەیەکی زۆر گوتی گوێ بگرەقالە:

– لەعنەت لە خوم کە تائێستا نەم ناسیوی، ئەوە لە مەبەستی تۆ گەیشتم کە چۆن خولیای پارە کۆکردنەوەی‌و دەتەوێ فیلٚ لەدۆست‌و ئاشنای خۆت بکەی‌و مانای زانیاری لەسەر ئابووری ئاوا لێك بدەیەوەو لە زاری مالٚ‌و مندالٚی خۆت بگریەوەو بەڕەزالەت بژی پێت وابێ ئابووری زانی! نازانم بۆچی پێتوایە کۆکردنەوەی چلکی بەری دەست‌و لە بیرکردنی هەڤالاٚن هونەرە؟!

گوێ بگرە قالە! *باپێت بلێیم تا بزانی کە من لە زانیاری‌و ئابووری زانی تۆ چە زانیاریەکم دەست خست، تۆ فێرت کە کردم دەبێ چبکەم‌و لەوە بەملاوە و لەگەلٚ کەسانی وەکوو تۆ چۆن بجوولێمەوە. شەرت بێ لە ئێستاوە کە تۆ و کەسانی وەك تۆ، خەتی سووریان بەسەردا بکێشم، نە وەکوو ئەو نەخۆشی‌یە پیسەی تۆ بگرمەوە هەموو شتێك فیدای پارە کۆ کردنەوە بکەم‌و خۆشەویستی کۆمەلٚگا بشێوێنم ٪*

## بە کوردیش نوێژ بکا نیزیکی مەبە.

بە خوای دنیایەکی سەیرە. نازانم بۆچی سەریان لەوکوردە شێواندوە؟!
تۆ بڵێی هەرلە کۆنەوەکۆمەڵگایان ئاوا دەست خرۆ کردبێو ئاوا بە شێوەی هەرکەس هەرکەسی ژیابن، یان لێکۆڵینەوەو لێکدانەوێك لەسەر شتی زیاندەر هەبووە کە مرۆڤ خۆی لێ بپارێزێو زیان بە خۆیوکۆمەڵگا نەگات؟ بڵێی کاتێ بە شتی باشیان گوتبێ باشو بە ئی خراپیان گوتبێ خراپ، خۆیان لە خراپەکان پاراستبێ؟ یان ئێستاش وەك ئەو کابرایە بە پێخواسی وەنێو دڕوان دەکەوێو گوێ ناداتە چاکەو خراپە؟!
کەس نییە لەو کابرایە بپرسێو پێی بلێ: ئەرێ برالە بۆچی چاوت چووقاندووەو ملت پێوەناوە خوت لە هەمووکەس بە ئاقڵتر دەزانی.
داخوا هەر ئەوانەی هاتوونە ئوروپانە ئاوان، یان ئەوانی ژوورەوەش ئاوا مل پیوەدەنێنو خۆیان تووشی بەڵاو چارە ڕەشی دەکەن؟
سەرم هەلبڕی وەلامێك وەرگرمەوە کەچی روانیم کەسم لە دەورو بەرو ئەو لاولا نییەو هەر بۆخۆمم لە گەڵ خۆم دەدوێمو پرسیار لە خۆم دەکەم!
دیسان دەست دە کەمەوە بە پرسیار:
لای خۆی ئەوانە لە شۆڕشدا بوونو چەکیان پێبوو گوللەیان بەرژێمی داگیرکەرەوە دەنا بۆ ئازادی نەتەوایەتیو هەوڵیان داوەو بەربەرەکانیان کردوە، هەر ئاوا ملیان پێوە ناوە؟ بۆ دەبێ وابوو بێ؟ بۆ دەبێ ڕەشو سپی لێك نەکرێتەوەو سنوورێك بۆ چاكو خراپ دانەندرێ؟ خۆ ئەگەر بلێن: بۆیە ئەوکارە دەکرێ بەڵکو لەو ڕێگا چەوتە بگەڕێتەوە، خۆئێمە ئەو مامۆستایە نین بتوانین شوێنی لەسەردانیین بگەڕێتەوە. مەرجیش نییە لەشاخ بووبێو گوللەی بە رژێمەوە نابێ، هێندێك کەس لە شارو گوندەکان

ڕا هاتوون و پێوەندیان بە پارت و ڕێکخراوی خۆیانەوە هەبووە و لە نێو شانەو کۆمیتەو تەشکیلاتی نهێنی داکاریان کردوە، کە ئاشکرا بوونە بۆ ئەوەی نەگیرێن زێدو نیشتمانی خۆیان بە جێ هێشتووە ئاوارەو دەربەدەر بوونە.

دوای ئەو پرسیارانەی سەروو کە د دیسان دەستم کردەوە بە پرسیار لەخۆم.

ڕاستە ئەوانەی سیاسی بوونەو تێکۆشانیان بووە، یان هەرکام بە هۆیەك پێوەندیان بە پارت و ڕێکخراوی خۆیانەوە نەماوە یان دڵ ئێش بوونە. لە جیاتی دڵدانەوەیان، بە پێی سونەتی کۆن، لە دژیان پڕوپاگەندەش دەکرێ. پاش ئەوەی دڵویان تێکەوتووەو لەت و کوت بوون، دەگەڕێن هەوادار بۆخۆیان پەیدا بکەن واتە؛ ئەسپ لەلای کلکی ڕا لغاو دەکەن. ئەندامی خۆیان فتکردوە، وە دوای ڕەجەب و زەعلاوی و خان ئوغلی دەکەون و سەری لەسەر دادەنێن!؟ چەند کەسێکیش بە خۆیانەوە دەسوتێنن. کاتێ گەیشتمە ئێرە، مەترسی لەشی داگرتم لەرزیم کە نەکا ئەو بەزمە بۆ هەموو لایەك بێ. ناحەقم نەبوو بترسم. پێم وابوو دەبێ کارێك بکرێ، بەڵام نەك بۆزۆری و بۆری بکرێ، بەڵکوو بۆ پتەوی و پێك هێنانی یەکێتی بێ. کە وابوو بۆ ئاکام و ئەنجامی سەرکەوتن هەوڵبدرێ.

دنیایەکی سەیرە، باوەڕبکەن ئەوەی لەو کوردە دەبیندرێ و دەبیسترێ لەهیچ شوێنێکی ئەو گێیتی یە نابیندرێ! دوێنی لە بەشێکی ئەندامان دڕدۆنگ بوون، کە چی ئەوڕۆ هەر ئەوان حیسابن!

ئەو بێ حیسابی و کتابییە بۆتە هۆی نائەمنی و ئەو ترسەی باسکرا. کوردە لە گوێی گادا نوستووەی کە ئەوڕۆ لە وڵاتی هێمنی و ئەمیندا دەژی لێکدانەوەی لەسەردوژمن لاوازترە لە جاران. وای لێهاتووە هەموو شتێکی خۆی لە هەموو بانگێشتن و دانیشتنێکدا بلێ، تەنانەت نهێنی تەشکیلاتیش بدرکێنێ!

ئـەو گێـژاوەی تیـێی کـەوتبـووم زۆرم بیـر لێکـردەوە نـەمتـوانـی خـۆمـی لێ ڕزگـارکـەم. لـەو کـاتـەدا کـاك حـەسۆ لـەگـەڵ کـاك مـرۆ دوو هـاوڕێـی دەورانـی دەربەدەریم لە دەرگایان داو لێم وەژوور کەوتن. وێڕای چاك و چۆنی پرسیان بۆ وا شڵەژاوی خەم و پەژارە دایگرتووی بیر لە چی دەکەیەوە ؟

گوتم: لەپێشدا بە خێربێن کە منتان لە تەنیایی و گێژاو هێنا دەر. کوڕە چۆن خەم نەخۆم، ئەی ئەو ساکارکاریانەی کە بێ بەندوباری لێکەوتۆتەوەو نێویان لێ ناوە بۆخۆگرتنەوە جێگای خەم خواردن نییە؟

بە کورتی ئەوەی لە گێژاوی بیرکردنەوەدا بە سەرم هاتبوو، حەجمینی لێ هەڵگرتبـووم بـە وردی بـۆم گێـڕانـەوە . دەمێـك بێـدەنـگ بـوون، دوایـی حەسۆکە لە لای هەمووەمان خۆشەویست بوو، لەهەمان کاتدا تا بڵێی سادەو ساکاری لێ دەباری و بێخەت ناسرابوو. ناوبراو کاری بە خەت و تاکتیك و ستراتیژی نەبوو، کوردبوون و بە کوردی قسە کردن ببوو بە پێناسەی ئەو. خوش‌باوەڕ بوونی حەسۆ دەنگی دابۆوە. بە ڕاشکاوی گوتی:

– برای من تۆ لە خۆڕا بیر لەو مەسەلەو کردەوانە دەکەیەوەو خۆت بە شتی ئاوا سەخڵەت دەکەی. ترسی چی و شتی چی؟ بۆ نامۆیی لەکەسێك دەکەی کە کوردەو بەکوردی دەدوێ؟ پێویست ناکات لە هیچ کوردێك بترسی. تا مـاوی هـەمـوو کـوردێـك بـە دۆستـی خـۆت بنـاسـەو بـە دژی دوژمنـی بـدە قـەڵـەم. هیـچ پێـویسـت نـاکـا، تـۆ لـە خـۆڕاخـۆت لـە مـرۆڤـی کـورد دڕدۆنگ ولالووت بی .

ئـەوەی بـەکـوردی دەدوێ پێنـاسـەی خـۆی پـێ یـە، مسـوەگـەربـزانـە دژی داگیرکەرە. حەسۆ باراشی خۆی لە ئاشی سەرێ وەسەرکرد بوو فەرمایشی خۆی نەدەبڕیەوە.

منیش بە سیلەی چاوم دەمڕوانییە کاك مرۆ، داخوا لەو بارەوە بیروڕای چۆن بێ؟ دیارە مرۆ بەڕاستی مرۆبوو. تابڵێی پیاوێکی زاناو بە ئەزمون و ڕابردو

بوو . سەرنجم دابوویە لە باڵخوێدا پیشی دەخواردەوە، چاوەڕێ بوو حەسۆبیبرێتەوە تا ڕوانگەی خۆی دەربڕێ . بێ بەلاَبێ حەسۆ چما لێی دەبڕیەوەو نۆبەی کەسی دەدا؟

ئیتر مرۆ خۆی پێڕا نەگیراو رووی لە حەسۆ کردو لە سەرە خۆگوتی :

حەسۆ گیان! من و تۆ دەیان جارمان کێشە لێ پەیدا بووەو پێت گوتراوە کاتێ قسە دەکەی هێندێك بە تێبینیەوە بدوێ . بێ بەلاَبی ئێستاش هەر بە"گەزو ڕبەی"جارانی دەپێویوکای کۆن بەبا دەکەی . هیچ بیر لەوە ناکەیەوە کە ( دار هۆرەی لە خۆی نەبێ ناقەڵشێ .

مرۆ برێك سوورا رووی لە من کردو درێژەی دا بە وتەکانی و گوتی :

– تۆ ڕاست دەکەی کاکەگیان، من بەتەواوی ڕوانگەی تۆ پەسند دەکەم . پێم وایە کورد بوون بەلگەی پاکی و نیشتمان پەروەری نییە . چما نابینین کەسانێکی کە چەکی جاشا یەتیان لە دژی مرۆڤی شۆرشگێڕو نیشتمانپەروەر هەلگرتووە لە کوردی بەو لاوە زمانی تر نازانن . بۆدەبێ لەبیرمان بچێتەوە کە شەوانەهێندێك کوردی دۆڕاو، وەپێش پاسدارو ژاندارم دەکەوتن ژیانی خەڵکیان تاڵ دەکرد . ئەو پاسدارو بەکرێگیراوانەی لە تارانو تەوریزو بەغداو بەسرا دەنێردرێنە کوردستان، داخوا ئەوان شارەزای ناوچەن ، یان کوردەکەی خۆمانن وەپێشیان دەکەونو پەناو پەسیوەکانی کوردستانیان پێدەناسێننو شارەزایان دەکەن . پیم نالێی حەسۆ! چونە دوژمن هەموو شتێکی ئێمە دەزانێ، ئەوانە کێن سڕوترڕی ئێمەیان پێدەلێن؟ ئەدی ئەوانەی بەکلاَو سەرو سەکوتیان دادەپۆشنو ڕاستی چاویان کون دەکەن بۆوەی نەیان ناسنەوە کۆلاَن بەکۆلاَن دەگەڕێن کوڕو کچی کورد بەگرت دەدەن، مەگەر ئەوانە کورد نین؟ بەسە حەسۆگیان با واز لەو قسەو قسەلۆکانە بێنین چیدیکە خەڵك هەتلە نەکەین .

با هوشیار بین‌و بە وریایی ئیش‌و کاری خۆمان بکەین تا دوژمن بەهۆی خۆییەوە پتری ڕەگو ڕیشە دانەکوتاوە . با چیتر بە سادەو ساکاری گورگ لە کۆزی خومان ناوێین. وەڵڵاً بیللا شوورەییە بۆکورد کەوا بەهاسانی هەر ڕۆژی کەلە پیاوێکی زاناو دانای کورد تیرۆر دەکرێ‌و خوێنی دەرژێ . بێقەزابی حەسۆ بۆ دەبێ تۆ جیاوازی لە نێوان چاکو خراپدا نەکەی! وات لێهاتووە لە داخی لایەنەکەی تر ئەوەی گەند وگەلاشە لە دەوری خۆتیان کۆ دەکەیەوە . دەیجا ئاموژگاری هاورێکانت وەرگرە بەسە واز بێنە عەمەر درێژ ! وتەکانی مرۆ باشی شوێن لەسەر حەسۆ دانا . لە وەلامدا گوتی :

– مرۆ گیان هەموو ئاموژگاریەکانت ڕاست‌و حەق بوون، لە حاست وتەکانی تۆدا تەپلم دەنگ نادا ، قسەو مەبەستی منیش ڕیش سپێتی دوور لەسیاسەت و کاروباری حیزبییە . بەو هیوایەی منیش جارێکی دیکە چاکو خراپ لێك نەدەم‌و ئەو دوو بەشە لێکتری هەلاویرم .

مرۆ ڕوو دەکاتە کاکە حەمەو دەڵێ کێشەکەت هەلایساند و بێدەنگ‌و مات بوویە سەیرمان دەکەی . پێمان بلێ بزانین چۆنە کە وا خۆت کردوە بە مەلەوانی ئەو گۆمە قووڵە؟

بەڕاستی مرۆ! وتە و ئاموژگاریەکانت ئەوەندەی تر شوێنیان لەسەر دانام ، وایان لێکردوم ئامادەترو سوورتر لە پێشوو داکۆکی لە بۆچوون‌و ڕوانگەی خۆم بکەم . ئێستا دەزانم بەهەڵە نەچووم‌و بوچوونەکانم ڕاستن . هیوادارم ئەوەندەی بۆم بکرێ‌و ئاوم لەدوای بێلێ بڕوا کاری بۆ بکەم‌و پێش بەو بەڕەڵلاییە بگرم .

حەسۆگیان! مرۆی بەڕێز! ئێستا گوێ لە حەمەی هاوڕێتان بگرن بزانن دەڵێم چی ؛ یەکەم : وابکەن لە کۆبوونەوەی خۆتاندا بڕیاربدەن، پێوەندی‌و هاتووچۆ لە گەڵ کەسانێك بکرێ کە بەتەواوی بیناسن‌و زانیاریتان لەسەریان هەبێ‌و ئەوەی شکی لێدەکرێ خۆی لێ بپارێزن. دووهەم :

ئەوانەی لە گەڵ کۆڕو کۆمەڵە سیاسیەکان بوونە بزانین کێن و بۆچی ڕەگەڵ ڕێکخراوێکی تر دەکەون؟ لەرووی ئاڵوگۆڕی بیرو باوەڕەوەیە، یان شتێکی تر پاڵی پێوەناون خۆ تێکەڵ دەکەن ؟

سێهەم : لەوانەش گرینگتر دەبێ بزانین ئەوەی چوّتەوەو هاتوّتە ئوروپا ، چۆن هاتوّتە دەر ؟! بزانین لێی دراوە؟ گیراوە؟ شێواوە؟ یان لە گوڵ کاڵتری پی نەگوتراوەو لەگەڵ دوژمن هەڵسووڕاوە، دوایە هاتوّتەدەر؟ ئەگەر ئەو لێکدانەو لێکوڵینەوانەمان هەبێ، ئەوە هەین و ڕۆژ بە ڕۆژ پتەوتردەبین، دەنا ئەگەر وا نەبین، ڕێکخراوێکی گەندەلین و هیچ نین .

دوایین ئامۆژگاری من ئەوەیە کە بەبێ لیکدانەوە هەڵنەکوتینە سەر کارێك بەزیانمان تەواو بێت . با زۆری و بۆری نەکەین بە معیاری کارمان . با لە رووی دۆستایەتی و کاکە و برالە ڕەش و سپی لێك نەدەین کابرای زمانلووس بەرینەسەرو درووستکار لە جێگای خۆی بچەقێ .

باوەڕ بفەرموون بە بێ پێوانە لەوەی هەین باشتر نابین . بۆیە بە هاوری حەسۆ دەڵێم شوورەییە بۆ ئێمە دۆ و دۆشاو لێكدەین .

مرۆ بۆ پشتگری لە حەمە گوتی ؛ بەبڕوای من هاتووچۆی پیاوی پاشەل پیس بە مانای پەرە پێدان و پشتیوانی لە خراپەو خراپەکاریە . هەروەها ڕێگا کردنەوە بۆ هاندانی لاوانی پاکو بێ ئەزمون و نیزیك بوونەوەیان لە داو کەوتنی دوژمن . بێشك پێویستە ئەوە بزانین کە لاوەکان وەدوای هەنگاو هەڵێنانی مرۆڤە سیاسیەکان دەکەون، هەر بەلایەکیان بەسەربێت لە ڕەوشتی گەورەکانیان سەرچاوەی گرتووە .

حەسۆ هێندێکی منگەمنگ کرد بۆ قەرەبووکردنەوەی وتەکانی پێشووی خۆی و هەروەها داپۆشینی هەڵەکانی گوتی :

ئەوەی وتتان و باستان کرد ڕاست بوون . ئێوە دەزانن ئەوانەی باسیان دەکەن پتر پیاوە سیاسیەکانن هاتووچۆی ئەوانە دەکەن کە خەڵك لێیان

دڕدۆنگن . پێتان سەیر نەبێ ئەگەر بڵێم کاری سیاسیشیان لەگەڵ دەکەن .

مرۆ دیسان رووی لە حسۆ کردو گوتی؛ ڕاست دەکەی دەزانم لەگەڵ کێ تە . منیش بیستم گوتبووی با بیگرینەوە بۆ خۆن، ئەگەر هەرنەبێ دێتە جێژنەکانمان زۆر دیاربین خەڵك نەلێن کەم بوون .

منیش لەسەرەخۆ گوتم ؛

ئاوا دەکەن ، بۆیە هەمبانەیان پڕەو شاقەلیان درێژە . لە جیاتی ڕاکێشانی سەرنج و خۆشەویستی خەڵك، ئەو ڕیزەکارانە دەکەن بۆیە کەسایەتی و ئیعتباری خۆیان خستۆتە ژێر پرسیاری ئەندامانەوە .

حەسۆ کە دیتی بە جیدی دەدوێن و قسەکانی بە جیدی وەرگیراون، سەری هەڵێناو گوتی؛ هاوڕێیان! دەمەوێ بە متمانەوە بڵێم؛ بڕیاردەدەم لەوە بەولاوە هۆشم بێتەوە بەر، بەبێ لێکدانەوەو ورد بوونەوە لە خۆ ڕا لێ نەنیشم و کاری سەرەخۆرانە نەکەم . هیوادارم جگە لەوانەی بڕوام پێیانەو ئەزموونی خۆیان داوە، *مرۆڤی پاشەڵپیش بە کوردیش نوێژ بکات هاتووچۆیان نەکەم .*

## قاقای ئاغای زۆردار !

سەیدزادە بەسەرخۆیدا دەداو رووومەتی خۆی دەڕنیەوە دەگریا وەکو بارانی پەڵە فرمێسك بەسەر لاڕوومەتەکانیدا دەهاتنە خوار. دەستی بۆ حەوا هەڵێنابوو نزاو سکاڵای لە خوادەکردو دەپاڕاوە دەیگوت :

– خوایە گیان! کەس نەمابوو بەسەری کەیەوە ئێمەی بیکەس‌و بیدەر نەبێ، لەو ناوچە پان‌و بەرینەی محاڵی یەختاچی زێدە لە هەموو کەس مێردی منت بۆ خۆت بردەوە تا پێنج منداڵی سەروپێچکە ببنەسەرباری ژیانم. تەنیا سەید غەریبی کوڕم بە تەمەنی هەژدە سالی دەبێ ژیانی بنە ماڵێکی ڕەش‌و ڕووت دابین بکات. ئەوە بێ بەزەیی نییە چوارخوشکی لەخەم نەڕەخسیو لەگەڵ دایکێکی چارەڕەش چاوی لە کوڕێکی دەست‌و پێ سپیلکەی تاقانە بێ؟

زۆر شوکر خوایە، چبکەم چارم نییە جگە لە شوکرانە بژێری. تازە چارە ڕەشی هاتووەو دەبێ شانی وەبەردەم‌و نەیەڵم منداڵەکان خەم بخۆن‌و غەریبی تاقانەی چاوبەڵەك وەڕەزبێ.

سەیدزادە! بۆئەوەی غەریبی کوڕی بێکارو وەڕەز نەبێ دەچوو لە ماڵە جیرانی جوتبەندە دەپاڕاوە تا بۆ جۆمال‌و جووت‌و دروێنەی بەرن‌و ڕۆژانە کرێیەکی بدەنێ‌و نیوە ژیانێك دابین بێ. بۆخۆشی خەریکی نانکەری‌و کاروباری ماڵان بوو شتێکی دێناوەو ژیانێکی نەمرنەژی خۆیانیان پێدەسووڕاند. سەید غەریب لەگەڵ ئەوەیدا دەست‌و پێ سپی بوو، کوڕێکی بەکاروئازابوو. تابڵێی روح‌سوکو خوێن شیرن‌و جوان بوو. خەڵکی ئاوایی خۆشیان دەویست‌و بۆکاریان دەبردو نەیان دەهێشت بێکاربێ.

سەید غەریب زۆر ڕۆژان ئێواران کە دەهاتەوە لە ماندویان نانی شەوی بۆ نە

خورا هەر لە جێوە ڕادەكشا دەنوست. دەردی سەرباری دەردان جوانترین كیژی ئەو گوندە ،واتە: گوڵخانم كچی ئاغای دێ ، لە سوێی سەید غەریب ئاراو قارای لێ هەڵگیرابوو. گوڵ گەلێك ڕۆژان بەكەلێن و كولێناندا خۆی دەگەیاندە ماڵی سەید غەریب و دایكی ڕادەسپارد كە شەوێ لەلای فلانگیشەو قەلاغ چاوەڕێ بێ گوڵ ببینێ و بە قسەی خۆشی ئەویندارى كات بەسەربرن.

شەو كە غەریب لە كار دەهاتەوە، دایكی ڕاسپاردەی گوڵ خانمی پێ ڕادەگەیاند. غەریب ئاخێكی هەڵدەكێشاو بزێكی دەهاتی. بەدایكی دەگوت ڕاستە كە دەڵێن دلان ئاگایان لەدلانە، من كاتێ لەدوورەوە چاوم بەگوڵ دەكەوێ دڵەكوتە دەمگرێ و لاقم لە بەز دەچێ، دەڵێن ئەوە نیشانەی ئەوینداریيە. بەلام دایەگیان! وەدواكەوتنی ئەوینی ئاوا بەئاگر كایە كردنە. تۆ دەزانی چ بابێكی زاڵم و تورە و تۆسنی هەیە، دەزانی سۆزە بكات هەردووكمان دەكوژێ، دەزانی ئەوەی ڕوحم و ڕووناكی بێ لە دڵی بابی گوڵێدا نابیندرێ. من خەمی خۆم نییە، دەترسم گوڵ بەدەستی بابی لەناو بچێ. ڕاستە من بێ گوڵ ناژیم و شتێكی بەسەر بێ شێتدەبم و دەست لەكێوان دەدەم. باوكی ئەوەندە بەرزەفڕو لە خۆبایی و زاڵمە بەرپێی خۆی نابینێ. تائێستا زۆركەسی وەكو منیان لەنێو بردووە گوێیان لێ نییە. خوێنی جگەرگۆشەی خۆشیان بڕێژن وادەزانن مریشكێكیان كوشتووە. كە وابوو دایەگیان، قسەكانی منی بۆبگێڕەوە، با نە من تووشی دەردی بێدەرمان بكا ، نە بۆخۆیشی تووشی كارەسات بێ. من بسووتێم باشترەلەوەی گوڵ شتێكی بەسەر بێ. هیوادارم لە ئەسپی سەركێش بێتە خوارو خۆم و خۆی نەفەوتێنێ.

غەریب لەگەل ئەوەیدا لەجێ ژوانەكان بە پەلەپەل ئامۆژگاری دەكرد ، خوشكودایكی غەریب هەمووجارێ بەدوور و درێژی قسەكانی غەریب كە

بریتی بوون لەخوو و خدەی بابی بۆیان بەیان دەکرد ، بەلاّم ئەوینی دلّداریو خۆشەویستی بەر چاوکچی ئاغای گرتبوو گوێی بەو قسانە نەدەبزووتو لە وەلاّمدا دەیگوت : ئەوپەڕی وەکو *کاکەمەمو خاتو زینمان بەسەر دێ* .

ڕۆژێك گولێ هەوالێ وەردەگرێ غەریب لەمالّەو نەچوّتە کار ، بە کەلێنێکدا خۆی دەگەیەنێتە مالێ غەریبو لێی وەژوور دەکەوێ . غەریب بەدیتنی گۆلێ دەحەبەسێو چاوی تێدەبڕێ . گولێ کە ماوێك بوو غەریبی نەدیبوو ، ئەوینی خۆشەویستی هانی دەدا یەکسەرە خۆی لە باوەشی غەریب باوێو لێوی بەلێویەوە بنێو هەلێ میسێ . غەریبیش هەروا لەباوەشی دەگرێو بە خۆیەوە دەکوشێ .دوو لاوی ئەویندار بێ‌ئەوەی بیر لە مانو نەمان بکەنەوە دمیان بەدمی یەکەوەنابوو چووبوونە عالەمی هەپەرووت .

خوشکی غەریب بە پەلە ڕۆییە دەرێو پێیگوتن من ئاگاداریتان لێدەکەم . گولێو غەریب هێندێك ئارامو ئەهوەنتربوونەوە . گولێ بە سرتە بە غەریبی دەگوت ؛ ئۆخەی غەریب‌گیان باتیرو پرت ماچ‌کەمو تویّشوی خۆم بگرم ، دوایە بابم بمکوژێو هەلّم ئاوەسێ گوێم لێ نییە . بەس نییە ئاواتم دێتە دی .

غەریب خەریکی دواقسەکانی خۆی بوو ، دە یگوت ؛ ئۆخەی گولێ نێوگولّزارم ، کە ئاوتم بوو لە ژوویکدا بت بینم و بە شێنەیی دەردە دلێ خۆمان بکەین ، بەلاّم بەداخەوە دوا رۆژی یەکتر دیتنی خۆمو خۆت روون نابینم . ئەگەر پێمان وابێ دوارۆژمان ڕوونە خۆمان فریوداوە . گولێ‌گیان! من هیچ بە مێشکم دانیەو بڕوام بەوە نییە منو تۆ بتوانین وەکو دوو ئادەمیزاد هاوسەری یەکتر بینو بە ئاواتی خۆمان بگەین .

گولّەکەم‌گیان! تۆ بۆخۆت باش دەزانیو بابت لەمن باشتر دەناسی کە جگەلەوەی نایەلێ بۆیەکتربین ، ئەگەر بزانێ یەکترمان خۆش‌دەوێ لەسەر ئەو دنیایەمان ناهێلێو فاتیحامان خوێندراوە . من خەمی خۆم

نییەگوڵم‌گیان. تۆ شتێکت بەسەربێ، بێشك کۆتایی بە ژیانی منیش دێت.
دووئەویندار خەریکی ڕازو نیاز بوون هێشتا قسەکانی نێو دڵی خۆیان نەکردبوون، خوشکی غەریب بە پەلە خۆی لە ژووریّ هاویشت‌و گوتی:
– کاکە بە قوربانت‌بم چارێکی خۆتان بکەن، عەبەی چاپەزی ئاغا بەرەو ئێرە دێت. غەریب خەریك بوو خۆی لەبن پیرکدا بشارێتەوە، گوڵێ گوتی هیچ پێویست ناکا خۆت بشاریەوە،لەجێگای خۆت دانیشە، عەبەی چاوشۆڕ زمانی بگەڕێ زمانی دەبرم.
عەبە وە ژوورکەوت برێکی نێوژوورەکە ڕوانی‌و گوتی:
گوڵێ خانم! لە بەیانیەوە لێت دەگەڕێم دایکت نیگەرانە. با بڕۆینەوە. چاوێکیشی لە غەریب کردو پێیگوت؛ ها سەید غەریب، ئەوە خەریکی چی؟ وات لێهاتووە کچی ئاغا بێنینە ژوور؟ نانا باوەڵێ خواردنی تۆ نییە.
گوڵێ بە گژیدا هات گوتی: عەبە! من لەبەرغەریب نەهاتووم، هاتوومەتە لای خوشکی. بەسەری بابم زمانت بگەڕێ بە دایکم دەڵێم ڕۆژێکت ڕانەگرێ وەدەرت نێ، براوەو برۆ با بڕۆینەوە.
غەریب هەرچەند لاوێکی بێ ئەزمون بوو، بەڵام ئاغای باش ناسیبوو، دەیزانی چ ماڵێکە. غەریب لە هیچ کوێ حەجمینی نە بوو، لە سوێی گوڵێ ئاراو قارای لێ هەڵگیرابوو. لە ترسی زمانی عەبە نەیدەزانی چبکاو چۆن دڵی خۆی بداتەوە. دنیای لێ تاریك داهاتبوو. دڵی روونی غەریب هەواڵی دەدا عەبە زمانی ڕاناوەستێ‌و ئاغا خراپ تێدە گەیەنێ. بە خۆی دەگوت، من هیچ، گوڵێ تووشی پەت پەتێن‌و چارەڕەشی بوو.
شەوێ تا بەیانی خەو نەچووە چاوی غەریب دەپاڕاوەو داوای لە خودای خۆی دەکرد یاریکاری بێ‌و زیان بە گوڵێ نەگات. بەرە بەیانی کە تازە غەریب چاوی لەسەر یەکدانا بوو،گزیری ئاغا بەدابی ئاغایەتی گۆپاڵێکی لەدەرگای ماڵی غەریبی داو هەرای کرد غەریب ئەورۆ نۆرە بێگارە بە پەلە

وەرە بەر دەرگایماڵی ئاغا .

غەریبی تاقانە لەگەڵ گورەو ڕمبەی گوپاڵی گزیری ئاغا لە خەو ڕاپەری و هەستا سەر پێ . هەمووگیانی دەلەرزی . نیگەرانی لە لایەکو هەڵڵاو گورە گوری گزیریش لەوێ ڕاوەستێ . دەستی بۆ هەوا ڕاداشتو گوتی ؛ خوایە هەڵی نەگری ئەو زوڵمو زۆریە ، ساڵ دوازدەمانگە خەڵکی دەچەوسێننەوە نایەڵن ئەو خەڵکە بە کارو کویرەوەری خۆی ڕابگا لەبەر بێگارو چەرمەسەری . بریا ئەو ڕۆ هەربێگاربێو خەبەری ناخۆش نەبێ .

خۆی کۆکردەوەو بە پەلە پاروە نانێکی خواردو بەرەو دیوەخانی ئاغا وەرێکەوت . هەنگاوی هەڵدێناوەو لە بەر خۆیەوە دەیگوت : خوایە لە شەڕی شەیتانو بەلای زالمم بپارێزی . زوو زوو ئایەتەلکورسی دەخوێندو فووی بە خۆیدا دەکرد بەڵکوو دوعاکەی دمی ئاغا ببەستێو گوڵێ زیانی پێنەگا . بە دوعاخوێندن لە دیوەخان نیزیك بۆوە . ڕوانی ئاغا دێتو دەچێو ڕاوێچکە دەکاو جگە لەنۆکەرو دەستو پێوەندەکانی کەسی دیکەی لێ نییە . چووە پێشو سلاوی لێکردن . ئاغا بێ ئەوەی سلاوی لێوەرگرێتەوە دەگزیرو کوێخا ڕاخوڕیو گوتی ؛ کاری خۆتان بە ڕێوە بەرن. هەردووکیان وەرێکەوتنو بەغەریب گوترا ؛ بەدوایاندا بڕوا .

غەریب بۆی دەرکەوت کە بێگارنییەو عەبە کاری خۆی کردووەو ئەو بانگکردنە تایبەتییە .

غەریب بەدوایاندا بەرەو کادێنی ئاغا وەڕێکەوت . هەر دەتگوت زاریان بەستووە . لەبەر پەژارەی گوڵێ نوتقی بەسترابوو .توانای چوکترین پرسیاری نەبوو کە بپرسێ بۆ کوێی دەبەن . مەرگ بە پێش چاویدا ڕاو ڕاوێنی دەکرد . دەیویست لە کوێخا بپرسێ بۆکوێی دەبەن ، بەلام وای سەر لێشێوا بوو پرسیاری بۆ نەدەکرا . کوێخا زوو زوو مژی لە جگەرەکەی دەداو ئاخی هەڵدەکێشا . وێدەچوو خەمی سەید غەریبی بێ . بە دەرکی تەویلەدا بردیانە

ژوور، غەریب دیتی وا گوڵێ خانمیش بە قژی ئاڵوزی خوێناوی بە بێ هۆشی لەوێ کەوتووەو دوو نۆکەرلەسەری ڕاوەستاون. غەریب دەیویست شتێك بە کوێخا بلێ لە گەروویدا عاسێ بوو. پیاوانی ئاغا غەریبیان لە کوڵەکەی تەویلە بەست. لەو کاتەدا ئاغا هاتو چووە پیش تفێکی لە نێوچاوی سەید غەریب کرد. دەستووری دا بە پیاوەکانی لێدانێکی باشی لێدەن، بەڵام بە قەستی کوشتن نا، چوونکە سەیدە با دەستم بە خوێنی سەید سوور نەبێ. بەڵام دەبێ وای لێ بکەن بۆ هەتا هەتایە تمبێ بێ‌و جارێکی دیکە چاوی لە بنەماڵەی ئاغاوات نەبێ. ئاغا دوای دەستوردان ڕۆیشت. کاتێك بۆلای غەریب چوون دیتیان بێ‌هۆشە، واتە کە چاوی بە خۆشەویستەکەی کەوتووەو ویستوویە شتێك بەکوێخا بلێ لە گروی گیراوە بێهۆش بووە. کوێخاو گزیر بۆ ئەوەی فەرمانی ئاغا وەعەرزی نەکەوێ لێدان‌و دارکاری خۆیان کردو لە خوێنیاندا شەلاڵ کرد. کاتێ غەریب وەهۆش هاتەوە، ڕوانی لەسەرپەین‌و پاڵ ڕاکشاوە. چاوی گێڕا کەسی لەوێ نەدیت، گوڵێش لەوێ نەمابوو. هەموو لەشی ژانی دەکرد. زانی ئێش‌و ئوفی لێدانە. ویستی هەستێ نەیتوانی، دیتی لەشی خوێناویە، لە جێگای خۆی ڕاکشاوە. گوێی لە دەنگە دەنگێك بوو، چاوی لەسەر یەکداناوە تا بزانێ کێن‌و دەڵێن چی؟ دەنگی ئاغا بوو، لەگەڵ گزیرو کوێخا هاتە ژوور بە دەستووری ئاغا ویستیان غەریب هەستێننەوە، بەڵام غەریب خۆی لە حاڵەتی بێهۆشی دابوو لاقی نەدەگرت. گزیرگوتی؛ قوربان بە سەری تۆ ئەوەندەمان لێداوە سەرومل ناگرێ‌و بەو زووانە وەهۆش نایەتەوە. ئاغا بە پێکەنین گوتی؛ دەست‌و خۆشبێ، بابزانێ من کێم‌و ئەو کێ‌یە. قاقای لەسەر قاقا، پێکەنین‌و بە قاقاو ڕۆیشتە دەر.

دوایی کوێخاو گزیر غەریبیان هەستاندو برێکیان ئاموژگاری کرد، پێیان گوت: ئەو یەکم جارە دەبینی کە ئاغا ڕقی هەستابێ‌و کەسێك لە

مردن ڕزگاری بووبێ، بڕۆوە ماڵێ شوکرانە بژێر بەکە شاڵی کەسکت بەهاناتەوە هاتو نەکوژرای . غەریب بە شەلە شەل بەرەو ماڵ بۆوەو دوای حەوتویێك پێیان ڕاگەیاند ئەو دێیە بەجی بێلێو بڕوا . هەرچەند غەریب سەیدایەتیەکەی لە مەرگی ڕزگارکرد بەلاّم ئەوینی گوڵێ خانم سەودا سەری کێوانی کرد. دوو ئەویندار بەتاسەو پەژارەوە بۆ هەمیشە دنیای ڕوونی نێو کومەڵگایان چوو، یەکتریان نە دیتەوە .

## کوشتارو ڕاوو رووت !

ئەرێ دادەی خوشکێ وا ئەوگا مێشە چوّتە تەویلەی سەرێ، وەرە یاریدەم بدە لەگەڵم ببەستەوە. ئەرێ دایە، بابە، کاکە، دەی یەکێك بێتە یاریدەم . نەخێر لێرەڕا دەنگ ناڕوات، بچمەپێش بزانم بۆ هیچ کەس دەنگی نایە؟ داخوا بۆ کوێ چوون؟

ویستم دەرگا بکەمەوە، یەکێ بە نووزێکی باریك گوتی؛ ڕۆڵە ئەوین مەیە ژوور باتوّش بەدەردو چارە ڕەشی ئێمە نەچیت! ئەوە دەنگی دایکمە، بەلاّم بۆدەنگی ئاسایی نییە؟ بلێێ شتێ رووی نەدابێ؟

پەلەی ناوێ با بە درزی دەرگادا بڕوانم بزانم چباسە. بە بێدەنگی و بێهەستو خشە چوومە پێش بەدرزی دەرگاکەدا ڕوانیمە ژووری. چ ژوورێکی ئالّوزو شپرێو! بوّم ڕوون نییە چ روویداوە. ترسام، لەوێ دانیشتم تا بزانم چ باسە. تەقەی گوللەیەك ڕایچڵەکاندم وەدڵە کوتەی خستم. بە ئاشکرا دیتم خوێن بە نێوچاوانیدا هاتەخوار. پەڕۆکێك دمو لووتی داپۆشیبوو بەنێوچاوانی نەم ناسی کێ بوو. دوو کەسی ژ٣ بەدەست لە ژووریدا دەهاتنو دەچوون. دوای تەقەکە، یەکیان گوتی؛ کوڕە خۆ هەر

ماوە ئەوە لەگەڵ کێیەتی دەڵێ مەیە ژوور؟

کاتێ گوێم لە وشەی مەیە ژوور بوو مەترسی دایگرتم کە نەوەکوو بێتە تەویلە. حەبەسابووم، بیرم لەو ژ٣ بەدەستانە دەکردەوە. بیرم لەوانە دەکردەوە کە دریێژ ببوون، نەمدەزانی مردون یان زیندون، بەلاّم خۆ من ئاگام لێبووتەقەکراو نێوچاوانی یەکێك خوێنی پێدا هاتە خوار. بە درزی دەرگاکەدا سەرژمێرێکم کرد، پێنج کەس ڕاکشاو بوون، دەبێ کێ بن؟

هەر بوخۆم وەلاّمی خۆم دەداوە دایکم، بابم،کاکم، دووخوشکەکانم. ڕاست پێنج کەسن. ئەی زمانم لاڵ بێ، ئێستا بۆئاوا بەخیاڵ هەموویانم بە کوشت دان؟ لەوانەیە بریندااریش نەبن. چاوم ڕەشکەو پێشکەی دەکرد تاسابووم. هیچ شتێکم بۆ ساغ نەدەبۆوە. خوایە کاکم بپارێزی. داکیشم، باب و خوشکەکانیشم. دەستم بەرزکردەوە دوعام بۆکردن خوایە هەموویان بپارێزی. دەلەرزیم و دەترسام مێشکم دەهات لەکار بکەوێ. هەرچەند هەوڵم دا بزانم کێن بۆم ساغ نەدەبوونەوە. لەپڕ سووڕان، دوو کەسی ڕیشداری خوێن تاڵی مرووموچ، چاویان لێکتر دەکردو بزەیان دەهاتێ.چ فیلمێکی ترسناکم دیت. ئای لەو نامرۆفانە، چەندە بەو خوێن ڕشتنە دڵخۆشبوون! بیستبووم دەیانگوت؛ کەسانێك هەن بە کوشتارو خوێن ریێژی سەرخۆشن من تا ئەوکاتە باوەڕم بە شتی وانەبوو. لە تراژێدیەکدا ئەوەم بۆ روونبۆوە. لە کاتێکداکە خۆشەویسترین کەسانم لەناڕوونی مان و مەرگدا بوون. هێشتا نەمدەزانی ماون یان مردون. لە پشت دەرگای ژووری تەویلە وەك بزمار بەعەرزییەوە نووسابووم نەمدەوێرا بجوولێمەوە. نازانم چۆن دەمتوانی چاو لەو پەردە سامناکە بکەم!؟

زووزووگوێم دەزرینگاوە یەکێ دەیگوت: ڕۆڵە مەیە ژووری با ....

ترس و ئامۆژگاری مەیە ژوور هانیدام گوێ بگرم و نەجوولێمەوە. دەستم لە ئەژنۆم وەرینا بە کەلێنی دەرگادا تێوەیان ڕامام. چەکدارەکان

بەنێوما ڵدا دەسوورانەوە نەمدەزانی لە چی دەگەڕێن. یەکیان بەوی تری گوت؛ داخوا ئەو سندوقە چی تێدایە؟ دادەی چراغالی بیکەوە بەڵکووّ دەستکەوتێکی باش بێ.

سندوقیان شکاند، جلو بەرگی منو خوشکەکانمو دایکمی تێدا بوو. دیاربوو لە زێڕو نەغدینە دەگەڕان. من دەمزانی پوولو نەغدینەمان نییە. دەستم لە بەرۆکم دا زێڕەکانم بە خۆمەوە بوون. دەستم لە گوێمدا گوارەکانیش لە گوێم دابوون. کاڵێو جوانیێ ی خوشکیشم هەمیشە زیڕەکانیان بە خۆیانەوە هەڵداوەسی. دایکم کاتێك بۆ باوکم بەبوك هاتبوو، جووتە گوارێکی بۆکرابوو قەتی لە گوێ دەر نەدێنا. چراغالی گوتی؛ هەمووی پەڕۆ و پاڵە بۆمان دەچێ؟

– جارێ بزانە کیسە باغەڵی ئەو کورو پیاوە چیان تێدایە؟ دوایی ژنەکانیش بپشکنە بەڵکوو زێڕو شتیان پێوەبێ.

– خۆتۆ ڕاست دەکەی ڕەجەبالی! حەوتووی ڕابردوم لەبیرە لە دێی ئەو بەر پیاوەکانمان کوشت ئەو هەموو پووڵەیان پێبوو. ئەدی لەبیرتە گوێی ژنەکانمان هەڵبڕین بۆ گوارەی زێڕ؟ ڕەجەبالی خەریکی پشکنین بوو، چراغالی گوتی؛ ڕەجەب لە بیرت چۆتەوە سەرنیزەکەت لێوەرگرتم قامکی کچەکەت پێ پەڕاند ئەنگوستیلەکەت بۆخۆت هەڵگرت. ئەرێ لەبیرمە، چاوت لێبێ ئێستا چیان پێدەکەم. پاش ئەو کەینو بەینە دست بەکار بووون. لە دەرێ تەقەی تفەنگو چەقوو لووری سەگان نێو ئاوایی پڕ کردبوو.

پیاوە ڕیشدارە خوێن تاڵەکە سەرنێزەی دەرێنا، وای خۆشەویستەکان ئەوە قامکە جوانەکانتان دەپەڕێنن؟ گیان سەختە دەرناچێ. ئەوەی ئەو خودا نەناسە شرەخورانە دەیانکرد، بەردی دەگریاند. چاوم لەسەر یەکدانا تا ئەو کارەساتە نە بینم. دڵەکوتەم بوو. لەرزم هاتبۆیە ددانم ددانی

نەدەگرت. دڵم سست بوو، لاقەکانم شلبوون، پالم وەدیواردا، چیترم نەدیت و نەمزانی چیتریان کردوکەنگێ رویشتن. هیچی ترم لەبیرنەماوە. ڕەنگبێ توانای پترم نەبووبێ بۆیە بێهۆش بوومە. دیارە پاش کوشتارو ڕاو و ڕووت ڕۆشتوون. کاتێ چاوم هەڵێنا گریان و شین و ڕۆ ڕۆ بوو. هەراو گریانی لاوان و پیاوان و ژنان و منداڵان کەللەسەری دەهاژاند. دووژن لەولاولام دانیشتبوون دەستیان وەبەر شانم دابوو قاپە ئاویان بەدەستەوە بوو بۆیان ڕادەداشتم دەیانگوت؛ دادەی قومێك بخۆوە. وادیاربوو نەم خواردبۆوەو تا ئەوکات بێ هۆش بوومە. پوور قومری دڵسۆزانە دەگریاو لەبەر من دەپاڕاوە قومێك ئاو بخۆمەوە. دەیگوت؛ ئەوین گیان چوڕێك ئاو بخۆوە با نێو دڵت فێنك بێتەوە. هەرچی لەسەرسەبرانە لەسەرخێرانە. غەم مەخۆ خودا کەریمە. لەبەر دڵی پورەقومری چۆڕێکم خواردەوە. لە دەورو بەری خۆمم ڕوانی، پوور ئاڵتوون و پورقومری کە لەو لاو لام دانیشتبوون، لەسەرەخۆ لێم پرسین؛ پووری گیان چبووە، ئەوانەی ڕاکشاونکێن؟ بوچی وا لەو گۆڕە کەوتوون؟ بۆچی خوێناوین؟ بەو پرسیارەی من تێکڕا دەستیان کرد بە گریان و شیوەن و فرمێسك هەڵوەراندن. بە دمگریانەوە وەلامیان دامەوە:

ئەوین گیان، ئێمە دەسەرت گەڕێین و بە قوربانت بین، ئەوانە دایکو باوکوکاکوخوشکانی تۆن، ئەو شەو پاسدارانی ئیسلام هاتوون کوشتوویانن. بەس نییە ڕۆڵە گیان تۆیان نە دیوە، دەنا تۆشیان دەکوشت و بنەماڵە کوێر دەبۆوە. بەخوای ڕۆڵە لە شوکرانە بژێری بەولاوە هیچی دیکەمان لە دەست نایەو کەس نییە لەو کوردە بیکەس و بێدەر خۆ بکاتە خاوەن.

بەو هەواڵە تاڵە بەرچاوم تاریك بوو کردەوەکانی شەوێم وەبیرهاتنەوە کە بەچەکەوە لە ژوورێ دەسووڕانەوەو بێ بەزەیانە قامکی خوشکەکانمیان

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

دەپەڕاندو ئەنگوستیلەکانیان لە قامکی دەردێنان .

پرسیم ئەو خودا نەناسە بێبەزەیانە کێ بوون ؟ پورەقومریو پوور ئاڵتوون کە سەریان بە ئانیسکانەوە هەڵدەقەنان، دوای شیکردنەوەی هێندێك لە چارەڕەشی کورد ،گوتیان : ئەوین گیان! ئەوانە پیاو کوژەکانی قارنێو قەڵاتانو ... بوون.

## دوایین ڕاسپاردە!

خەلکی ئاوایی هەواڵیان وەرگرت کە ئەوڕۆ سەروان دێتەوە. هێندێ کەس پێیان وابوو، هاتنەوەی ناوبراو لەبەرسەرەخۆشی چەکۆیە. هێدێکیش دەیانگوت؛ نابابە سەرەخۆشی چی، دوێنێ چەکۆ شەهید بووە، سەروان کوێرا ئەو هەواڵەی زانی. سەروان وەکو جاران ئاسایی بۆ پشوودان ئیزنی وەرگرتووە هاتوتەوە سەریدۆستانو هەڤالانیدەداتو دەڕواتەوە. دیارە کە بزانی لە دێ سەرەخۆشی هەیە، لە سەدا سەد بەشداری پرسە دەکات.

سەوان جگە لەوەی لە ئاواییداپیاوێکی خۆشەویست بوو، زۆربەی دانیشتوانی ناوچە بە مروڤێکی باشیان دەزانی. کاتێك سەروان لە گوند نیزیك بۆوە، کۆمەلێك لە لاو و پیاوان بەرەو پیری چوون و بەخێرهاتنیان کردەوە. هەرکەس لە لایەکەوە رووی لێدەنا لابداتو میوانیان بێت. سەروان بەزەردە خەنەوە سوپاسی دەکردن کە ئاوا ڕێزو حورمەتی دەگرن. دووسێ جاری دووپاتکردەوە کە: من شایانی ئەو هەمووڕێز لێنانە نیم و سوپاستان دەکەم.

سەروان پرسی ئەو کۆمەڵە خەڵکە چییەدەرکی مزگەوت کۆ بوونەتەوە؟

– بۆچی سەروان گیان! نەتان زانیوە سەرەخۆشیمان هەیە؟

– نەخێر ناوەڵلا، بۆچماکێ مردووە؟

– قوربان بە مردنی خۆی کەس نەمردووە، بەلام دوێنێ خەمۆ کوڕە جحێڵەی ڕمۆ نوێژی نیوەڕۆ بەڕەقەی رێدا ویستوویە بیتەوە ماڵێ، بە بێ دەنگدان پایەگای پاسداران تەقەی لێکردووەو کوژراوە. سەروان گوتی:

– چووبانە پایەگا بیزاریتان دەربڕیبا کە بۆکوشتوویانە؟

بەلێ هەرئەوکات چووین پێمان گوتن کە بوچی تەقەتان لێکردووە؟

لەوەڵامدا پێیانگوتین فەرمانمان پێدراوە هەرکەسێك نەی ناسین تەقەی لێبکەن ، ڕمۆش زۆر قیتو قوز بوو، زۆر وە دژی شۆڕش دەچوو. لەلایەکی تریشەوە، ڕمۆ لەخۆمان نەبوو هەر بۆ کوشتن باش بوو.

سەروان بە بیستنی ئەو ڕووداوە ناخۆشە سوور هەڵگەڕاو دەستی گەیاندە سەرشانی ئەو نیشانو ئەستێرانەی کە بەزەحمەتی چەند خوێندنو دەردەسەری وەدستی هێنابوو، پچڕیو تووڕی هەڵدا و گوتی:

– تف لە ژیانی خوێریگەری، تف لەوەی کە خزمەت بەو رژێمە تاوان بارەی دژیکوردان دەکا ، من چۆن دەبێ بەخاتری ئەو پلەو پایەی هەمە، یان بۆ موچەو مانگانە پشت لە نەتەوەکەم بکەمو بەخوێڕیەتی بژیم ؟ خوا بیبڕێ ژیانی ئاوا پڕ لە ڕەزالەت. دوایە بە تووڕەیی ڕووی لە مزگەوت کرد. خەڵك بە گەرمی پێشوازیان لێکردو دەستو مشتاقیان لەگەڵ کرد. سەروان دوای سەرەخۆشی لە کەسوکاری خەموگوتی:

پێم خۆشە ڕێگەم بدەن هێندێکتان لەگەڵ بدوێم. مەلای ئاوایی بە گورجی هەستا بلندگۆی بۆ هێنا پێشو بۆی کردەوە گوتی، فەرموو. سەروان ڕووبەڕووی خەڵك وێستاو گوتی:

– برایانی بەڕێزو بەئەمەگی کورد. پێشەکی زۆرتان سوپاس دەکەم کە ڕێز لە شەهیدو بنەماڵەی شەهیدی دەگرن. هیوادارم هەموو سالێك بۆ هەموو شەهیدێکی کوردستان چ بە ئاشکرا، چ بەنهێنی ئەو ڕێوڕەسمە بپارێزرێ و لاوانیکورد تا وەدی هاتنی ئاواتی شەهیدان کە ئازادیو ڕزگاری کوردستانە درێژە بە خەباتو تێکۆشانی خۆیان بدەن.

براکانم! من پێم وابوو دوای رووخانی رژێمی دیکتاتۆری پاشایەتی گەلیکوردیش بە ئاواتو نەوایەك دەگاتو لانیکەم هێندێك مافی سیاسیو فەرهەنگی وەدەست دێنێو پاداشی خوێنی رژاو و قوربانییەکی لە ڕێگای ئازادیدا داویەتی بە فیرۆ ناچێتو وەری دەگرێتەوە. بەڵام ئێستا

دەبینین، رژێمی ئاخوندی خراپترو بێبەزەتر لە رژێمی پاشایەتی لەدژی داخوازی نەتەوەکەمان ڕاوەستاوەو بەو پەڕی ناجوانمێرانە لاوانی کورد بە نێوی دژی شۆڕش لەبەندیخانەدا سەربەنیست دەکا .

برایان! لەو سەردەمە حەساس و ناسکەی ئێستادا ئەرکی سەرشانمانە بەو پەڕی لە خۆبووردوویی شان بدەینەبەرو ببینە پاڵپشتی پیشمەرگە. من دوێنێ بۆسەردان و دیداری دۆستان حەوتوویێکم ئیزنم وەرگرت کەبێم و بگەڕێمەوە سەرکارو پۆستی خۆم، بەلاّم لەوماوەکەمەدا چەند ڕووداوێکی وەکو ئەو ڕووداوەی ئێوە، منی لەو خەوە ڕاپەڕاند و ئەوڕۆ جۆرێکی دیکە بیردەکەمەوە و بەو ئاکامە گەیشتووم کە ئەو رژێمە بۆیە نابێ بچمەوەو بۆپلەو پایە لە خزمەتی دابم و هاوکاری لەگەڵ بکەم . ئێستا کە دەڵێم ڕوونبوومەوە ، بڕیاری یەکجاری خۆم داوە ناگەڕێمەوە . هاتووم پێتان ڕابگەیەنم کە هەرلە ئێستاوە خۆم بە پێشمەرگەیەکی کوردو کوردستان دەزانم و لە خزمەتتانم. هیوادارم تەشکیلاتێکی سیاسی وەرم بگرێ تا بەو پەڕی فیداکاری ، گیان لەسەردەست لەخزمەتی گەل دابم و ئەو پەڕی کەڵکم لێوەرگرێ .

سەروان پاش ئەو بەڵێنی و ئامۆژگاریانە، هاتە دەرو لە گەڵ دۆستو هاورێکانی بەرەو بنکەی پێشمەرگە وەڕیکەوتن . بنکەی پ م ، لە سەرووی گوندەکە بوو٠ گەیشتنە بنکەو چوونە ژوور٠ وێڕای ڕۆژ باش و خۆش و بێش بەزەردە خەنەو پێکەنینەوە گوتی: هاتووم بزانم بە پێشمەرگەم وەردەگرن؟ یان ئەرتەشی جێگای باوەڕنییەو، وەرناگیرێ ؟

بەرپرسی بنکەش بەپێکەنین گوتی: ئەدی نەت بیستووە کە دەڵێن؛ سەد تاوان و یەك تۆبە. دوایی سەروانیان دڵخۆشی داوەو دەستبەجێ بەشێوەی خوارێ بروسکەیان بۆ سەرووی خۆیان لێدا .

هەلۆ گەلاز، هەلۆگەلاز ، سەروان ح کە ئەورۆ بەنێوی مەرەخەسی هاتوتەوە، بڕیاری داوە نەگەڕێتەوە٠هاتوتە بنکەو داوا دەکات بە پێشمەرگە وەریگرین.

چاوەڕوانی بڕیارو وەلامی دەسبەجێی ئێوەین٠ بنکەی.پ.م.

خەریکی چاخواردنەوەو وتوو ویژ بوون وەلامیان داوە.

پەیام لە گەلازەوە بو ب. پ. م. بە پێی بڕیاری لەسەروو، پێتان رادەگەیەنین: ویڕای ڕێزلێنان لەسەروانح، وەری دەگرن٠ بە هۆی ئەوەی ئێمە ناوبراو بە مروڤێکی باش دەناسین، بەرپرسایەتی فەرماندەی هێزی پێ دەسپێردرێ. گەلاز.

سەروان بەوەرگرتنی ئەو پەیامە، پێخۆشبوونی خۆی دەربڕی و هەرلەوێ جلکی ئەفسەری تووڕ هەڵداو کەواو پاتۆڵی سەربەرزی پێشمەرگایەتی لەبەر خۆی کرد.

سەروان بە وەرگرتنی بەرپرسایەتی خۆی بە پێشمەرگە ناساندو بەرنامەی مەشق و ڕاهێنانی بۆ پێشمەرگە داناو فیتوو فەنی نیزامی بە شێوەی زانستی فێری پێشمەرگە دەکرد. سەرەتای فێرکردنەکان بەریتی بوون لە سێ شت کەسەروان پێی وابوو دەبێ فێری بن.

١ - نارنجۆك هاویشتن، ٢ - هێرشکردن، ٣ - کشانەوە.

سەروان پاش فێرکردنی ئەو ٣کارە سەرەتاییانە، لە چەندین هێرش و پەلامارو تێهەڵچووندا سەرکەوتنی باشی وەدەست هێنا. پایەگای ناوەندی دوژمن یەکی لەو پایەگایانە بوو کە سەروان زۆری ڕق لێ هەڵگرتبوو. گەلێك جاران سەروان بە پێشمەرگەکانی دەگوت: - هێندێك ئازووقەی وەکو فیشەکو گوللە ئاپیجمان هەبێ، زەبرێکی وای لێدەدەین، وەکو داستان بۆ حەوت پشتیان بگێڕنەوە.

ڕۆژێك سەروان، سەرلك و سەر دەستەی پێشمەرگەکانی کۆ کردەوەو

پێی گوتن؛ بەپێی وەرگرتنی هەواڵەکان و لێکوڵینەوەی نیزامی ئێستا کاتی ئەوە هاتووە دەستێك لە دوژمن بوەشێنین هێرش بکەینە سەرپایەگای ناوەندی ناوچەو زەبرێکی گورچوو بریان لێدەین. پێم خۆشە ئەوەی بەدرس و راهێنان فێری بوون، لەگەڵ پیشمەرگەکانی باس بکەنەوە، ئەوشەو دەچینە سەریان بەکردەوە تاقی دەکەینەوە. ئەلف: شەو درەنگانێك لەسەر زگ تا بووردی ئارپی‌جی، لەپایەگا دەچینەپێش. ب: پاش لێدانی دووئارپی‌جی‌و هاوەنێك، هێرش دەست پێ‌دەکاو دەچینەپێش.

پ: هەوەڵ فیتوو پێنج کەسی پێشێ، هەرکام نارنجەکێکیان لە پاڵ داوێژرێ. فیتووی دووهەم دەستەی دوایە لەگەڵ ئەو پێنج کەسە دەچنە نێو سەنگەرەکان. بە گورجی دیل وغەنیمەت دێننەدەرو دەکشێنەوە. لەبیرتان بێ، ئەو هێرشە نابێ لەدە دەقیقەی پتر پێ بچێ لە ناوەندی پایەگا بکشێینەوە دەر.

دوای ئامۆژگاری‌و خۆئامادەکردن کاتژمێری دوازدە وردە وردە بەرەو پایەگا وەریکەوتن، هەرکەس لە شوێنی خۆی دامەزراو لە کاتی دیاریکراوەدا هاوەن‌و ئارپی‌جی بێدەنگی شەویان شکاند. هەناسەکان بۆ گوێ‌لێبوونی فیتوو قەدیس بوون. چرکەیەك پێش فیتوو ئازایانە بە گورجی هێرش دەست پیکرا. لەچەند قەدەمی پایەگا کە تەپوو تۆزو دووکەڵی لیدەهاتەدەر نارنجۆك‌بارانیان کرد. پایەگا توانی تەنیا یەك‌تەقە بکات ئەویشیان زوو بێدەنگ کرد. خۆیان هاویشتە نێو سەنگەرەکان‌وکۆکردنەوەی دەستکەوتەکان. سەروان روانی یەکێك لە پێشمەرگەکان بە نێوی‌لاوە راکشاوە نابزوێ. سەروان تێی راخوڕی: لەمنت نەکەوێ لاوە، ئەوە دەترسی بچیە یاری هاڤالانت؟ لاوە، لاوە بۆ نابزووی؟

لاوە بەدەنگێکی لاواز گوتی؛ بەو تاقە تەقەیە ئەنگێوراوم، تکایە سەروان باسی مەکە با کوڕکان نەشێوێن. دیل گیران‌و دەستکەوتەکان کۆ

کرانەوە. لاوەی بریندارییان هەلگرت‌وکشانەوە. پاش ئەوەی دوورکەوتنەوە، لاوە داوای‌کرد تاوێکی دانێن قسەی هەیە. لاوە سەری هەڵێناو ڕووی لە هەڤاڵەکانی‌کردگوتی: هاورێیان وێڕای پیرۆز بایی لە سەرکەوتنەکەتان، داواتان لێدەکەم وەختی خوتان بەمنەوە مەکووژن، چوونکە من کارم کراوەو چاکبوونەوەم نییە. ئێستا گوێ بگرن ڕاسپاردێکم هەیە بە جێی بێنن. بە داکم‌و خوشکەکانم بلێن: بۆمن نەگرین، چونکە من بە دووئاواتی سەرەکی خۆم گەیشتووم واتە: بوون بە پێشمەرگەو چەکی شەرەف هەلگرتن بەکردەوە بەربەرەکانی لەدژی داگیرکەرانی کوردستان، بەلاّم ئاواتی سیێهەمکە ئازادی گەلەکەم‌و ڕزگاری نیشتمانە، من نەم‌دی ئەویش دەکەوێتە سەرشانی ئێوە. برایان ئازاو بەڕێز ێ ێ ێ ێ . لاوە لێوی لەسەر یەکدانا و بێدەنگ بوو. بە شەهید بوونی لاوە پێشمەرگەکان تاسان. گوتی؛ هەلێگرن ، ئەوە دواین وتەی لاوەبوو. سەروان شەهید بوونی لاوەی بە خەسارەتێکی گەورە دەزانی. لەبەر خۆیەوە دەیگووت: داخی گرانم بە ئاواتی سیێهەمی نەگەیشت. ئەدی ئەگەر دایکی پرسی؛ لاوە بۆ کوژرا بلێم چی؟ بلێم لە تەنیشت من بوو کە ئەنگێورا، بەخوای زەحمەتە بڕوا بکات.

هارەی هێلیکوتێرو تۆپبارانی ناوچە بە تۆڵەی وێرانی‌و هێرشی شەوێی پایەگا دەست پێکرا. دوژمن هیچ کوێ‌و هیچ شوێنێکی نە دەپاراست. هەواڵیان دا بە سەروان کە یەکێك بەغاردان بۆ لایان. گەیشتی‌و بەسەروانی گوت؛ لەشکرێکی زۆر بە پشتیوانی تانگ‌و تۆپ‌و تەیارە بەرەو ناوچە بەرێوەیە، مەبەست‌و بەرنامەی ئەو لەشکرە گرتنەوەی شاری شنۆیە. لەوەش گرینگترو سەیرو سەمەرتر ئەوەیە گرتنەوەی شاری شنۆ بە خۆیی ئەسپێردراوەو دەیانەوێ دار هۆرەی لە خۆی بێ.

سەروان! کاتێ من کە دەهاتم گوندی .... بۆمباران کرا. ماڵە لاوەی پێشمەرگە، تێکڕووخاو دوو خوشك‌و دایکی شەهید بوون. تۆخوا سەروان

جارێ ئەو هەواڵە دڵتەزێنە بە لاوە مەڵێ .

سەروان بە بیستنی ئەو هەواڵە فرمێسکەکانی هاتنە خوارو گوتی ؛ ئەو رووداوە تاڵە بۆمن لە هەموو کەس دڵتەزێنترە . بەداخەوە نەمتوانی دوایین وتەی لاوە بە دایكو خوشكانی بڵێم . بەڵێ کاکی تەتەر ، لاوەش شەهید بوو .

بێ بەلابی سەروان ، کوا کاتی ئەوەیە بۆ لاوە فرمیسك هەڵوەرێنی ، تكایە بۆ پاراستنی خەڵكی ناوچەو پاراستنی خۆتان پلانێك دانیو ئامادەگی هێرشیتان هەبێ ، هاکا گەیشتنە سەرتان . ئەوا من ڕۆیشتم بمێنن بە خێر .

سەروان ئەو هەواڵەی لە کەسێك وەرگرت کە جێگای بڕواو موتمانەی خۆی بوو . زۆر وەڕزو ناڕەحەت بوو . لەبەر خۆیەوە دەیگوت ؛ وا بە چاوی خۆیان دەبینن کە دوژمن سەروەتو سامانی کورد دەسوتێنیو خەڵكی ناوچە قەتلوعام دەکات ، گوێیان لێ نییە وەپێشی دوژمن دەکەونودەچن شاری شنۆیان بۆ دەگرنەوە ! چ قەباعەتێکی گەورەیە کوردی ئەودیو ، کوردی ئەم دیوە بەنەتەوەی خۆیان نەزانن . چەند دنیایەکی سەیرە ؟!

سەروان دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر ، فەرمانیدا بەگورجی بۆ دارژتنی پلانێکی ڕێکو پێك بەرەو سەر بۆ بڵندایی ئەوکێوە هەڵكشێنو تا فەرمانو بریاری دوایی ئێوە لەتەقەکردن خۆ بپارێزن . تاپێشڕەوی نەکەن وا بکەن خوێن نەڕژێ . چوونکە ئەوانەی وەپێش دوژمن کەوتوون خۆیین .

سەروان لەداخان سەری دەسوورا ، نە یدەزانی چبکا ، لەو نێوەدا گیریکردبوو . تەقەدەکا پێشڕەو کوردەو دەکوژرێ ، تەقەیان لێنەکەن ، ئەوان بۆ پێشڕەوی خۆیان پێشمەرگە دەکوژن . ناچار ڕێگای سێهەمیان هەڵبژارد ، واتە : هەڵكشان بۆ سەرێ تاکو پێشەنگی دوژمن کە خۆییە ڕد ، دەبێ . دوابەدوای ئەوان لە دوژمن دەست بوەشێنن .

بەڵێ دوژمن فەرمانی بەرەو پێشی خۆی بۆگرتنەوەی شاری شنۆ دەست پێكرد . پێشڕەو بەئەزموونو شارەزا بوو . سەرەڕای ئەوەی ببوون بە

چاوساغی دوژمن، بە دووچەکیش پێش خۆی خاوێن دەکردەوە، واتە: چەکی ڕیزو تفەنگی برنۆی دوور هاوێژ.

پێشمەرگەکان بەچەکی دوورهاوێژی ئەوان زانیان کەئەوە خۆییە ئەرکی گرتنەوەی شاری شنۆی وەستۆی خۆی گرتووە. سەروان نەیتوانی پێش بەهەستی پێشمەرگەکان بگرێ، دەستیان کرد بەتەقەکردن، بەڵام گەلێك درەنگ وەخۆ هاتبوونەوە، ییبێهوودە بوو تەقەی ئەوان بوردی نەبوو، ئەوە گوللەی برنۆ بوو دەگەیشتە سەنگەری ئەوان پێشمەرگەی شەهید دەکرد. بەناچاری پێشمەرگەکان دوای چەند شەهیدو بریندار پاشەکشەیان کرد. سەرئەنجام دوژمن بە پشتیوانی هێزی هەوایی‌و چەکی دوورهاوێژی خۆیی شاری شنۆی گرتەوە و پێشمەرگە شاری بەجێ هێشت‌و لەدوورو نیزیکی شار سەنگەری گرت. لاوەکان بەهاتنی هێزی دوژمن بۆناوشار فرە وەڕەز بوون، هاتنە سەرشەقامەکان بیزاری خۆیان دەربڕی، دیسان خۆیی دەستی لێوەشاندن کە ئەوەش شەهیدو برینداری لێکەوتەوە، بەڵام لاوانی شۆڕشگێر ئەرکی نەتەوایەتی خۆیان بەجێ هێناو گۆشەیەکی مێژووی کوردستانیان ثبت و ظبط کرد، روحیان شادبێ.

پێشمەرگە بە ناچاری لە دۆڵ‌و گوندەکانی دوور نیزیکی شار بنکەیان کردەوە بۆ ئەوەی زستان بەسەر بەرن‌و بەهاتنی بەهار دەست لە دەست‌و قوەت لە خوا بەربەرەکانی لە دژی دوژمن دەست پێ بکەنەوە. دوژمن بە هۆی فسوس‌و خۆیی، ئاگاداری هەست‌و خوستی شۆرشگێڕان بوو. فەرمانی دا بەخۆیی کە هێرش بکەنەسەر بنکەو دۆڵ‌و گوندەکان‌و پێشمەرگە غافلگیر بکەن. لەوگیرودارەدا سەروان دەنگێوریێ‌و بریندارەدەبێ. برینێکی کاریگەرو دوور لە شارو بێ‌داو دەرمان. لەو لاشەوە سەرماو کرێوەو بێ دەرەتانی.

سەروان داوای ئاو دەکا، ئاو ئاو، ئاوم بگەیەننێ نێو زگم سووتا.

قومقومەیان گەیاندێ کە سەروان ئاو بخواتەوە . سەروان سەری هەڵێناو چاوێکی پڕمانای پێدا گێڕان . چاوگێڕانی خوا حافیزی لە هەڤاڵان بوو . سوری بۆڵای قومقومە برد ئاو بخواتەوە ،لەپڕ کشاوەو گوتی : نانا ناخۆمەوە ، دەچمەلای لاوەی پێشمەرگە ئاوی ساردی لایە . پێشمەرگە بە هۆی تەقەو هێرشی جاش فرسەتی ئەوەیان نەبوو بۆ لایەکی بەرن لانیکەم دەرمان بکرێ و ئێش و ئازار نەچێژێ . هەموویان بەوە گەین کە ئەو چارەڕەشی و بێدەرەتانیەی بەسەریان هاتووە خۆیی بەسەری هێناون . پێشمەرگەکان جگە لە پشوو درێژی تا بڕانەوەی بەفروکرێوەو تەقەی بەکرێگیراوان ڕێگایەکیان نەبوو کە خەمێك لە سەروان بخۆن . شەو بەسەردا هات .

سەروان بانگی کردن پێی گوتن : لە جێگای خۆمم مەبزێون ، چوونکە من کارم تەواوەو برینم کاریە . گوێ بگرن : من ڕاسپاردەم ئەوەیەو پێتان دەڵێم ؛ خەبات بۆ ئازادیو سەربەستی گەل ،و ڕزگاری نیشتمان ، فیداکاریو قوربانی گەرەکە . ئەرکی سەر شانمانە بۆ وەدی هێنانی ئەو ئاواتە کە ئاواتێکی لە مێژینەی گەلی کوردە تێ بکۆشینو دریغی نەکەین . بەداخەوە من نەمتوانی پتر لەوە تێبکۆشم بۆ نەتەوە بێ پشتو پەناکەم . برینەکەم کاریگەرەو دەزانم دەستتان بە دوکتورو دەرمان ڕاناگت . کە وابوو پشووتان دریژ بێ من خودا حافیزیتان لێدەکەم . هیوادارم ئێوەش لێبڕاوانە ئەرکی مێژوویی خۆتان بە جێ بێننو خەمی منتان نەبێ . تکایە ئێوە بە مێژوو بلێن :

سەروان حاتەم بەگوللەی دوورهاوێژی خۆیی خوێنی ڕژا .

# تالانی شەرعی !

بەرەبەیانی ڕۆژەکانی پایزە . زوقم هەردی سپی هەڵگێڕاوە . شنە بایەکی سارد دەم‌و چاوی مرۆڤ باوەشێن دەکاو موژدەی نیزیك بوونەوەی زستان ڕادەگەیەنێ . باوکی هەڵۆ لەخۆشی کۆتایی خانووی نوێ بزەی سمێڵی دێ و پێی وەهەردی ناکەوێ . خەمی ئەوەی نییە کەداخوا زستان ساردو کرێوەسەهۆڵبەندانە . بیرلە بوون‌و نەبوونی نەفت‌و نان ناکاتەوە بەیانی زوو بچێت لە ڕیزی دوورو درێژدا ڕاوەستی‌و نۆبەی بێ . کاری کردووەو تێرو پڕە ، *دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە* . سۆفاژی ژووری گەرم داهاتووەو شای بە گونی خۆی نازانێ . بەیانان نانی گەرمی بۆ دێننەماڵێ‌و بازاڕیشی تابلێی گەرمە . ڕۆژێ دوو سێ کاتژمیر لە دوکان دانیشێ بەسیەتی .

دەی جا مرۆڤ لە زستاندا جێگای گەرم‌بێ‌و تێرو تەسەل‌بێ‌و ئیش‌و کاری هەبێ‌و قەرزدار نەبێ ، هەر گیفەی سمێڵی دێ‌و ئاگای لەمەحمودی بیزەواد نییە . زۆر جار لەبەر خۆیەوە وڕێنە دەکاو بەخۆی دەڵێ : تەنیا خەمێکی‌هەمە پێشمەرگە بوونی هەڵۆی کوڕمە . ئاخر ڕۆڵە دوکانت نەبوو ، ماڵت نەبوو ، پووڵت نەبوو ، لە خۆڕا ملی چیاو چۆڵت گرتووە ، منیشت بە دەست پاسدارو جاش‌و بەسیجەوە تووشی نارەحەتی کردووە . لەبەر تۆ نەبێ سوپاو پاسدار چکارێکیان بەمن داوە . هەر ڕۆژێ بەهانێکم پێدەگرن . خۆ ئەگەر جاروبار دم‌و لەوسیان چەور نەکەم هەر نایەڵن دوکانیش بکەمەوە . خوا بکەم ئاوام لێگەڕێن هەر باشە . منیش مانگەو مانگ حەق‌و حیسابی خۆیان دەدەمێ ، بە ژەهری‌ماریان بێ کە نێویان لێ‌ناوە ؛ زەکاتی‌شەرعی .

باوکی هەڵۆ ، بەرەبەیانیك بە پەلە نان‌و چایەکی خواردەوەو بە قیت‌و قۆزی هاتەدەر ، بەرەو کردنەوەی دوکان وەرێ کەوت . سەری داخستبوو هۆش‌و بیری لەلای هەڵۆی کوڕی بوو کە داخوا بەو سەرماو سۆڵە چدەکەن‌و

لەکوێن و لە چ شێوو دولێك چادریان هەلداوە؟ باوکی هەڵۆ، بەو بیرەوەریانەوە گەیشتە چەند قەدەمی دوکان. کلیلەکانی دەرهێنا دەرگا بکاتەوە، دوو ڕیشداری خوێن‌تاڵ ڕوو بەڕووی ڕاوەستان. باوکی هەڵۆ خۆی نە شێواند گوتی: السلام و علیکم برادەران! چۆنن، باشن، خێرە شوکر؟

پیلی دەگرن و دەڵێن: جارێ دوکان مەکەوە با بچینە ئیدارە ڕەئیس پرسیارێکی بچووکی هەیە، دوایە وەرەوە دوکان بکەوە. بڕوا ناکەین لە پێنج دەقیقەت پتر پێ بچێت. وەپێشیان کەوت، ئەوانیش دوور لە باوکی هەڵۆ دەرۆیشتن، بۆئەوەی وا نیشان بدەن کە بۆ خۆی دەچێتە ئیدارەو ئەوان نەیانگرتووە. باوکی هەڵۆ لەبەر خۆیەوە بە خۆی دەگوت: قەت ئاوایان بانگ نەکردوم، بلێی ئەوجاریش وەکو بانگ‌کردنەکانی پێشووبێ چەند پرسیارێکم لە بارەی هەڵۆی کورم لێ‌بکەن و بەنێوی زەکاتی شەرعی پوولێکم لێ بستێنن، دوایە وازم لێ‌بێنن. یان گێچەڵێکی دیکەو فرو فێڵێکی ترە؟ خودا غەزەبیان لێگرێ حەوتووی ڕابردوو کوڵە پوولێکیان لێ ئەستاندم، بەژەهری ماریان بێ، گەنگێ ئەوهەژدیهایانە چاویان پڕ دەبێ؟!

باوکی هەڵۆ سەری داخستبوو هەروا وڕێنەی دەکردو بە خۆی دەگوت: پێویست ناکا ئەوەندە خۆم وەڕەز بکەم، خودا بکەم هەڵۆی کوڕم سەلامەت بێ مالێ دنیا چلکی بەری دەستە خەمی پێناوێ. ئەگەر ڕیشوەت نەبێ هەزارو یەك بەهانەمان پێدەگرن و هەموومان دەکوژن. ئەگەر باسی هەڵۆیان کرد، دەڵێم: من بەرپرس نیم بۆخۆی پیاوەو بەپێی قانون هەر کەسێك لە خۆی بەرپرسە. لەپڕ بەسەریانداگوڕاند: ڕاوەستە. یەکیان چووە ژوور گورج هاتەوە دەرو باوکی هەڵۆی بردە ژوور. لاقی لەهەردی داو گوتی: قوربان ئەوە باوکی هەڵۆی دژی شۆرشم هێنا.

باوکی هەڵۆ بە شێوەی جارەکانی پێشوو زاری کردەوەو گوتی: السلام‌علیکم ڕەئیسی بەڕێز! ڕئیس لەوەلاّمدا گوتی:

سەلامو ژەهریمار مەلعونی خوانەناس.

باوكی هەڵۆگوتی؛ بمبووره قوربان نام ناسی حەوتوی پێشوو

ڕەئیس نەیهێشت باسی ڕیشوەتی حەوتووی پێشووی بۆبكات، بەسەریدا قیژاند ووست بە! چەنەبازی پوڵداری كافر! وەڵلا دەبێ بت نێرمە دادگای شۆرش لەمەیدانی شار بەردە بارانت بكەن. ئەوە چوار سالە پێت دەڵێم برۆ ئەو كوڕە جوانەمەرگەت بێنەوە، خۆت ماتكردووە گوێمان نادەیەی. سەر ئەنجام ئەو شەوكارێكی وایكردووە بە هیچ پڕنابێتەوە. شەوێ بەسەر پایەگایاندا داوە پێنج كەسیان كوشتووە، ئەوانی دیكەشیان بەدیل گرتوون بردوویانن.سەردەستەی ئەو هێرشەش هەڵۆی كوڕی تۆ بووە. وەڵلاهی بەراز! بە تۆڵەی ئەو هێرشو كوشتارە هەر بە زوویی لە مەیدانی شارتیرەبارانت دەكەینو چاوی خەڵكی ناوچەت پێدەترسێنین. یان پووڵت هەیەو بڕوام پێناكەی؟ دادەی ئەژدەر! بیبە ژوور پێشانی بدە.

برادەر ئەژدەر هەر لەوێ بە هەموو هێزی خۆی زللێكی تێ سرەواند وەك دەمانچە شریقەی هات. بەلێدانو كوتان بردیانە ژێر زەمینو سەربەرەو ژووریان هەلواسیو ژوورەكەیان پڕكرد لە دووكەڵو بەجێیان هێشت. وەختابوو بخنكێ قیژاندیو دەستی كرد بە دادو هاوارهاوارو دوایی بێدەنگ بوو. كاتی چاوی كردەوەو سەری بەرز كردەوە خۆی بە تەڕوتلیسی لە هەردی بەڕاكشاوی دیتەوە٠بۆنی دووكەڵ مێشكی سەری مرۆڤی دەهاژاند. وەبیری هاتەوە سەر بەرەو ژووریان هەلاوەسی بوو قانگیان دابوو٠ زانی بێهۆش بووەو ئێستا وەهۆش هاتۆتەوە. زۆری سەرما بوو هەڵدەلەرزی. تروسكەی نورێكی دیت لەدووردابیسا. زانیلە ژوورێكی تاریكدا فرێ دراوە. دەیزانی شەوەو بەو زووانە كەس نایە. قەتیكارەساتی ئاوا بەسەر نەهاتبوو. بیری لەوە نەكرد بۆوە كە بۆچی لە خۆڕا تووشی ئەو مەرگەساتەیان كردووە٠

وەبیری هاتەوە کە دۆستەکانی دەهاتن لە دوکان بۆیان دەگێڕاوە کە لە زیندان سەرەو ژوور خەڵکی هەڵداوەسن‌و بەزستان ئاوی ساردی پێدا دەکەن‌و بە دووکەڵ قانگی دەدەن ، جاری واشە لەسەرمان ڕەق هەڵدێن دەمرن. چوونکە جێگام گەرم بووسەرم بادەداو گاڵتەم پێدەهات. دەبا بیچێژم کە ئاوا لە عالەمی بێ‌خەبەری دا نووستبووم . هەڵۆی کوڕم خوێندەوار بوو دەیزانی ئەو ڕژیمە چەندە بێ‌مروەت‌و غەدارە، بۆیە لێی وەشاخی کەوتووە بە قوربانی بم. ئێستا دەزانم ئەوانەی لە زیندان نەهاتوونەوەو دەڵێن مردون چیان بەسەر هێناون‌و چۆن مردون. بەڕاستی هەرکەس زیندان نەبینێ؛ بڕوا بەو شکەنجانە ناکات. هەی هاوار هەی بۆ شۆڕش‌و ئازادو هێرش، چوونە زیندان ئێستاش نەهاتنەوە گوتیان مردون . بەڵێ مردون، بەڵام ئاوا بەوەی لە گەڵ منیان کرد بۆتە هۆی مەرگی ئەوانیش. کاتێ خەریکی ئەو بیرەوەریانە بوو، چراکان هەڵبوون‌و یەکێ هاتە ژوور گوتی: ها کابرا ئێستا لە گەڵ سەرماو گەرما چۆنی؟ ئەوەی گوت‌و بەشەپان تێی بەربوو. ناچار وەقسەهات‌و پرسی پێم ناڵێن بۆ لێم دەدەن؟ سووچ‌و تاوانی من چییە خودا هەڵناگرێ بەسە .

ئەدی گوێت لە ڕەئیس نە بوو، کوڕەکەت چەند پاسداری کوشتووە پایەگایەکی لەناو بردووە.؟ باشە قوربان من بڵێم چی؟ کوا لەو زەمانەدا چووکە بە قسەی گەورە دەکا؟ کوڕی ئێستا خۆیان پێ لەبابیان ئاقلترە . وەرە مەردی خودابە تۆ بە نێوان من‌و ڕەئیس ڕابگە. بۆخوشت چت دەوێ لەسەر چاومی دادەنێم. بۆخۆت دەزانی من هیچ دژایەتییەکم لە گەڵ ئێوە نەکردوە، ئێوە پووڵی خۆتان وەرگرن بێ‌نێرنەوە لە تاران‌و تەورێز خانووبەرەو ماشێن‌و شتی لۆکسی پێ بکرن، چکارتان بە کوژرانی پاسدار داوە. پاسدارکوژراوە، کوژراوە.

کابراگوتی؛ ئەگەر ڕەئیس ڕازی بکەم، چت بۆ من داناوە؟

– هەرچەندی خۆت بڵێی. پرسی مەسەلەن چەند ؟
باوکی هەڵۆ برێك ڕاوەستاو گوتی: ٢٠ باشە؟
کابرا شەپێکی لێداو گوتی، بۆخۆت لێرەدا بمرە، تاوانی تو کاری بیستهەزارو شتی وا نییە.
باوکی هەڵۆ گوتی، من لە پێشدا پێم گوتی چەندی بتەوێ خۆت وەکیل بە. بیست کەمە ٣٠– ٤٠ – ٥٠– هەرچەندیخۆت بڵێی.
کابرالە خۆشی ئەو پێشنیارە کەوتە قسە: برالە من بۆ خودات پێ دەڵێمو ئاموژگاریت دەکەم. خەمی تۆمە پێم خۆش نییەلەو جێگا ناخۆشەبی. ماڵی دنیاش ئەوە نایەنێ تۆ ماڵی گەرمو گوڕت هەبێ لەو ژوورە تەڕەدابی. بۆخۆت دەزانی ئێمەش ماڵو منداڵمان هەیە. مانگانەمانکەمە، ژیان لەتاران گاڵتە نییە، ئەگەر کەسانیوەکو ئێوە، شیرنیو دیاریمان نەدەنێ، کوا بەو مانگانە بەڕێ دەچین. منیش خۆ نۆکەری بابی خەڵك نیم بەستلان ئاویان پێداکەمو قانگیان بدەمو شەپو زللەیان لێدەم تا رەئیس لێم ڕازی بێ. وڵڵا بیللا شەوانە لە بەر ئێشی دەستو لاقم ئارامم نییە ئەوەندەی ڕۆژی لە زیندانی وەکو تۆ بدەم. کەس نەزانێ تۆ دەزانی کە من چەندە زەحمەت دەکێشم. لە پێریوە لە خزمەتی تۆدام هەدام نەداوە لەبەر لیدانو ئاو پێداکردن و قانگدانو هەلاوەسینو دارکاریو بێنەبەرە. سەرە ڕای ئەوانەش ئەگەر وەهۆش نەهاتنەوەو مردن، دەبێ بچمە دادگا جەوازی ناشتن بینمو شاهیدی بدەم بڵێم خۆی کوشتووە، یا مردووە. تۆ دەزانی ئەگەر ئەم شەو تۆ مردبای دەبوایە ڕاکێش ڕاکێش تۆم کەیاندبایە قووڵکەی پشتی زیندانو لەوێم هاویشتبای. دوایەش چووبامە لای ڕئیس حکمی ئێعدامی بۆ سەر پەروەند کەت نووسیبایە.
ئێستا تۆ شەرم ناکەی ئاوا بێ بایەخ دەڕوانیە کاری منو باسی ٥٠–– هەزار تمەن دەکەی؟ نەخێر بەوەندە ناچمە لای ڕەئیس.

باوکی هەڵۆ گوتی: کوڕە براله کوا من بەکاری تۆ دەڵێم بێبایەخە. هەر من باش دەزانم تۆ چەندە زەحمەت دەکێشی. من دەزانم بێدەنگ کردنی گەلێکی مافخوراو هاسان نییە. من دەزانم هەزاران کەسی وەك تۆ بۆ سەرکوتیو بێدەنگ کردنی ئەو خەڵکە دانراوەو ئەوەندەیان لە خەلك داوە لاقو دەستیان دێشێ. من دەزانم دەولەت بە سەدان کەسی وەکو تۆ پارەو مانگانە دەدا کە ئاوا شەو ڕۆژ زەحمەت بکێشێو ئاو بێنێ، خەڵك قانگدەی، خەڵك بێهۆش کەیو وەهۆشیان بێنیەوە، ماندوو دەبێو دەزانم کە دەبی هەموو شەوێ ئەوانەی لەبن دارو لێداندا دەمرن دەبێ فڕێیان دەی. من دەزانم شەوانە لەترسی زیدی شۆرش قەیسەریتان لێ بۆتە کونەمشك جێگاتان نابێتەوە. بەسەری جەنابت هەمووی ئەوانە دەزانم٠ ئێستاش چەندی بۆخۆتی دادەنێی بەسەرچاو، بەلام دەبێ کارێکی وابکەی ڕەئیس زۆری تێنەگرێ، وابێ منیش بۆم بدرێ. لە زیندان مانەوەی من هیچ سوودێك بەئێوە ناگەیەنێ.

ئافەریم. ئێستا کە هاتوویە ڕەدایە٠ من سەد هەزارم دەوێ کە بۆت بەرئیس بڵێم. ئەویش چەندی ویست پێت دەڵێمەوە. بە بزەوپێکەنین گوتی؛ ئێستا پێم بلێ بزانم چەندە بە ئینسافم؟

باوکی هەڵۆ لە چاو چووقانێکدا لێکی داوە کە سەد هەزار تمەن چەندی زەحمەت پێوە کێشراوەو تا ئەو پووڵە کۆ بۆتەوە بەری پێی چۆتە پشتی پێو لە هەر شتەی شتێکی گێڕاوەتەوە، تاکوتوانیویەتی ئەو سەروەتو سامانە پێکەوە بنێ. لەلایەکی دیکەشەوە بیری لەوە دەکردەوە، کە ئەگەر شەوێکی دیکەی ڕاگرنو ئاوێکی ساردی پێداکەنو دووکەڵێکی دیکەی دەرخواردەن، یان سەربەرەو ژێری هەلاوەسن، کاری تەواوەو جارێکی دیکە ماڵو مندال نابینێتەوەو لە دیداری هەڵۆی کوریشی دیدار ئاخرەت دەبێ. بەو لێکدانەوانە هاتەسەرئەوەی قیرۆسیا بیدات باشترە لەوەی هەموو

شتێك لـه دەست بدات . ئـەو پـەڕی ڕەئیسـەكـەشی دوو یـان سێ ئـەوەنـدەی بـوێ . خـۆ هـەر مـن نیـم تـالاَنـم دەكـەن، ئـەوە ئـاوێكـەو بـۆ كـوردان ڕژاوە . خـۆ لـەوە پتر نییـە كە ولاَتـەكـەمان بـەپانـەوە دەخۆن . كاتێ لـەتاران بـۆ كوردستـان دێن، دوو پـەتوویان پێیـە، پاش دوواسالْ كه دەگـەڕێنـەوە مـالْیـان بـە دوو سێ مـاشێنـان بـارنـاكـرێ . هـەر وەكـو بـۆخـۆیـان دەلْێـن؛ ئـەوانیـش زەحمـەت دەكێشـن و دەسـت و لاقیـان بـە لێدان و كـوتـانـی خـەلْك دێشـێ . بلْێیـن چـی، ڕەنگبێ ئەوەش بەشی خودا دادی كوردان بێ .

با واز لـەو بیركردنـەوانـە بێنم و خـەریكی چارەسـەری و ڕزگاری خۆم بـم . ئـاخێكـی هـەلْكێشـاو بـانگـی ئـەژدەری كـردو پێـی گـوت: بـرادەر! چـۆنـی (دەیبـرِیـەوە، بیبـرەوە ) تـۆبـۆخـۆت خـاوەن دەسـەلاَتـی و مـن قسـە لـەقسـەت ناكـەم . ئـەژدەر بزەی دەهاتێ و لاقی وەهەردی نە دەكەوت گوتی: هەستە با چین خۆت ئیشك كەوەو چایەك بخۆوە، دوایی ڕەئیس دەبینین . ئاخر تۆ دەزانـی ڕەئیـس خـزمـی خـۆمـە، *كـەس لـە سرو تری ئیمـە نـاگـات*، بـاوەڕ بفـەرمـوو، گـای بـە كـولانـە دا دەبـەینـە دەر، ئـەو دەستـە بـەو دەستـە نـازانـێ . ڕەئیـس پیـاوی چـاكـە قسـەی مـن نـاشكێنـێ، هـەتـا پتـری پـوولْ بـدەیـەی، هێدی و هێمن و لـەسـەرەخـۆتـرە . ئـەمنیش هـەر وام، بـرۆ دانیشـە چـای خـۆت بخـۆوە دەزانـم زۆرت ئیشتیا لێیە . باوكی هەلْۆ خەریكی خۆ وشك كردنەوەو چا خـواردنـەوە بـوو . ئـە ژدەر ڕۆیـی زۆری پێ نـەچـوو هـاتـەوە . گـوتـی؛ ئـەگـەر دەستم ئاوەلْە بێ بۆخۆم دەزانم چ دەكەم و چۆن لە كاری خۆمدا وەستام.

ئێستا دەچینە لای ڕەئیس و گوێ بگرە بزانە دەلْێم چی:

ڕەئیـس چـەنـدی قسـەكـرد، تـۆ دەنـگ نـاكـەی ٠ واتـە لـە بـەلْێ بـەولاوە هیچ تر . تا من پێت نەلْێم قسەبكە، تۆ لە بەلْێ بەو لاوە، هیچ قسەیەكی تر نـاكـەی . تـەنـانـەت ئـەگـەر بـاسـی پـوولْ و حـەق و حیسـابیـش كـرا، هـەربلێ: بەلْێ ٠ ئێستا تێگەیشتی؟

بەڵێ بەڵێ خۆ گێژ نیم، چدەڵێی وا دەکەم .

کاتێك وەژوور کەوتن، هەر لە دوورەوە ڕەئیس گوتی؛ هاکاکی پولڵداری ڕەنج نە دیو، شتێکت بە چاوی خۆت دیت ؟

– بەڵێ قوربان .

ئێستا دەزانی چ باسەوکێ دەسەڵاتدارە؟

– بەڵێ قوربان .

گوێ بگرە بزانە دەڵێم چی .

بەڵێ قوربان .

ئەوە ئەژدەر تکای بۆکردوی ئیزنیداوی دەچییەوە ماڵێ، پشوێکی باش بدە، کائی حەسایەوە دەچی بۆلای هەڵۆی کوڕت، ئەمانناميکی بۆدەبەی بێتەوە٠ من دەزانم نایەتەوە. هاتەوە باشتر، نەش هاتەوە قەیدی ناکات چۆنی پێخۆشە با ئاوا بکا، گرینگ ئەوەیە ئێمە بە ناوەند ڕابگەیەنین بابی چووە ئەگەر بە قسەی بکات دێتەوە. مەسەلە ئەوەیە تۆ ئەو سەفەرە بکەی تا ئێمە بڵێین: بابی بۆیە ئازاد کراوە، دەچیت هەڵۆی کوڕی دێنێتەوە ئەگەربە قسەی بکات.

ئەژدەر سەری بردە بن گوێیو گوتی؛ باوکی هەڵۆ ئەگەر نەچی ئەو پوولەمان بۆناخورێ، تێگەیشتی؟ ٢٣سەر لەقاندو تەئیدی کرد .

ڕەئیس رووی لە ئەژدەرکرد، تێی بگەیەنێ؛ کە چوونی ئەو بۆ ئێمە گرینگە، نەك هاتنەوەی هەڵۆ. دوایە گوتی؛ ئەژدەر قسەی خۆت لەگەڵ داغ کردوە ؟

– بەڵێ بەڵێ. بە چوارسەد هەزارتمەن بریومانەتەوە.

ڕەئیس گوتی؛ گوێت لێبوو باوکی هەڵۆ؟ کەی ئەو ئەمانەتە شەرعییە دێنی . لە وەڵامی ڕەئیسدا گوتی؛ بەڵێ قوربان.

ئەژدەر ! پێی گوت: بەڵێ قوربان بەسە، دەتوانی قسە بکەی.

بەڕەئسی گوت؛ قوربان هەر وەك بۆخۆت فەرموت، بڕێك پشوو دەدەم کە حەسامەوە دەڕۆم بۆ لای هەڵۆ بزانم چم بۆ دەکرێ؟ سبەینێش ئەو ئەمانەتەی فەرموت دەیدەم بەبرادەر ئەژدەر.

ڕەئیس: ئەژدەر ئەمینداری منە هەکارێکت هەبوو، یان هەرچی هێنات بیدە بە ئەژدەر نیگەرانی ناوێ. دوایە بڕێکی باوکی هەڵۆ ئامۆژگاری کردو بە ئەژدەری گوت؛ سواری ماشێنی بکەو بە سەلامەتی تەسلیم بە ماڵو منداڵی بکە. هەروەها ئەژدەری بانگ کردە نیزیكو ڕای ئەسپارد؛ ئامۆژگاری بکات کە نابێ لەلای هیچ کەس بلێ لێیان داوم. دەبێ سوێندی بدەی لەگوڵی کالتر پێ نەگوتراوە. ئەژدەر باوکی هەڵۆی بردەوە ماڵێو سەد هەزارەی خۆی لێ ئەستاند.

دایکی هەڵۆ دڵی زۆر پڕبوو. دوای ڕۆیشتنی ئەژدەر بەسەریدا قیژاندو گوتی: کوا ئەوە پیاوەتی‌یە دوو دانە حەوتووە ڕۆیشتووی منت لە نیگەرانیدا هێشتوتەوە، بۆچما تۆ ماڵت نییەو سەڵتو ڕەبەنی؟ تۆ بە من ناڵێی ئەو ڕیش پانە خوێن تاڵە چبوو لەگەڵخۆت هینابوو؟ ئەوە چت دەدایە کاتژمێریکە خەریکی سرتو خورتن؟ تۆ بە من بلێ بزانم لە کەنگێوە بوویەتە هاو دەمی ئەو جروجانەوەرانە؟

باوکی هەڵۆ لەسەرەخۆ گوتی؛ تۆئەوەندە تووڕەبی کوا گوێ لەمن دەگری. ئەو پیاوە برادەر ئەژدەر بوو. لەو ڕۆژەوە کە دەمویست بچمە دوکان منی بردۆتە ئیدارەی سارولڵا خزمەتم دەکا. ئەپوولو پارانەی پێم داون، پاداشیخزمەتی ئەو چەند ڕۆژانە بوو.

دایکی هەڵۆ هاتە پێشو پرسی؛ ئەرێ پیاوەکە تۆ قسە دەپەڕێنی؟ یان من بە شێت دەزانی؟ بۆ تێم ناگەیەنی، بزانم دەڵێی چی؟

کچی خانم سوێندیان داوم، ئەگەر بزاننەوە دەمگرنەوە.

کوڕە تۆ قسەم بۆبکە بزانم، کەی لە ماڵی ئێمە نهێنی درکاوە؟

بە خوای وایان لێکردوم کە بڕوام بە کەس نەبێ، بڕوام بە خۆشم نەماوە.

باشە قسەبکە، ترسم لێ پەیدا بووە، فریویاندابی، تووشی بەزمێکمان بکەی. بەڕاستی باوکی هەڵۆ نیگەرانت کردوم.

چت بۆ بگێڕمەوە ئافرەت! لەو ڕۆژەوە بردویانم، بەو سەرمایە ئاویان پیدا کردووموو بە لاقانیان هەلاوەسیوموو قانگیان داوم. شەپو زللەو لێدان کوتانیش لەوێ ڕاوەستێ. رووتم کەوە تەواوی لەشم برینەو کوتراوە. من ئێستاش نازانم چەند رۆژان گیراوم. هەمووی بێهۆش بوومە. دیارە ئەجەلم نەهاتووە خودا نەیکوشتووم، دەنا ئەو شوێنەی منیان بردوەو ئەوەی لەگەڵ منیان کردوە کەس رزگاری نابێ. دەیان بێڕێزیو بێ حورمەتیان پێکردوم. ئەو ڕیشدارە خوێن تاڵە خوا نەناسەی هاتە ئێرە سەرەڕای ئەوەی مەئموری لێدانی من بووە، دوایەش بۆتە دەلاڵی نێوان منو ڕەئیسو بە پێنج سەت هەزار، واتە: بە ڕیشوەتی نیو میلیۆن تمەن ئازادیان کردوم. سەتی خۆیو چوار سەتی ڕەئیس. دوایەش سوێندیان داوم کە لە گوڵ کالترم پێ نەگوتراوە. هەڕەشەیان لێکردوم، بێتوو بزاننەوە درکاندومە دەمگرنەوە. ئەوانە کورتەی بەسەر هاتی رۆژانی گیرانم بووە، کارێکی دیکەش ماوە دەبێ بۆیان بکەم.

ئەوکارە چییە باوکی هەڵۆ، نەکەی خۆت ئالوودەکەی!

دەبێ نامەی پەشیمانی (ئەماننامە) بۆ هەڵۆ بەرم بیهێنمەوە.

دایکی هەڵۆ بەسەر خۆیدادا، ئەیەڕۆ چۆن شتی وا دەکەی! چۆن بەدەستی خۆت چاڵ بۆ کوڕەکەت هەڵدەکەنی، تۆ دەزانی ئەوانەی هاتوونەوە سەرەڕای ئەوەی سەریان هەڵنایە، رژێمیش هەر ڕۆژێ یەکێکیان لەناو دەباو بەهانێکیان پێدەگرێ.

– ئافرەت تۆ جارێ ڕاوەستە بزانە دەڵێم چی. تۆ پێت وانەبێ لەدنیا ناگەمو نازانم چ باسە. ئەوان بۆخۆیان دەزانن هەڵۆ نایەتەوە،

دەیانەوێ بۆ سەروی خۆیان بنووسن و بڵێن: بۆیە باوکی هەڵۆمان ئازاد کرد تا بچێت کوڕەکەی بێنێتەوە. دوایەش بنووسنەوەو بڵێن: کوڕەکەی بەقسەی نەکردووە نەهاتۆتەوە. تۆ دەزانی ئافرەت ئەو کەین و بەینە بۆچی یەو دەیانەوێ چ بکەن؟

نا بە خوای پیاوەکە من سەرم لەو بەزم و ڕەزمە دەرناچێ. من بەوە ناڵێم بەزم و ڕەزم، ئەوە پلانی خۆیانە میداڵی پێوەردەگرن و پووڵی هەزاران کەسی وەکو منی پێدەخۆن. ئێستا گوێ بگرە، ئەوان کە پلانی خواردنیان هەیە، منیش پلانی خۆم هەیە. چ لە سبەینێ زووتر نییە خۆت سازکە دەچین سەرێکی هەڵۆ دەدەین و حەوتوویەکی لەلا دەبین. هەم ڕاسپاردەی ئەوانمان جێ بەجێ کردووە، هەم چوار ساڵە هەڵۆمان نەدیوە دەیبینین. تازە ئەو پوولەمان بۆ ناگەڕێتەوە بە قوربانی هەڵۆ بێ. لەوێش پێی دەڵێین ئاگاداری خۆی بێ زانیویانەتەوە ئەو پایەگایەی بەسەریاندا داوە هەڵۆ سەردەستەی بووەو چوار پاسداری تێدا کوژراوە. دەبێ ئاگاداری خۆی بێت و نەکا فریوی بدەن بیێتەوە. بە تاوانی قەتلی چوار کەس دەیکوژنەوە. ئافرەت من پێم وایە سەفەرێکی ناخۆش نابی. چاوێکمان پێی دەکەوێ و بە خوای دەسپێرین. ئەگەر جارێکی دیکەش نەمان دیتەوە زۆر شوکر بڵێین چی. ئەدی نەت بیستووە لە قەدیمەوە زانایان گوتویانە ( بەرخی نێر بۆ سەربڕین باشە ) لە لایەکی دیکەشەوە منیش و تۆش باش دەزانین هەڵۆنایەتەوەو خۆی بە دەستەوە نادات. ئەو مەئموورانەش زۆریان بۆ گرینگ نییە، داخوا دێنەوە یان نایەنەوە. تەنیا ناردنی باب و دایك و براو کەسوو کار بۆ هێنانەوەی پێشمەرگە بە مەبەستی ئەوەیە، لەو هاتووچۆیەدا هێندێك هەواڵ وەدەست بێنن و ئەو پوولەی لە کەس و کاری پێشمەرگەی وەردەگرن باشتریان بۆ بخورێ و گیرفانیان پڕکەن. نێوی ئەو تالائکردنەشیان ناوە : زەکاتی شەرعی.

# پشووی هەینی !

شوانە! بەیانی زوو هەستا چوودووشێکی گرت‌و دووتیغە ڕیشی تاشی‌و ئۆدکلۆنێکی بۆن خۆشی لە خۆیدا. جلەکانی گۆڕی‌وکەوشی ڕەشکردەوە. لەبەر خۆیەوە دەستی کرد بەنارەنارو دەیگوت؛ کوڕە خۆ ئەمن بەخەم‌و پەژارەوە خۆم کوشتووە. تەنانەت ئەو ڕۆژە دوکتریش پێی گوتم؛ تۆزۆر بیردەکەیەوە، دەناساخ سەلیمی‌و هیچت نییە. وەڵلاهی بڕیار بێ لەو ڕۆ ڕا خەم‌و پەژارە تووڕ هەڵدەم‌و نەهێڵم چیترخۆم بەخەم‌و پەژارەی خەڵکەوە بتولێنمەوە. هەموو ڕۆژێ نەخۆشم دەبێ بچمە لای دوکتور ژیانم لە خۆم تاڵکردووە، ئیتر بە ڕاستی چیدی کۆڵە باری خەم‌و پەژارەی خەڵك بەمن هەڵناگیری بەسە. ڕۆژێك وەك ئەو خەڵکە لە جادە دەکەوم‌و سەکتە دەکەم‌و هەڵناستمەوە. ئەوانەی وایان لێدێ‌و دەکەون، دەردی منیانە. وەك من چاویان بە ناحەقی‌و بێحورمەتی بەسیج‌و پاسدار دەکەوێ‌و سەکتە دەکەن‌و دەمرن. ئەو مردنەی نێویان لێناوە سەکتە. کەس ناڵێ؛ زوڵم‌و زۆری هەناوی دارزاندون وەزگ دەدەن. دەی جا مادام مرۆڤ هیچی لە دەست نایە، ئەو هەموو پیش خواردنەوەی بۆچییە، ئیتر با بەس بێ.

دوای ئەو لێکدانەوە دەروونیە، چاوێکی بە ئاوینەدا خشاند خۆی زۆر بە قیت‌و قۆزی هاتە بەر چاو، بەڵام لەدەروونیدا شادو کراوەنەدەهاتە بەر چاو. خێزانی گوێی لە نارەناری شوانە بوو، بەڵام لێی تێنەدەگەیشت. بەخشەخشی کەوشەکانی زانی بەتەمای دەرێیە. ڕیحان‌واتە؛ خێزانی هەرای کرد : ئەرێ شوانە ! شوکر کەیفت سازە نارەت دێ، ئەوە بەو بەیانیە

بۆکوێ دەچی؟

– دەمەوێ سەرێکی دەرێ بدەم . بۆچی، کارت هەیە؟

– زووە ، پێم باش نییە بەو سەحەریە بچیەدەر، راوەستە با تۆزێك دەرەنگ بێ، دوکانو بازاڕ بکرێتەوە . تۆبۆخۆت لە من باشتر دەزانی کە ئەو مەحموورانە لە گێچەڵ دەگەڕێنو لە خۆڕا بەیتو باڵۆرە بو خەڵك هەڵدەبەستن . کاتێ خەڵك داوەرووکانە نێو بازاڕ بچووە دەرێ، ئەوکات ئەگەر شتێکیش بوو با بزانین چت بەسەر هاتووەو بۆ کوێیان بردووی.

کچێ ئافرەت! تۆ لە خۆڕا بۆپیلت لە کراسی هێناوەتە دەرو دەترسی . تازە گرتنی چی! چکاریان بە من داوە . کوڕیان گرتمو لە خۆڕا بێ بەلگە ئێعدامیان کرد . شەمامی کچم لە قوتابخانە بردیان بێ بەزەیانە چوار ساڵیان زیندان بەسەر دابڕی . دەیجا کوڕی دیکەش پێشمەرگەیە بۆ خۆی لە خۆی بەرپرسە، من بڵێم چی؟ ئەگەر لە خۆڕاش بمگرن، خۆدەستیان ئاوەڵایە کەنگێ بمگرن دەسەڵات نییە . هەرکاتێکیش بیانەوێت کەسێ بگرن هەزار بوختانو شاهیدی بەدرۆی بۆسازدەکەن . منیش شاباشی خۆم داوەو بە ناحەق دووساڵیان گرتم گۆیا دە تمەنم یارمەتی داوە بە پێشمەرگە . مانگێکە ئازاد کراوم هاتوومەتەوە یاخوا بمگرنەوەو بمبەنەوە کونەڕشەی!

– بۆ چما لە دەستیان نایە بتگرنەوە شوانە؟ یان یاسا ڕێگانادا جارێکی دی بتگرنەوە؟! تۆ پێتوایە گوێ دەدرێ بە یاساو، یاسا وەبەر چاو دەگیرێ؟ یان بە یاسا لەگەڵ خەڵك دەجوولێنەوە؟ لە بیرت چۆتەوە لە سەردەتمەن یارمەتی بە پیشمەرگە، دووساڵیان لە ژوورێ کردی؟ چ ویژدانێك پەسندی ئەو یاسایە دەکا ؟

ڕیحان حەقی بوو بترسی، باش لە بێدادیونامروەتی دوژمن گەیشتبوو، دەیزانی چنو چونن .

شوانە لەسەرەخۆ گوتی: باشە ڕیحان! چۆنی بڵێی وا دەکەم . بەلام

ئەوەندە بزانە "ئاش لە میزتن بێ هەر دەمیزێ" دووساڵ لەمەو بەرکە گرتیانم ، خۆ بەیانە نەبوو ، نوێژی نیوەڕۆ لە پێش چاوی خەڵك لە مەیدانی شار وەکو وەحشی پەلاماریان دامو دەستبەندی قەپانیان لێدام ، ئێساش سینگم دێشێ . بەلاّم لەبەردڵی تۆ ڕادەوەستم پەلە ناکەم . تاوێکی دەڕۆم دەچمە نێو باغی شار وەڕەزی خۆم دەشکێنم . شوانە لەسەرە خۆ کەوشەکانی دەرێناو چوو دانیشتەوە . ڕێحان بەو دووساڵە شوانە گیرابوو زۆر وەڕەز بوو ، ئەوەندە بەتەنیایی لەماڵێ گریابوو ،و فرمێسکی بۆ شەمامی کچی لە زیندان هەڵڕشتبوو زەرد هەڵگەڕابوو . هەر بۆیەش شوانە ئەوەندەی قەدر دەگرتو هەموو شتێکی لێوەردەگرت .

چوانە دانیشت هێندێکی دڵخۆشی داوە بۆ ئەوەی ئەو بیرەوەریە تاڵەی ڕابردووی لە بیر بەرێتەوە . پاشان گوتی ؛ ئێستا باشە بڕۆم ؟

بە نێو بازاڕدا بەرەو باغی شارکەوتەڕێ . لەبەر پشووی هەینی بازاڕ چۆلبوو . تەنیا هێندێك دوکانی وردە فرۆشی کرابوونەوە . وردە وردە تاقو لۆق مشتەری دەهاتنە بازاڕ . ڕوانی مامە حەمەش دوکانی کردۆتەوە . مامە حەمەی چارەڕەش قەفەزەکانی چۆل بوون . لەسەر کورسیلێك دانیشتبوو چاوەڕوانی مشتەری دەکرد . لەلایەکی قەفەزەکانیدا هێندێك ، نیسكو نۆكو ماشو برنج دەبیندرا . جگە لەو دانەوێلانەش ، چەند شقارتەو غەرغەرەو کەلاّفە دەزووش دیار بوون . مامە حەمە پووڵی هەبوو ، بەلام لەبەر وەڕزیو خەمو پەژارەی خۆی ، وازی نە بوو کەلو پەل بکرێو دوکانەکەی پڕکات . تا هێمنو هێدی کوڕی لەلای بوون دوکانی لیپاو لیپ بوو ، کیفەی سمێلێ دەهات . ئێستا کە کورەکانی پێشمەرگەنو بۆخۆشی کەوتۆتە ژێر گوشاری پاسدارو بەسیج و هەر ڕۆژی بە نێوێك دە یهێننو دە یبەن هەڕەشەو گوڕەشەی لێدەکەن ، نە دڵی بە دنیا خۆشە ، نەبە دوکان .

دوور بە دوور ڕۆژباشێکم لێکردو تیژ تێپەڕیم . خۆم گەیاندە باغی شارو

دەستم کرد بە قەدەم لێدان. چ باغێکی خۆش و دڵڕفێن. چ بۆن و بەرامێکی خۆشی گوڵ و ڕیحانەو . لەبەر خۆیەوە نارەی دەهات و دەیگوت؛ لە سبەینێ زوتر نییە، دەبێ ڕیحانی خێزانم بێنم ئەویش هێندێك وەڕەزی خۆی بشکێنێ، خەفەت بەسە لە ژووریدا وەزگماندا. بە خوای بابە باغێکی خۆشە، چاوچاو ئەو گوڵانە چەندە جوانن. ئەو شۆڕە دارە بییە لك و پۆپی بەدەوری خۆیدا گەیاندوتەوە هەردی. ئەو جریوە جریوەی مەل و باڵندانە دەڵەی موسیقایە. ئەو ئاوە فینکە گوڵان ئاوپڕژێن دەکا و مرۆڤ دەباتە دنیایەکی دیکەوە. تەواو دڵم کراوە. باشبوو بەیانی بڕیاری توور هەڵدانی خەم و پەژارم دا. ئێستا کە دەزانم ئەگەر مرۆڤ دڵی خۆش بێ، لە جێگای ئاوادا دەچێتە عالەمی هەپەرووت. ئێستا بەوئاکامە دەگەم کە نابێ هەرگیز بیر لە خەم و پەژارە بکەمەوە.

لەوکاتە دا یەکێك دەستی هاویشتە سەر شانم گوتی؛ ڕۆژباش شوانە! کە سووڕام و ئاوڕم داوە، ئەوین خانم ماموستای شەمامی کچم. بە خۆشحاڵی وەلامم داوە؛ ژیانت باش خوشکە ئەوین.

– ئەرێ شوانە هەواڵێکت لە شەمامی کچت هەیە، داخوا کەی ئازاد دەکرێ و دەگەڕێتەوە، بەخوای تەواوێکم وەڕەزی کردووە.

– بە خوای ماموستا! بە گوێرەی مەحکەمەو دادگا مانگێکی ماوە، بەلام خۆت دەزانی بە دەست خۆیانەو یاسایان کردووە بەجیر چەندی پێیان خۆشبی لەبەر یەکی دەکێشنەوە.

بەڵێ ڕاست شوانە. ئەدی دەنگوباس چت زانیوە؟

ئەو پرسیارەی ماموستا ئەوین دڵی ڕاچڵەکاندم. پرسیم هەواڵێکی نوێ هەیە خوشکە ئەوین؟ ڕاوەستاو بڕێکی منگاند و ئاخێکی هەڵکێشاو بەوەڕەزی گوتی؛ هەواڵێکی زۆر ناخۆشم پێیە شوانە. لەبەر دۆستایەتی و خزمایەتیت لەگەڵ مامەحەمە، ناچارم پێت بڵێم. دوێ شەو هێمنی کوڕی

مامەحەمە بە تاقمێك پێشمەرگەوە هێرشیان كردۆتە سەر پایەگای (بستوێ ) زەبرێك باشیان لێداوە ، بەڵام بەداخەوە سێ‌چوار شەهیدیان داوەو لاشەی پیروزیان بەجێ ماوە. یەكێك لە وانە هێمنی مامە حەمەیە.

شوان بە بیستنی ئەو هەواڵە جەرگبڕە هەڵبەزیمەوە. پرسیم ئەوە ڕاستە ئەوین خان؟ ئەدی بۆمامە حەمە دوكانی كرد بۆوە ، دەبێ نەیزانیبێ؟

نا شوانە كەس نەیزانیوە. مەیتەكەیان جارێ‌وا لەسەرباز خانەیە. تكایەتۆش خۆت بەجەرگ پێشان بدە. ئەوەندە خۆت وەڕەز مەكە. وا دیارە جارێ مامە حەمە نەیزانیوە. مامۆستا ئەوین! بە قامك فرمێسكی لارووەمەتی خۆی ئەستریەوەو دەستی لە دەستی ناو گوتی:

شوانە من دەبێ بڕۆم ٠

منی چارە ڕەشی داماو كڵۆڵ تاوێك بوو بڕیارم دابوو خەم‌و پەژارە توور هەڵدەم نەیەلّم بەلام دابێ. ئەو هەواڵە وای تێكرووخاندم. وەكوو مێوژۆكە دەلەرزیم، قاچم لە دوا نەدەتات بەرەو مال بچمەوە. بیرم لێدەكردەوە چۆن بە مامە حەمەبلێم ؟! بەو بیرەوەریانەوە سەرم داخستو بەرەو ماڵ بوومەوە. لە ڕێگا بیرم لێدەكردەوە چۆن بە ڕیحان بلێم، هەرچەندی دەم‌ویست ڕستەیەك دروست كەم‌و لە كاتی پێكوتن لانیكەم بۆخۆم، خۆم پێ‌ڕاگیرێ. ڕشتەی بیرو هۆشم تێكچووبوو، تەمام بۆ نەدەگیراو نەمدەتوانی لەسەر ڕستەیەك ساغ ببمەوەو بڕیاری لەسەر بدەم. عەقلّم گۆڕابوو، هۆشی ئەوەم نەبووخۆم ئامادە بكەم بۆ پێكوتنیكی كورت. سەرم هەڵێنا روانیم ڕێگام لێ‌تێك چووە. باوەڕم پێ بكەن نەمدەزانی لەكوێم‌و لە چ گەڕەكێكم. ڕاوەستام جارێ بزانم لەكوێم؟ بڕێكم تانووت لە خۆمدا : ئەی لەمنت نەكەوێ شوانە ! چۆن ئاوا بێ هیمەتی؟

گەلێكی ڕاپەریوی داوای ئازادی بكات، پێشمەرگەشی لێ شەهید دەبێ‌و لێشی دەگیرێ‌و سەركەوتن‌و تێشكانیش دەبینێ. بەو خۆلۆمەكردنە

تۆزێك هاتمەوە سەرحالو خۆم لە دەورو بەری ماڵی خۆمان دیتەوە. گەیشتم دەروازە سەرم داخستو چوومە ژوور. كاتێك ڕیحان منی دیت، هاتە پێشو بە سەرسوورمانێكەوە پرسی؛ ئەرێ پیاوەكە بوچی واتێك چوو؟ خۆ نەخۆش نیت، پێم بلێ بزانم بۆچی ئاوا ڕەنگورووت چرژاوە؟ گوێم نەدایە چوومە ژوورەكەی خۆم، ئەویش بەدوامدا هات. گوتی؛ شوانە تۆسەری جوانەمەرگی شەهید هەرچی بووە پێم بلێ. چاوەكانم پڕبوون لە ئاو زارم كردەوە لەسەرەخۆ پێی بڵێم. كەچی یەك بە خۆم لەگابۆڕی گریانم دا،ئەی ڕۆ، هێمنی جوانەمەرگم ڕۆ. بە گوێ لێبوونی نێوی هێمن، بەهەر دوو دەست بەسەری خۆیدادا و پرسی؛ بە ڕاستە شوانە؟

هێمنی خوشكم، هێمنی مامە حەمە شەهید بوو؟

چۆن ئەویش شەهید كرا؟

## کوردو کۆمونیست ؟!

چەکۆگیان مەردو مەردانە وەرە وەك برای باش چەند چرکەیەك گوێم لێ بگرە بزانە دەڵێم چی؟ بۆخۆت دەزانی منو تۆ برای دایكو بابینو یەك ڕەگەزو خوێنین. بۆ دەبێ بەقسەی یەکتری تووڕەبینو یەکتری نەدوێنین؟ ئاخر تۆ لای خۆی ڕووناکبیری سیاسیو خۆت بە کۆمونیست دەزانی. ئەدی بۆ دەڵێن؛ چەپەکان "دووقرانیان لەسەر بەری دەستە" بۆ وتوو وێژ، قەت ماندوو نابن؟ تۆ بۆ ئاوا نیت؟

وەرە بەشقی خودای لە کەری شەیتانی وەرە خوار، ئەو مرچو مۆنیەت وەلانێ وەك مرۆڤێکی سیاسی بە هێدیو هێمنی وەکو برا پێکەوە بدوێین و تۆزێك لێکترحاڵی بین، باچیدی لەماڵێدا بە بۆچوونی بیرو باوەڕی لێکترجیاوازە جیاواز خۆمان سوورو شین هەڵنەگێڕین. لەکۆنەوە گوتوویانە : *ڕقە ماڵوێرانکەرە*" بەسە بائێمەش لەژێر ناوی بیروباوەڕ ماڵی خۆمان خراپ نەکەین .

– ئەرێ ڕەشۆ! بەو بەیانییە بۆ یەخەت گرتووم دەستت کردووە بە وشەی "قولمبەو سولمبەی، سەیری وەکو ڕگەزو، بەشقی خوداو، هاوخوێن... بەکار دێنی. بەمن بلێ بزانم ئەو نەقڵو نەزیرە هێنانەوە بۆچییە؟

– نەقڵو نەزیرەی چی براگیان! تۆ بۆچی بە وشەی خواو ڕەگەز تووڕە دەبی؟! پێت وانەبێ من لەتۆ خواپەرستترم، منیش لەو بارەوە هەر ئاواڵی تۆم، بەلام وەکو تۆدروشمی پێنادەم. ئەوجارکە دەڵێم هاو ڕەگەزو هاو خوێنین، بۆ لەگەڵ ڕەگەز پەرستیت تێکەڵ کردووە؟ مەبەستی من ئەوەیە لێت بپرسم؛ تۆکوردیو خۆت بە ڕەگەزیکورد دەزانی؟ پێت وایە نەتەوەیەکی ژێر دەستت هەیەو دەبێ بۆ ڕزگار کردنی خەبات بکەین ٠ تۆ

شەو و ڕۆژ خەریکی موتالاّی جارێك نەم دی کتێبێکت پێ بێ باس لە مێژووی کوردو چەرمەسەری و زوڵم و زۆری داگیرکەرانی کوردستان بکات. بەڵکو شارەزاییت بەسەر ڕابردوو، و مێژووی نەتەوەکەتدا هەبێت و بیزانی، نە لە زانیاری و تێکەیشتنی تۆکەم دەکاتەوە، نە لە رووگە (قبلە) وەردەگەڕێ. تەنانەت لە باس و وتوو وێژدا زۆریشت بەکەڵك دێ.

– تۆ لە خۆ ڕا بە من دەڵێی تووڕە، ڕەشۆ! من هەرگیز وەکو ئێوە نەتووڕم، نە لە باس و وتوو ویژ هەڵدێم. من لە خودام دەوێ کەسێك باسم لەگەڵ بکات. بەلاّم باسی رووگەو قیبلەو ڕەگەزو... نەبی٠ باسی زانست و تەکنیك بێ. دەنا من ئامادە نیم کاتی خۆم بە رووگەو ڕەگەز بکرم رەشۆ. من و تۆ زۆرمان باسی شتی کۆن کردووە. پێت وانەبێ ئەگەرمرۆڤ خۆی لەو شتە کۆنانە پاراست یان نەیان زانێ ئیترکورد نییە. کوردایەتیش پێوان و میزانی هەیەبرالە. بۆکوردایەتیت کردووە بە بنێشتە خۆشکە، پێت وایە هەرتۆ کوردی؟

چەکۆگیان! مەسەلە ئەوەنییە چوونکە تۆکوردایەتی ناکەی و مێژووی کورد نازانی و دووری لەڕەوشتی کوردان باشەیا خراپە، مەسەلە شتێکی دیکەیەو من باس لە شتێکی دیکە دەکەم. من دەڵێم؛ مرۆڤی سیاسی لە هەر شوێنێك و لەنێو هەرقەوم و هۆزو کۆمەڵگایەك بێ، دەبێ و پێویستە لە چۆنیەتی ئەوکۆمەڵەو ڕیشەی کۆمەلایەتی ئەو کۆمەڵگایە بزانێ، دەنا بەئاوات و ئامانجی خۆی ناگات و ناتوانی کاری پەروەردەیی بکات. کاری سیاسی کاری پەروەردەکردنە، تۆنەتوانی لاوانی سەردەم پێ بگەیەنی، ناش توانی بۆپێشەوە هەنگاوباوێی و ڕێکخراوەکەت پتەوو بەهێز بکەی. ئەوەی من باسی دەکەم ئەلف و بێی سیاسەتە. ئەگەرخۆت لەگەڵ کۆمەڵ ڕیك نەخەی، ئەو شتانەی پێت کۆنن ناتوانی بیانگۆڕی. لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەرتۆبۆ ئەو شتانەی لەلای خەڵك پیرۆزن ڕێزدا

نەنیێ، لەنێوان تۆو خەڵك بەتاڵایی پێك دێ و ڕێزت نامێنێ و كۆمەڵگا بێگانە لەخۆیت دەژمێرێ.

ڕەشۆ! براگیان! جگەلەوەی كەمن هیچ بڕوام بەشتی كۆن و شتی دواكەوتوو نییە، ئەگەر دەستم بڕوات و بۆم بلوێ ئەوەی كۆنە پەرستەو خەریكی شتی كۆنە، هەرچی خراپە پێیدەكەم. كوڕە بەسە تاكەنگێ چاو بچووقێنین و گوێ ڕایەڵی مرۆڤی كونەپەرست بین. كوا ئێستا سەردەمی ئەوەیە بڕوانینە زانیاری و گوفتو لوفتی خەڵك و بزانین دەڵێن چی؟ دەبێ هەوڵ بدەین فێری شتی نوێیان بكەین و پێرەوی لە شتی نوێ بكەن. یان دەتەوێ بمگێڕیەوە دواوە ڕەشۆ؟!

بەڕاستی چەكۆ من و تۆ لێكتر حاڵێ نابین. هەر چەندی دەكەم ناتوانم تۆ تێ بگەیەنم. وتەكانی من، بوونەتە (نێرە بیدۆشە) كەی من گوتومە دژی شتی نوێم؟ من بۆچی بۆدواوەت دەگێرمەوە؟ بۆ پێتوایە بۆخۆت زانستت لێدەبارێ و خەڵكیش كۆنەپەرستە. ئەوەی تۆو هاوڕێكانت پێتان زانستە، ئەگەر ڕاست بایە بێشك تائێستا شتێكتان بەشتێك دەكرد. چەكۆ تۆ ناتوانی شتی زانستی ڕەت كەیەوە. واتە: كرداری باش بەرهەمی باشی دەبێ و كرداری هەڵەو ناپەسند ئاكام و بەرهەمی پێچەوانە وەردەگرێ. بۆ پێت وایە دژایەتی لە گەڵ كلتووری كۆمەڵ بەڕێوە بردنی زانستە. درۆشم دانی بێ كردەوەی ماددی لە كوێدا بە زانست نووسراوە؟ ڕێزدانەنان بۆبیروباوەڕی خەڵك كێ بە كاری زانستی داناوە؟ ڕێز دانەنان بۆ كلتوورو كەلەپوورو داب و نەریتی هەزاران ساڵەی باب و باپیرانمان، نەك هەرپشت لە كۆمەلكردنە، بەڵكوو بە دژی زانست و ڕەوشتی دواكەوتوانە دەژمێردرێ.

زانست واتە: بەرەوپێش بردن و تێگەیاندن پێگەیاندنی كۆمەلگا بەڕەوشت و شێوەی لەباری گەلخوازانە. نەك وەبەر چاو نەگرتن و پشت تێ كردنی خەڵك. زانست دەبێ ببرێتە ناو خەڵك و خۆت لەگەڵ خەڵك

ڕێك بخەی بۆ ئەوەی ئامانجی زانستی خۆت لە نێوخەڵکدا خورد کەیەوە.

چەکۆلەبالۆخۆیدا زۆر تووڕە بوو لەوەی کە ڕەشۆ باسی زانست دەکات. پێی وابوو کەسێك چەپ نەبێ مافی باسکردنی زانستی نییە. لێی وەجواب هات‌و بە تووڕەیی‌گوتی: ئەتۆ چ زانست زانستە، ئێوە هێشتاکۆمەڵی خۆتان نەناسیوەو هەلتان نەسەنگاندوە. من موتالاّم پترەوە لەتۆش باشتردەزانم ڕەشۆ. باوەڕم پی‌بکە ئەو کۆمەڵە نەخوێندەوارەی کە بە کۆنەپەرستییەوە نووساوە، ئەگەر بۆیان شل بکەی‌و هێندیکیان ترس وەبەر نەنێی، بەئامۆژگاری‌و قسەی نەرم فێرنابن‌و پتر بۆلای کونە پەرستی دەکشێن زانست ناچێتە مێشکیانەوە.

گوێ بگرە چەکۆگیان! ئەوەی تۆ باسی دەکەی‌و نێوت لێ‌ناوە زانست، ترساندن‌و هەڕەشە لە ژیانی خەڵکە، مرۆڤی سیاسی‌گاڵتە بە تێزو بۆچوونی ئاوا دەکات. ئاخر ئەوە بۆچوونەکەتانە بۆیە وا تەواون‌و خەڵکتان زۆر لە گەڵدایە، هەر ئەو قسەقوڕانەن بوونەتە هۆی دوور کەوتنەوەی خەڵك لێتان. ئێوە قەت بیرتان لەوە کردۆتەوە بزانن بۆ خەڵك لێ‌تان دووركەوتۆتەوەو بۆبە هێندتان ناگرن؟ یاخۆ لە خۆبایی بوون‌و بەرزەفڕی ڕێگای بیرکردنەوەی لێ بەستوون؟ بۆچی پێان شەرمە بە خۆدا بچنەوەچاری بەتالاّیی نێوان خۆتان کۆمەڵ بکەن؟

گوێ بگرە ڕەشۆگیان! من لەسەر ئەو شتەی کە تۆ نێوت لێ‌ناوە کۆمەڵ بە شێوەیەکی دیکە بیردەکەمەوە. ئێمە مرۆڤێکی زاناو خوێندەوارمان پێ لە هەزار کەسی نە خوێندەوار باشترە. من ئەوکابرایەی کە نازانێ خەباتی چینایەتی چییە، بۆچیمەو بۆچی دەبێ. ئەگەر بەوانە دەڵێی‌کۆمەڵ پیرۆزتان بێ. ئەو زۆرو بۆرەی تۆباسی دەکەی دەزانم دەلێی چی. من باس لە خەباتی شۆرشگێڕی دەکەم، باسەکانی تۆش لەدەوری ئازادی کوردو کوردستانی داگیرکراو دا دەسووڕێتەوە. ئێوە بۆنەتەوەکانی غەیرەکورد

هیچتان پێ نییەو دانووتان لە گەڵ گەلانی تر ناکوڵێ! سەرەڕای ئەوانەش تەنانەت گوێ بۆ ئێمەش ڕاناگرن چوونکە کۆمونیستینو لایەنگری هەژارانو چینی چەوساوەین من هیچ پێم سەیر نییە کە ئێوە خۆتان لە ئێمە دوور دەخەنەوە خۆمان لێ نادەن، چونکە لە وتوو وێژدەترسن .

هیچ وانییە چەکۆگیان! ئەو خەڵکەی من دەیناسم لە گوللەش ناترسن . ئەگەر ئێوە پێتان وابێ خەڵك لێتان دەترسێ بۆیە وتوو ویژتان لە گەڵ ناکەن، تێی نەگەیشتوون . ئێوە بێ لێکدانەوە لە کەمیەتیوکەیفیەتیخۆتان، تووشی بەرزەفڕیو زلخۆیی بوون . تا ئێستا بەوە نەگەیشتوون کە داخوا لێتان دەترسن ، یان بە هێندتان ناگرن؟ یان بە ئەنقەست خۆگێل دەکەنو خۆتان لەکوچەی عەلی چەپ دەدەن ؟ باوە ڕ بکە چەکۆ! هەنگاوەکانتان وای لەو خەڵکە کردووە نەفرەتتان لێبکەنو بەچاوی بێگانە تێتانەوە ڕامێنن. ئەو خەڵکەی کە ئێوە بەنەزانو ناحاڵی دەزانن ، کۆمەڵگای ئێوەیەو سەرچاوەی ئەوکۆمەڵەیە کەکەسانی زاناو سیاسەتمەداری لێ هەڵقولیوە هاوخەباتو هاوسەنگەری منو توی لێ پێك هاتووە . مەبەستم ئەوانەن کە خۆیان لەگەڵ کۆمەڵ جۆشداوە خەباتی خۆیان دەکەنو لە منو تۆش ئاقڵترن . جیاوازیان ئەوەیە، وەکو تۆ دروشم نادەن. تۆ دەزانی ئەگەر خۆهەڵکێشانو دروشمدان لە ئێوە بستێننەوە چەك دەبنو چتان پێ نامێنێ؟ ئیوە دەچن بۆ ئەوانەی نەخوێندەوارن، درۆی کوردایەتیان بۆ دەکەن تابێن ببن بەپێشمەرگە چەکتان بۆهەلگرن کێشکتان لێ بکێشن . چوونکە تۆ ناتوانی من فریو دەی بفەرمووی ئەو نەخوێندەوارانە دەرکی چینایەتیان کردووەو سوسیالیزمان قبوولە. چەکۆمنیشو تۆش دەزانین سەردەرێنانو تێگەیشتن لە فەلسەفەی زانستی سوسیالیزم ئاوا سادە نییە، کە ئەتۆ ئەو نەخوێندەوارەی بڕوات پێ نییە، بزانێ خەباتی چینایەتیپرۆلتاریا چییە. ئەگەر خۆت لە کوچەی عەلی چەپ نەدەی دەزانی بۆکێشكو پارێزگاری لە خۆتان هێناوە. من نێوم لە

ئێوە ناوە (وشتر مورغی ) بە خوێندەوارەکان دەڵێن؛ مارکسستین و بە بیروباوەڕی زانستیانە بەرگری لە چینی هەژار دەکەین و کۆمونیستین . لەلای کەسانی بەقەولی خۆتان ناحاڵیو نەخوێندەواریش دەڵێن؛ بەرنامەی خودموختاریمان بۆ کوردستان هەیە!؟ تۆ بە من ناڵێی چەکۆگیان ! ئەنتەرناسیۆنالیزمو خودموختاری کوجا مەرحەبا ، جا ئەگەر من بەتۆدەڵێم لەنێوان ئێوەوکۆمەڵدابوشایی پێك هاتووە ، لێم وەرگرە .

چەکۆگیان . تۆکەکۆمەڵی کوردەواری بە ناتێگەیشتوو دەزانی ، ئەوان ئێوە یان هەڵسەنگاندووە دەزانن بایی چەندنو دەڵێن چی . بۆ ئەوەی لە باسەکەمان دوور نەکەوینەوە ، من دەڵێم ؛ ئێمە لە نێوکۆمەڵگایەکی دواکەوتووی نەخوێندەواردا ، دەژین کە ئەوکۆمەڵگا ی خۆمانەو کاری سیاسی تێدا دەکەین ، با ڕاستگووبینو چیدی شتی پیچەوانەیان لە مێشکی نەکوشینو بەراوەژوویان تێنەگەیەنین . باچیدی بە درۆ ئادابو نەریتو کلتوور وکەلەپووریان پێشێل نەکەین .

بەڕاستی ڕەشۆ! لە تامت دەرکرد . ئێستا کەسێك نەتان ناسێ ، دەڵێ ؛ ئەو ناسیونالیستانە مەلایکەتو دروستکارن . کوڕە ئەدی ئەوە ئێوە نین دەچن لەبنیان دادەنیشن فیریان دەکەن ئێوە میللەتنو لەسەر خاکی خۆتاننو مافی سەر بەخۆیی تان هەیە ؟ ڕایان دێنن ، لەگەڵ میللەتانی ترنەحاوێینەوە؟ فێریان دەکەن سنووری کوردان لە کوێڕا تاکوێیە؟ دژایەتی نێوان گەلان پێك دێننو پی یان دەڵێن ڕۆژێك لە ڕۆژان دەبێ سەربەخۆ بین . بۆ چما ڕەشۆ! گەلانی تریش وەکوو ئێوە ناچەوسێنەوە؟ ئیترگەلی سەردەستو ژێر دەست چی یە؟ بۆچی ئاوایان تێدەگەیەنن؟ بۆ ناڵێن هەموومان میللەتێکینو با بە هەمووپمان ئەو ڕژێمە بڕووخێنینوبیچمە حکومەتێکی کۆمونیستی کرێکاری دامەزرێنین؟

– چەکۆگیان ! پێتوایە ، ئەئاوا حکومەتی کۆمونیستی کارگەری پیادە

دەکرێ؟ ئێستاش تێم نەگەیشتووی دەڵێم چی. دەزانم بۆت ڕوون بۆتەوە کە خەڵك دەڵێن چی، بەلاّم ئەوە ڕەوشتی ئێوەیە؛ خۆتان هەتڵە کەنو لەخۆتان بگۆڕن. منو تۆ زۆر زەحمەتە بۆ یەکتری بسەلمێنین. مەگەر مرۆڤێکی دادپەروەرلە نێوانماندا دادپەروەری بکاتو ڕاستییەکانمان پێ بسەلمێنێ. هەرچەند دەزانم ئەوکاتیش ڕاستییەکان وەرناگری خۆت لە کوچەی عەلی چەپ دەدەی. بە ڕاستی چەکۆگیان! بەوە گەیشتووم وتوو وێژ لە گەڵ تۆ ئاسنی سارد کوتانە. هەزار شێرو ڕێویو دەیان بەڵگەت بۆ بێنمەوە، دەزانم تۆ تۆزقاڵێك خۆشەویستی کوردت ناچێتە مێشکییەوە.

من تەنیا ئەوەندەت پێدەڵێم تا ئەو ڕۆژەی گەلەکەی خۆت ئازادی وەدەست نەیەنێو ڕزگار نەبیو دەولەتی خۆی نەبێ، ئەوەی تۆ باسی دەکەیو ئارەزووتە، نای بینی. ئەو بەدبەختیو شپرزەییەی ئێستا کوردی تێدا دەژی، کوا دەتوانێ ڕێبازی کۆمونیستی ئێوەی پێشکەوتووخواز بگرێتەبەرو لەغەزەبی داگیرکەرانی بپارێزێ. من بڕوام وایە تا ڕۆژێك داگیرکەر لە ولاّتی خۆمان ڕاو نەنێین، ڕێبازێکی تۆگرتووتە پێش، ناشێ پێیدا بڕۆین. ئەوەی بۆخۆت کردوّتەکار، کایە بەلەناو چوونو خۆلەئاوری سوور هاویشتنە. کاتی ئەوە هاتووە ئێمەش پەند لە هەلو مەرجو سیاسەتی ئەو ڕۆ وەربگرینو وەکوو ئەو نەتەوانەی کە لەژێر دەستی ڕزگاریان هاتووە. هەست بەو ئالوگۆڕانەی جیهان بکەینو خۆمانی لە گەڵ ڕێکخەینو هەنگاوی بۆ هەڵێنینەوە. بۆخۆت دەزانی ئەگەر دوێنێ ئێمە خەباتی نەتەوایەتیمان دەکردو بۆ هەوێن دڕۆشمێکی نەگونجاوی چەپگەرایی مان هەڵگرتبوو، لە گەڵ هەلوومەرجی ئێستا جیاوازیەکی فرە زۆری هەبوو. دوێنی ڕۆیشت. کورد دەڵێ *وەدوای چووان مەکەوە. دوێنێ* لەناچاریان خۆمان بە ئاورو ئاودا، دەداو هیچ ڕێگایەکمان نەبوو. دەناکوردوکۆموونیست؟

گرێو و ئامانج، ڕووداوێکی ڕووداوێکی ڕاستە،کردوومە چیرۆك . هەربەو نێوە لە ڕۆژن امەی ئالآی ژمارەی٦دا چاپکراوە . ئێستا برێك دەست تێوەردان، بۆ جاری دووهەم لەو پەڕتووکەدا چاپ دەکرێو لێرەدا دەیخوێنینەوە .

# گرێوو ئامانج !

جەنگەی نیوەڕۆی هاوین بوو . لەکاتی مەڕدۆشین، پوور ئاڵتوون بە پەلە بە نێودێدا دەهاتو دەچوو . زۆر مشەوەش دیارە ، دەچێتە سەربانو دێتەوە خوارێ. بەدەست سیبەرلەچاوی دەکاتو ئەولاولا دەڕوانێ. دەچێتەوە سەربانو دەڕوانیتە ئەو بەرەو بەری گوندو بەرپاڵەکان بە تاقی دەکاتەوە . پوور ئاڵتوون سەرێکی کانی دەداو بە پەلە دەگەڕێتەوە . شەکەتی و ماندوویی و نیگەرانیبە تەواوی لە نێو چاوی بەدی دەکرێ . دەچێتە ماڵێ ئاوالّ شوانی پیروتی کوڕیو درەنگ هاتنەوەی پیرۆتی لێدەپرسێو بەرەو ماڵدەگەڕێتەوە.

لەو کاتەدا سوارە کوڕی پوور ئاڵتوون، نیرو ئامووری ئاوەژوو کردۆتەوەو جووتە گای وەپێش خۆیداوە ، شەکەتو ماندوو یاغر یاغر لەماڵێ نیزیك دەبێتەوە . دەبینێ دایکی پەشۆکاوەو ڕەنگو ڕووی بزرکاوە بە چاوەڕوانی لە حەوشەی ماڵێ دێتوو دەچێ. دووراو دوور ڕۆژباش بە داکی دەڵێو دەپرسێ؛ ئەرێ دایەگیان! چاوەڕوانی کێ دەکەی؟

– وەڵلا چاوەڕوانی پیروتم ڕۆڵە گیان! ماندوو نەبیو بەخێربێیەوە . نازانم سوارە گیان، ئەو ڕۆ پیروت بۆ نەهاتەوە ، ڕۆژان کاتژمێری ١٢ بە مێگەلە

مەڕوە دەگەیشتەوەو من فریای هەمووشتێك دەكەوتم، كە چی ئەوڕۆ خەڵك لە دوشینو هاوێر بوتەوە، پیروّت لە هیچ كوێ دیارنییە. بەخوای ڕۆڵە زۆر نیگەرانم.

– دایەگیان، نیگەرانی پێ ناوێ ئەویش ئێستا پەیدا دەبێتەوە. وەرە بچینە ژووری، تۆ بۆ پێتوایە بە ڕۆژی ڕووناكیش دەخورێین؟

سوارە نیرو ئامووری هێناخوارو گایەكانی داكرد. لە پڕ سوارە وەخۆهاتەوەو دڵی ڕاچڵەكیو شێوا. كاتێ دەهاتەوە گوێی لێبوو ژنان دەیانگوت؛ ئەوڕۆ پایەگای سەر باسكی لەخوڕا تەقەی كردووە. چاوێكی بە كاتژمێرەكەیدا خشاندو لە بەرخۆیەوە گوتی؛ دایكم حەقیەتی نیگەران بێ. ڕاست دەكا دەبوایە پیروّت تائێستا بە مێگەلە مەڕەوە گەیباوە ماڵێ. بابزانم بۆچی دیارنییە. بۆدەبێ نەهاتبێتەوە؟

بە دایكی گوت: دایەگیان! تۆ نانو چایەكم بۆدانێ، من بە لینگدان سەرێكی باسكیدەدەم، نەوەكوو پیروّت خەوی لێكەوتبێ، ئێستا دێمەوە. لە گوندی دەركەوتوو، وەباسكی هەڵگەڕا چووە بەرزایی تەپكی. چاوێكی بەدەورو بەریدا گێڕا هیچ مێگەلە مەڕێكی بەدی نەكرد. بەقەدی باسكیدا ئاوەژووی ئەو دیوی بوو. دیتی هەشتنۆ سەربزنو مەڕ لە نێو چرپیو چاڵدا دەلەوەڕێن. ئەوانی دیكە دیارنینو پیروتیش هەروەها. نیگەرانتربوو. بڕێكی دیكەش ڕۆیشت. دیتی مەڕێك كەوتووەو لە نێوشەلاڵی خوێندا مندار بوتەوە. سوارە لەبەر خۆیەوە گوتی؛ كوڕە خۆ گورگ لەمەڕیداوە. ئەدی پیروّت چی بەسەر هاتووە؟ چاوێكی بە زامی مەڕەكەدا خشاندو دیتی؛ بە گوللە ئەنگێوراوە سەری كوناودیوە ؟!

دیسان قسەی ژنانی سەركانی وەبیر هاتەوە كە دەیانگوت؛ ئەوڕۆ پایەگا لە خوڕا تەقەیكردووە. سوارە! دەیان تێبینیو كەندوكلۆی وەكوو فیلمی سینەمایی بە بەرچاویدا هاتنو ڕۆین. گوتی؛ دەبێ پایەگا شتێكی

بۆهاتبێتە پێش و پیرۆت گیرابێ. بۆیە مەڕەکان بڵاو بوونەو هەرسەرەی لە شوێنێکە. هێندێکی دیکەی چاو گێڕاودیتی پیرۆت لەسەر زگ ڕاکشاوە. هەرای کرد پیرۆت، هۆی پیرۆت، ئەوە نوستووی؟ ئەی لە کاکی خۆت نەکەوی، بۆچما واماندووی؟ هەستە بابم هەستە! دیسان وەڵامێکی وەرنەگرتەوە. سوار چووەپێش و بە سپایی سەری هەڵێناو داینا وە. لەگابوڕیدا؛ ئەی براڕۆ، پشتتشکاندم براڕۆ، برای بێتاوانم ڕۆ، برای بە دەستگیران و بێتاوانم ڕۆ. پیرۆت گوللێکی وەنیوچاوانی کەوتبوو. سوارە! برسی و ماندو بە چۆکی خۆیدا دەداو دەستی کرد بوو بەتووك و سکاڵا لە خواو، دەستی بەرەو ئاسمان دریژدەکردو دەیگوت؛ خوایە تاکەی ئەو زوڵم و زۆریە؟ تاکەی ئەو کوردە بێکەسە فریا ڕەسێکی نابێ؟ تاکەی گەلێکی سی چل میلیۆنی بە ژێردەستی دەمێنێتەوە؟

لە نەکاو سوارە! چزەی لە سینگی هات دەتگوت ئاوری لە سینگی بەربوو. بۆسۆی لە دەروونی هەڵدەستاو هاواری ئاوی دەکرد قومێکی ئاو بگیەننێ. هاواری دەکردو کەس دیارنەبوو. لەوکاتەدا گوێی لە قاقا یەکی چاوەڕوان نەکراو بوو، بەلەرزە لەرز سەری بۆلای ئەو پێکەنینە بەرزکردوە بزانێ کێیە قاقا دەکێشێ؟! دیتی ئەوە دوو ڕیشداری ژ٣ بەدەست لەپایەگا ڕا لەسوارە دەڕوانن و بە دەنگی بەرزو پێکەنینەوە یەکیاان بە وی تردەڵێ: "لەسەرگریۆی پاکە تە جگەریکی کردبوومان، منیش ئامانجی خۆم پێکاو بەگوللێك خستم، ئێستا پاك لەپاکین"؟!

پوور ئاڵتوون وەکوو مریشکێکی جووجکە باشوو لێدراو لە نێو دێ سەرەو خواری دەکردودەهات و دەچوو، بەگوێ لیبوونی ئەو تەقەی دوایی، کەوتە لەرزین و، وەدڵەکوتە کەوت، پترنیگەران بوو. چیدیکەی خۆ بۆ ڕانەگیراو بەرەو تەقەکە، وە باسکی هەڵگەڕا. بە هانکە هانك تا دوور نیزیکی پایەگا وەسەرکەوت و ڕاوەستا پشویێك بدات. پاسدارێك ڕیشدار هەرایکرد، هۆی

دایە مەیە پێش قەدەغەیە ، برۆ بە مەلای ئاوایی بلێ دووسێ کەسان لەگەڵ خۆێ بێنێتە سەرێ کارمان هەیە. دەبرۆ دەی بەسوودی تۆیە . پوور ئاڵتوون وای بە مێشکی‌داهات، کە ڕەنگبێ کورەکانی گیرابن ، بۆیە داوای مەلا دەکەن ئازادیان بکات. ئەو قسەی وەکوو مزگێنی‌وەرگرت‌و بە گورجی سەربەرەو ژێر بۆوە .

بەقوربانت بم مامۆستا . . .کاکە. . . مامە. . . سۆفی. . . پایەگا داواتان دەکات. پێم وایە سوارەو پیروتی کورەم گیراون لە فریام وەرن تا ئەو خوا نەناسانە شپرزەیان نەکردون. بۆخۆتان دەزانن لە خۆڕا تەشقەڵە بە خەڵك دەکەن ئەو پاسدارانە .

مەلای ئاوایی لەگەڵ کۆمەڵێك ڕیش‌سپی ئاوایی، ڕوو بەهەورازی باسك بەرەو پایەگا هەلکشان . دوورو نیزیکی پایەگا دەنگیان دان کە پێویست ناکا بێنە ئێرە. بچنە پشتی ئەو شیوە، چوونکە پێشی‌کاتژمێرێك دژی شۆڕش لەوێڕا تەقەیان لە ئێمە کرد ، نەوەکوو ئەو شوانە بێچارانە زیانیان وێکەوتبێ، یان برینداری لێ‌بێ، بە خێری خۆتان ڕزگاریان بکەن. مەلاو خەلکەکە بەرەو شوێنی دەست‌نیشانکراو چوون. کاتێ‌گەیشتنێ، چ ببینن !! دووشۆرەلاوی تازە پێگەیشتووی بێ‌تاوانی لێو وشك هەڵگەڕاوی بەسەر یەکدا کەوتوو ، خوێنیان لەبەر دەڕوات. نوزێکیان لێ‌دێ ، نووزەی سوارەیەو داوای ئاودەکات. ڕایان کردە بان‌سەری‌و سەریان هەڵێنا . بە دەنگێکی‌فرە لاواز سوارە گوتی : خوایە ئەو دوژمنە بێ‌بەزەودڵڕەشە خوێن مژانەمان لەسەر هەلگری . قەت بووە گریۆ لەسەر مرۆڤ کوشتن بکرێ؟ دوو برا بۆ پاکەتە جگەرێك بکوژن؟! ئەگەر مەبەستی ئەو خوێن‌ڕێژانە کورد کوشتن نەبێ ، بۆدەبێ مووچەو مەزرای‌خۆت لێ قەدەغە بکرێ؟مەلا سەری سوارەی لەسەر دەستی داناو هەلێنا کە پتر بدوێ. سوارە گوشاری بۆخۆی دێنا تا پتر بدوێ .چاوی هەڵێناو گوتی :

مـامـۆسـتـا ، خـەڵكینـە ، تكـاتـان لێـدەكـەم بـەدایكـم بڵێـن گـەردنـم ئازادبكاتو ، وەكوو یادگار ئاگاداری كورەكەم بێ . كاتێ كوڕەكەم گەورە بوو پێی بڵێن :كە بابی چۆن كوژراو خوێنی لەسەر چی ڕژاو بەدەستی كێ شەهید كرا . بەڵكوو لە بیرم نەكات و كاتێ گەورە بوو پێگەیشت ، تۆڵەم ب س تێ ن ێ ت ەوە .

## ئەو رەوشتە دزێوە پیرۆزی خۆت بێ.

وەی باوکە رۆ سەرم چەند دێشێ، وەختە مێشکم بێتەدەر. عەمرێکم رابوارد ریشم سپی کرد نەمزانی سەرئێشەچییەو بەری چ دارێکە. کەچی قەدەرێکە ئەو بەڵایەم پێوە نووساوە ژیانی تێکداوم. ئای پیری و هەزارعەیب، تاجوان و جحێڵ و بەتین و گوڕبووم، لەگوین گوێزی ئازا خۆم لە هەموو کەس بەگورج و ئازاتر دەزانی. ئێستاش پیرو بێ هیز هەر ڕۆژێ جێ یەکم دێشێ و نەخۆشیەك دێتە سلاوم! بەڕەحمەت بێ مام عەولا! ددانی نەبوو پارووی پێ بجوێ، دەیگوت شۆربا و باشترین خواردنی رووی هەردە. لەویش دەرچێ؛ ماستاوە.

بەخوای ئەو وڕێنەو ئیشتیاکردنەی مام عەولا، لە دەردی پیری و کەنەفتی بەو لاوە شتێکی دیکە نەبوو. منیش هەر ئەو دەردەمەو پێم عارە بەخۆم بڵێم؛ پیرم!

فاتیلەی! خێزانی سەرێکی باداو گوتی؛ هەر دانیشەو وردە گلەیی لە خۆت بکە، ئەوە سەت جارم لەگەڵ باسکردوی و پێت دەڵێم ئەوەندە دانیشتن خراپە. بێ بەلابی بۆناچی قەدەمێك لێدەی. لە بەیانیەوە تائێواری پالتداوەتەوە خەریکی چاخواردنەوەی. لێرە لەو ولاتە ساردوسڕە پیاو ئەوەندە دانیشێ پشتی دەشکێ. ئەوهەموو خزموکەسەهەیە بۆ ناچی سەرێکیان بدەی، ئاسۆ، بەکرە، حەمە، هەموویان گلەمەندن کە بچی سەردانێکیان بکەی.

– دادەی فاتێ! نان و چایەکم دەیە بەتەمام ئەوڕۆ بچمە ستۆکولم سەرێکی بەکرەبدەم، تا ئێستا دووجارم بەڵێن داوەتێ بۆم نەکراوە سەری

بدەم. دەچم دووسێ ڕۆژی لەلا دەبم‌و دێمەوە.

ئەو ڕۆ ڕۆژ لە کام لاوە هەلاتووە کە وا سەفەر دەکەی قالە! وەڵڵا بیللا حەیامان چووە هێندە خەڵك پێت بڵێن؛ نۆرەی تۆیە سەرێکمان لێدەی. ئێستا ئەو خزم‌و دۆستانە وابیر دەکەنەوە تۆخۆت بەزۆر دەزانی بۆیە سەردانێکی خەڵك ناکەی. ئیدی نازانن قوونت لە ماڵێ ناکەیەوەو سەری کەس نادەی. دەی دوو ڕۆژان بچۆ دەر سەفەرێك بکەو ئاوو هەوایەك بشکێنە، خو ناخورێی!

کچی فاتێ! نە چوونەدەری چی‌و خۆبە زلزانینی چی‌ودانیشتنی چی. ئاخ خۆزیا ئەوەی من دەمزانی تۆش تۆزێکت زانی‌بایە. تۆ ئێستا خەلکت نەناسیوەو بەهەوای جاران لێدەخوڕی. نازانی ئەو خەلکە چی بەسەر هاتووەو چۆنی خۆ لیگۆڕاوە. باوەڕ بکە زۆرکەس زۆر شتی کە تۆ بیریشی لێ ناکەیەوە لەبن پێی ناوە. جاری وایە مرۆڤ دەچێتە شوێنێك، هەرلە هەنگاوی هەوەڵدا پەشیمان دەبێتەوە.

چۆن لە بیرت نەماوە بۆم گێڕایەوە کە مانگی پێشوو لە سەردانی ماڵی سالح چم بەسەر هات، هەزار خۆزگەم بە لەماڵی قەتیس بوون دەخوارد. ماوەی دووشەو ڕۆژێك کارو پیشەم لە ماڵی سالح کارتۆن چاو لێکردن بوو. کاتێك داوام لە سالح دەکرد، هەوالێك بگرێ، لەوەلامدا دەیگوت: بێ‌بەلابی مامەقالە، تۆش چندت درۆ‌و دەلەسە پێخۆشە. ڕاوەستە باجارێ شیلانی‌کچم لە کارتۆن تێربێ وەختی هەوالیش دێ. کاتێ شیلان دەنوست، هەوالیش کۆتایی دەهات.

– بەخوای قالە من لە بیرمە کە سالح لە کوردستان هەمووکات ڕادیوی بە خۆیەوە هەڵداوەسی دەنگی‌دەهات، ئێستا بۆدەبی وازی لە هەواڵ هێنابێ؟

– کچێ خۆ منیش لەبیرمە، وەبیرێشم هێناوە، بەلام بەکێ دەڵێی، هەر

وەکوو لە گەڵ ئەویشم نەبیٚ وابوو . من کە دەڵیٚم خوٚیان لیٚ گوٚڕاوە وەکوو خوٚیان نەماون، لە خوڕا وا ناڵیٚم. واز بیٚنە ئافرەت درەنگە بابڕوٚم بزانم ئەو سەفەرە چوٚن دەبیٚ؟

مامە قالە سواری ئوتوبوس بوو بەرەو ستوٚکوٚلم کەوتەڕیٚ. بەکر لەگەڵ نەجمەدینی کوڕی لە کاریٚژ چاوەڕوانی مامە قالەیان دەکرد . بەرەو پیری هاتنو دەستو مشتاقیان لەگەڵ کرد . دوایی بە سواری ماشیٚنی بەکرە بەرەو ماڵ وەڕیٚ کەوتن . لەگەرمەی وتوو ویٚژدا گەرمایەك ملو گویٚی مامەقالەی لە قسەکردن شل کردەوە . پیٚی وابوو نەجمەدینە لە خوٚشی مامەقالە دەست لەملوگویٚی دەدا. لە سەرە خوٚ گوتی؛ نەجمەگیان باشی؟ هیٚندەی پیٚ نەچوو دیسان ئەو گەرمایی و ڕیخشانە دووپات بوٚوە. مامە قالە سووڕا ئاوڕیٚکی داوەو دیتی تووتکە سەگیٚکی بچووك لە باوەشی نەجمەدایە، جارو بار قەلاٚدەکەی بوٚ شل دەکات تا بملیٚسیتەوە ! بوٚخوٚشی بە پیٚکەنینەوە گوتی؛ ببورە مامەقالە! بیٚزت هەڵنەستیٚ فەننی زوٚرخاویٚن ڕادەگرم. بە خوای لە من خاویٚنترە. فەننی قوونی لە کوٚشی نەجمە نابوو دوو دەستەکانی هاویشتبووە سەرشانی مامە قالەو لاملی دەلستەوە. ئەگەر مەترسی نەبایە خوٚی فڕیٚ دەدا. نەجمە پیٚدەکەنی و بەکرەش لەبەری دەگیٚڕاوەو دەیگوت؛ بە خوای مامەقالە، کوڕەکەم ڕاست دەکات فەننی زوٚر خاویٚنە، هەموو ڕوٚژیٚ بە شامپوٚ دەیشواتو بە خاولی خوٚی وشکی دەکاتەوە.

وادیار بوو فەنیی لە لای ئەوان زوٚرخوٚشەویستو پیروٚزە، ناچار پیٚشنیاری پیٚکردن؛ بڕیٚکی دوور خەنەوە باگلاٚوم نەکات. نەجمەی منداڵو بیٚتاوان پرسی: ئەریٚ بابە گلاٚو یانی چی؟

بەکرەی خوٚ لیٚگوٚڕاو، وەلاٚمی کوڕەکەی نەداوە رووی لە قالە کردو گوتی: مامە قالە گلاٚوی چی؟ نەجمەی کوڕم بە سابوونی بوٚندار دەیشواتو شەوانەش لەگەڵ خوٚی دەنویٚنیٚ. هیچ نیگەران مەبە ، کوری من تا خوا حەز

دەکا فەننی پاك‌و خاوێن ڕادەگرێ. باوەڕ بفەرموو لە نەجمەی کوڕم خاوێن ڕادەگیرێ .

مامە قالە دەنگی نەکرد ، بەڵام لە باڵ خۆیدا جەرگی جەرگ دەخواردەوە. لە دڵی خۆیدا هەزار توك‌و دوعای لە خۆی کرد بۆ سەفەری کردویەتی . لەهاتنی خۆی فرە پەشیمان بوو ، لەبەر عەیبەوشوورەیی نەبایە هەر لەوێ دەگەڕاوە .

گەیشتنە ماڵ‌و دابەزین. نەجمەش قلادەی فەننی کێشاو هاتنە خوار . ئەو جارقەلادەکەی فەننی شلکردبوو، بە مامە قالە هەڵدەڕووسکاو دەی‌قرووسکاندو، دەیلستەوە . مامە قالە هەوڵی دەدا خۆی لێ دوورکاتەوە، بەڵام وایان دەستەمۆ کردبوو ، مەگەر وازی دێنا ؟! ناچار وەدەنگ هات‌و ڕووی لە براژنە حولێ کردو پرسی: ئەرێ براژن ئەو سەگە چییە دەگڤ میوانانی بەردەدەن؟ بۆپێتان وایە میوانیش دەبێ وەکوو ئێوەی ئەو سەگە خۆش بوێ؟

براژنە حولێش بێزاری خۆی لەدەستی بەکرەو نەجمە دەر بڕی گوتی: ئەوە بکرەو نەجمە کردویانە بە تاقانەی ماڵ‌و دەستاو دەستی پێدەکەن، پێیان پیس نییە . وا دەرکەوت ئەویش لە فەننی بێزارەوکەس گوێی بۆ ناگرێ.

براژنە حولێ بە مامە قالەی گوت بچێت دوشێك بگرێ‌و خۆی خاوێن کاتەوە. مامەقالە سەت ڕەحمەتی بۆ حولێ ناردو بە خۆی دەگوت؛ کوڕە ئەو خەڵکە بۆ وای لێهاتووە؟ گوێ ناداتە ژن‌و منداڵی خۆشی. دووشی خۆی گرتبوو دەیویست تۆزێك بحەسێتەوە، بەکرە بە نجمەی گوت؛ نەجمەگیان ئەوە مامە دەڵێ چی؟ فەننی تۆی پێ گلاوە؟ دادەی تۆ خوا بانگی بکە بێتە ژوور وەڕەزیم کردووە. نەجمە وەکوو چاوەڕوانی قسەی بابی بێ هەرای کرد فەننی؟ فەننی وەك هەڵووك هاتە ژوورو خۆی لە

باوەشی نەجمە هاویشت. بەکرە زوو زوو بە مامە قالەی دەگوت؛ بە سەری توێ مامە گیان فەننی دەڵێی زێرە، هیچ بیێزی لیێمەکە. دوایی بەکرە بە لیێوی فیتووی بوفەننی لیێدەداو هەر وەکوو منداڵی خوێی دەیلاواندەوەو دەستی بەسەرو گویێلاکی دادێناو لە گەڵی دەکەوتە وتوو ویێژ: ئەری فەننی مامە قالە توێی پیێ پیسە؟ هەر بوێخوێی لە جیاتی فەننی وەلاٚمی دەداوە؛ نا بەخوای مامە زوێر خاویێنم. ئیێرە وەکوو لای ئیێوە نییە سەگ قەدری نەبیێو لەدەرکو بانان بکەویێ سەولەی بوێ باویێنو جاریێك نەیشوێن. ئیێمە لیێرە کاریێك بوێ خاوەنمان ناکەینو گورگیشی بوێ ناخنکیێنین، زوێریش باشمان پیێڕادەگەنو جیاوازیشمان لە گەڵ منداڵی خوێیان نییە. بەکرە بوێ وەی لەوەش پتر خوێی پیێشکەوتوو پیێشان بدات، فەننی هەلگرتو لە باوەشی خوێی کردو وەکوو منداڵ ئەیلوێ ئەیلوێی بوێ دەکرد. بەکرە نیێو چاوانی فەننی ماچکردو گوتی؛ فەننی گیان بە مامەقالە بلیێ کە نەجمە منی خوێش دەویێو پیێکەوە لە قاپیێکدا نان دەخوێینو پیێکەوە بە پەتویێك لە سەر تەختیێك دەنووین.

بەم جوێرە بەکر فەننی دەلاواندەوەو تەشەری بەم بەو دا دەدا. قالە چووبووە نیێو بیرو خەیالاٚتەوەو بیری لە خوێبایی بوونی ئەو جوێرە کەسانە دەکردەوە. سەرەنجی بەرەو بەکرە ڕاکشابوو. ڕوانی بکرە بازنیێکی لە دەست خوێی کردوەو ئالقەیەکیشی لە گویێی نەجمە کردووە. هەر دەهاتو شتی سەیرتری وەبەر چاو دەکەوت. مامەقالە بەدیتنی ئەو شتانە دەیان پرسیارو وەلاٚمی لە لا دروست ببوو. پرسیارەکانی ڕاگرتبوو بوێدوای نان خواردن. ئەوەندەی گوشاری دەروونی بوێهات خوێی پیێڕا نەگیراو بە برسیەتی پرسی: ئەریێ بەکرە پیێم خوێشە بفەرمووی ئەو بازنە چی یە لە دەستت دایە؟

بەوە دەڵیێن: لەونی خویێن مامە قالە! ئەوە زوێر شتی چاکە، خوا نەخواستە لە هەر شویێنیێك مروێف تووشی وەرگەڕانی ماشیێن یان شتیێك تربیێ و بیێهوێش بیێ، نیێوی منی پیێوە یە، گورج لە نەخوێشخانە، دەزانن خویێنم

چییە، خوێنی خۆم فریا دەخەن. مامە قالە خۆی بۆ ڕانەگیراو گوتی: بەڵێ ئەگەر لە ئوروپا کامپیوتیر نەماو پەروەندەی نەخۆشەکان سووتان وایە، بەلاّم لێرە قامك بگەیەننە کامپیوتێر، دەزانن خوێنی تۆ چییەو چیت دەوێ. دەی باشە برام، ئەدی گوێی ئەو کوڕەت بۆ کون کردووە؟ لێرە شێخ و شتی وا هەیە نەجمە بوو بێتە دەروێش؟!

کوڕە دەروێشی چی مامە قالە! تۆبۆخۆت نامناسی کە من لە کوردستانیش دژی چوونی ماڵە شێخ و دەرویشایەتی بووم. تۆخوا تۆ لە پێشکەوتوویی مندا شکت هەیە؟ من هەرگیز وەدوای شتی کۆنەپەرستانە نەکەوتوومو هەمیشە لە خەتی پێشکەوتنخوازیدا بووم. لە بیرت نییە کە دەمگوت: هەرکەس گوێی کونکاتو پرچی هەبێ جێگای دایکی گرتۆتەوەو لە ڕەوشتی پیاوانەی لاداوە؟

– ئەدی بەکرە گیان، تۆکەئەوەندە پێشکەوتنخوازی، بەمن ناڵێی؛ ئەو گوێ کونکردنو بازنەو سەگ لستنەوەت لە چی‌یە؟ بۆچما خۆت نازانی ئەو کردەوانە لێرە هەرچەندی پەسندیش بن، لە گەڵ دابو نەریتو کولتووری ئێمە نایەنەوە؟

– مامە قالە تۆ نابێ بەو چاوە بڕوانییە ئەو شتانە، ئێرەو ئەوێ دوو وڵاتی لێکتر جیاوازن. لە لایەکی دیکەشەوە؛ دنیای ئەوڕۆش لەگەڵ دوێنێ جیایە. هەموو شتێ گۆڕاوەو ئێستا ئێمە لەوڵاتی پێشکەوتوو دەژین. ئەوەی تۆباسی دەکەی، بیرو مێشکی کۆنە. بێ بەلاّ بی، تۆکای کۆن بەبا دەکەی. تۆپیاوێکی زاناو تێگەیشتوو بووی، نازانم بۆچی وابیر دەکەیەوە؟ دەبێ هۆشمان بێتەوە بەرخۆمانو چاومان بکرێتەوە. زانا کەسێکە لە کاروانی شارستانی بە جێ نەمێنێو پێ بە پێی کۆمەڵگای جیهانی بچێتە پێش. بەسەری تۆ مامە قالە دنیا چۆنی بگرین ئاوا دەرواتەپێش. هەر خۆشیو ڕابواردنمان پێدەمێنێ و ئەوەی جاران دەمانکردو بڕوامان پێبوو،

هەمووی دەبێ خەتی سووریان بەسەردا بکێشین .

وتەکانی بەکرە دەرسەتێکی ڕووناکبیرانە بوون، بەڵام لەگەڵ خووخدەی ناوبراو نەدەهاتنەوە. مامە قالە نەدەیتوانی هێندێك لە قسەکانی بەکرە رەت کاتەوە، نەشیدەیتوانی هەموو شتێکی کە لێی تێکەڵبووە، لێی قبووڵ بکات.

لە ڕقی وتەکانی بەکر لەشی داگیرسابوو. پرسی پێم خۆشە بزانم بۆ فەرهەنگ‌وکلتووری خۆمانت لە بیرچۆتەوەو پشتت تێکردووە؟ پێتوایە سەگ قەلادەکردن‌و تاریف‌و پێ‌هەڵگوتن‌و نان لەگەڵ سەگ خواردن پێشکەوتوو خوازانەیە؟ بێ‌حورمەتی بەمیوان‌و بەزۆر لستنەوەی کارێکی ڕووناکبیرانەیە؟ یان بە لە باوەشکردن‌و ماچکردنی سەگ دەڵێن؛ بەجێ نەمان لە کاروانی شارستانی؟ گوێ کونکردن چ لە ئورووپا، یان لە کوردستان، مەگەر هەروەکوو یەك نییە؟ تۆ بە من ناڵێی ئەو کردەوانە چ پێشکەوتنێکی تێدا یە؟ لە کاتێکدا کە نەتەوەکەت خوێن‌و قوربانی دەدا، نازانم تۆ چۆن بەزارت دادێ بفەرمووی؛ دەبێ خۆش ڕابوێرین؟! بەمن ناڵێی تۆ بە چ دڵخۆشیەك خەریکی خۆش رابواردنی ؟

مامە قالە، هەستا کەوشەکانی لەپێکردو گوتی:

بە وەڵڵاهی بەکرە نانت ناخۆم‌و چیتر لە ماڵت نامێنمەوە، نەوەکوو بە هاتووچۆی پیاوی وەکوو تۆ، کوڕەکانی منیش خووی تۆهەڵگرن وەکوو تۆیان لێ بێ‌و فەرهەنگ‌و داب‌و نەریتی خۆمانیان لە بیر بچێتەوە. ئەوەی کە تۆنێوت لێناوە پێشکەوتنخوازی ناچێتە مێشکمەوەو ئەو رەوشتە دزێوە، پیرۆزی خۆت بێ.

## گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێ!

ئێوارەیەکی بێدەنگ، گەرەکێکی کڕومات، باڵداریش سریوەی نەدەهات. سێبەری ئێوارێ باڵی بەسەر وڵاتدا کێشابوو، هەتاو هاتبوو بپەڕێ. کانەبی! پێنووسێکی بەدەستەوە گرتووە ڕۆژنامەیەکی لەپێشە جارو بار خەتێکی بەسەردا دەکێشێ. بۆخۆی نەبێ کەسی تر نازانێ بیرو هۆشی لە کوێ دەخولێتەوە. دیارە ناحەق نییەو هەر وەکوو کاسانیتر بیر لەو خەڵکە دەکاتەوە کە ڕۆژ تا ئێوارێ خەریکی پلانو بەرنامەو نەخشەکێشانی ئاپارتومانو هێنانی فابریکن بۆ وڵات، یان خەریکی جادەکێشانو ئاوەدان کردنەوەن. ئەویش وڵاتی خۆی هەیەو نیشتمانی خۆی خۆش دەوێ. ئاواتە خوازە ڕۆژێك دەست بەکاربێو خزمەتی زێدی خۆی بکات، بەڵام ئێستائاوارەیەو چاو لەدەستەو لەبن سێبەری ئەمو ئەو دەژیو بەخێرا خۆیان ڕێگەیان داوە سەری مندالەکانی ڕابگرێ. بیرلەوە دەکاتەوە هەرچەندنیشتمانی داگیرکراوە، بەڵام خۆزگەی دەخواست ئەگەر بەژێر دەستیش بایە لە زێدو نیشتمانی خۆی هەڵنەقەندرێ. بەمەرجێك لێوی نەدروون ئازادیەکی هەبێو لێی گەڕێن مندالەکانی بە زمانی زگماکی خۆیان بخوێنن. بێشك پێی لە بەهەشتی خەیاڵیو هەموو دنیای دەرەوە خۆشتربوو، بەلاّم داگیرکەری ملهوڕ لێی نەگەڕا. ئاخێکی هەڵکێشاو ڕووی لە هەوری کچی کردو گوتی:

– ڕۆڵە ئەوە تۆش شوکر ناوەندیت تەواو کردو دیپلۆمت وەرگرت. ئەگەرکەسێك لە لای خۆمان دیپلۆمی هەبایە، دادەمزراو ژیانێکی باشی

دەبوو، بەلاّم لە جێگایەکی وەکوو ئوروپا بەڵگەی ئاوا نەك هەر برەوی نییە، خاوەن دیپلۆم کارێکی باشیشی دەست ناکەوێ کە مرۆڤ دڵی پێخۆش بکا .

ئێستاش من وام پێ باشە لە بیری داهاتووی خۆتدابیو بۆخۆت مێردێك بکەیو دامەزرێی . تۆ بۆ خۆشت دەزانی ئوروپا ئەوەی باشە ئەگەرکچ مێردیش بکا، دەتوانێ درێژە بە خوێندن بدات و بچێتە زانستگا .

هەوری برێك ڕاوەستاو چاوێکی پڕ مانای لە بابی کردو بە بزەو پێکەنین گوتی: بە خوای بابە سەیری ، مێردی چی!؟ ئەرێ بۆکورد هەرکە دانیشت، یان مێرد بۆکچی، یان ژن بۆکوری دەبینێتەوە؟ کوا لەو دەورو زەمانەی ئێستادا ئەو بەیتو باوە ماوە؟ بە تایبەتی لە ئوروپا، کێ لەسەر ژن هێنانو شووکردن پەکی کەوتووە! لە دنیایەکی ئازادی وەك ئەوڕۆدا لاوان بە ئارەزوی خۆیان ڕادەبوێرنو هەرکاتیش کچوکوڕ بۆ خۆیان رێککەوتن بنەماڵە پێك دێنن .

کاتێ بابی ئاوا بۆهەوەڵین جار لە روو بە روودا ئەو قسە بێمانایانەی دوور لە کلتوورو فەرهەنگی هەوری گوێ لیبوو، دەتگوت دنیای بەسەردا ڕووخا . پێی خۆشبوو بمرێ، بەلاّم شتی ئاوای لە هەوری گوێ لێ نەبێ . بەلاّم وە سەرخۆی نەهێناو لەسەرەخۆ گوتی: ڕۆڵە گیان، من دنیایەکم دیوەو ئەزموونم هەیەو لە تۆ باشتر دەزانم کە فەرهەنگی خۆمان جوانترەو باشترمان لێدەوەشێتەوە. دابو نەریتو شوێنەوارێکی لە بابو باپیرانی خۆمان بۆمان بەجێ ماوە، لەگەڵ ئێمە باشتر دێتەوەو باشتریشی لێدەزانین، ڕێز لەو کلتوورە بگرین باشە . مێرد کردن جگە لەوەی پێشگیری لە بەرِڵلایی دەکا، بۆ تەندروستی مرۆڤیش کەڵکی زۆرەو کەسایەتی مرۆڤ سەت چەندان دەکا . لە باری کۆمەلاّیەتیشەوە باشترو بەرێزتر چاو لە مرۆڤ دەکرێ .

هەوری ! مات ببوو گوێی شلکردبوو. چاوێکی بە کاتژمێردا خشاندو گوتی: بابەگیان! باران دەباریو هەواش تاریکە، دەتوانی بمگەیەنیە دیسکۆی نێو شار؟

بابی دوای ئەو هەموو ئامۆژگایانەو بێ وەلام مانەوەی پرسیارەکانی زۆری پێ وەڕەز بوو، بەلام وەسەر خۆی نەهێناو لە وەلامدا گوتی:

– بۆ وا دوور؟ نێوشاری بۆچییە. بۆ ناچییە دیسکۆی گەڕەکی خۆمان؟ خوا دەزانێ کەنگی ئەو بەزم و ڕەزمو هەڵپەڕینو حیندرحۆیە کۆتایی دێ. تۆنیوە شەو لەوێڕا بە چی دەگەیەوە ماڵێ؟

– تۆبۆهاتنەوەی شەوێ، خەمی منت نەبێ، بابەگیان، بە خەت دێمەوە.

– کچێ ڕۆڵە. تۆ بۆ وڕێنەدەکەی، کاتژمێر یەكو دووی نیوە شەو خەتی چیو شتی چی؟ کوا ئاوا درەنگ ئوتوبوس دەمێنێ؟!

هەوری کە لەو کێشەو بێنەو بەرەدا، وەدرەنگی کەوتبوو، ڕووی لە بابی کردو کەمێك بەتووندی گوتی: ئەرێ بابە! بێ قەزابی ئەو کێشە کێشەم بۆ لە گەڵ دەکەی؟ تۆ بمگەیەنە دیسکۆ، کارت بەمن نەبێ بەچی دێمەوە. من شتێك شك دەبەم کە دەڵێم دێمەوە.

خەمخۆری بابیو، وە درەنگی کەوتنی کات بۆ هەوری، ببووە هۆی ناتەبایی. بابی گوتی: باشە من بابی تۆم، بۆنابی بزانم بەچی دێیەوە؟ یان دەتەوێ نیوەشەو یاغریاغر بەپێیان ڕێگە داگری و ئابڕوومان بەری؟ بۆیە دەپرسم بەچی دەگەڕێیەوە، تاخاتر جەم بم. بلێ بزان تا ئێستا سوارت کەم بتگەیەنمە دیسکۆ.

هەوری لە مێژبوو دەیویست ئەوەی لەدڵی دایە لەگەڵ بابی بیهێنێتە گۆڕێو چیتر لە دڵی خۆیدا نەهێلێتەوە. بەخۆی گوت: تا دایکم وەرهەمی هەڵنەهێناوە با پێی بڵێم، هەرچی دەبێ با ببێ. تەمای بو نەدەگیرا بیلێ، پەشیمان دەبۆوە.

سەر ئەنجام بڕیاریدا قسەو ڕازو نیازی لەمێژینەی خۆی بدرکێنێ. سەری هەڵێنا و گوتی؛ تۆ بمگەیەنە نێوشار، من بەرەفیقەکەم دەڵێم بم هێنێتەوە ماڵێ. بابی پرسی؛ ڕەفقی وات هەیە ڕۆڵە ماشێنی پێبێ؟ ئەوەکێیە، من تا ئێستا نەم دیوە؟ کارین و سارا دەناسم ئەوانیش ماشێنیان نییە. ئەدی کێیە؟

هەوری هێندێکی تانووت لەخۆیدا، بیلێ، نەیلێ! چبکا. گوتی:

– کارین و سارای چی؟ من ڕەفیقی کوڕم هەیە. (ئاشق سۆن) پێم گوتی؛ ئەو کوڕە جوانەی هاوکلاسێکی زیرەکی قوتابخانەکەمانە.

بابی بە بیستنی ئەو قسەیە، وەك دنیای بەسەردا تێکقرمابێ وابوو. لەبن لێویدا بە خۆی دەگوت؛ چ دەبیسم خوایە؟ کوردو شتی ئاوا؟ ئاخری نەم توانی پێش بەو بەڕەڵلاییەی بنەماڵەی خۆم بگرم کە نێویان لێناوە ئازادی. کوا ئەوە ئازادییە؟ سووچی خۆمەو دەبێ نفرین لەخۆم بکەم. دووجاری لەگەڵدا نەنیشتم پێی بڵێم؛ ڕۆڵە گیان حەیاو حیصمەت شتێکی باشەو ئێمە ئوروپایی نین دەبی داب و نەریت و ڕی و شوێنی خۆمان ڕەچاو کەین. ئەو ئازادیەی لە ئوروپا هەیە، لە خۆیان جوانەو ئێمە لێی نازانین و لێمان ناوەشێتەوەو ئابرووی خۆمانی پێ دەبەین. پێمان وایە ئازادی یانی ئەو بەڕەڵلاییە. نا ئازادی بەشتێکی دیکە دەڵێن و دەبی کەڵکی باش لەئازادی وەرگرین. ئاخێکی هەڵکێشاو سەری هەڵێنا. لەوکاتەدا هەوری کە وەدرەنگی کەوتبوو، سوور هەڵگەڕابوو، بە توندی گوتی:

– ئاخر درەنگە بابە، ئەو کوڕە چاوەڕوانیم دەکا. ئێستا وابیردەکاتەوە بەڵێنی خۆم نەبردۆتە سەر. ئەگەر دەمبەی هەستە تا درەنگ نەبووە. ڕاوەستاو چاوە ڕوان بوو هەستێ، بەڵام بابی وەکوو کەوتبێتە نێو دەریایەکی بێبن وەخۆ نەدەهاتەوە.

هەوری ئەو جار زۆر نەرم و بە لەسەرە خۆیی، گوتی:

– ئەرێ بابە! بۆ نێوچاوانت لێ تێك ناوم دەڵێی گەمیت لێ وەرگەڕاوە! ئەگەر وەكوو بابی ئێوا لەگەڵم جووڵابایەوە چتدەكرد. هەموو حەوتوان كچەكەی دەگەیەنێتە دیسكۆی نێو شارو ساڵی چوار پێنج جاران دۆستی كچ و كوڕی بانگێشتن دەكات و بەزم و ڕەزمیان بۆپێك دێنێ، وەكوو تۆ نێوچاوانیشی تێك نانێ. هەوری وەكوو كچێكی ڕووناكبیر درێژەی دایە: دیارە هەموو نەتەوەیەك كلتوورو نەریتی تایبەتی خۆی هەیە دەبێ ئێئێ زمانی تێكهاڵاو گێڕایەوە. ڕاوەستاو هەردووكیان چاویان تێك بڕی و بێدەنگ بوون. هەوری دیسان درێژەی بەقسەكانی داو گوتی: سەیرە! كاتێ لە گەڵ پیاوان دەكەویە باس و وتوو وێژ، بودێموكرات بوون كەس نایان گاتێ، لەماڵێشدا ئەگەر یەكێكی وەكوو من شتێكی گوت، دەكەونە باری عەشیرەتی و هەموو شتێك لەبن پێ دەنێن. پیاوی دێموكرات و ئازادیخواز دەراوسێی تەنیشت مانە، كاتێك كچەكەی لەگەل ڕەفیقەكەی دێنەوە، بابی بەرەو پیریان دەچێ ماچیان دەكات. دەیانباتە ژوورو دەرگایان لەسەر پێوە دەدا بۆخۆیان . . . ئەتۆش بێ بەلابی، خۆتگرژومۆن دەكەی پێت وایە دنیا ڕووخاوە! وڵڵا دەنا منیش بەتەما بووم شەوێك ڕەفیقەكەم بێنمەوە ماڵێ، یان بچمە ماڵی ئەوان بۆخۆمان رابوێرین. وام پێ باشە ئەو شتەی نێوت لی ناوە حەیاو حیصمەت تووڕی هەڵدەی و ئەو سنوورە نهێنیە بشكێنی. بۆ ئەوەی ئیسپاتت كردبێ بڕوات بەدێموكڕاسی هەیە. تۆش بۆ وەكوو خەڵكی ئێرە بەڕاست و دروستی نایە مەیدان؟ ئیدی دزی و فزی بۆچییە بابە؟

بابی وەك بەرق گرتبێتی، لە جێی خۆی هەستاو پڕ بەزاری تفێكی دەنێوچاوانی هەوری كردو دانیشتەوە.

هەوری تفی دەموچاوی ئەستڕیەوەو لە ڕاستخۆی دانیشت و لەسەرە خۆ گوتی: بابە گیان! ئەگەر پرسیارێكت لێبكەم وەڵامم دەدەیەوە؟ یان دیسان

تووڕە دەبی‌و خۆت قەڵس دەکەی و وەڵامم بە تف لێکردن دەبێ ؟

بابی کە تاوێك لەوەپێش بەخۆی دەگوت، دەبێ وتوو وێژی لە گەڵ بکات‌و شوێنی لەسەر دانێ، ئەو پێشنیارەی پێخۆش بوو. لە وەڵامدا گوتی؛ ئەگەر وەکوو کچێکی ئاقڵ‌و هێژا باسم لە گەڵ بکەی گوێت بۆ دەگرم. هەوری فرسەتی باشی بۆ ڕەخسابوو. گوتی؛ ئەڕێ بابە! ئەو حەیاو حەدەب‌وکلتوورەی هەمیشە باسی دەکەی، هەر بۆ ژنە، یان پیاویش دەگرێتەوە.

ڕۆڵە گیان! کاتێ باسی کلتوورو نەریت دەکرێ، باسێکی کۆمەڵایەتییە، ئیتر ژن‌و پیاوی نییە. هەم بۆژنە، هەم بۆپیاوە.

– باشە بابە گیان! ئەگەر گەورەی ماڵ گوێی نەدا بەو کلتوورو نەریتە خاوێنەی لای خۆمان چی؟ مرۆڤ دەبێ چ‌بکا ؟

– وەڵڵا ڕۆڵە هەرکەس بێ، دەبی بەردە باران بکرێ.

– ئەدی ئەگەر دەسەڵات نەبوو چی؟

– با چووکە وتەی حەقی خۆی باس‌بکا ، ئاخری شتێك بەشتێك دەکا .

ئاخر بابەگیان ! دەترسم باسی بکەم وەکوو خۆم لێ نەیەتەوە، یان تفی سەر بەرەو ژووربێ وەخۆم کەوێتەوە. بابی بەگوێ لیبوونی ئەو پرسیارە لە خۆی دەشك کەوت‌و زمانی تێك هاڵاو گوتی: ڕۆڵە تۆ دەتەوێ باسی کێ بکەی؟

هەوری ماوەیەکی دوورو درێژبوو دەیویست ئەوەی لە دڵی دایە هەڵیڕێژێ‌و ئەو کوڵەبارەی قورسایی هاویشتبووە سەرشانی، لەسەر خۆی سووك بکات. ئاخێکی هەڵکێشاو فرمێسکەکانی بەلاڕوومەتی جوانیدا هاتنەخوارو گوتی:

– ئێستا لەسەر ئیزنت لە گەڵ تۆمە بابە! گوێ بگرەو لە شتی ڕاست‌و ئەو ڕووداوانەی لە بارەی تۆدا دیومن، تکایە هاشایان لێ مەکە. ئەوەندە بزانە بوختانت بۆ هەڵنابەستم‌و هەرچی باسی دەکەم بەڵگەم هەیەو دەزانم

خەریکی چیو چدەکەیو چۆن لە گەڵ ئەو سەڵیتانە شەوو ڕۆژ ڕادەبوێری . ئەگەر گوێشم بۆ ناگریو لە بەڵێنی خۆت پاشگەزی، ئەوە شتێکی دیکەیەو دەسەلاتم نییە . بابەگیان ! ئێستا کە ئەو قسانە دەکەم، وەکووگوشتم لێکەنەوە وایە، بەلاّم پێویستە پێت بلێمو تۆش گوێم بۆ بگری . هەوری بێ برانەوە درێژەی دا بە قسەکانیو گوتی : دەمەوێ ئەو ڕۆژەت وەبیر بێنمەوە کە چوویە ماڵی ئەو ژنەی ڕوو بەڕوومان شەو درەنگانێك هاتیەوە ماڵێ کە منو دایکم لە داخی ئەوکردەوەت خەومان لێنەدەکەوت . تۆ بەمن ناڵێ ئەوماڵەی چوو بووی، جگە لە لوو لووی سەڵتو جوانوجحێل کێی دیکەی تێدا دەژی؟ تۆ چوو بوویە لای کێ؟

حەوتووی ئەولاتر ماریا لە ماشێندا لە تەنیشتت دانیشتبوو، برتەوە ماڵێ شەوێش لە وێ مایەوە . بەمن ناڵێی بابەگیان! شەوێ لە ماڵی کەسێکی سەڵتو قوڵت چت دەکرد ؟! هەوری فرمێسکی هەڵدەوەراندو درێژەی بە قسەکانی دەدا ؛ دوێنێ لە فروشگا تووشی کیکیبووم کاتێ منی دیت، بەگەرمی لە تۆی پرسی ؛ من لێم پرسی بابم لە کوێ دەناسی؟ وەلاّمی داوە و گوتی ؛ بابت دۆستی منەو یەکترمان خۆش دەوێ چونکە منیش مێردم نییە! وام بۆدەرکەوت لە لای ئەویش گوتووتە ژنم نییە . کاتێك من گوتم بابم ژنی هەیەو دایکم لە تۆش جوانترە . گوتی وادیارە باوکت زۆر دروزنە، بابت بەمنی گوتوە ژنم نییە ڕبەنم!

هەوری درێژەی بە قسەکانیداوگوتی : ئەوانە شتێکن لیت ئاشکرا بوونە . هەر خۆتدەزانێ کە داخوا چەند فڕوو فێڵیدیکەت لەبن سەریدایەو چیترت کردووە ؟

بابەگیان! منو دایکیشم دەزانین، ئەو کردەوانەی تۆ دەیانکەی لە گەڵ کلتوورو نەریتی کوردەواری نایەنەوە . ئێمەش دەزانین ئەو حەیاو حیصمەتەی تۆ باسی دەکەی، شتێکی جوانەو هەر ئەویش لە کوردان

دەوەشێتەوە. بەڵام دەبێ پیاویش ئەو کلتورە جوانە بپارێزێو ڕێزی بۆدانی. من تۆ ئاوا دەبینم کە هەموو شتێکت لە ژێر پێ ناوەو زووخاوت بەو دایکە بەحیاو حیصمەتەم هەڵێناوە. هەموو کەس دەزانێ ئەو کردەوانەی تۆش لەگەڵ ڕەوشتی خاوێنی کوردانە نایەتەوە. ئەگەرهاتوو کچێکی وەك منیش پێی خوار دانا، هەزار *بەیتوو باڵورەی* بو هەڵدەبەستن. پێتوانییە کردەوەی پیاوانی وەکوو تۆن، کچانی لاو لەڕێگای ڕاست هەتلە دەکەن؟ هەر بابی وەکوو تۆیە منی لاوی بێ ئەزموون بۆلا ڕێ ڕادەکێشێ. ئەوکلتوورو نەریتەی جوانەی کوردەواری کە تۆ باسی دەکەی، بە کچێکی وەك من خراپ نابێ، بەڵام ئەو پیاوانەی وەکو تۆن کە خۆیان بە پێشڕەوی کۆمەڵ دەزانن، داب و نەریتو کلتووری کۆمەڵگا دەشێوێنن.

بابە گیان! دەبێ ئەوەم لێوەرگری کەهەر تاوانێك بکرێ لە پێشدا گەورەکان دەگرێتەوە. منو ئەوانەی بێئەزموونی وەك من، یا ڕوونتر بڵێین؛ ئەوانەی لێرە لە ئوروپا گەورەبوون، شارەزای فەرهەنگو دابو نەریتی لای خۆمان نین. ئەوە ڕێوشوێنی کەسانی وەکوو تۆیە، لاوانی وەکوو من ڕادەکێشی کە بەدوای شتی دزێودا بڕۆم. دەبێ ئەوە بزانی بابە گیان! تا تۆی خاوەن ژنو منداڵ نەبینم کە سەروکارت لەگەڵ ژنانی سەڵیتەی وەکوو: لوولوو، کیکی، ماریا، دا هەیەو ژنەکەی خۆتی پێ وەرەمدار دەکەی، من ناچم نەریتی خۆمان لەکەدار بکەم. ئەوە ئێوەن پێشڕەون، ڕێگای دزێو بۆ ئێمەی بێ ئەزمون هەموار دەکەن.

هەوری ئەوەی دەیزانیو هەرچی لە دڵیدا بوو، هەڵیڕشت. فرمێسکی لاڕوومەتەکانی ئەستریەوەوگوتی: هیوادارم بم بەخشیو پەند لەقسەو تێبینیەکانم وەرگری. زۆر سوپاس بۆ گوێ گرتنت بابە گیان.

بابی تاکۆتایی قسەکانی هەوری گوێی ڕاگرتو بێدەنگی خۆی پاراستو بەڵێنی نەشکاند. دوایی ئاخێکی هەڵکێشاو سەری هەڵێنا ڕووی

تێکردو گوتی:

رۆڵە هە وری! لە پێشدا خوم بە بەختەوەر دەزانم کە کچێکی ئاقلێ وەکو تۆم هەیە. دوهەم: ئەگەرئاقڵم هەبێ‌و خۆم بەپیاو بزانم، ئەوەندەی پێت گوتم بەسمە. بەڕاستی ئەوەی تۆ وەکوو مامۆستایەك بەمنت گوت، جێگای سوپاسە . بەڵێنیت پێدەدەم جارێکی دیکە، ئەو شتانەی کە لەگەڵ کلتوورو داب‌و نەریتی باشی خۆمان دژایەتی هەیە، نەچمەوە سەریان‌و ببم بە بابێکی باشی دڵخوازی تۆ. هەوریش گوتی: بابە گیان ! منیش لەسەر پێشنیاری پیشووی تۆ کە ئاسۆ داوای کردبووم ، هەر ئەوشەو نامەیەکی بۆدەنووسم‌و ڕازی‌بوونی خۆمی پێڕادەگەیەنم . واتە: منیش بەڵێن دەدەم ، کوردانە مێرد بکەم‌و، واز لە دیسکۆ بێنم .

# ئاواتی وەدی نەهاتوو!

ماوەیەکی دوورو درێژ بوو کاکە سەلۆ تەمی خەمناکی بەسەرکشابوو. بە وتەی خۆی، وەڕەزی هەمووگەی لەشی داگرتبوو. دیارە لە خۆڕا کۆڵی بە خەم و پەژارەوە هەڵنەگرتبوو. بە هۆی پلانی زۆر، تووشی خەم و پەژارە ببوو. بەلاّم پلانەکانی بنچینەیان نەبوو. چونکە دەبوایە؛ پێش ئەوەی پلان و بەرنامە بۆئامانجی تایبەتی خۆی دابنێ، پێویست بوو دڵوو دەروونی خۆی بگۆڕێ.

زۆر جاران بەخۆی دەگوت؛ نازانم گرێپووچکەی تەنیا ئاواتێکی کە هەمە، چۆنی بکەمەوەو بەچ لەونێك بە ئاواتی خۆم دەگەم؟ لە خۆڕا کۆڵم بەو گیرو گرفتانە هەڵگرتووە، ناچم لەگەڵ هاوڕێیەك باسی بکەم و داوای یارمەتی و هاوبیری لی بکەم و لانیکەم لەگەڵ کەسێکی زانا کەندو کۆسپی خۆم بێنمە گۆڕێ.

نا، نابێ ئەو ڕێگایە بگرمەپێش و، ئەم و ئەو لە پلانی خۆم ئێ بگەیەنم. زانای چی و کەسی چی، نابێ کەس تێم بگا. کوا هەڤاڵی وا دڵسۆزکە بتوانێ سرو ترو نهێنی ڕابگرێ؟ لە کۆنەوە گوتوویانە: قسە بکەوێتە زارێك دەکەوێت شارێك. بۆخۆم لە خەڵکی ئاقڵترو سیاسی ترو زیرەکترم، چکارم بەم و بەو داوە. جارێ با تاقیکاریەکی دیکە بکەم با بزانم ...

هایهوو، هایهوو، تاقیکاری چی و شتی چی! من لەکوێ و کاروان لەکوێ. یان باشترە بڵێم: کەرلەکوێ کەوتووەو کوندە لەکوێ دڕاوە؟ بەکوردی وکورتی، سەلۆ! زۆری بیر لەو ئاواتەی خۆی دەکردەوەو خەم و خەفەتی پێوە دەخوارد. سەرئەنجام شەوێك لەگەڵ هاوڕێی خۆشەویستی کاکە سەیدۆ کەوتنە لای یەکترو دەستیان کرد بە وتوو وێژ. قسەیەك لەم

لاو، شتێك لەولا. تا سەلۆ بەوەگەیشت پرێسکەی دڵی خۆی لە گەل سەیدۆ بکاتەوە. دەستیانکرد بە ڕاوێژ، سەلۆ! دوای پێشەکی بۆقسەکانی، پرسی؛ ئەرێ سەیدۆگیان! لێم بە ئیراد مەگرە پرسیارێکت لێدەکەم. بەڵکوو بتوانی ڕێنوێنیم بکەی، بەمەرجێك نهێنی بێ و باس نەکرێ.

– سەلۆگیان! منو تۆجگەلەوەی خزمین، سرو تریشمان یەکە. لەلایەکی دیکەشەوە منو تۆ لەحاست یەکتر بەڵێنیئەخلاقیمان هەیە. تکایە سەلۆ، هەرچی هەتەو لەدڵت دایە بی فەرموو.

سەیدوگیان! ڕەنگبێ لێکدانەوەو بۆچوونەکانمان جیاوازیەکی وایان نەبێ، بەلام لە شتێکدا تۆ ئەزموونت لەمن پترەو لەو بارەوە ئەگەر بکرێ، ڕێنوێنیم بکەی سوپاست دەکەم. بفەرموو بزانم ئەوە چۆن بوو تۆجارێك لە کۆنگرە دەنگت هێناوە؟ پێم بلێ بەڵکوو منیش جارێك دەنگ بێنمەوە.

کاتێك سەلۆ، ئەو پرسیارەی لەسەیدۆ کرد، جگەلەوەی سەیدۆ چاوەڕوانی ئاوای لە سەلۆ نەبوو، زۆریشی پێ سەیربوو. پاشان ئاخێکی وای هەڵکێشا بۆسۆی لێهەڵدەستا، لە نێوچاوانی دەخوێندراوە بۆخۆی لە سەلۆ ئاواتەخوازترە کە جارێکی دیکە دەنگ بێنێتەوەو وەکوو پێشووی لێ بێتەوە. برێکی تامی دمو پلی خۆی خۆشکردوپرسی: بۆچما سەلۆگیان! تۆ ئەوەندە ئاواتەخوازی کە بۆت بۆتە ئاخو داخو مەسەلەی ڕۆژ؟

لە نێوخۆماندابێ سەیدۆ گیان! باوەڕم پێ بکە، ئەوەندەم بیرلێکردۆتەوە، وەختە لە سوێی ئەو پلەو مەقامە شێتو ماخولیابم وەشاخی کەوم. وەهام ئەو ئاواتە چوتە مێشکییەوە گەلێك شەوان خەونی پێوە دەبینم.

بەگوێ لێبوونی ئەو ڕاستییە سەیدۆ، پێکەنیو پرسی؛ خەونی چۆن؟

– چت بۆ باس بکەم سەیدۆ؟ کورە دەبم بەئەندامی ناوەندی، دەبم بەبیرۆی سیاسی، دەبم بەجێگری سکرتێر، باوەڕ بکە جاری وایە،

یەکسەردەبم بە سکرتێری گشتی. ئای لەو خۆشیوگەورەییە سەیدۆ! ئای لەو سەڵتەنەتە! لەخەونەکانمدا ئەوەندە سەرخۆش دەبم لە خۆشیان وەخەبەر دێمو "ریسەکەم لێ دەبێتەوە خوری. وەرە مەردو مەردانە سەیدۆ لە ڕێنوێنی خۆت بێبەشم مەکە.

کورە ڕێنوێنی چیو شتی چی سەلۆگیان! ئەگەر بەو ڕێگایەم زانیبایەو ڕووناکیم شك بردبایە، چارێکی خۆم دەکرد و لێنەکەوتم ئاوام بەسەر بێ.

– دەی باشە پێم بلێ بزانم چۆن بوو هەوەڵجار تۆ توانیت دەنگ بێنیەوەو بەو مەقامە خۆشە بگەی؟ یان پێم بلێ بزانم لە بەرچی بوو دوا جار دەنگت نەهێناوە؟

ئای سەلۆگیان چەند فەقیری، برای من کوا دەکرێ ئێستاو ئەوکات لێك دەینەوە. چەند ساڵ لەوەپێش لە گەڵ ئەوساڵانە، نابێ هەڵسەنگێنی. کاتو زەمانو هەلومەرجی ئێستاو ئەودەم لێك جیاوازن. ئەوکاتی کە من خۆم بۆهەڵبژاردن دیاری کرد، دەنگم بدەنێ، هەڵڵاو بەزمو پشێوی بوو، کەس منی نەدەناسی کەچۆنمو چکارەم و لە چ چینێکم. تەنانەت نێوی خۆشم گۆڕیبوو. جگە لەوانەش سەرۆك پشتیوانی لێکردمو بەخەڵکی ناساندم. تۆ دەزانی سەلۆ دوای هەڵبژاردنم ئەوانەی دەنگیان دابوومێ ناسیانمەوەو زانیان بالتۆی خوری مەرم لەبەر کردووەو هەر دەرەوەم گۆڕاوە. بابم بە خوای سەلۆ! ئەو خەڵکە زۆر زیرەكو پیتۆلن، دەزانن دڵو دەروون ناگۆڕێو، ویستو داخوازیان بە مشەمشو دەست لە کەلەکەنانو خۆهەڵکێشانی منو تۆ نایەتە دی. بە ناشکوری نەبێ ئەوەی لە جانتای منو تۆش دایە، نە بەکەڵکی ئەو خەڵکە دێ، نەکریارو لایەنگری هەیە.

– باشە سەیدۆگیان! تۆ بەمن نالێی ئەو خەڵکە چکاریان بە نەشتەرگەری نێو زگی ئێمەو مانان داوە؟ بۆدەیانەوێ دڵو دەروونی ئێمە بگۆڕن؟ باهەڵمان بژێرن لە خۆیان پترکاریان بکەین. ئەگەر نەمان کرد

باجارێکی دیکە هەڵمان نەبژێرنەوە .

– هایهوو هایهوو، نازانم لە خۆتی دەگۆڕی، یان دەتەوێ من فریودەی؟ سەلۆگیان! ئەدی تۆ بەئەندامی ڕاویژ وەرنەگیرای؟ بەر پرسایەتی ناوچەیان نەدایەی؟ لە بیرت نییە لە ناوچە خۆت لە خەڵك هەلاوارد؟ لەبیرتە، لەتت کردن ڕیزی ئەوانیشت تیکدا ؟ ئێستاش هەڵلاو بەزمی تۆ بە داستان دەگیڕنەوە . ئەو هەلە باشەی بۆت هەڵکەوتبوو لیت نەزانی و لە خۆت تێکدا .ئێستا ئاوات بۆسەرتریش دەخوازی جارێکی دی خۆت تاقی کەیەوە؟!

ئەرێ سەیدۆ تۆ خوا تۆ سەری خۆت ئەوانەت چۆن لەبیر ماون؟ من زۆرلەمێژە ئەوانەم لە بیر کردون، هەرگوێشیان نادەمێ. ئەو بەیتو باوەی باست کردن، هەموویان تەون و بەستی ڕەش و ڕووتی ناوچە بوون خۆشیان نەدەویستم. ئەدی بۆچی قەرەو قوتەی خۆم جارێك ڕەخنەیان نەبوو، ئەوەدە ڕازی بوون متەقیان لێ نەدەهات. پرسیارێکی دیکە سەیدۆ؛ مەگەر لەڕوانگەی تۆوە بەرپرسایەتی بۆیە نییەڕەش و ڕووت سەرداخەن فەرمانبەرداربن؟ جائەگەر لەکۆبوونەوەدا دەنگیکم هەبێ، ئەوە چ بەرپرسایەتییەکە، بەزیادم نەکرد مەسئولیەتی ئاوا. جا پیاو نەتوانێ زللەیەك لە یەکێ بدا، یا لەسەر زماندرێژی و ڕەخنەگرتن دووکەس تەمبێ نەکا، ئەوە چ بەرپرسایەتیەکە ؟ بچم بۆخۆم ئەسپ زین کەم وئەوانیش تێم ڕامێنن، داخوا ئەوە چییە دەنگیان داومەتی و دیموکڕاسی دەپارێزرێ! بەڕاستی سەیدۆگیان من کە دەمەوێ دەنگ بێنمەوەو لە ڕێبەرایەتی دابم، بۆیە م نییە هەمووکەس بە چاوێك چاو لیکەم، بۆیە مە خەڵك لە بەردەستمدا فەرمانبەرداربن. ئەگەر هەر لەڕیزی ڕەش ڕوتان بم، ئەو بەرپرسایەتییەم بۆچییەو پلەی ئاوا چ نرخێکی هەیە ؟

سەلۆگیان! ئەگەر دەڵێم ناسیویانین، لەخۆڕا واناڵێم ٠ بۆیەگوتم؛

جاریٚکی دیکه تاقی‌کاریمان لەسەر ناکەن‌و دەزانن ئیٚمە چ زاتیٚکین.

لەو کاتەدا هاوڕیٚ مەمۆ! دەچیٚتە ژوورو بەبزەیەکی دۆستانە پیٚیان دەڵیٚ: بم بوورن گویٚم لە توو ویٚژەکەتان بوو. مەبەستی خراپم نەبوو، خەریکی پشوودان بووم. دەمەویٚ بڵیٚم منیش بیرو ڕای سەیدۆم هەیەو پەسندی وەتەکانی دەکەم. بەڕاستی باشی تیٚگەیوە، مرۆڤ لەکارو باری سیاسیدا نابیٚ خۆی فریوبدات‌و پیٚی وابیٚ لە کەسانی تر ئاقڵتروزاناترە. ئەی ئافەریم سەیدۆ بۆ ڕاستگۆییت.

کاتیٚ سەلۆ زانی مەمۆ هەموو شتیٚکی گویٚ لیٚبووە، نیٚوکی کەوت. دوو زەرەری کرد بوو. هەم، لەگەڵ سەیدۆ هیچی دەست نەکەوت، هەم، زانی پەتەی دەکەویٚت سەرئاو ئاواتەکەی ئاشکرا دەبیٚ. ویستی کوولٚووکۆی خۆی بە مەمۆ بڕیٚژیٚ، بەلاٚم زوو لیٚکی‌داوە بیٚ‌سوودە. ئاخری خۆی بۆ ڕانەگیرا بە قەڵسی گوتی:

نازانم مەمۆی چەپ‌وچیر، بۆچی بیرو ڕای خۆی لە سەر من دەردەبڕی؟ لیٚم پرسیوی؟ بڕوام پیٚتە؟ خۆشم دەویٚی؟ تۆبوچی هەڵدەدەیەی؟ هەرتۆ و پیاوی وەکوو جیٚگایان بەمن لیٚژکردووەوە خویٚنی منیان لە پیٚش چاوی ئەندامان‌و خەڵك تاڵکردوە. دەنا لە تۆ خویٚندەوارترو زاناو داناترم. نازانم بۆ دەبیٚ پیاوی وەکوو تۆ دەنگ بیٚنیٚتەوە؟ کەچی من سەرەڕای پشتیوانی سەرۆك دەنگ نایەنمەوە. تۆخوا ئەوە دادپەروەری‌و ئینسافە؟

مەمۆ کە زانی توورەو وەڕەزە هاتە پیٚش‌و دەستی هاویشتە سەرشانی دڵخۆشی داوەو بەزەردەخەنەوە گوتی؛ نیگەران مەبە نهیٚنیەکانت دەپاریٚزم. لە بارەی پیٚشنیارەکانیشت هاوڕیٚ سەیدۆ باشی بۆ شکردیەوە، بۆ مرۆڤی تیٚگەیشتوو ئاماژەیەك بەسە. شمشیری چەپیش کۆن بووەو نابڕیٚ، لە من‌و کەسانی تری وەکومن مەترسیٚ، ئەگەر تۆ بەدڵ خەریکی کارکردن بی، هیچ کەس ناتوانیٚ خویٚنی تو لە پیٚش چاوان تاڵ بکاو جیٚگات پیٚلیٚژ بکات.

با لەو شتانەش گەڕێین. تۆکە ئێستا لەدەرەوەی و بۆ پلەو مەقامێکی کە بۆ خۆت باس دەکەی دەڵێی بۆی ماخولیا بوومە دەستم ناکەوێ، لەداخان بەجێت هێشتووین و ڕەگەڵ ئەولا کەوتووی، سەت ماشەڵلا بۆ *چاووڕاویش* تۆزت ناشکێنین. ئێستا بەئاواتی خۆت گەیشتووی و جێگات باشە، نیگەرانی چی؟

خۆ بەڕاست دەکەی، زۆر لە پێشم. جاروبار لە پتەشیان دەردەچێ و بەقسەشم دەکەن. پێم وایە پیاوی وەکوو منیشیان تێدا نییە، بەلام لە پێش برکێدا لەوێش هەر لەدوایەم و ناگەمە هەمقەتارانم .

لەهەوەڵەوە باش دەچوومە پێش، دوایە شانسم نەبوو، وردە وردە پشتیان تێکردوم ئەوانەی دوای منیش هاتوون وە پێشم کەوتوونەتەوە ئێستا بەرپرسایەتی گەورەیان وەرگرتووە .

هەرچەند بڕوات بە من نییە سەلۆگیان ، لەخۆڕا پێتوایە من چەپم، بەلام بە گوێم بکە ؛ ئەو جیگا نە رمانو باشەی وەگیرت کەوتووە لە کیسی مەدەو لەو شوێنە مەبزوو. خۆ ئەگەر لەوێ بەرپرسایەتیشت نەبێ، بەس نییە تێرو پڕ لەنێو شاشەی TV دا خۆت هەڵدەکێشی کەس نییە پێت بلێ پشتی چاوت برۆیە .دەیجا لەوەندەی هەشی، بە ئاخری عەمرت ، خۆ زانا ترفیری لێکدانەوە نابی .

# دادگای بە بەرنامە !

ئاخوند خاڵخاڵ، بە سەرۆکی دادگا دیاریکرا. لە باڵخۆیدا تەمای گرتبوو، وەها ژەهری نێودڵیخۆی بە خەڵك بریژێ کە هەتادنیا دنیایە، لە مێژوودا ببێتە جیگای ئامانجی تف و نەفرینی خەڵك. بە تەواوی بڕیاری خۆیدا . هەر کە دانیشت، تەقکوتکێکی لە مێزەکەی پێش خۆیداو بە بسم اللا الرحمن الرحم، دەست پێکردنی دادگای ڕاگەیاند . نابراو پیاوێکی بەتەمەن داچووی نیزیك پەنجا شێست ساڵانەی ڕیش ماشو برنجی . زەلامێکی قوڵەخڕەی تێك سڕماوی نێوچاوان گنجاوی لووت باریك . بە جلی مەلایانە تەپلێکی ڕەشی ئاخوندی لەسەر . هەر بەو تەرزو ڕەوشتە دوو ئاخوندی تر، بەشێوەی وەزیری دەستەڕاستو دەستە چەپ ئەولاو ئەولایان گرتبوو. هەرچی ڕەیس گوتبای ئەو دووانە بەڵێ قوربانیان بۆدەگوت . لە نێوەڕاست دانیشت بوو سەرمیزەکەی هەڵدەوەژاردو لە بن لێویدا قسەی بۆ ئەوانی دیکە دەکرد . هەرجارێ ڕووی لەیەکیان دەکردو بزە یەکی ژەهراوی دە هاتێ. ئەوانیش بەزەردەخەنەوە، بەڵێ قوربانیان بۆ دەگوت. لەو لاوە سێ چوار کەسی تر، هەرکام سێ پەڕە کاغەزی نووسراویان پێ بوو پێشانی یەکتریان دەداو لە بن لێویاندا سرتوخورتیان بوو . ئەو سێ لاپەڕانە نێوی شەست کەس زیندانی تێدا نووسرا بوو کە بە دژی شۆڕش تاوانبارکرابوون. ئەو دوو سێ لاپەڕانە پەروەندەی شێست کەس زیندانی سیاسی بوو. هەرکام لە ئاخوندەکان پێنووسێکی بەدەستەوە بوو . چاوەڕوانی ڕەئیس بوون ئاماژە یەکیان پێ بکا تا ئەوانیش بەڵێ قوربانی بۆ بڵێنو بینووسن.

دەرگا کرایوە، دەنگی دەرگا کرۆماتی و بێدەنگی ژووری دادگای

شکاند. دوومامور زیندانیەکی کەلەبچەکراویان هێنا ژوورو بردیانە قەفەسی تاوان، ڕووبەڕووی بەڕێوەبەرانی دادگا دایان نیشاند. تابڵێی زیندانی‌یەکی جوانو ڕیش تاشراو ڕوح‌سووك بوو. بەهاتنە ژووری زیندانی، ئەوەی لەوێندەرێ بوون نموودیان نەما. وەڕەزی لە نێوچاویدا دیاربوو، دەیەویست بەو قیتو قۆزیەی هەیبوو نیگەرانی خۆی بشارێتەوە. وای پیشاندەدا کە ئەوانەی بڕیار دەدەن شایانی ئەو پلەو مەقامەنین، بەلاّم ڕووی زەمانە ڕەشبێ بێدەسەلاّتی‌یە.

ڕەئیس دادگا سرتەیەکی لەگەلّ ئەولاوئەولای خۆی کردو سەری هەلّێنا ڕووی لە بەندکراوی بەردەم خۆی کردو گوتی:

– تاوانبار حەمەلاس! جگەلەوەی چەکی دژی شۆرشی پێبووەو لە دژی ئیسلام تەقەی کردوە، لە نێوچاوانیشی ڕا دیارە پاسداری کوشتووە. دادگا ناوبراو بەخوا نەناسو کافر دەزانێو حوکمی ئێعدامی پێ ڕەوا دەبینێ. مافی بەرگریشی لەخۆی نییە. دەی پاسدارینە بیبەنەدەری یەکی دیکە بێنن.

حەمەلاس دەیویست چەند قسەیەك بکات نەیان هێشت. ئەوە هەزارمین جار بوو لەدادگاکان بە چاو قووچانێك، بێ شایەدو ئیسپاتو بێ‌بەرگری لەخۆ، بی پارێزگار، حوکمی ئێعدام بەسەر خەلّکی بێتاواندا بسەپێنن. حەمەلاس دەستی کرد بە درۆشمدانو دەیگوت:

– بڕووخێ زۆرداریو حوکمی قەرەقوشی. مردنو سەرشۆڕی بۆ ئێوەی خۆفرۆشو ترسەنۆك. چوونە بن پیلی و دەستیان بەزاریەوە گرتو بە ڕەکێش ڕاکێش بردیانە دەر.

بە دەرکی ئەولادا بەندیەکی دیکەیان هێنا ژوور. ڕەئیس‌دادگا گوتی. ئەوە مەردانی تاوانبارە، جگەلەوەی بلّێم بیبەن ئێعدامی بکەن، شتێکی دیکەم پێ شك نایە. بیبەنە دەر یەکی دیکە بێنن.

مەردان لە داخان سوور هەڵگەڕابوو. بەسەر ڕەئیس دادگای دا گوڕاندو گوتی؛ ئەوەیە مێژووی دووهەزارو پێنج سەت ساڵەکەتان، کە بە بەرێوەبردنی یاسای جەنگەڵ شانازی دەکەن؟ بۆ خەڵك ئیسپات بووە کە پێشکەوتنی ئێوە لە پیاو کوژیدایە . ئەوە فەرهەنگی ٢٥٠٠ ساڵەی ئێوەیە، کە کەریکی وەکووتوێیان هێناوە بە پێنج دەقیقە فتوای کوشتنی مرۆڤێك دەدەی. یاخوا ڕووت ڕەشبێ .

مەئمورەکان بەدەرگای باشووردا بردیانە دەرو بەدەرگای باکووردا زیندانیەکی دیکەیان بە نێوی لاوە! هێنا ژوور. لاوە، دووشەقەی لە بن هەنگل دابوو، بە یارمەتی ئەو شەقانەش زۆربەزەحمەت خۆی ڕاگرتبوو دەڕۆیشت . نێوچاوانیشی پانسمان کرابوو، وەوەی دەچوو دوای شکنجەیەکی زۆر هێناویانەتە دادگا .پێش ئەوەی بگاتە نێو قەفەس و دانیشێ، ڕەئیس قیژاندی پێویست بەدانیشتنی تاوانبار ناکا، من ئەزموونم هەیەو دەزانم ئەوکوڕە فڕی بەئیسلامەوە نییە، هەرچی زووتر دەبێ ئێعدام بکرێ. بی‌بنەدەر باچیتر کات مان نەگیرێ.

لاوەی زیندانی خۆی لەسەر شەقەی دەستی چەپ کۆ کردەوەو شەقەی دەستی ڕاستی هەڵسووڕاندو لەئاخوندی گرت. بەحەددێك توندو سەریعی ڕێهالاند، عەمامەی سەری ئاخوندی وەسەما خست. تاقە یەك قامك خوارتر مێشکی ئاخوندی دەهاڕی و ڕزگاری نەدەبوو. پاسداران بە پاڵەپەستۆ بردیانە دەر.

مەلاکان دەوری ئاخوندیانداو گوتیان ؛ قوربان تۆ چکارت بەو دەردی سەریە داوەو سەرئێشە بۆخۆت و بۆئێمەش پێك دێنی ! چ پێویست دەکا ئەو هەموو زیندانییە یەك یەك بانگ بکەیە ژوور، پێنج پێنج نێوەکانیان بخوێنەوەو فتوای خۆتیان لەسەربدە. ئێمەش بۆئەوەی لەگەڵ یاسا بێتەوەو نەڵێن یاسا بەڕێوە نەچووە ئیمزای دەکەین. بۆئەوەی چاویان بەدادگا

کەوتبێ، دوای ئەوەی بڕیاری خۆتدا، بفەرموو؛ بەدەرگای باشووردا بیان هێننە ژوور، بێ ڕاوەستان بە دەرگای باکووردا بیانبەنە دەر. با لەوێ بڕیارو فتوای بەڕێزتانی پێ ڕاگەیەنن و گوللەبارانیان کەن.

ڕەئیس بزەیەکی هاتێو گوتی؛ بۆچما ئاواش دەبێ؟!

بێ قەزابی قوربان، بۆ نابێ؟ کێ دەتوانێ بلێ نابێ؟ کێ خۆی لەمەسەلەی ئاوا وەردەدا بلێ نابێ؟! ئەوکارە لە هەموو مەترسییەکمان دوورەخاتەوە. بۆخۆت دەزانی ئەو کوردانە چاویان لە مردن و گوللە ناترسێ، تووشی بەلایەکمان دەکەن.

ڕەئیس دادگا ڕووی لە پۆلیس و پاسەوان و پاسداران کردوگوتی: پێشنیاری مەلایانی مسوڵمان و شارەزا لە شرعی ئیسلام ڕاستە. لە ئێستاوە شەش شەش بەو دەرگایەدا بیان هێننە ژوورو بەدەرگای تردا وەدەریان نین، بۆ ئەوەی لەباری شەرعیەوە جێگای پەسند بێ، چاویان بەژووری دادگا بکەوێ بە سە.

شەش کەسیان هێنانە ژوور، نێوەکانیان خوێندنەوەو بردیانەدەرو بڕیاری دادگایان پێڕاگەیاندن. لە حەوشی دادگا بوو بەهەراو درۆشمدان. گوڕڕەی بژی ئازادی، نەمان بۆکۆنەپەرستانی بەکرێگیراو کوچەو کولانی پڕکردبوو. لەوکاتەدا شەش کەسی دیکەیان هێنان. بەگوێ لێبوونی درۆشمدانی هەڤالانیان، تێگەیشتن کە حوکمی ئێعدامیان دراوەتێ. کاتێ وەژوورکەوتن، یەکسەرە هورووژمیان بۆ سەر ئاخوندان دەست پێکرد. بەلام ئەوەندەیان مەئموور تێخزاند بوو، دەستیان نەگەیشتە ئاخوندەکان و بردیاننە لای حوکم دراوەکانی تر.

مەلای دەستی ڕاستی ڕەئیس پرسی؛ قوربان چەند تاوانباری ترمان ماون؟ ڕەئیس چاوێکی بە لیستەکەدا خشاندو لە بن لێویدا بەخۆی گوت؛ کاری حیسابکردن نییە مرۆڤ بلێ چەند کەس ماوە، پیاو شەرم دەکا

باسی بکا . قەساب ئەوەندە مەڕسەر ببڕێ شێت دەبێ. سەری هەڵێنا ، وەڵامی داوە گوتی :

زۆرن ، بەو زووانە کۆتاییان نایە. لیستی ڕۆژەوی ئەورۆمان هێشتا نیوە نەبووە. ئەوەی ماوە بەکورتی ئەوانەن؛ کورد ١٧کەس ، کوردی بلوچی ٧ کەس، تورکمەن ٢کەس ، عەرەب ٥کەس ، ئازدری ٦کەس. لە نێو ئەوانەدا ٢٨ کەسێك بە تاوانی بەهاییو تاغوتیو ساواکی گیراون٠ بێجگە لەوانەش بەندیخانە ی ژمارە ٩ نامەی ناردووە جێگای زیندانیەکان تەنگەو جیگایان نابێتەوە. چل ٤٠ کەسیان ناردوە ئێستا بەڕێوەن دەبێ ئەورۆ لە کۆڵیان کەینەوە . بەندیخانەی ژمارە ٢١ سەر لە بەیانی گیراوی تریان بۆدێ. هەروەها بەند یەکانی زیندانی ئەوین جێگایان سەخڵەتە، بۆوەی ئاژاوە پێك نە یە، زوو دەبێ حوکمیان بدەینوکەم بکرێنەوە.

بۆهاسانکاری کاربەدەستان، پێویستە ئێمە ڕۆژانە٤٠کەس لە لیستی ڕۆژانە مان زیادبکەینو بۆ دنیای تر بەڕێ بکرێن. گوشار لەسەر دادگاکان زۆرە، ڕۆژ بەڕۆژ گیراوی بەندکراو زیاد دەبێ. میری بڕیاری داوە لە چوار شوێنی دیکە ، دادگا بۆکەم کردنەوەی زیندانی دابندرێ. هەر ئێستا پییان ڕاگەیاندم ، بەیانی ١٠٩زیندانیتێکەڵاو لەنەتەوەکان دەنێرن کە هیچیان پەروەندەیان نییە ، چونکە وێڕا نەگەیشتوون پرسیاریان لێبکەن، تەنانەت لیستی نێویشیان نییە . بۆئەوەی کاتمان نەگیرێ، هەرئاوا یەکجێ فتوای کوشتنیان دەدەین بابڕێك سەرمان سووك بێ ، وێگراش چال بکرێن . بەکورتی ئەوە بەرنامەیەکی شەش مانگییەو دەبێ بەتەڕدەستی جێبەجێ بکرێو ، وڵات لە دژی شۆرش پاك بکرێتەوە ، میری هەناسەیەکیئاسوودە هەڵکێشێ .

لەوکاتەدا، پاسەوانی تایبەتی ڕئیس ، چووە بن گوێیو پێگوت:

– قوربان! باوکی تاوانبار. . . . هاتووەو یەك میلیۆنی هێناوە، نەکەی

لەدەستت دەرچێ‌و فتوای کوشتنی بدەی ٠ ڕەئیس سەری لەقاندو گوتی؛ بەڵێ بەڵێ دەزانم حوکدان بەپەلە نابێ. مەلاکانی دەورو بەری تێگەیشتن چ باسەو دەبێ‌چی بکەن. ڕەئیس کە هەستی پێکرد شتێکی لێ حاڵی بوونە. پێی گوتن؛ هاوقەتاران! خۆتان دەزانن، بەشی زۆری تاوانباران، دەکرێ لەدوورەوەش بڕیاریان لەسەر بدەین‌و کۆتایی بە تەمەن‌و ژیانیان بێنین، بەلاّم *تاق‌و لۆقیان* تێدایە، پێویستە لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەین‌و نابێ لە هەموویان پەلە بکەین، پێویستە بیان ناسین و بزانین کێن؟ ئێمەش زەحمەت دەکێشین‌و ماڵ‌و منداڵمان هەیە.

ئاخوندەکان بۆنی ڕیشوەتیان بۆهات‌و قوشقی بوون، وێکڕا گوتیان: بەڵێ قوربان فەرمایشتەکانت بەتەواوی ڕاستن. دەبێ وەك یاساناس لەڕووی بەرنامەوە بچینە پێش. بێتو پەلە بکەین، ڕەخنەمان لێدەگرن‌و ئاشناو ڕۆشناگلەیی‌مان لێدەکەن. جارو باریش دەکرێ *بەجەلە* سەر بە نیست بکرێن.

ڕەئیس کەزانی تێگەیشتوون‌وهەست بە پارووی چەور دەکەن، ڕێگای بۆ هەموارتر بوو. کە خاترجەم بوو گرێ‌و گۆڵی لەسەر ڕێگا نەماوە، پێی‌گوتن: ئەو جار دەتوانم بڵێم،کاروبارمان بەڕێکوپێکی ئەنجام دەدرێ. ئێوەش دەتوانن هەم بەخۆتان ڕابگەن، هەم باشتر بە فریای خزم‌و ئاشناو ڕۆشنای خۆتان بگەن. لە هەمووی ئەوانەش باشتر: دادگا لەڕووی بەرنامەوە دەچێتە پێش..

## ئەرێ خەج! تۆسەری خۆت چ نێرەجاشێکم ؟!

بەبالاّبەژنی مرۆڤ ئاوێنیك بە قەدی دیواروە هەلاّوەسرابوو. کاتی لە پێشی ڕادەوەستای سەرلەبەری بەژنی خۆت تێدا دەدیت. ئەوێ ماڵی عەبدۆ بووکە بۆیەکەم جار شتێکی ئاوایان بە خۆیانەوە دەدیت. عەبدۆ چووە پێش ئاوێنەو چاوێکی بە خۆیدا خشاند. بزێکی هاتیو دەستی کرد بەقەدەم لێدان. ئەوجار دەستی دەبەرکەلەکەی ناو دیسان چاوێکی لە خۆی کردەوە. دوایەدەستێکی لە سەرسینگیدانا و، دەستێکیشی بەسەرو سمێلیداهێنا، تێرو پڕی لە خۆی ڕوانی. جووتێك فیشەکدانی لە خۆیدا بوو، دووقەدیشی بەئەولاوئەولای سەرشانیدا بەردابۆوە. خەنجەرێکی۳ گۆی دەسكسپی لەبەرپشتێنی خۆی ڕاکرد بوو. بە ڕێكو پێکیو بۆشناغبوونی تەواوێك نیشەی بزووت بوو. پاشتێوە ڕامانێکی زۆری خۆی، لەتەپڵی سەری ڕا تا گەیشتە کەوشە بریقەدارە بۆیاغ کراوەکانی، لەنێوئاوێنەدا بەخۆیدا هاتەخوار. دوایە چاوێکی بە دیواردا خشاندو تفەنگی برنۆی هەڵواسراوی خۆیدیت، کە ڕۆژی پێشتر لە جەوەراغای سەرەكجاشی وەرگرتبوو. ڕووبەڕووی ڕاوەستاو بڕێکی تێوەڕاماو گوتی؛ دەك دەبەر سێرەو پەلاپیتکەتمرم. بەخوای بابە برنۆ تفەنگی چاکە، بە مەرجێك مرۆڤ نەترسیو تەقەی پێبکا. لە نێو چەکاندا بڕوا ناکەم لە برنۆ باشترو دوورهاوێژتر ئەنگێوتربێ. دەیویست پتری پێ هەلاّبلێ. لێی چووەپێشو گوتی؛ یاخوا جەوەراغای سەرۆك ؟ لە سەرۆك ڕاوەستاو بە خۆی گوت؛ ڕاستە جاران بە سەرۆك جاش ناوم دێنا، جێگای خۆی بوو، بەلاّم ئێستاکەمن لەلای ئەو نێوم نووسیوەو چەکم لێوەر گرتووە، ئەگەر ئەو سەرۆك جاش بێ، بێشك منیش ؟ ڕاوەستا دڵی نەهات بەخۆی بلێ جاش! چاوەکانی کزبوونو فرمێسکی لەچاوەکانی هاتنەخوارو دەستی کرد بە نووکەنووك، بەدمگریانەوە بەخۆی دەگوت؛ ڕووی نەبوونی ڕەشبێ، دەنا منو جاش؟

من و سەردانەواندن بۆ ئاخوندی کەللە وشك. ئای نەبوونی سەرئەنجام عەبدۆشت حیزکرد کە لەبەر نەداری چەکی سەربەرزی پێشمەرگایەتی دانێ و بچێ ببێتە جاش. چەکی جاشایەتی هەڵگرم و بەخاتری تێر کردنی زگی منداڵەکانم گوللە بە هاوڕێی گیانی گیانی خۆمەوە نێم. ئای لەو خیانەتە، تف لە چاری خۆم. جەوەراغا کەسانی بێدە رووی وەکوو من بەکوشت بداو پارە وەسەریەك بنێ. ئای چۆن ڕووی خۆم لە نێو کۆمەڵدا ڕەش کرد! سەت بریا بەگوێی خەجێی ژنم کردبایەو ئەگەر بە نۆکەری و سواڵ و سەدەقە نەمرنەژی بۆ بژیوی منداڵەکان هەوڵی خۆم دابایە، سەت شەڕەفی بەسەر جاشایەتی یەوە هەبوو. خوزیا منداڵەکان سەرچۆك دڕاو پێخواس بان، بەڵام چەکی جاشایەتیم هەڵنەگرتبایە گوللە بە برای خۆمەوە نێم خەڵك تف و لەعنەتم بکەن.

پاش وەخۆ هاتنەوەو ڕاوێژ لەگەڵ خۆی، سوورهەڵگەڕاو بەرقەوە تفەنگەکەی فرێدا سەر نوێنەکان، چاوی بە دەسروکەکەی وشك کردەوەو دیسان بەخۆی گوت؛ بۆچما لەبەر هەڕەشەی پارت و پێشمەرگە پیاو دەوێرێ بچێ ببێتە نۆکەریش؟! کەس نییە بچێ پێیان بلێ؛ عەبدۆ چوارساڵ پێشمەرگایەتی کرد، بەسەبا ئەوجار منداڵان بژیەنی. خەڵك دووساڵ سەربازی دەکا دێتەوە نێومالۆ منداڵی خۆی. من چوار ساڵم پێشمەرگایەتی کرد وازم لێ بێنن منداڵان بەخێو بکەم، ئیدی بۆ هەڕەشەی کوشتنم لێدەکەن؟ منیش لە ترسی ڕوحی خۆم ناچارم بچم ببمە جاش. هەرچەندی بیری لێدەکەمەوە نازان بۆ بڕیاری ئاوا دەدەن؟ ئەی هاوارکەسێکی چیدیکەی لە تواناادا نبووهاتەوە، لێی گەڕێن با منداڵەکانی هەتیو نەبن و تووشی خەیانەت نەبێ و بەجاشی نەمرێ منداڵ لەسەردڵیان ببێتە گرێ پێیان بلێن؛ بابیان بەجاشایەتی کوژرا. بەخوای بابە سەیرە یەکی وەکوومن لەترسی شۆڕش نەوێرێ لەدێ کارێك بکا، ناچاربێ ببێتە جاش.

وەڵلاّ دەنا کاری شاریش نازانمو ناژیم.

عەبدۆ *پاشملە* لەبەر خۆیەوە گلەیی لە ڕێکخراوەکەی دەکردو جاشبوونی خۆی لە گوشاری ئەوان دەزانی. خێزانی"خەج" هاتەوەژوورو دیتی عەبدۆ بە بۆشناغی لەبەر ئاوێنە ڕاوەستاوە. ڕووی لە خەج کردو بەزەردە خەنەوە پرسی:

– تۆسەری بابت خەج ڕاستیم پێبڵێ: تا بزانم چ نێرەجاشێکم؟

– کوڕە ووسبە عەبدۆ نەکوو یەکێ گوێی لێبێو بچێ بۆ جەوەر ئاغای بگێڕێتەوە. بەخوای *کات* لە پێستی سەری داخنێو تەسلیمی عەجەمانت دەکا. چۆن لە بیرت نەماوە پیلی (مەندو، ملکۆی) بەست تەسلیمی ورمێ کردنو لەسەر قسەی ئاغا لە داریان دان؟ بە هیچ جۆرێك نابێ وشەی وا بەکار بێنی عەبدۆ. لەوە بەو لاوە بڵێ؛ چەکداری جەوەراغام، یان بڵێ پێشمەرگەی مسولمانم. نانا خەج واناڵێم، با پێشمەرگە بەو نێوو ناتۆرە بەدەلاّنە، بەد ناو نەبێ.

خەج لەعەبدۆ چووە پێشو بەسرتە پرسی؛ ئەرێ عەبدۆ لەگەل پێشمەرگە ڕوو بەڕووبی، دڵت دێ بەقستیکوشت تەقەی لێبکەی؟

بەخوای خەج نازانم. دەڵێن گیان شیرنە ناتوانم بەڵێنیت بدەمێ.

باشە عەبدۆ خۆ تۆ بەتەنیا ناچییە جەبهە، بڵێی نەتوانی گوللەی سەرو بەرو کورت تێ بگری دەستت بەخوێنی کوڕی کورد سوورنەبێ، دەزانی عەبدۆ! ویژدانی خۆت لێت ڕازی بێ قسەو قسەڵۆکی خەڵکی بە پووشێك ،چدەڵێن با بڵێن؟

تۆخوا خەج، تۆ پێت وایە ئەگەر من وام کرد لەشکری دەوڵەت دەشکێ کوردان سەردەکەون؟ پێم وایە ئەوە لەخۆفریودان بەولاوە چیتر نییە.

دەزانی چییە عەبدۆ؟ گوللەی خۆفرۆشان لە سەر کورد کارگەر ترە لە هی بێگانە. چەك هەڵگرتنی کەسانی وەك تۆ پشتی کوردی شکاندووە.

– تۆ ڕاست دەکەی خەج . منیش دەزانم کوردی خۆفرۆشی وەکوو من چەك هەڵنەگرن و گوللە بە برای خۆیانەوە نەنێن ، ئێستا کوردان کاریان لە جێگایەکی دیکە دەبوو . بەڵام ئەوە بزانە کارلەکارترازاوە ، بە سەرەو ژێر تێگرتن و کورت هاویشتنی تاقە کەسێکی وەکو من ، خەیانەت قەرەبوو ناکرێتەوە . ڕەنگبێ کوردێکی کە چەکی خەیانەت هەڵدەگرێ لەلای ئەم و ئەو خۆی هەڵکێشێ و بلێ : بەقەستی کوشتن گوللە بە برای خۆمەوە نانێم . باوەڕت بێ خەج ئەو قسانە ، قسەلۆکیان پێ دەلێن . ئەدی ئەو شۆڕشانەی لەمێژوودا دەیخوێنینەوە کە بەدەستی خەیانەت تێشکاون چی؟ هەرکوردبووە دەستی دوژمنی گرتووە ، بۆتە چاوساغ و هێناویەو هێزی شۆڕشگێڕی تیك شکاندووە .

ئەوەش بزانە ؛ نەدوژمنی بێبەزەو نەجەوەراغای سەرۆك جاش ، ئەوەندە سادەو ساکارنین پارە بدەن بە جاشێکی وەکوو من گوللەی سەرەو ژێرو سەرەو ژووری بۆ باوێم و نەزانن . بۆیە بە لێشاو پووڵ و پارە دەدەن بە جەوەراغای سەرۆك جاش کە لە سەرئێمەو مانان جاسووس بێ خەتامان لێ سەر هەڵنەدات .

– باشە عەبدۆ تازە کارەو خۆت تووشکردووە ، برێك وریای خۆت بە . وشەی جاش ، یان دوژمنی کورد ، بەکار نەیەنی گوێ بیس بنەوە . ئێستا کە نێوی خۆت بەجاش نووسیوەو چەکت هەڵگرتووە ، دەبێ ئاگات لە زارت بێ و بەڵگە نەدەی بەدەستەوە . بەڵکوو خوا ڕووناکایەك بکاتەوە ، پارەیەکمان هەبێ ، پێی دەربازبین .

لەوکاتەدا کوێخای جەوەراغا ، هاتە بەردەرگاو هەرای کرد عەبدۆ! جەوەراغا دەفەرمێ ؛ بە ئامادەیی بێتە بەردەرگای دیوەخان . چەکدارەکان لەوێ کۆ دەبنەوەو دوایی دەڕۆن دەچنە پایەگا .

عەبدۆ بانگی کرد : کوێخا چ باسە ، بەچەکەوە بچم؟

ئەدی چاوت جوانە. بەئامادەیی، یانی چی؟ واتە؛ بەتفەنگو فیشەکدانەوە. خەبەریش خۆشن عەبدۆ! پایەگا بەدووربین کۆمەڵە چەکدارێکی لە نێوان *گرە بەردی چل مێری شەهیدان)* دیوەو گوتوویە؛ پێشمەرگەن. ڕەنگبێ بتان نێرنە سەریان. بابزانم عەبدۆ بە بڕنۆی ڕەش چیان پێدەکەی؟ لە بیرت نەچێ عەبدۆ، وەسیەتی خۆشت بۆ خەج بکەی، چونکە شەڕ، هاتو نەهاتە.

عەبدۆ. بە وشەی وەسیەتکردن، پشتی لەرزیو ڕەنگو ڕووی *چرژا*. بە ناهومێدی بەرەو دیوخانی جەوەرا ئاغا وەڕێ کەوت.

جەوەراغا، لەدوورەوە لە عەبدۆ *ڕاخوڕی*، ها عەبدۆ! لەگەڵ چەکی میریو ئەو بەزمو ڕەزمە نوێیەت چۆنی؟

– جەوەراغا سەلامەتبێ، *هەر پڕمەڕدێ*. چەکدارەکان پێکەنین. بەڵام عەبدۆ بوخۆی تا درەنگانێك هەستی بە هەڵەی خۆی نەکرد. جەوەراغاش *تەوس وپلاری* عەبدۆی بەهێند نەگرتو بەردێکی لەسەردانا هەلیگرت بۆکاتێکیتر پێی دەرکا.

ڕەئیسیپایەگا بەکوڵە ڕێشێکەوە سیغار *بەلالێو* لە تەنیشت جەوەراغا ڕاوەستا بوو. دوایی چەکدارەکانی بە شێوەی نیزامی ڕیز کردنو بەرەو پایەگای وەڕێ خستن. لەوێ دوای ڕاگەیاندنی فەرمانی خۆی، ئەوەی لەبارەی بەرەنگار بوونیان لەگەڵ پێشمەرگە پێویستبوو، پێیگوتن. دوو ژاندارمو دوو پاسداری لێ کردن بە بەرپرسو بەرەو *گردی چل مێری شەهیدانو چیای جەلیل* بەڕێکران.

کاتێ گەیشتنە دامێنی چیا، پێشمەرگە لێیان، وەدەستهاتن. لە نێوان جاشو پێشمەرگەدا بوو بەتەقە. لە دەستڕێژی هەوەڵدا جاشێك کوژراو دووجاش بریندار بوون. یەکێك لەو جاشانە عەبدۆ بوو. پاسدارو ژاندەرمەکان لەترسی پێشمەرگە مەیدانیان لێ ببوو بە کونەمشك، بە

بیانووی هێنانەوەی دوو بریندار قوونەدزە یان کردو گەڕانەوە پایەگاو شەڕیان بۆ جاشان بەجێ هێشت.

هەواڵی بریندار بوونی عەبدۆ لە نێو دێ بڵاو بۆوە. خەج بەوەرگرتنی هەواڵو هێنانەوەی بریندااران، خۆی گەیاندە پایەگاو هەواڵی مێردەکەی پرسی. بەدەست ئاماژەیان بەو دوو کەلاکانە کرد کە لە بن پەتوو دابوون. خەج عەبدۆی بەخوێناوی‌و پێچراوی لە ژێر سێبەری دیواری پایەگا، بە فڕێدراوی دیت، چۆوە بن سەری. کاتێ عەبدۆی بەڕەنگی چرژاوی نیوە نووزەوە دیت! بەجارێك ورەی هاتەخوارو نا هومێدبوو. لێی چووە پێش‌و پرسی: چۆنی، ئیشت‌و ئازارت هەیە؟

عەبدۆ نووزێکی لێهات، بەلاّم خەج تێنەگەیشت. سەری بردە بن گوێ بزانێ دەڵێ چی؟ عەبدۆ چاوی لەسەر یەکدانابوو شتێکی دەگوت‌و خەج تێ‌نەدەگەیی. خەج سەری هەڵێناو گوێی ڕاگرت تا بزانێ مەبەستی عەبدۆچییەو دەڵێ چی؟

عەبدۆ بەکزی چاوی هەڵێناو گوتی: خەج! برینەکەم کاریگەرە. زەحمەتە تازە چاك بمەوە. تەنیا خەمێکی هەمە، ئەوەیە؛ مردنی من بۆمنداڵەکان زۆر ناخۆشە. تۆ دەزانی تا ماون سەرزەنش دەکرێن‌وبەچاویاندا دەدەنەوەو پێیان دەڵێن؛ بابتان جاش بوو، ئێوە کوڕە جاشن ؟ کە بیر لەوە دەکەمەوە، زۆر لە مدنەکەم ناخۆشترە. تۆ خوا خەج دووعام بۆبکە ئەوجار نەمرم، بەڵێن بێ؛ چەکی خوێڕیەتی‌و جاشایەتی فڕێدەم‌و هەموو جاشێك بە لەعنەتکەم. بەڵێن بێ نەیەڵم نێوم لە لیستی جاشاندا بنووسرێ منداڵەکانمی پێ سەرزەنش‌کەن.

بە نووزە نووزو بڵغە بڵغ داوای ئاوی لە خەجی کرد. خەج بە پەلە جامە ئاوێکی بۆ عەبدۆ هێنا. دەیویست بە زاریدا بکات چۆڕێك بخواتەوە، بەلاّم، بە ئەوکیدا نەچووە خوارو کەوتە ئاوزینگان.

## تەنیا بەئێعدام ڕزگاریم دێ !

سەرم بەردابۆوە دەڕۆیشتم، کەوتبوومە نێو دنیای خیالاّتەوە . هۆشم لەسەر خۆم نەبوو کە وا لەنێوشاردەخولێمەوەو خەریکی هەوا خۆریم و وەڕەزی خۆم دەشکێنم. *داڵغەی* لای برادەرانی پێشمەرگە هەلێ گرتبووم، لەنێو کێو و دوڵ و کانیاوی ساردو بنکەی پێشمەرگە دەسووڕامەوە. بەخیاڵ خۆم کرد بووە *پارتیزان*و لەگەڵ ژیانی پێشمەرگایەتی تێکەڵ ببووم. جارە بار لەنێو ئەو داڵغەقووڵە دەهاتمەدەرو بیرم لە ژیانی پێشمەرگە دەکردەوە کە چۆن توانای ئەو ژیانە پڕ لە مەرارەتەی هەیە، بۆ پشتگری لە مافی پێشێلکراوی نەتەوەکەی ؟ ساڵدەری دوازدە مانگ سەرماو سۆڵێ *وەقەبرغەی* دەکەوێ و دەیان کەندو کۆسپ و برسیەتی و نارەحەتی دیکەی دێتە بەر دەبێ شانی وەبەردا . هەموو ئەو دەردە سەریانەی بە خاتری ئازادی نیشتمان و نەتەوەکەی هەڵبژاردووەو بەو پەڕی فیداکاری درێژە بە خەباتی پڕ لە تەنگ و چەڵەمە دەدات و خۆ ڕاگری کردۆتە پیشە .

لەنێو ئەو داڵغەو خیالاّتانەدا، لە منیان پرسی؛ چۆنیەتی نێوشارو ئاسایشی خەڵك لە چی دایە لەبەرانبەری پاسدارو بەسیج و سارۆلڵاّو ئەو جرو جانەوەرانە . بۆم باسکردن زەبرو زەنگیانزۆرە و قینلە زگنو گەڕ بەخەڵك دەفرۆشنو، گرتنو لێدانو ئێعدامو سەدان شتی ناشایستی دیکەیان هەیەو دەکرێ . هەرلە نێو ئەوە داڵغەیەدا، پێشنیاریان کرد چ بکەین باشە، خەڵك چی پێخۆش دەبێ بیکەین ؟ بەمەرجێك بۆخۆشت لەگەڵمان بی .

پێشنیارەکەم زۆر بەدڵبوو پێمگوتن: جیبێکی سەرئاواڵەی پڕ پێشمەرگە بنێرن بێنە نێوشار، گوێ بۆ بوێستەی پاسدار نەگرنو یەکسەر خۆبگەیەنە

بەردەرکی سوپای پاسداران. دەسرێژو ئەنگاوتنی کێشکچی مەرجی هەوەڵە. بەپێی پلان ئەوانەی لە ژوورێن پاك بکرێنەوە. ئاور لە ئیدارەکەیان بەردەن و بەگورجی سواری جیب ببنەوەو لە شار دەرکەون. لە بلاّو کردنەوەی بەیانێکدا، ڕابگەیەنن کە ئەوکارە بەتۆڵەی کردەوەی فاشیستی و کۆنەپەرستی رژێم ئەنجامدراوە.

بەتەواوی لەو خیالاّتەدا *نەشئە* ببووم. ئەوەندە دڵخۆشبووم پێم وەهەردی نەدەکەوت. لە پڕجیرەی تۆرمزیجیبی سوپای پاسداران لە نێو گۆمی خیالاّتی هێنامەدەر. دووکەسی گرژو مۆنی ڕیشداری خوێن تاڵی ژ٣بەدەست لەجیبەکە هاتنەخوارو پێلیان گرتم و بردیانم لە نێوجیبەکەیان ڕاکردم. ئەو جاردالّغەو عالەمی خیالاّت نەبوو، پێشهاتێکی تاڵبوو.

تاگەیشتینەئەو شوێنەی ئامانجیان بوو. لەنێوجیبەکەدا، زللەو نوکە شەپو جنێو، وەك بارانەی پەڵە بوو. بە چاو بەستراوی تف پێدادان، چەپۆك، بەشی من بوو. لە شوێنی پێویست دەستیان گرتم هێنایانمە خوار. نیزیك سی، چل، قەدەمیان پیل گرتبووم، نازانم لەو چەند خولەکەدا چۆن بوو بێدەنگ بوون. بیرم کردەوە ئیتر لێم نادەن و ئەوەندە لێدانەش بێ یاساو دوور لە چاوی بەرپرسان بووە، دەنا لێدانی بۆ چییەو چم کردووە؟ دەمویست بڵێم: ئەو گرتن و لێدانە چییەو بۆ هێناوتانم؟ چباسە؟ بۆگرتووتانم؟ چبووە؟ هێشتا زارم هەڵ نەپچرا بوو لێیان بپرسم، ماوەیان نەدام، وەك سەگی هار دیسان تێم بەربوون. تۆ بزانە نامەردی و ناپیاوی ئەو مامورانە، ئەوە لای خۆی لە شاری گەورە گەورەی وەکوو تاران و تەورێزگەورە بوون. تۆبزانە، *تەمەدونی دووهەزارو پێنج سەت ساڵەی ئێران*، چی لێ لە دایك بووە؟! هەرتۆزقاڵێکیان مێشك نەبوو بڵێن؛ ئەو کابرایە، نەچەکی پێیە، نە تاوانێکی ئەنجام داوە، باتۆزێك لە زمان شڕی و بێ بەزەیی خۆ بپارێزین.

بەداخەوە ئەو دالّغەلێدانەش بەزیانم تەواو بوو. دوو زللەیان لەولاولادام وەك دەمانچە شریخەیان هات. نازانم بۆسەرم لەملم هەلّنەقەندرا؟ چاویان کردمەوە، ئەولاولایان لێگرتم، بەشەپان بۆ یەکتریان دەقوزتمەوە. تێم وەرووکابوون لێیاندەدام. بێئەوەی دەستو لاقیان بپارێزن، هەموو جێگایەکم کەوتبووە بەر شالاّوی شەپو زللەی پاسدارانی ئیسلام. لێدان بۆئەوان فەرقی نەبوو کە داخوا؛ سەرە، سینگە، زگە، پشتە، چاوە زارە دمە، مەبەست ئەوەیە بارانی لێدان پەلّە بدات هەرکوێیەك هەیە. چاوەکانم پڕبوون لەخوێن. تامی زارم لەبەر خوێن ناخۆشبوو. کەپۆم شکاو پڕئێشبوو. هەموو گەی لەشم ژانیان دەکرد. بەنووکە شەپێك لە ڕەقەی چۆکم دەدرا. بەسەرکورسیلێکدا بەربوومەوە.

کاتێ چاوم کردەوە هەموو لەشم دەی زیراند. زانیم بێهۆش بوومەو لە دارکاریو شکنجە بوونەتەوەو ئێستا وەهۆش دێمەوە. تەکانم لەخۆمدا کە هەستم، نەم توانی. ژوورەکەم زۆر بەتاریکی هاتە بەرچاو. نووری دوولامپ دیاربوو. بۆم دەرکەوت؛ خوێنوخوڕ بەرچاوی گرتووم نابینم. بۆئەوەی تامی زارم خۆشکەم، بڕێکم تفکردەوە، ئەویش خوێنبوو. دەستێکم بە چرووچاوم داهێنا هێندێکم ئەستریەوە، نووری چاوم باشتربوو. وەبیرم هاتەوە کە مەئموورە ترسەنۆکە خوێڕیەکان هەرەوەزیان لێکردمو ئەو بەزمەیان بەسەر هێنام. حەزمدەکرد بزانم بۆ وایان بەسەر هێنام. دەبێ کێ ڕاپۆرتی لێدابم؟

نازانم بۆ دەمنالاّند؟ نەمدەزانی کوێم بۆکوێ دێشێ! هێندێکم تانووت لە خۆمداو دلّخۆشی خۆمداوە کە ڕۆژانە ئەو هەموو لاوە کوردانە دەگیرێنو دەکوژرێن، بۆ من لە وان زیاترم؟ تەك لەمنت نەکەوێ (سالە )ئەوە بۆ خۆت کردووە بە کەلاكو تخێل بووی؟ بڕێکم غیرەت وەبەر خۆم ناو هەستامە سەر قوون دانیشتم. هەموو لەشم تێك شکا بوو. ئێشو ئۆفو برینەکانم

*حەجمینیان* لێ هەڵگرتبووم. لە تاوی ژانی گیانم ئارامم لێ هەڵگیرابوو. ناچار لە شوێنی خۆم لەسەر ئەو پووش و پەڵاشەی لێی بوو ڕاکشامەوە. چاوم بەدەورو بەری خۆمدا خشاند چەند میتر لەولاتر کەسێك ڕاکشابوو. نەجووڵەی هەبوو نەدەنگ. برێکی پێچوو، بە ئەی بابەگیان وەجووڵە جووڵکەوت. لەبەر خۆیەوە دەینالاندو قسەی دەپەڕاند دەیگوت: وەی پشتم، ئەی سەرم، بۆچی لێمدەدەن؟ بۆقامکم دەشکێنن، نینۆك دەرێنان چ دەردیکی ئەوان دەرمان دەکا؟ ئەوە ئاینەو بەخۆتان دەڵێن ئیسلام؟ دادگا رواڵەتیەکەتان حوکمی ئێعدامی بەسەر منداسەپاندوە بۆ بەرێوەی نابەن رزگارم کەن؟ هەی خوێرینە، ترسەنۆکینە. ئێوەش رۆژی رەشتان دێ، حوکمی *قەرەقوشی* ئێوەش بەئاخر دەگا.

بە بیستنی وشەی ئێعدام لەشم لەرزی. ژان و ئێشم لەبیرچۆوە. نازانم ئەو *لێوەلەرزەی* دایگرتم ئی ترسەنۆکی بوو، یان سامی ئێعدام کردن بوو وای لێکردم. بەدەنگ ناسیمەوە. کە ئەوە *خەلۆی پێشمەرگەیە*، ساڵێك لەوە پێش بیستبووم کەخەلۆ لە ژێر شکنجەدا شەهید بووە. بۆم دەرکەوت لە کەنگێوە گیراوە لە ژێر جە*زرەبەی* جەللادان دایە. گەلێك ڕۆژان بابی خەلۆم دەدیت بەجلی قوراوی لە کرێکاری دەهاتەوە ماڵێ. کاتێ تووشم دەبوو، لێی دەپرسیم؛ ئەرێ ساڵەگیان! بلێی خالەقی کوڕم مابێ و نەکوژرابێ؟ خۆ ئەگەر نەکوژرابێ، با هەر لەزیندان بێ، ساڵێ جارێك ڕێگام هەبێ چاوێکم پێی بکەوێ بەسمە، دوایی فرمێسکەکانی دەهاتنەخوارو دەڕۆیشت.

باوکی خەلۆ حەقی بوو بگری. کوڕی گەورەی لە دەرگیریدا شەهید بوو. کوڕی ناونجی لە ژێر شکنجەدا شەهید بوو. کوڕی چوکەشی خالەق، لە خۆشەویستی پێی دەلێن، خەلۆ، ئەویش بابی نازانێ ماوە یان نا. باوکی خەلۆ سەرەڕای هەژاری و دەست تەنگی دنیای ڕوون خەلۆی مابوو، ئەویش بە نهێنی گیرابوو کەس نەیدەزانی لەکوێیەو چی بەسەر هاتووە چۆنیان

شرتووگوم کردووه. ئێستا ئه‌وه خه‌لۆیه‌و له‌قسه‌کانی وا ده‌ر ده‌که‌وێ ئێعدامی درابێتێ.

به‌و بیره‌وه‌ریانه‌ی بنه‌ماڵه‌ی خه‌لۆ ئێش و ئازاری خۆمم له‌بیرچوو بۆوه.

که‌مێکم غیره‌ت دا به‌خۆم پرسیم ئه‌وه تۆی خه‌لۆگیان؟ تۆ قسه ده‌په‌ڕێنی، یان به‌ڕاستی ئێعدامیان داویه‌ی؟ خه‌لۆ سوورڕا وه‌ڵامم بداته‌وه، یه‌کێ به‌ده‌نگێکی بۆڕ گوتی: کافرینه ئه‌وه وه‌هۆش هاتوونه‌وه؟ دیاره یه‌کتریش ده‌ناسن. ده‌نا نا؟

ماوه‌یه‌ك ڕاوه‌ستا که زانی وه‌ڵام ناده‌ینه‌وه، نووکه شه‌قێکی گه‌یانده خه‌لۆ، به ڕقه‌وه پرسی؛ بۆ ده‌نگت لێ‌نایه، ده‌یناسی؟

خه‌لۆ نه‌یکرده نامه‌ردی تفێکی پێدادا وه‌کوو گولله به‌نێوچاوانیه‌وه نووسا و پێی گوت؛ بێشه‌ره‌فی خوا نه‌ناسی خوێڕی، بۆبڕیاری دادگا ڕواڵه‌تییه‌که‌تان به‌ڕێوه نابه‌ن رزگارم بێ؟ پاسداره‌که، ئه‌و قامچی‌یه‌ی به‌ده‌ستی‌یه‌وه بوو ئاڕاسته‌ی سه‌رو گوێلاکی خه‌لۆی کرد شریقه‌ی وه‌ك ده‌مانچه هات. پاشان له من نیزیك بۆوه پرسی؛ ئه‌دی تۆ هه‌تیو! ده‌یناسی یا تۆش هاشا ده‌که‌ی؟

نازانم بۆ ئاوا بێ‌غیره‌ت بووم، بۆچی ئاوا لاواز خۆم پێشاندا گوتم: به‌ڵێ ده‌یناسم، ئه‌وه خه‌لۆی کوڕی جیرانمانه.

بلێ بزانم چکاره‌بووه؟ ئیش و کاری چی بوو؟

نه‌م ده‌زانی بڵێم چی! بڵێم پێشمه‌رگه‌یه! نانا هه‌رگیز نابێ شتی‌وا له‌زمانی منه‌وه ببیسن. وه‌ڵامی ئاوا خۆبه‌ده‌سته‌وه دانه. ئه‌ی لاڵ بم، خه‌ریکم ببمه هاوکاریان. کابرا به قه‌مچییه‌وه، دیسان به‌سه‌ریدا قیژاندم، له‌گه‌ڵ تۆمه، بلێ بزانم ئه‌و کوڕه چکاره‌یه؟ خه‌لۆ خۆی پیڕانه‌گیرا ڕووتێکرد گوتی؛ من له‌دادگاو هه‌موو شوێنێك نه‌م شاردۆته‌وه، گوتومه من پێشمه‌رگه بووم و شانازی پێوه‌ده‌که‌م. ئێستا تۆ له خۆڕا چگوڕه

گوڕتە خۆت قوڕ دەکەی؟ وتەی خەلۆی نەترس، پێشنیارێك بوو بۆمن کە لێدانم وێنەکەوێ، بوخۆی هەمووشتێکی گوتووەو بەزەبری لێدان هیچیان پێ نەهێشتووە. بەلاّم من دیسان درکاندنی ئەوەی کە خەلۆی پالّەوان پێشمەرگە بووە، بە تاوانێکی نەبەخشراوم دەزانی. بۆ ئەوەی قسەی خەلۆم بەهێند گرتبێ، وەلاّمم دابێتەوە، گوتم؛ دەیانگوت پێشمەرگەیە، بەلاّم من بڕوام نەدەکرد. ئێستا خۆی حازرلێرەیەو پێی لێدەنێ کە پێشمەرگەبووە. بەو ئیقرارە لابەلایە هەموو گیانم لە شەرمان ڕەسەر ئاو کەوت. *تەزووم* بەلەشیدا هات. دەتگوت دنیام بەسەردا ڕووخا. کابرای جەللاد بەدەنگە *بۆرەکەی* گوتی؛ خوات بە قوربانی ئاقلّی خۆتکات، ئەگەر پێت لێ‌نەدەنا، ئێستا تیمدەگەیاندی. دوای ئەو هەرەشەیە ڕۆیشت.

سووراِم لە خەلۆم پرسی؛ ئەرێ خەلۆگیان! مەسەلەچییە تۆ ئەوەندە باسی ئێعدام دەکەی؟ بۆ ئاوا پەلەپەلتە بۆ ئێعدام، بەشکم ئازادتکەن ڕزگاریت بی. کوڕە سالّەگیان! ڕزگاری چی و شتی‌چی؟ هەزار درۆو دەلەسەو بوختانیان بۆ سازکردوم و پێیان ئیمزاکردوم، تۆ چۆن بڕوات وایە ئێعدام نەکرێم. من تازە هیوام نەماوە.

بۆچما خەلۆگیان! دادگایی کراوی.

کوڕە دادگای چی برای من! ڕۆژێك بردیانم لە دیوێکیان دانام. مەلایەك بە ورتەورت و تەسبێح گێڕان هاتەژوورو هێندێکی دواندم. بڕێکی شت لێ پرسیم، کە نە پێوەندی بەمنەوە بوو، نەپێوەندی بەگیرانی منەوەبوو. دوایی گوتی من پەروەندەی تۆم خوێندۆتەوە. شتێکی وای تێدا نییە، بەلاّم بیستوومە تۆ کوردی، ئەوە ڕاستە؟ منیش گوتم بەلّێ ڕاستە. پرسیم بۆچما کورد بوون تاوانە؟

زۆر بەبێ شەرمی گوتی؛ بەلّێ تاوانە، ئێوە جیاوازیخوازن. ئێوە دادگایی‌تان پێویست نییەو مەحکوم بەئێعدامن.

گوتم؛ ئەو فتوایە بەناحەق دەزانم، تۆ جگە لەوەی کوردم، بەڵگەیەکی دیکەت نییە بۆ ئێعدام کردنم؟.

گوتی: چما کورد بوونت پێ تاوان نییە؟ تاوان لەوە گەورەتر هەیە؟ ئاخر قسەی ئەوە بوو گوتی: من دەڕۆم، لە دنیای دیکە یەکتری دەبینینەوە٠

بەگوتەی ئاخوند وادیارە، ئەو ڕۆ دوایین لێدان و کوتانی منە و

بەیانی بە یەکجاری ڕزگاریم دێ.

# کۆڕەو، ڕووداوێکی مێژوویی!

ڕۆژێکی فرە سارد، هەوایەکی گرژوتاڵ، ڕووداوێکی داسەپاو، سەراسەری ئەو حەوتووە ڕۆژ بە دوای ڕۆژدا پڕبوو لە نەهاتی بەد بەختیو کلۆڵی.
تازە وردە وردە، دەهات دارو سوتەمەنیو کەڵو پەڵو خواردەمەنی بۆبژیوی زستان دابین بکرێو کۆتایی بێ کە خەڵك بتوانن خۆیان لە ساردوسەرماوبرسیەتی ڕزگارکەن. دانیشتوانی ناوچە بەرەو پیری زستان دەڕۆیشتنو لە هاتنی بەفرو باران بەولاوە، چارەوڕوانی شتێکی دیکەیان نەدەکرد.

پلکەبەس بە *هەناسەبڕکێو هەڵەداوان* خۆی بە ماڵی ئێمە دەهات و بەپەلە ڕۆژباشی پێگوتن. ئەوەندە *خەجاڵ*و تەنگە نەفەسو ماندوو بوو، ئێمەی نیگەران کرد. منیش بە گورجی ڕاپەڕیمو لێم پرسی؛ ئەوە چییە پەلکێ، چقەوماوە؟ وا ڕەنگو ڕووت *چرژاوە*، بۆوا ماندووی؟!

پەلکە بەس بە پشووی سوارو *زارەترەکێ* تفی قوتداو گوتی؛

– کوڕ *ڕمۆ!* چما نەت زانیوە دەوڵەت بەهێزی هەردیو هەوایی وەك لافاو بەرەو کوردستان هێرشی دەست پێکردوە ؟ ئەگەر بێتوو کەمێك زوو، وەخۆ نەکەوین، بەو دەرمان مێشەی هەڵەبجە لەناومان دەبا، تاقمان ناهێڵێ. هەمووکەس ترسی لێ نیشتووەو دەڵێن: نۆرەمان پێدەکاودەرمانی مەرگمان لێ دەپرژێنێ. خەڵکیش ناحەق نین برای من، تۆ بزانە لەو جیهانەپانو بەرینەدا، هیچ کەسو هیچ دەوڵەتێك نییە لەسەرمان وەجواب بێت.

گوتم: باشە پلکە بەس کێ ئەو هەواڵەی هێنا؟ پێم بلێ تۆ لە کێت بیست؟
بۆچی تۆ بەدووری دەزانی ڕمۆ! چۆن تۆ هێشتا ئەو زۆردارەت نەناسیوە؟

بەزاتی خوای ئەوەی بەزەیی و ڕووناکی بێ، لەدڵیدانییە.

بەڵێ بەڵێ ناسیومەو دەیناسم پلکە بەس گیان! بەڵام تۆدەزانی دوای تێك شکانی لەکوێت پشتی شکاوەو ناتوانێ دریژە بەتاوانە ئاشکراکانی پێشووی بدات؟ بۆیە پێم سەیرەو دەڵێم هێرش کردن زەحمەتە.

تۆ ڕاست دەکەی ڕمۆ! دەزانم لەگەڵ دەوڵەتان توانای شەڕی نییە، بەڵام لەگەڵ کوردی بێکەس و بێچەك و چۆڵ و پشتیوان چی؟ بۆچی تۆ پێت وایە سەددام کوردی پێ قڕ ناکرێ؟ بۆ پێت وایە بەشی ئەوەندەی نەماوە کوردستانی پێ خاپوورکا؟ بەبڕوای من واز لەو لێکدانەوانە بێنی باشە ڕمۆ، کاتەکە تەنگەو بەوانە دەڵێن: *چنەلێدانی سەرەخۆرە*. بە خوای برام، تەنیا ڕاویژ بۆڕزگاری ئێستامان ناوچە بە جێ هێشتن. *هەزار کا وڕە مێ دینێ*. تۆش وەکوو ئەو خەڵکە ژن و منداڵی خۆت دەرباز بکەی باشترە لەو فلتە فلتو زۆر بلێییە.

پلکێ گیان! ژن و منداڵ ڕزگارکردنی چی و، هەڵاتنی چیو، ڕزگاری چی؟ تۆبۆئاوا قوڵت لە کراسی هێناوەتە دەرو دەتەوێ بەو زستانە ماڵ و منداڵی خۆت لەوشاخ و کێوە کەسیرە بکەی؟ پلکێ لەسەر ماڵ و ملکی خۆمان هەڵقەنیین وهك خۆمان لی نایەتەوە. باوەڕ بکە بمرین سەت قات لە هەڵات هەڵات باشترە.

– کوڕە بە سیاقەی سەرت بم ڕمۆ، کێ ئێستا بیر لە ماڵ و ملك دەکاتەوە، هەمووماڵکەم بەقوربانی قامکێکی عایشان بێ، ماڵی و حاڵی چی؟ ماڵ دنیا چڵکی بەری دەستە، هەر دەبێتەوە. هەستە لەوقسەلۆك و بەیت و باوانە گەڕێ هەتا زووە منداڵان لەو*گەردەلولە* دەربازکە. تۆ هەستە بچۆ دەرێ بزانە چباسەو خەڵکی دەڵێن چی؟ هەواڵێکی نوێ وەرگری لەوقسانە باشترە، هەستە بابم هەستە.

پلکەبەس دایگرتبووم، نەمن و ئە وتەو ئامۆژگاریەکانم کاریان

نەدەکرد. وەك تووتی لەو قسانەی بۆی هەڵدەرژتم. نە من تۆزقاڵێك بڕوام بە هەواڵەکانی بوو، نەئەویش ئەو ترسەی بۆی پێك هاتبوو وتەکانی منی دەچووە مێشکییەوە. لەو کاتەدا مام مروان! کە هەم خزمو هەم دە راوسێمان بوو، پشوو سوارترو *پەشۆکاوتر* لە پلکە بەس، لیم وە ژوور کەوتو دەستی کرد بە؛ تەح تەحو بەح بەح. ئەویش ئەوەندەی تری ترس وەبەر ناین. بەسەر سوڕمانەوە گوتی: کوڕە ڕمۆ ئەوە چام بۆ دەخۆیەوە؟ چونت بەگەروویدا دەچێتەخوار؟ هەستە بابم هەستە ئەو کەسكوسوورانە ڕزگارکە، کاتی دانیشتنو چا خواردنەوە نییە. هێشتا مام مروان کۆتایی *بە چاوڕاوی* بێ مانای خۆی نە هێنا بوو، حەسۆی مامم ! وەژوورکەوت. لەجیاتی ڕۆژباش بەسەریدا نەڕڕاندم و گوتی:

– ئەوە بۆ لە گوێی گای دا نووستووی، پێت وایە زەمانی محەمەدی مەهدی یە؟ دەزانی لە منداڵەکانی تۆ زیاتر کەس لەدێدا نەماوە؟ یان خۆت لەخەڵکی ئەو دێیە بەزیاترو بەغیرەتتر دەزانی بۆیە ئاوا دانیشتووی لەجێگای خۆت نابزووی؟ هەستە وەخۆکەوە، تۆ دەزانی وردو درشتی ئاوایی لە سنوور ئاوا بوون.

مامم تۆزێك ڕاوەستا بزانێ چ وەڵامێکی دەدەمەوە. دوایە، بە درەنگە درەنگەو زووبەزووبە، بە پەلە پیلی پلکە بەسی گرتو ڕۆیشتن.

بەڕاستی سەرم سوورمابوو. ئێوارێ هیچ باس نەبوو. نازانم وا لەپڕ، کێ ئەو هەواڵەی هێنا و هێمنی ئەو خەڵکەی شێواند؟ دەیان پرسیارم بۆ هاتبوونە پێش، بەڵام کەس نەبوولێی بپرسم. لەو کاتەدا خێزانم گوڵندام! بەلێوەلەرزە پرسی؛ ئەرێ ڕمۆ! تۆ بڵێی هاتنی لەشکری سەدام حوسێن ڕاستبێ؟ ڕاتچییەو ئێمە چ بکەین؟

نیگەران مەبە گلندام، ئەو هەراو هەنگەمەی پێك هاتووە، ڕاست نیە. پۆلیسو سەربازو هێزی میری لە ناوچە پاککراوەتەوە. لە کەرکوك بەو

لایەوە هێزی میری لێ نییەو ڕۆژە ڕێیەکمان لێدوورە . هیچ کەس باوەڕناکا بەو ترەتالۆوکە بگاتە ئێرە .

– ڕمۆ! من زۆر دەترسم، وەختە بۆ منداڵەکانم ئاوربگرم.تا ئێستا سێ کەس هاتوون پێمان دەڵێن بڕۆن . بێ‌بەلاّبی، تۆپێشنیاری کەس وەرناگری . سەرێکی دەرێش نادەی بزانی چ‌باسە . هەستە بڕۆ پرسیارێك بکە ، منیش نان‌و پێخوردەپێچمەوە خۆم‌و منداڵان ئامادە ، دەکەم.

– کەمێکم بیرکردەوە ، پێشنیاری گوڵندامم پێ‌خراپ نەبوو کە بچم سەرێکی دەرێ بدەم ، بەگوڵندامم گوت؛ ئێوە دانیشن، من ئێستا دێمەوە . هەستام ڕۆیم بۆنێو دێ . تاق‌و لۆق پیاو لەنێو دێ مابوون. ئەوانیش بە قۆرتە قۆرت بۆو لاولا لە هاتووچۆ دابوون. ژن و منداڵی ئاوایی بە قیژە قیژو گریان کە ڕێگای بەرەو سنووریان گرتبوو، وەکوو لەشکری شکاو بە هەورازی هەڵدەگەران.ئەو پێشهات‌و ڕەوە داسەپاوە دڵی مرۆڤی دەتەزاند . ئەو هات‌و هاوارە منیشی نیگەران‌کرد . بەلاّم بە تەمای ئەوە نەبووم دێ بەجێ‌بێڵم‌و خۆم‌و منداڵەکانم سەرگەردان‌و ئاوارەی هەندەران بکەم . لەو کەسانەی لەدێ مابوون ، چەندکەسێکم دواند کە دێ بەجێ نەهێڵن ، بەلاّم بۆم حاڵی نەدەبوون. قیژاندم بەسەریاندا کە بۆ حاڵی نابن؟ ئەگەر هێزی دوژمن بۆ کوشتنی تایبەتی ئێمەش بێ، هێشتا بەدە ڕۆژی دیکە ناگاتێ. ئێمە جێگایەکی سەخت‌و پڕ لەدارو کێومان هەیە، دووتەقە بکەین بەمانگێك ناتوانێ بەسەر گونددا زاڵ بێت. وەرن بۆ خاتری خوای دێ بەجێ مەهێڵن.

قسەکانی من نەك شوێنی لەسەردا نەنان بەپێچەوانە خراپتریش بوو . یەکی لە وەلاّمی مندا گوتی: ڕمۆ! دەتەوێ ئێرە بکەی بە هەڵەبجەو بەقڕمان بدەی؟ لەکاتی ئاوادا، ئەو وەلاّمە وەکوو تیغی بە برشت لە دەروونی مرۆڤ کاردەکات. ئەوانەی گوێگری من بوون، کاتێ گوێیان لە قڕانی

هەڵەبجە بوو، ئامۆژگاریەکانی منیان فەرامۆش کرد و لەپێشوو سوورتربوون بۆ هەڵاتن و ئاوارەبوون. ئەوەندە بەپەلەو پشوو هەڵماڵاوی لە دێ وەدەرکەوتن، تەنانەت نانی ڕۆژێکی ڕێگایان بۆ منداڵان لەگەڵ خۆیان پێ هەڵ نەگیرابوو.

ڕەو لە دێ بۆکوتایی دەچوو، پوور (ئامین وخاڵە وسوو) لە ماڵێ دەرکەوتبوون کە دێ بەجێ بێڵن، ڕامگرتن. خاڵەگیان ئێوە بۆکوێ؟ کوڕە خۆ ئێوە بەو لەقەلەق و شەلەشەلە ناتوانن بەو هەورازە هەڵگەڕێن. بەڵێنی تان پێدەدەم ئەوی پێکیان هێناوە هەمووی هەراو هوریایە، بەقسەم بکەن لە جێگاو ڕێگای خۆتان مەبزوون.

- سەت ڕەحمەت لە بابت ڕمۆ! بە خوای منیش وادەڵێم. خەڵك لێم ناگەڕێن و دەڵێن؛ دەکوژرێی بە هیلاك دەچی، لەو ترسانەیە دەمەوێ بڕۆم ئێر بەجێ بێڵم. دەنا من و ئامین، توانای ڕەومان نییە.

لە باری ئاینیەوە تێم گەیاند کە ئەگەر تۆ لەسەر مڵك و ماڵی خۆت نەبزووی، دوژمن بیهەوێ بێتە سەرتان و زوڵمتان لێ بکا، یان بیهەوێ بتان کوژێ، ئێوە دووراو دوور تفی باوێنێ؛ شەهیدن. وەك مەردان گەڕانەوەو چوونەوە ماڵی خۆیان. من تائەو بینەوبەرم کرد تەواوێك وەدرەنگی کەوتم، بەرەو ماڵ بوومەوە. کەهاتمەوە، چ هاتنەوێك! ماڵی چۆڵ و هۆڵ! دوای چوونەدەری من گوڵندام لەترسان دەستی منداڵەکانی گرتبوو، دەرگاشی دانەخستبوو ڕۆیبوو. گەلێکم هەرای کوڵندام و منداڵەکان کرد، هیچ سەرو سوراخیان نەبوو. بۆئەولاولا دەچووم و دەمگوڕڕاندو هەرام لێدەکردن. نەمدەزانی بۆکام لاوبەکام ڕێگادا ڕۆیشتوون؟ هەرکەسێکم دەدیت بۆلایان هەڵدەهاتم بزانم منداڵی منن؟ بێسوود بوو. بەو هەڵات هەڵات و ئەو لاولایە گەلێك لە دێ دوور کەوتبوومەوە. چاوم لە کاتژمێر کرد؛ دووکاتژمێر بوو هەڵدەهاتم بگەمە منداڵەکان. ئەوەندە لە دێ

دوورکەتبوومەوە، تازە بۆیە نەدەبوو بگەڕێمەوە. ناچار بۆ ئەوەی منداڵەکان لەدەست نەدەم، ملی ڕێگام گرتبوو. ئاخم دەخوارد بۆچی دەرگام دانەخست؟!

بێ ئەوەی دەرگا داخەم، یان گاوگۆڵو حەیوان داکەم‌یان وەپێش خۆمیان بدەم‌و بەجێ نەمێنن، لەبەر خاتری منداڵان هەموو شتێکم لەبیرکرد، هەر بەو هیوایە کە ئێستا نا ئێستا دەگەمە منداڵەکان تێیاندەگەیەنم بگەڕێینەوە. ئەوەندە ڕۆیشتم تا دیّم لێ نەدیوبوو. هەر ژن‌و منداڵێکم دەدیت غارم‌دەدا بەڵکوو بنەماڵەی من بێ. کەدەگەیشتمێ هەو نەبوون. ئەوەندە هەلاتبووم، جلەکانم دەتگوت لەئاوهەڵکشاون. ئەوەندە ماندووبووم هەستم کرد؛ لاقەکانم لەدوو نایەن‌و دەهات لەکار بکەون. کاتێ وەخۆ هاتمەوە، دیتم گەیشتوومەتە ئەو شوێنەی نێویان لێ ناوە؛ "مەرز" نەم دەزانی چ‌بکەم، هەر بڕۆم‌و سنوور بپەڕێنم، یان بگەڕێمەوە؟. ماڵ‌و سەروەت‌و سامانی چەندین‌ساڵە، یان منداڵەکانم؟ هێشتا ساغ نەببوومەوە کە کام لا هەڵبژێرم، کە ڕوانیم خەڵکی ئاوارە لە بەر دەرکی پاسگای ئێران ڕیزیان بەستووە، ئیزنیان بدەن بچنە ئەو دیو. ئەوشوێنە بنکەی پاسەوانی سەر سنوور بوو. ئاوارەی هەلاتوو بە درێژایی چل‌مێتر ڕیزکرابوون داوای پاسپۆرت‌یان ناسنامەیەکیان لێدەکردن و یەك یەك ڕەتیان دەکردن.

دووبلندگۆیان بەو لاولای دەرگادا هەڵاوەسیبوو شریتی قورئانیان هاویشتبووەسەرو دەنگیان دابۆیە دەیخوێند. نازانم بۆچی ئەو دەنگە هیواداری دەکردم کە منداڵەکان دەبینمەوە؟ نۆرەپرسیار گەیشتەمن. کابرا بۆڵێکی لێهات‌و دەرگای داخستەوە. منیش بە*تێر/دیوی* دەنگی قورئان، بەکابرای بەردەرگام گوت: هەوا ساردە، پیاوەتی بکەن تاشەودانەهاتووە، ئەو خەڵکە ڕەت‌کەن بابگەنە ئەو گوندانە.

کابرای ڕیشدار لەوەلامی داوای هاوکاری کردن، قامکی بۆ ڕاداشتم وگوتی: ووس. ساردو سەرمایە بە جەهەننەم! پێت وایە خێرو بەرەکەتو هێناوە. ڕاوەستن با ئێمەش چایەك بخۆینەوەو جگەرەیەك بکێشین. پشتیان تێکردینو چوونەژوور. وردە وردە بە ئاکارەکانیان بۆم دەردەکەوت کە فریان بە ئیسلامەوە نییە. لەڕاستیدا خۆیان بەبەرپرسی خەڵك نەدەزانی، تەنیا ناسنامەی خەڵکیان وەردەگرتو دەیانگوت: برۆ لەو گوندانە جێگا بۆخوت بدۆزەوە. هەر دەهات ڕیزی ئاوارەو هەڵاتوو درێژ دەبووە. کابرای ریشدار چای خواردەوەو هاتەدەر. قامکی ڕاداشتو منی بانگکرد. داوای پێناسەی لێکردم. من کە تەمای سەفەری ئاوام نەبوو، پێناسەشم شك نەدەبرد. پالێکی بەسینگمەوەنا، بەسووچی دیواری دادام. ئیستاش پشتم دێشێ. یەکی تری بانگ کرد. ئەویشی پالپێوەنا .دیاربوو هەرکەس پێناسە، یان پاسپۆرتی پێ نەبایە، ڕێگەی نەدەدرا.

ریشدارێك لەوێ ڕاوەستابوو، لێم پرسی: ڕێگەم دەدەی بپرسم بزانم ژنو منداڵی من بەو نێونیشانە بیرەدا نەهاتوون؟

دەفتەرێك لەوێبوو هەڵیگرت ئەو پەڕەوپەڕی کردوگوتی: بەڵێ، گوڵندامو ئاواتو نەبات، زۆر لەمێژ نییە ڕۆیشتوون. برێکی چاولێکردم پێی گوتم: وەرە برۆ ئەگەر توونד بڕۆی دەیانگەیەی.

بە دوودڵخۆشی گەورە هێزێکی تایبەتیم هاتەوە بەر. یەکەم هەواڵی منداڵەکان، دووهەم ڕێگا دانم کە هیچ چاوەڕوانیم لێ نەدەکردن. بەغار وەرێکەوتم هەرکۆمەڵە بنەماڵەیەکم دەدیتو پرسیارم لێدەکردنو لێیان ڕەد دەبووم. کومەڵێکم لە پێش بوون دوور بەدوور گوڵندامو منداڵەکان ناسینەوە. هەرامکرد. ئاوڕیان داوەو ڕاوەستان. گەیشتمێ ئاواتو نەباتم لەباوەش کردن، ئۆخەی حەسامەوە. چاوێکم لە گوڵندام کردپرسیم؛ تۆ بۆ ئاوا بێ پرسو ڕا دەرپەری ڕۆیشتی؟ دەزانی دەرگاشم دانەخستووەو

گاوگوڵو پاتاڵ بەڕەڵڵان؟

دانیشتین تۆزێك حەساینەوە. دوای ڕاوێژ كردن، بەوە گەیشتین كە ئەو شەو بچینە دییەكو بحەسێینەوە، بەیانیش بگەڕێینەوە. وەرێكەوتین، بە ڕۆینەوە بەسەر هاتی یەكرۆژەی خۆمان بۆیەكتری گێڕاوە.

لە هەوەڵین گوندی (هێ)یە لاماندا. هێو شێخان دووگوندی سەر سنووری ناوچەیشاری شنۆن. بەو ئێوارەدرەنگە لە زۆربەی ماڵەكان تەندوور هەڵكرابوو، دووكەڵ دەهاتەدەر. چووبایە هەرماڵێك، لیپاولیپ لەبنەماڵەی گەرمێنی بوو. ئەوەندەی ئاوارەتێخزابوو، دەتگوت ڕۆژی حەشرە! ڕوومان لە ماڵێكی گەورەی سەرپەڕكرد. بەڵكوو میوانیان كەم بێو پشوێك بدەینو بحەسێینەوە. كەچی ئەوێش هەر *جمەی* دەهات. ویستمان بگەڕێینەوە. خانەخوێ هاتە پێشمان بەخێرهاتنی كردینو گوتی: ئەوە پێمان ڕازی نین خەریكن دەگەڕێنەوە؟ ئەگەر مەبەستان ئەوەیە میوانمان هەیەوبۆئێمەی بە ئەزیەت دەزانن، وابیرمەكەنەوە، بەخێربێن. ئەگەر دەڵێن جێگا نابێتەوە، كورد دەڵێ: *جێ لەپیاوان تەنگ نابێ*. فەرموون بابم فەرموون.

هەرایكرد: مامز، كاڵێ، گوڵێ، وەرن ئەو خوشكەم لەگەڵ منداڵان بەرنە ژوور سەرمایە. گورج دووسێ ژنی وێچوو لێمان وەدەركەوتن باوەشیان بە منداڵان داكرد وەكوو منداڵی خۆیان بێ، بەپێكەنینەوە بردیاننە ژوور. منیش لە گەڵ حاجی چوومە دیوی پیاوان. دیوەخان پڕپڕبوو. لەبەر زۆری خەڵك وەكوو مزگەوت لەسەر چۆكان دانیشتبوون. بەڵام دڵفرەوانیو ڕووخۆشیو دڵخۆشیدانەوەو سەروبەر كردنی خانە خوێ، هەموو شتێكی لەبیر بردبووینەوە. نانو چێشتو گۆشتو برنج ئەوەندە زۆربوو، وەكوو شەوی مەولوودنامە دەچوو. دوای نان خواردن، لەبەر ماندوویيو شەكەتی هەر وێڕا گەیشتم چایەك بخۆمەوە، لەحاست خۆم پاڵدەمەوە خەوتم. كاتێك

وەخەبەر هاتم بەیانە بوو. دوای قاوەڵتی منداڵم ئامادەکردن بگەڕێینەوە. بەرەو سنوور کەوتینە ڕێ. بەو بەیانیە ڕیزی ئاوارە *هوگانێك* درێژبوبوە. تەنیا ئێمە بووین بەپێچەوانەی خەڵك بۆ گەرمێن دەگەڕاینەوە. خەڵك ئێمەی پێسەیربوو، ئێمەش خەڵك.

گولندامو منداڵەکان بەو تاقەشەوە لەو سەفەرە بێزاربیوون. ئەو جار ئەوان بەمنیان دەگوت: لەماڵی خۆمان بمرین باشترەلەو دەربەدەریە. منداڵ قسەیان دەکردو منیش چووبوومە نێو وڕێنەو خیاڵاتەوە. بەدەنگی بۆڕی پاسدارێك لە نێوبیرەوەری هاتمەدەر. پرسی؛ هاکابرا بۆکوێ ڕێگات داگرتووە پێتوایە وڵات بێ سەرەوبەرەیە؟

وەڵڵا قوربان دەمانەوێ بگەڕێینەوە جێگاو ڕێگای خۆمان.

بەگوێ لێبوونی وەڵامەکم ددانی *لەچیرۆە* بردو هاتە پێش بەرۆکی گرتم و! یەکدوو جنێوی فارسی پێدامو گوتی؛ کافری مەلعوون! بۆجاسووسی هاتبووی دەنگو باسی ئێرە وەربگریو بگەڕێیەوە؟ دەتەوێ هەوالی ئیسلام بۆبەعثی بەریەوە؟ پێت وایە هەر ئاوا بەهاسانی لەداوی ئیسلام ڕزگاریت دێ.

بەخۆم گوت: ئەی خوایە، چیم پێدەڵێ و چ بوختانێکم بۆهەڵدەبەستێ؟ بێ حورمەتی لەگیرانەوە نایە، بەجنێوو قسەی سووك دایگرتبووم ڕێگەی نەدەدام لێوم هەڵپچڕم! منداڵەکانم لە ترسان هەڵدەلەرزین، ماوەی نەدەدام وشەیەك لە زارم بێتەدەر. لە دڵی خۆمدا بە خۆم دەگوت؛ بەخوای باشبوو کۆماری کۆنەپەرستی ئیسلامیم ناسی. ئەحەداغا بەو ڕیشەپانە ناقوڵایەی تا ماندوو بوو لە پێش چاوی ژنو منداڵەکەم جنێوی پێدام. دوایی هەرایکرد، وەرن ئەو سیخوڕە خودا نەناسە بەرنە زیندان. یەکێکی دیکە هات بۆ ئەوەی ئەویش بەشە خێری خۆی تێهاویشت بێ، بە شەپ و زللان دایکردمە ژووی زیندان. لەو کاتەدا گوێم

لیٚبوو یەکیٚ لە هاوریٚکانی پیٚی دەگوت: لەبەر ژن و منداڵەکەی با بیانگیٚڕینەوە نیٚو دیٚ. لیٚرە چی لیٚ بکەین. ئەویش ڕازی نە دەبوو. بەخوٚم گوت؛ خوٚ دەبیٚ ئەو تریاکیانە ڕیشوەت بخوٚن با پوڵیٚکیان بدەمیٚ. دە دوٚلاٚرم دەرینا بوٚم ڕاداشت، وەختابوو دەستمی پیٚوە لیٚکاتەوە. گوتی: زووتر ئەوت کردبایە برای دینی؟ وا دیاربوو هەرسیٚکیان لە نیٚوخوٚیاندا بەشیانکرد. بەو دە دووٚلاٚرە بووم بە برای دینی.

دوای چەند چرکەیەك گوتیان وەرە بروٚن بوٚ نیٚو دیٚ، نابی بگەڕیٚیەوە.

پیٚشنیارم کرد دە دوٚلاٚری دیکە دەدەم وازم لیٚ بیٚنن، دەگەڕیٚمەوە. گەورەکەیان گوتی؛ ژن و منداڵەکەی بانگ بکەن پشویٚك بدەن با بگەڕیٚنەوە

بیست دوٚلاٚرە کاری خوٚیکرد. ئیتر ئەو جار بە شادی و ئازادی ویٚڕای مندالەکانم ڕیٚگامان داگرت و شەو درەنگانیٚك گەیشتینەوە گوندی بەنیٚ. لە پیٚشدا لاماندا ماڵی مام وسوو، پوور ئامین. بوٚیان گیٚڕاینەوە کە تەنیا ئەوان لە دیٚدا ماون و کەسی دیکە دەنگی نایە. ئیٚمە شەکەت و ماندوو لایان دانیشتین بەسەرهاتی خوٚمان و پیاوەتی و میٚوانداری و نان خوٚشی کوردی ڕوٚژهەلاٚتمان بوٚگیٚڕانەوە. هەروەها ناپیاوی و خویٚن تاڵی و ناجسنی و بیٚ شەرەفی مەئموورەکانی ئیٚرانمان وەکوو چیروٚك بوٚ خاڵ وسوو، پوورئامین گیٚڕاوە. دوای چای خواردنەوە و گەرم بوونەوە، گوتمان دەڕینەوە. خاڵ وسوو ئاخیٚکی هەڵکیٚشاو لەسەرەخوٚ گوتی:

ئیٚستا کە بەساخ و سەلامەتی هاتوونەوە، جیٚی خوٚشی یە، بەلاٚم دەبیٚ پیٚتان بلیٚم؛ دوای ئیٚوە بوٚ شەویٚ، شڕەخوٚری ناوخوٚیی بە نیٚو دیٚ وەربوون ساف لەساف گوندیان تالاٚن کرد. ئیٚوەش بەسەر هەواری خالیٚدا هاتوونەوە هیچتان نەماوە.

ئەو داستانەی لەخوارەوە دەیخوێنەوە، واتە ( یاسای خێڵەکیو ئازادی ) لەسەر داوای یەکێتی لاوانی کۆمەڵەی شاری ئورەبرو، بە شێوەی نومایش تووسرا . یەکێتی لاوان لە ڕێکەوتی ٨ مارسی ١٩٩٣ی زاینی لە ٣ پەردەی کورتدا لە جێژنی ڕۆژی ئازادی ژنان بە نێوی ژن بەژنە پیشکەشی بەشدارانی ئەو جێژنەیان کرد . نوسەر

## یاسای خێڵەکیو ئازادی .

جووتە کچی جوانو ژیکەلانەی دێ، لەسەرکانی قاپو کەوچکیان دەشوشتو جلیان بەئاودا دەدا. ژێر لووساوکی کانی، تنۆك تنۆك ئاوی دەدەلاندو دلۆپەی دەکرد . چاوە جوانەکانی نەرمینو نەسرین لەگوینی دلۆپی لووساوکی کانی فرمێسك بەسەر ڕوومەتە نەخشینەکانیاندا دەهاتەخوار. جگە لەخۆیانو دڵی برینداری خۆیان کەسێکی دیکە نەیدەزانێ بۆچی ئاوا وەڕەزو دڵپڕن ؟

سەردەم، زەمانی دەرەبەگایەتی یە. بەناحەق ڕەشو ڕووتی لادێ دەچەوسێننەوەو ئاغایەتیان لەسەر دەکرێو فیزیان بەسەردا لێدەدرێ . وێڕای زوڵمو زۆریو چەوسانەوە، لاوان ناتوانن بەدڵی خۆیان ژن بێنن، کچان بەدڵی خۆیان شووبکەن. نەکچ و نەکوڕو نە ژنو پیاو ئازادیان نییەو ناتوانن بەبێ ئیزنی ئاغا قامك لە ئاو ڕۆ کەن . چوونکە ئەگەرئازادی لە کایە دابێوخەڵك سەربەست بێ، یاسای خێڵەکی مانای نامێنێو بیچمی دەرەبەگایەتی بە ڕووخاو دەژمێرێ.

سەر دەم تابڵێی دەورانێکی ناخۆشو بۆگەنە، کچ وەکوو مەڕومالات ئالوو وێری پێدەکرێ. ئەگەر ئازادی هەبێ ئەو ئالوو وێرە کۆتایی دێ کە کومەڵ نێوی لێناوە ژنبە ژنە . ئەگەر ئازادیش نەبوو، ئەوانەی هەست بە نەبوونی ئازادی دەکەن لەو چوارچێوە تەنگەدا جێگایان نابێتەوەو

هەڵوەدای شاخ و کێوان دەبن و لە دژی زۆرداری دەکەونە بەربەرەکانی. سەرەڕای چەوسانەوەوسەرانەو تالآن وبڕۆ ، ئاغاو ژاندارم کلکیان لێکهاڵاندوەو تەنگیان بەڕەش و رووتی لادێ هەڵچنیوەو دەرووی ڕوونیان لێگرتوون . خەڵك ناچارن لە بیری دۆزینەوەی ڕێگا چارێکدا بن.

قەرەنی ئاغا ! دەسەڵاتداری ئاوایی چوو بووە شارو حەوتوویێك بوو لە ماڵ نەبوو. شەو درەنگانێك هاتوتەوە. نۆکەروگزیرو کوێخا بە هاتنەوەی ئاغا خۆشحاڵ نین و خۆیان ئامادە ، دەکەن بۆ بیستنی جنێوو بێحورمەتی ئاغا کە بەیانی دێتە دیوەخان و دەیاخاتە ژێر پرسیارو بە قسەی سووك دایاندەگرێ .

هێشتا هەتاو زەردەی نەداوە، خۆیان دەگەیەننە دیوەخان بۆ بەخێرهاتنەوەی قەرەنیاغا . دەستەو نەزەر ڕادەوەستاون . پشوویان لە خۆ بڕیوە. نەکا ئاغا گێچەڵیان پێ بکاو لە بەراتی ساڵانەیان کەم کاتەوە.

ئاغا بە فیکەو فیتوو،و فیزێکەوە، وەك کوپەی دوو لاسك! هەردووك دەستی لە بن هەنگڵ ناوەو بە نێوچاوانی تێك ناوی گرژ، بەخێسەکردن لە ڕاستو چەپی خۆی، بەرەو دیوەخان دێت . کاربەدەستانی ئاغا چاویان تێ بڕیوەو کەس مافی سڵاو کردنی نییە . ئەوە دەستووری ئاغایەو ئەگەر سڵاو بکرێ و ، ئاغا دەبێ وەلام بداتەوە، بەقەولی ئاغا سڵاو لە وەرزێر وەرگرتنەوە، لە کەسایەتی ئاغا کەم دەکاتەوە. جا بۆیە سڵاو کردن لە ئاغا قەدەغەیە.

لەسەرکورسی تایبەتی خۆی دادەنیشێ . بە نۆبە؛ باب نۆکەر، کوێخا ، گزیر، نۆکەر. دەستێکیان هەڵدێنن، ئاغا بەسەلامەت بەخێربێتەوە. ئاغاش لە جیاتی وەلام و چاك و چۆنی سەری دەلەقێنێ و ڕوو لە بایزی بابنۆکەردەکاو دەپرسێ؛ ها بایز! دەنگ و باسی نێو دێ چییە؟ئا دەی بە وردی بۆم بگێڕەوە بزانم دەستکەوتی ئەو حەوتووەی کە من لەماڵ نەبوومە

چی یە؟ یان ئەگەر خۆم لە ماڵ نیم، تۆش کارو باری دێ بە هێند ناگری و زەبرو زەنگی پێویست لەسەر کرمابجان نانوێنی و پشی پشیان لێدەکەی، دەنا، نا بایز؟!

– بێ بەڵابی ئاغا! کوا پیاوی وەکوو من بەمشوورو خەمخۆر بۆ کارو باری ئاغا دەست دەکەوێ قوربان. ئەوەی قابیلی عەرزبێ؛ ژن بە ژنێك کراوە، هەرلایەنەی شەك بەرانێکی هێناوە. دیارە ئەوە پێشەکی یە و لەسەرو بەندی گۆڕینەوەی بووکەکانیشدا، سوورساتی ڕەسمی خۆیان دێنن. ماڵە مەڕدارەکانیش شەکەزەگاتی خۆیان بۆ هێناوین. ئەوانەی یەکدوو مانگاو چەند بزنێکیان هەیە ڕۆنانەیان داوە، هەر وا ئەو ماڵانەی خاوەنی مریشك و قەلو قازن هێلکانەیان بۆ خانم هێناوە. بۆکارو باری ماڵی ئاغاش بە نۆبە بێگاری خۆیان کردووە.

کوڕێکی گوندی ئەو بەری چۆمی نەسرینی کچی مامە قالەی خواستووەو، دیاری خۆیان هێناوە، هەروەها پێم گوتووە: لەسەرو بەندی گوێزتنەوەدا سەرانەو سوورو ساتی ڕەسمی خۆی بدات.

ئاغا سوور هەڵگەڕاو هەستا سەرپێ و بەتووڕەیی گوتی: حەی‌حەی، بە خوای بابە ملّك و ماڵت بۆئاغا بەڕێوە برد. بە ڕاستی بایز! تۆ بۆ بابنۆکەرنابی! کوڕە مردووت مرێ، کچ خواستنی چی و کوڕی ئەو بەری چی؟ ئەوە تۆهێڕی، گێژی، بۆ ئاوا بێ مێشکی فێری ڕێ و شوێنی دیاریکراو نابی؟ بەحەوتویێك دوور بوونی من لەدێ، خەریکی یاساو داب و نەریتی خێڵەکی بشێوێنی. تۆچۆن ڕێگە دەدەی کچ لەم دێ یە بەمێرد بدرێ بیبەن بۆ دێیەکی دیکە. بۆچما لە دێی خۆمان کوڕو کچ و ژن بەژنە قات بووە، کچ بەئارەزووی خۆی مێرد بکات؟ چۆن بە سە فەرێکی من وەرزێری ..... وای لێهات سەربەخۆیی وەر بگرێ و کچ بە لاوە بە شوو بدات؟

نانا بایز! بەسەر بابت، جارێ قەرەنی نەمردووە. دەبێ وەسیەت و

یاسای کۆنی باب‌و باپیران بەرێوە بچێ‌و ئەو نەریتە خێڵەکییە بپارێزرێ . هەر ئێستا برۆ بە قالەی س . . . . بڵێ: قەرەنی ئاغا دەڵێ: مافی ئەوەی نییە بەبێ کچ، کچی خۆی بدات بەکوڕی لاوەکی، کاتێ لەو دێیە کچێك دەڕوا دەبێ کچێکی تر بێتە جێی. پێی‌بڵێ: بە ناخێری گیانی ئەویش کوڕی جحێلی هەیەو ژنی دەوێ. با ژن بە ژنەی بۆ بکات. درێژەیدا بە قسەکانی‌و بە تووڕەیی پێیگوت:

– گوێ بگرە بایز! ئەگەر هاتوو قالە بۆلاندی‌و یەکوو دووی لەگەڵکردی وەپێش خۆتی بدەو بیهێنە بۆ ئێرە. دەبڕۆ دەی بێ مێشکی . . . .

بایز، بەڵێ قوربانێکی گوت‌و بە توندی وەڕێ کەوت.

کوێخای ئاغا واتە: قەیتەران! هەلێکی باشی بۆ هەڵکەوتبوو. دوای تۆزێك ڕێك‌و پێك کردن، تامی زاری خۆشکردو بە ترسەوە گوتی: بەقوربانت بم ئاغا ! بەڕاستی ئاغایەتی هەرلە خۆت جوانە. هەربژی‌و یا خوا قەت سێبەری تۆمان لەسەرکەم نەبێتەوە. منیش کوڕو کچم هەیە، هەرکاتێك ئەمر بفەرمووی ئامادەم ژن بە ژنە لەگەڵ مامە قالە بکەم . ئاغا سەری هەڵێناو پرسی: کوێخا ! تا ئێستا لە نێو خۆتاندا قسەتان لێ نەکردوە؟ لە وەلامی قەرەنی‌ئاغادا گوتی: بەڵێ قوربان کوڕەکان ڕازین، بەلام کچەکان بە کوڕەکان ڕازی نین قوربان .

– بۆڕازی نین، مەگەر مێرد ناکەن ؟ بڵێ بزانم کوێخا دەڵێن چی ؟

ئاغا سەلامەت بێ، ئەوەی ڕاستی بێ. نەرمین‌ی کچم دەڵێ: عەبەی کوڕی قالە کەچەڵەو بۆنی لە سەری دێ. نەسرین‌ی کچی قالەش بە بلەی کورم دەڵێ: کوێرەو گێڕو شەلەو. . چووزانم قوربان هەزار کەم‌و کووڕیان لێ دەبیننەوە. بۆچما قوربان پیاو دەسەلاتی خوای هەیە؟ کێ پێ خۆشە کوری شەل‌وگێڕبێ؟

گوێ بگرە کوێخا! نەرمینی تۆش‌و نەسرینی قالەش ناماقوولیان کرد .

شەل‌و گیٚری‌و کەچەڵ‌و کویٚری چکاری بەژن بە ژنە داوە. پیرۆزیان بیٚ‌و تەواو .

– ئەی دەبەرت مرم ئاغا ، ئەوەیە ئاغایەتی‌و دادپەروەری. ئاوا دەبیٚ ئاوەدانکردنەوەی دیٚ‌و ، پیٚك هیٚنانی تە بایی.

ئاغا بەو پیٚهەڵگوتنەی کویٚخا ئەوەندەی دیکەش لەخۆبایی بوو. بە کویٚخای گوت هەرکاتیٚك بایز قالەی هیٚنا ئاگادارم کەوە، من بڕیٚك ڕاویٚلکە دەکەم .

بە چوونەدەری ئاغا ، گزیر! ڕووی لە کویٚخا کردو گوتی؛ ئای بۆی گرتی! وڵڵا *قەدۆی موسڵ* وای بۆ نەگرتووە. ئاغا لیٚت بوو بەفرشتە، دەنا تا دنیا دنیایە ئەو کوڕ گیٚرەی تۆ ژنی دەست نەدەکەوت. ئەویش چ ژنیٚك‌و کیٚ؟ سەرتۆپی ئاوایی، نەسرین‌ی جوان‌و کابان، ئاقڵ و خویٚن شیرن .

بۆچما گزیر! نەرمینی‌کچی من لە نەسرین کابانترو جوانترنییە؟ بۆ چما ئەویش دە دری بە کیٚ؟ بەو هەتیوە کەچەڵە سەر بۆگەنیوە.

ئەگەر دەزانی ئاوا کەچەڵ‌و سەر بۆگەنیوە، بۆ کچی خۆت لەو گەرداوە داویٚی، بۆ ئەو تاوانە گەورە دەکەی کویٚخا ؟

– ئاخر بلە کویٚرو گیٚری کوڕیشم کەس میٚردی پیٚ ناکا، گزیر!

لەو کاتەدا بایزو مامەقالە وە ژوور کەوتن. مام قالە دەستی کرد بە گلەیی‌و داوای یارمەتی لە بایزو کویخاو گزیر کرد، کە ڕیٚنویٚنی‌و یارمەتی بکەن‌و ڕیٚگایەکی بۆ بدۆزنەوە، کەئاغا هات، گوشاری بۆ نەهیٚنیٚ‌و، وازی لیٚ بیٚنیٚ‌و بیٚحورمەتی پیٚ نەکریٚ. مامە قالە دەیزانی ئاغا تووشی ژن بە ژنیٚکی ناقۆڵای دەکاو هەر ئاوا بە هاسانی دەست بەردار نابیٚ.

کویٚخا چوو ئاغای لە هاتنی قالە ئاگادارکرد. ئاغا بە دەسحیٚب هەڵسووڕان گەڕاوە دیوەخان. بایز بە غار باڵتۆی سەرشانی ئاغای هیٚنا خوارو کورسی بۆ ڕاستەو پاستەکرد. ئاغا دانیشت‌و لاقی هاویشتە سەر

ڕانیو دوای برێك بوڵە بوڵو پرسیار لە مامە قالە! ڕووی تێکردوگوتی:

– ها قالە! بیستوومە نەسرینی کچت بە بێ بارمتە داوە بە کوڕێکی گوندی ئەو بەر. بۆچما لە دێیەکەی خۆمان کوڕقات بووە. ئەدی کوڕی خۆت چلێدەکەی؟ تۆ دەزانی ئەو کچەت لەدەست بێتەوە، هیچ کچێك مێرد بەو کوڕە بۆگەنەی تۆ ناکا؟

بەڵێ ڕاستە قوربان، بەڵام

ووس بە، بزانە دەڵێم چی؟ من بڕیاری هەڵوەشانەوەی ئەو کارە سەرە خۆرە، سەربەخۆیەی تۆم داوەو تەواو.

قوربان فەرمایشی بە ڕێزتان لە سەرسەرو لە سەرچاو، بەڵام،

ئاغا بە بیستنی دووپاتکردنەوە بەلاّمی قالە، سوورو شین هەڵگەڕاو نەڕڕاندی: بەلاّمی چی بەراز! ناکا بتەوێ قسەلە قسەم بکەی؟ هەستا سەر پێ لە قالە چووە پێش قامکی لێکردە درۆشووکەو پێی گوت: وەڵڵا هەردووك چاوت دەردێنمو مزت لە گوێ دەکەم. چۆن وات لێهاتووە لە ئاست بڕیاری مندا بەلاّمم بۆ بێنیەوە؟ دەڵێی ناشارەزایو قەرنیاغات نەناسیوە، دەنگت لێبێ گوێت دەبرم.

– قوربان چۆن قسەلەقسەت دەکەم، من باسی شتێکی دی دەکەمو دەزانم لە باری ئاینیشەوە پەسندی دەفەرمووی.

– نانا بەسەری ئاغای مافی قسەکردنت نییە. شەڕابم لە قەبری بابم کردبێ، ورتەت لەبەر بێتە دەرو بڵێی "لەل" زمانت لە پشتەسەری دێنمە دەر. هەموو شتێك تەواو بووەو بڕیار دراوەو بڕاوەتەوە. ژن بە ژنەشم بۆکردوی کۆتایی هاتووە. نەسرین بۆ بلەی کوێخا، نەرمینیش بۆ عەبەی کوڕت.

مامە قالە بە گوێ لێبوونی بڕیاری ئاغا، لە سوێی نەسرینی کچی، دەتگوت ئاوری لە هەناوان بەربوو. ئاراو قاراوی لێ هەلگیراو نەیدەزانی چ بکاو بە چ زمانێك بدوێ کە ئاغا ڕقی پێی هەڵنەستێ. لەسەرەخۆ گوتی:

بێبەلاّبی ئاغا ! بەخوای سەریشم ببڕی ناتوانم بێدەنگ‌بم . تۆ بزانە منیش دەڵێم چی‌و ناڵێم چی؟

ئاغا بە بستنی قسەی قالە! وەکوو دنیای بەسەردا بڕووخێ وابوو، چونکە قالە بە ئاشکرا دەیگوت؛ قسەی خۆم دەکەم‌و جوابت نادەمەوە . هەر بۆیە ئاغا بەرچاوی تاریك بوو بە قەڵسی لە پیاوەکانی خوڕی‌و گوڕاندی؛ کوێخا ، گزیز نۆکەرینە، سەگبابینە! ئەوە ڕاوەستاون قالە زۆر وەڕ ، قسەلەقسەمدا دەکات ؟! دادەی مەیدانی شەپانی بۆبگرن تێهەڵدەن.

بە هەموویان تێی بەربوون تاکڵووکۆی ئاغا *دا مرکا* لێیاندا. دوایە مامە قالەیان لە پێش چاوی ئاغا لابردو بەشەلە شەل بۆ ماڵێیان ناردەوە.

نەرمین‌و نەسرین بە بیستنی ئەو هەواڵە لەو پەڕی وەرەزی‌و دڵپڕی‌و نیگەرانیدا دەژیان. هیچ چارو *دەروێکی* ڕوونیان شك نەدەبرد . گۆزەلەسەرشان بۆ بە ئاودادانی جلی شۆراو بەرەو کانی‌ژنان دەڕۆیشتن. لەڕێگا تێك *هەڵەنگوتن*، بەلاّم ئەودوو دەستە خوشکە گیانی گیانیە لەجیاتی ڕۆژباش‌و چاك‌و خۆشی *چەمۆڵە* یان لێك دەنا ! بەچاوی سوورهەڵگەڕاوی گریاو، هەرکام لەلایەك خەریکی کاری خۆیان بوون. نەرمین خۆی مۆن پێشان دەدا، وەکوو بکەری ئەو تاوانە دەیڕوانییە نەسرین . کاتێ نەسرین هەستی بە دڵ‌و دەروونی نەرمین کرد ، نەسرین ناچار بەگریانەوە بۆلای چوو، گوتی؛ نەرمین‌گیان ! من بڵێم چی خۆت قەڵس‌کردووە، منیش وەکووتۆ چارە ڕەش‌و بەد بەخت بووم. ئەدی ئاگادارنیت کە ئاغا پەیمانی نێوان من‌و خۆشەویستەکەمی هەڵوەشاندۆتەوە؟ ئاگادارنیت، ئاوات‌و ئەوینی چەندین ساڵەم خەریکە *بەبادا* دەچێ؟ بۆ پێتوایە من تاوانبارو سووچدارم؟ نانا نەرمین گیان، تاوانبار قەرەنیاغایە ، سووچی ئەوە هیوای من‌وتۆ دەکوژێ، ئەوە ئاغایە ، گاڵتە بە چارەنووسی من‌و تۆدەکا . نەرمین بەگوێ لێبوونی قسەکانی

نەسرین هەستا بەرەو پیری چوو دەستی لە ملی کردو دەستیان کرد بەگریان. بەدمگریانەوە نەرمین دەڵێ: ڕەبی *عەبەو بلەی* شەلو گێرو کەچەل خودا لەکوڵیان کاتەوە. ڕەبێ هەردووکیان بە سەعاتێك بمرن. لێمان بوونەتە توّق و لەملمان نایەنەدەر. نەسرینیش وێڕای فرمێسك هەڵوەراندن، دەستی کرد بە*تووك ونەفرین* لە ئاغا: خودا غەزەب لەوکەسە بگرێ؛ بلەو عەبەی بوّ دوّزینەوە. کوڕی ئەوکەسە بمرێ ئەوپلانەی دانا. تەختو بەختی ئەو کەسە وەرگەڕێ کە لەو دێیەدا بوّتە زێروو خوێنمان دەمژێو خوّشی و شادیوهەموو مافێکی لێ زەوتکردوین.

لەوکاتەدا کە ئەوان خەریکی گریانو گلەییوتووك و نیزا لەمو لەوبوون، لاوچاك! دەستگیرانی ئەسرین هاتەکانی، ڕوّژباش لەو جووتە کچە دەکاتو لە ئەسرین نیزیك دەبێتەوەو دەڵێ من زانیم لێرەی بوّیە هاتمەژوور کە بەپەلە شتێکتان پێ بڵێم، بەڵکوو هێندێك لەو وەڕەزیەی بوّتان هاتوّتە پێش کەم کاتەوە. هاتووم مزگێنیتان بدەمێ. بەمەرجێك لە گەڵ بابتان قسەبکەن. ئەو ژن بەژنەی ئاغا بوّی داناون، بوّخوّیان ڕێك بکەون ساڵێکی وەدوا بخەن. چوونکە بەئاشکرا لە گەڵ قەرەنیاغا بەربەرەکانیمان پێناکرێ، وەدواخستنی ئەو یەکساڵە هەمولایەکمان بەئاواتو ئامانج دەگەیەنێ. کچەکان لە قسەی لاوچاك تێنەگەیشتن. نەسرین بە لاچاکیگوت؛ توّ وەکوو ڕەمز قسەمان بوّمەکە، تێمانگەیەنە مەسەلە چییەو ساڵێکی دیکە بوّ بەئاواتی خوّمان دەگەین؟

لاوچاك، گوتی؛ هەرچەند شتەکە نهێنییە، بەلاّم پێتان دەڵێمو ئێوەش نابێ بیدرکێنن. گوێ بگرن؛ ڕەنگبێ ئێوەش شتێکتان بیستبێ کە لە سەرووی ولاّت شوّڕش دەستی پێکردووە. پێنجشەش مانگی دیکە بێشك دەگاتە ئێرەو بوّ هەمیشە ئاغاو ژاندارم لەسەر کارنامێننو پێشمەرگە دەسەلاّت دەگرێتە دەست. ئەگەر نەگوێرابنەوە ژن بە ژنە هەڵدەوەشێو کچو

کورِ ئازاد دەبن‌و بە دڵی خۆیان خۆشەویستی خۆیان هەڵدەبژێرن. ئافرەت وەکوو دیل نامێنێ‌و ئالوو وێری پێ ناکرێ. کویلەداری نامێنێ‌و لەمافی یەکسانی بەرخوردار دەبین. ئەو چەوسانەوەی ئێستا کۆتایی دێ‌و ژن وەکوو مەڕو مالآت ئاڵوو وێڕی پێ‌ناکرێ گیرفانی ئاغای پێ پڕ بێ. لاوچاك قسەکانی دەکاو دەڕوات. نەسرین‌و نەرمین قەول‌و قەراری خۆیان دادەنێن‌و بڕیاردەدەن بە بابیان بڵێن‌و ڕازیان بکەن.

دوای هەشت‌مانگ خۆ ڕاگری، گوشاری ئاغا، ناچاریان‌دەکا لەبیری گویزتنەوەی بووکەکاندا بن. ئەگەرچی مامەقالە بڕوای بەسازان‌و دامەزرانی کچەکان نەبوو، بەلآم بە گوشاری ئاغاو ڕوو لێ‌نانی مەلاو ڕیش‌سپی ئاوایی ناچاربوون، کاتی زەماوەند دیاری بکەن‌و شایی‌و گۆڤەند وەڕێ خەن.

بە بڕیار دانی‌چوار شەوو ڕۆژ، شایی دەست‌پێکرا. ڕۆژی هەوەڵ هیچ باس نەبوو، ڕۆژی دووهەم لە گەرمەی هەڵپەڕینی ئێواریدا، پۆلێك پێشمەرگە بەچەکەوە دەگەنە مەیدانی شایی‌و یەکێکیان بە بلند گۆی دەستی هەرادەکاو دەڵێ: تکایە شایی ڕاگرن‌و گوێ بدەنە ئێمە.

یەکێ لە پێشمەرگەکان بەیاننامەیەك لە گیرفانی دێنێتەدەرو ڕووبەڕووی خەڵکەکە ڕادەوەستێ‌و دەست دەکابەخوێندنەوە.

نەسرەوتن تاسەرکەوتن.

بۆ ئاگاداری!

لەو ڕێکەوتەوە لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕش، بڕیاری خوارەوە دراوە.

١= پێویستە هاونیشتمانانی خۆشەویست خۆیان لە شتی کۆن‌و خێڵەکی بپارێزن‌و ئازادی‌و دێموکراسی بکەن بە هەوێنی بەرنامەی کارو تێکۆشانیان. لەوە بەو لاوە کەس ئاغای کەس نییەو هەر کەس بۆخۆی ئاغای ماڵی خۆیەتی.

*زەوی ئی ئەو کەسەیە کاری لەسەردەکات.*

٢= مافی ژن‌و پیاو یەکسان‌و بەرانبەرە. ژن وەکوو پیاو ئازادی تەواوی هەیە، لە خۆ پالاوتن‌و هەڵبژاردن، هەروەها کارو تێکۆشان .

٣= ژن بە ژنە وکچ بە کچ دان قەدەغەیە. کچ‌وکوڕ ئازادن‌و ئەومافە یان هەیە . هەردووکلا بە دڵی خۆیان خۆشەویستی خۆیان هەڵبژێرن .

٤= ئەو ژن بە ژنانەی کە تا ئێستا نە گوێزراونەتەوە، هەڵدەوەشێنەوە .

هیواداریـن بـە پشتیـوانـی هـەمـوولایـەك بتـوانیـن کـۆتـایـی بـە دیلیـەتـی‌و چەوسانەوەو زوڵم‌و زۆری بێنیـن و لـە نیشتمـانـی خـۆشـەویسـت دا بـە تـەبـاو ڕەبایی پێکەوە بژین .

هەر بژین‌و سەرکەوتووبن . سەرکردایەتی شۆڕش .

بە خوێندنەوەی ئەو بەیاننامەیە، بووکەکان تاراکانیان لە سەر خۆیان کردەوەو بە تووڕەیی فرێیان دان‌و چوونە لای پێشمەرگەکان بە دەنگی بەرز سروودی :

پێشمەرگەین بەهەڵمەتین پاڵەوانی میللەتین، گوتەوە .

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

دوایـی بـە درۆشمـی؛ بـژی ئـازادی و رزگـاری، نـەمـان بـۆ زۆردارو داگیرکەرانی کوردستان ، لە نێو چەپڵەڕێزانی تەماشاچیان کۆتایی بە نومایشی ژن بە ژنە هات.

## شکەنجە !

خڕەی کردنەوەی دەرگایەکی گەورەبوو. بەدەنگی کردنەوەی دەرگاکە چۆکم لەرزی ترسام. نازانم دەنگە بۆچی ئاوا سامناك بوو؟ یان چاوم بەسترابوو بۆیە وا لە لە مێشکمدا کاریگەربوو. پێش ئەوەی بمبەنە ژووری چاویان کردمەوە. لە سەرەوەی دەرگاکە تابلۆیەکی هەڵوا سراو سەرنجی ڕاکێشام. لیی نووسرابوو: *زیندانی ئەوین*. هێشتا لە خوێندنەوە نەبیوومەوە پاڵێکیان پێوەنام لە حەسارەکەیان هاویشتم. دوایەش بۆحەوشێکی دیکەیان بردم کە هەر جمەی دەهات. حەوشێکی گەورەی پڕکراو لە خەڵك. تا خودا حەزدەکا کڕوماتوو بێدەنگ بوو. ئەو خەڵکە زۆرە بە بێدەنگی کزەڵۆك دەهاتن و دەچوون، دوودوو، سێ سێ پێکەوە قەدەمیان لێدەدا. جارجار لەبن لیویاندا بەسرتە بۆیەکتر دەدوان. تەنانەت قامچی بەدەستەکانیش بەمۆن و مۆچی و نێوچاوان گرژی بە نێو زیندانیەکاندا دەگەڕان دەنگیان لێوە نەدەهات. ئەو بێدەنگی و ئارامی و بێ هەست و خوستییە لەلام سەیربوو. بیرم لێدەکردەوە و بە خۆم گوت: دەی دەی ئێستا تێگەیشتم بۆ ئاوا تێکڕا بە کڕو ماتی و کزەڵۆکی دێن و دەچن. بێدەنگی ئاوا لە خۆڕا نییە. ئەو قامچی بەدەستانەی ڕاوەستاون و هەستیان ڕاگرتووە، وەکووگورگی چوار چاو خەڵکیان هەڵناوە تا بزانن کێ دەڵێ "لەل"بگەنە سەری

لەو کاتەدا کوڕێکی لاوچاکی قۆز ڕایەلکەی دەکرد، *هەڵەنگووت* و گوتی: یائەڵڵا! هەر ئەوەندە خۆشبوو کە ئەو کوڕە بێدەنگی زیندانی شکاند. قامچی بەدەستان هێرشیان کردە سەر کوڕەو *دایگژانێ*. بەقامچی نێوئاخن سیم، دایانگرت. کوڕە خۆی پێڕا نەگیرا و کەوت. بەکەوتوویش وازیان لێ نەدەهێنا. تاوانی ئەو لاوە ئەوە بوو، بە (یائەللا) بێدەنگی

زیندانی شکاند بوو. تێ بەرببوون دایانگرتبوو. بەرگری ئەو لاوە لەخۆی، دەستەکانی بوو کە لەسەرو چاوی وەرێنا بوو بۆئەوەی چرۆچاوی لە قامچی ئەو بێ بەزەیانە بپارێزێ.

ئەو پەردە دڵتەزێنە، فیلمی سپارتاکۆسی وەبیر دێنامەوە. من کە چاوم تێبرِیبوون، پیلیان گرتمو تیژ رەتیان کردم تێ پەڕیم. بردیانمە نیزیك دەرگایەکی دیکە. لەسەر ئەو دەرگایەش تابلۆیەکی بچووك بە خەتێکی درشتی کالبۆوە، نووسرابوو: *ئەوین*. زیندانی پێوە نەبوو. دیسان هەمووگیانم لەرزی، قاچەکانم گیران. خۆم پێ سەیربوو! بە خۆم گوت؛ دیارە بەغیرەت نیمو لاوازم. هۆیەکەشی ئەوە بوو؛ پێشتر ئەوانەی لە زیندانی ئەوین گیرابوون بۆیان گێڕابوومەوە کە ڕۆژێ دەیان کەس لەژێر شکنجەدا دەکوژنو لەپیاوەتیان دەخەن. هەرئەو بیرەبوو کە لاقەکانم لە *بەز*چوون توانای ڕۆشتنم نەما. پیلیان گرتمو لە ژووری حەوشەکەیان هاویشتم. حەوشەکە گەورەنەبوو، چووکەو چۆل بوو. لەسەر ئەو چۆلیەش ڕا، هەراو قیژەو هاوار هاوار، مێشکی سەری مرۆڤی دەهاژاند. ناڵەنالو جنێودانی دوولایەنە، جار جار پاڕانەوەش تێکەڵ ببوو. وەك شوێنێك کەس بە کەسی دەچوو. *کاسوو هێر* بووم، گوێم لەو *زەنا زەنا یە* هەڵخستبوو هیچیشم نەدەدیت! ئەو دەنگە دەنگە لە و ژوورانە دەهات کە سەر بەو حەوشە بوون. مەئموورەکەی لەگەڵ من بوو، لە کونێکەوە بەدەنگێکی لاوازگوتی: سەلام حاجیاغا، میوانی تازەم بۆهێناوی! حاجیاغا هاتە دەر. پیاوێکی ڕیش پانی ماشو برنجی، ڕووخۆشی دەم بەپێکەنین. بەزەردە خەنە بۆلام هات تۆقێکی گەرمی لەگەڵکردمو گوتی: ڕۆڵە گیان بە خێر بێی. درێژەی دایەو گوتی: لێرە خۆشیو ناخۆشی بەخۆتە، یاخوا بەخۆشی ڕابوێرێ. ڕۆڵە هەرکارێکت هەبوو، شەرم مەکە، بەمن بلێ، لەسەتاسەت بۆت جێبەجێ دەکەم. ئێرە لەبەر دەستی مندایە، لێدەم، دەرکەم، ئازادکەم، بکوژم.

لەخۆم بەولاوە کەسی دی هیچ کارە نییەوکەس ناتوانێ نارەزایەتی دەربڕێ . ئێستا بڕۆ پشووبدە. هەرکاتێك کارت هەبوو پێم بڵێ . تو وەك کوڕێکی خوێن شیرن کەوتوویەتە بەردڵم، پێم خۆشە ئەگەر گیرو گرفتو کارت هەبوو پێم بڵێ یاریدەت بدەم.نێوی منت لەبیر نەچێ بەسە. بەمن دەڵێن: حاجی . دوای ئەو قسە خۆشانەی گوتی؛ بیبەن جێگای بدەنێ. حاجیاغا ڕۆیشت .

وتەکانی حاجیاغا ئەوەندە نرمو هێدیو بابانە بوو، وەڕەزیو ترس و خەمەکانی ڕەواندم. بە خۆم دەگوت؛ ئای لەو پیاوە مەردو ڕەندە. من لەخۆڕا ڕەشبینمو دنیام لەخۆم کردۆتە گورگ. لەهەموو شوێنیك مرۆڤی باشو بە بەزە هەیەو ڕەنگبێ حاجیاغاش یەکێ لەو پیاوە باشانە بێ. وام دەگوتو هەرپاش خولەکێك بەحاجی ڕەشبین دەبوومو دەمگوت: پیاوی چاك لەو شوێنە چدەکا؟ ئێرە دەڵێی قەتلگایە.

من بە هەموو شتێك ڕەشبین کرابووم، ترسم لە حاجی هەرمابوو. ئاخرپیاوی باشو شوێنی ئاوا کوجا مەرحەبا؟ پیاوی باش چۆن دڵی ڕێگای ئەوهەموو هاتو هاوارو دادو بێدادیە دەدا؟ بۆیە خۆی ئاوا پیاوچاك پێشان دەدا تاکوو زیندانی پەنای بۆبەرنو ئەویش بەقسەی نەرمی بابانە فریویان بدا تا نهێنی بدرکێنن.

حاجیاغا کە گوتبووی جێگای بدەنێ، بردیانمە ژوورێکی تەنگیتاقە کەسی. بۆدرێژبوونو دانیشتن نەدەبوو. دەبوایە زیندانی بە پێوە بوێستێ. بۆحەسانەوەش پاڵ بەدیوارەوە بدات. لەدڵدا بەخۆمگوت؛ ئەوەش درۆی حاجیاغا. دوای ماوەیەك کە ماندوویيو بێخەوی هێرشی بۆهێنام. دەستەکانم بەدیوارەوە ناو نێو چاوانم وێکرد. پێم خۆشبوو سەرخەوێك بشکێنم، بۆ ئەوەی بیرو هۆشم لەکارنەکەوێ. دەمزانی دەیانەوێ ماندووبمو لە کاتیپرسیارەکانیاندا مێشکم کارنەکات. نێوچاوانم لەسەرباسکم دانابوو بیرم لە زاتێکی نوورانی وەکوو حاجیاغا دەکردەوە کە

چۆن بەرەو پیرم هاتو دڵخۆشی دامەوە، دوایەش دەستووری دا جێگام بدەنێ. داخوا حاجی دەزانێ جێگام ئاوا تەنگە؟

جارێ باسەرخەوێك بشكێنم، دوایی ئەگەر بۆتاقیكاریش بێ، ڕادەسپێرم عاجیاغا جێگاكەم بۆ بگۆڕێ. بەخوای بابە منیش سەیرم! من بۆچی لەحاستی ڕاستییەكان لەناتەبایی‌دام؟ بۆخۆم فریو دەدەم؟ ئێستا هیچ نەبووە، وەختە، لەبەرانبەر دوژمندا چۆك‌دادەم. نانا دەبێ بزانم ئێستا لەدەست دوژمن‌دام تا دەچمەدەرو ئازاد دەكرێم تووشی هەركەسیك بم لە دژی منە. قسەی باشیش بكەن بۆفریودانی منە. لەو بیرەوەریانە دابووم دەنگی كردنەوەی دەرگا هات. دیاربوو بەبیركردنەوە، سەرخەوم شكاندبوو. دووكەس هاتینە ژوور بەبێ دواندنو قسەكردن پێلیان گرتم بردیانمە ژوورێكی‌دیكە. هەروا بێدەنگ لەسەر تەختێكی خوێناویان درێژ كردمو تووند بەستیانمەوەو بە بێدەنگی ڕۆیشتن. هێندەی پێ‌نەچوو كابرایەكی نیوچاوان گرژی خوێن‌تاڵی قامچی بەدەستی ناقۆڵاوە ژوورکەوت. بێ دواندنو پرسیارلێكردن، بە قامچی سیمداردایگرتم. هەر قامچیەكی لیی دەدام فیچقەی خوێن دارو دیوارو سەرو چاوی كابرای شكنجەگەری ڕەنگ دەكرد. هاوارو داد بێ سەمەر بوو. لێم پرسی؛ بۆ لێم دەدەی، چت‌لەمن دەوێ؟ ددانی لەچیڕەوە دەبردو جارلەگەڵ‌جار بەو لێدانە سەرخۆشتر دەبوو. دیاربوو چێژ لەو لێدانە دەبا گوێی نەدا پرسیارەكەی من. بۆم ڕوونبوو كە كابرا بەرنامەی كاری خۆی بەڕێوە دەباتو هەركەس بگیرێ دەبێ ئەولێدانە بچێژێ. كابرا وازی لێ‌نەدێنام. هەرزەربەیەكی دایدەوشاند، دڵمی دەتەزاند. ئەو روحەی باس‌دەكرێ نازانم بۆ دەرنەدەچوو. هەرچەندی ددانم بەجەرگی خۆم دادەگرتو لێوی خۆم دەكرۆژت، نەم‌دەتوانی هاوارنەكەمو خۆم لاواز پێشان نەدەم. خۆم پێ نەدەپارێزراو هاوارم دەكرد. ئەویش بێ‌گوێدان لێیدەدام.

كاتێك چاوم كرده‌وه. خۆم له دیوێكی دیكه دیته‌وه فرێ درابوومه سه‌ر هه‌ردی ته‌ڕ! ته‌ڕایه‌كه‌ش خوێن بوو. بۆم ده‌ركه‌وت تا بێهۆش بوومه جه‌زره‌به‌ی داوم دوایه‌ش گوێزتوویانمه‌وه ئه‌و دیوه ته‌ڕه خوێناویه.
هه‌موو له‌شم ژانی ده‌كرد. زۆرماندوو بوم، پێم خۆشبوو له نێوئه‌و خوێن‌و خوڕه‌دا تاوێك بنووم، به‌لاّم ئێش‌و ئۆف‌و ژانی له‌شم ئاراو قاراوی لیهه‌ڵگرتبووم. سه‌رم كاس بوو، مێشكم ده‌هات له‌كار بكه‌وێ. دووكه‌سی دیكه هاتن چوونه بن پیلم ڕاستیان‌كردمه‌وه. پێم وابوو حاجیاغا به‌وكاره‌ی زانیوه ئه‌وانه‌ی ناردووه بمگه‌یه‌ننه دوكتوربرینه‌كانم ده‌رمانكه‌ن! له دڵی خۆمدا هه‌زار دوعای به‌خێرم بۆ حاجیاغا نارد. یه‌كیان پرسی، بۆ خۆت ده‌توانی بڕۆی؟ نه‌ك هه‌ر نه‌م‌ده‌توانی، توانای ڕاوه‌ستانم له‌سه‌ر لاقیش نه‌بوو. به له‌رزه‌له‌رزو ده‌نگێكی باریك زمانم سووتا پرسیم بۆكوێم ده‌به‌ن؟ یه‌كیان ده‌ستی درێژكرد له‌نێو قۆڵی كراسه‌كه‌ی قوڵه‌قامچییه‌كی هێناده‌رو هه‌ڵی سووڕاند له ته‌پڵێ سه‌رمی ڕاكێشا. وه‌كوو خانووم به‌سه‌ردا بڕووخێ وابوو. ئه‌ی خوایه بۆنه‌مردم؟ به‌رچاوم تارێك‌داهات خوێن به‌چڕوچاومدا هاته‌خوار. به‌و ده‌نگه ناخۆشه‌ی گوڕڕاندی؛ ئه‌دی پێمان نه‌گوتووی، له وه‌لاّم به‌ولاوه مافی پرسیارت نییه. غیره‌تم بزووت به هه‌موو هێزی خۆم تفێكم له نێو چاوی كرد. هه‌رچی خوێن‌و به‌ڵغه‌م بوو به نێو به نێو چاوانیم دادا. به‌وكاره‌م هه‌ستم به سووك بوونم ده‌كرد. ئاخ‌و داخی چه‌ند ڕۆژه‌م له دڵی ده‌رچوو، دڵم كراوه.

بردیانمه دیوێكی دیكه‌و له‌سه‌ر كورسیله‌یه‌كیان دانام. لاقیان به‌كورسیله‌كه‌وه به‌ستم. ده‌ستمیان هه‌ركام به‌لایه‌كدا به‌ستەوه. ڕوو به ڕووی من كابرایه‌ك له‌پێش مێزیكه‌وه دانیشتبوو. به‌سته كاغه‌زێك‌و پێنووسێكی له‌پێش‌بوو ڕاسته‌و پاسته‌ی ده‌كرد. سه‌ری هه‌لیناگوتی:

– گوێ بگرەو یاسای ئێرە بزانە. بیر لە هیچ یاسایەکی ئەوجیهانە مەکەوەو خۆت تووشی کارەساتی ناخۆش مەکە. هەرچی پرسیم، هەوڵبدە وەڵامەکانت ڕاستبێ. دەردە سەری بۆخۆت دامەتاشە. درۆ بەزیانی خۆتدا دەشکێتەوە. مافی پرسیارت نییە تا ئەو کاتەی پێت دەڵێم پرسیاری خۆت بکە. تێگەیشتی؟ سەرم لەقاند. بەسیلەی چاوم تێوەی ڕامام، بە پیاوێکی باشم هاتەبەر چاو. پێم وابوو ئەو خوێن و برینانەی منی دیوە زگی پێم دەسووتێ! ڕەنگبێ ئەوئامۆژگاریانەی بۆیە بێ، لێم نەدەن. کاتێ گوتم بەڵێ باشە، بزەیەکی هاتێ و گوتی: ئەو بەڵێیە، ئەو مانایە دەدا کە تۆ ئەرکی ئیسلامی خۆت بەڕێوە دەبەی.

دوای نووسینی نێوی خۆم و باب و کەس و کارم گوتی: ئێستا نێوی یەك یەکی هاوکارەکانت بڵێ! با بیان نووسم بزانم کێن و لەکوێن و چکارەن؟ بەکورتی ئەگەر من شتێکم لەبیر چوو، تۆ بە ئەرکی ئیسلامی بزانەو باسی بکە.

ئای لەو ئەرکە ئیسلامیە؟ نەمدەوێرا بپرسم کام هاوڕێ؟ هاوڕێی چۆن؟ منی بریندارو شپرزە چ بڵێم و چ وەڵامێك بدەمەوە؟ هەر چەندی بیرم لەو پرسیارە ئیسلامیەکردەوە، وەڵامم بۆ نەدوزرایەوە. چاوم لەو پیاوە بڕی بوو نوتقم بەسترا. دیم بەسەری ئاماژێکی بە کابرای قامچی بەدەستکرد لێمدا. ئەویش بە هەموو هێزو توانای خۆی قامچییەکی دەنێوشانم *خەواند*. لەزەبری ئەو لێدانە، *زارە ترەك* بووم هاواریشم بۆ نەدەکرا. پێم وابوو دارو دیوار بەسەرپشتمدا ڕووخاوە. ئەو زەربە قورسەی کە بە ئاماژەی کابرای روو بە رووم *تێی سریواندم*، بە خۆم نەبوو، هاوارم کرد. بۆخاتری خودای بۆلێم دەدەن؟ دیسان دەستی کردەوە بەلێدان و کوتان و گوتی: ئامۆژگاریمان کردی پرسیار نەکەی؟ بەو لێدانە خوێنم لەبەر دەڕۆیی و دڵم دەبوورایەوە. ئیتر نەم زانی چ باسە. هەرکاتێك گوێم لە ناڵەی خۆم دەبوو، دەمزانی

لێدانێکی زۆرم خواردووه‌و بێهۆش بوومه‌، ئێستا وه‌هۆش دێمه‌وه‌. ئه‌وانیش بێ پشوودان که‌ ده‌یانزانی وه‌هۆش هاتوومه‌وه‌، ده‌گه‌یشتننه‌وه‌ سه‌رم . له‌و کاته‌دا که‌ ده‌م نالاندو خوێن له‌ برینه‌کانم ده‌ڕۆیی، دووکه‌سی تر هاتنه‌ لام له‌ برینه‌کانمیان ده‌ڕوانی. وێده‌چوو ئه‌وانه‌ به‌زه‌ییان پێمدا هاتووه‌. زۆرم تینوو بوو، زارم وشك هه‌لاتبوو، نه‌م ده‌وێرا داوای ئاو بکه‌مو به‌هانه‌یان بده‌مه‌ ده‌ست که‌ پێم بڵێن پرسیارت کردووه‌. پرسیان؛ ها... چی‌یه‌؟ پیم وابوو تێم‌گه‌یشتوون شتێکم ده‌وێ. داوای چۆرێك ئاوم کرد . هه‌ردووکیان به‌جووته‌ دوگمه‌ی شه‌ڵواریان کرده‌وه‌ به‌سه‌رو چاویان داکردم . پێده‌که‌نینو ده‌یانگوت؛ زارت بکه‌وه‌، ده‌ی بخۆوه‌ .

چه‌نده‌ په‌ستو بێ‌شه‌ڕه‌ف هاتنه‌ به‌ر زه‌ینم . له‌ داخان به‌ری چاوم تاریك بوو هه‌رچی به‌سه‌ر زارم داهات پێمگوتن؛ حوقه‌باز، بێ‌شه‌ڕه‌ف، خودا نه‌ناس، کۆنه‌په‌رست، ترسه‌نۆك وه‌ ... هتد

یه‌کیان تێم به‌ربوو به‌شه‌پان، ئه‌وی‌تر شیلانکی‌ئاوی له‌ پشته‌وه‌ ڕا تێڕا کردم ! ئه‌ی هاوار ئه‌ی داد ئه‌و ئاوه‌ کوڵیوه‌م بۆ ده‌نێو زگی ده‌که‌ن؟! ئێش‌و ئۆفی ئه‌و سوتاندنه‌ به‌ ئاوی کولیو، به‌ زمانو نووسین باس ناکرێ. جگه‌له‌وه‌ی بڵێم؛ ئاورله‌ نێو زگم به‌ربوو. چاوم ڕشکه‌و پێشکه‌ی ده‌کرد . جاره‌کانی پێشوو به‌ناڵه‌ناڵی خۆم ده‌مزانی دوای‌لێدان بێهۆش بوومه‌، به‌لام ئه‌وجار، به‌لێوه‌ له‌رزه‌ وه‌هۆش هاتبوومه‌وه‌. شتێکی سه‌یربوو، هه‌ڵده‌له‌رزیم به‌ هیچ له‌ونێك خۆم بۆ ڕانه‌ده‌گیرا !

سه‌رم، ملم، ده‌ستم، لاقم، زارم، ته‌نانه‌ت یه‌ك یه‌کی قامکه‌کانم ده‌له‌رزین ! گشت ئه‌ندامی له‌شم له‌ ئیختیاری من چوو بوونه‌ده‌رو خۆم پێ‌کونترۆڵ نه‌ده‌کرا. پێم ناخۆشبوو ئاوام ببینن‌پێیان وابێ‌ته‌سلمیان ده‌بم. به‌ته‌واوی له‌ حاڵه‌تی سروشتی چووبوومه‌ ده‌ر. ئێستاش نازانم به‌رنامه‌ی لێدانو شکنجه‌ی من چه‌ند ڕۆژو چه‌ند حه‌وتوو، یان چه‌ند مانگ‌و له‌

که‌نگێوه بوو له‌ویم؟ چوونکه جگه‌له‌وه‌ی که‌سم نه‌ده‌دیت، کارو پیشه‌ی شکنجه‌گه‌رانیش، بیهۆشکردنو وه‌هۆش هێنانه‌وه‌و ده‌رمانکردنو چاککردنه‌وه‌و ئاماده‌کردن بۆ دیوی شکنجه‌بوو. یه‌کیان جارێك له پته‌ی ده‌رچووگوتی؛ بێهۆش بوونی ئه‌و جارت زۆری کێشا، نۆ ڕۆژه بێهۆشی.

زگم، پشتم، چاوم، سه‌رم، ده‌ستم، لاقم، ته‌نانه‌ت نێو دمو زاریشم برینداربوو. به حاسته‌م خۆم به‌هه‌ر لایه‌کدا بجوولاندباوه، بریه‌کانم ده‌کولانه‌وه. به‌کولانه‌وه‌ی هه‌ر برینێکم دڵم ده‌ته‌زی. پیم خۆشبوو بمرم، به‌لاّم نه‌یان ده‌هێشت. ئه‌و هێزم له‌خۆدا نه‌ده‌دیت سه‌رم له دیوارێك بده‌م خۆم بکوژم. به‌ڕاستی تائه‌و ده‌م نه‌مده‌زانی مانای شکنجه‌چییه؟

پێشیگیرانم کاتێ له کۆبوونه‌وه‌کاندا باسی شکنجه ده‌کراو ئامۆژگاری خۆڕاگری ده‌کراین، سه‌رزاره‌کی ده‌گوتراو ده‌ڕۆیی. خۆڕاگری به‌دوو وشه کۆتایی ده‌هات و ده‌بڕایه‌وه. له ڕاستیدا من خۆم بۆئه‌و شکنجانه ئاماده نه‌کرد بوو. زیندانمان به‌ده‌ستی که‌م گرتبوو. ئه‌و هه‌ڤالاّنه‌ی نهێنیان پێده‌درکێننو قامکیان پێ له‌چاوی هاوڕێی خۆیان ڕاده‌که‌ن، هه‌رپاڵه‌وانی پێشوون نه‌گۆڕاون. من له‌کات و گه‌رمه‌ی لێداندا، نه‌ك هه‌رکوردستانو هه‌ڤاڵ و ئه‌رکی نیشتمانیم له‌بیر نه‌ده‌چۆوه، به‌ڵکوو سوورترده‌بووم بۆ به‌ڕێوه‌بردنی ئه‌رکی نه‌ته‌وایه‌تیم. که ده‌ڵێن: هه‌رکه‌س له‌مه‌یدان نه‌بێ شێره. پر به پێستی‌یه‌تی و ڕاسته. من ئه‌و شکنجانه‌ی بۆخۆم دیومن بریتین: له ده‌ستبه‌ندی‌قه‌پانی، قامچی‌کاری، جووجه‌که‌بابی، بێ‌خه‌وی، سووتاندن به‌سیگار، نینۆکده‌رێنان، هه‌لاوه‌سینی‌به‌لاق، میز له‌زارکردن، پیسایی له‌چڕوچاو هه‌ڵسوون، ئاوی گه‌رم له‌نێوزگ‌کردن، شۆکی‌ئه‌له‌کتریکی، به‌رد له‌گونخستن، گولله به‌سه‌رهه‌ڵتۆقاندنو ده‌یان شتی‌ترو بێ‌حورمه‌تی‌تر که له‌مرۆڤ ناوه‌شێته‌وه‌و هیچ قه‌ڵه‌مێك توانای نووسینی نییه. ئه‌وانه‌ی باس‌ده‌کرێن

ئه‌گه‌ر به‌ندی بتوانێ خۆی ڕاگری، جگه‌له‌وه‌ی به‌جه‌رگو پاڵه‌وان‌و نمونه‌ی لێوه‌شاوه‌یی‌و به‌ئیمانیه‌تی، به‌ڕاشکاوی ده‌توانین بڵێن: له‌حاست گه‌له‌که‌ی‌و مێژووشدا سه‌ربه‌رزو قاره‌مانه.

به‌کورتی، ئه‌و ئازارو شکنجانه‌ی باسکران درێژه‌یان بوو. هێندیان مراند بووم زیندویان کردبوومه‌وه، بۆخۆشم خۆم پێ‌سه‌یربوو ،که‌چۆن توانیومه ئه‌وه‌نده خۆم ڕاگرم. له‌ پێشوو پتر شاییم به‌خۆم بوو. هه‌ر چه‌ند زۆر زه‌لیل‌وکزو لاوازو بێ‌هیز ببووم، به‌لاّم له‌لای دوژمن تا ئیره، زه‌بوون‌و ترسه‌نۆك نه‌بووم‌و وره‌م له‌ده‌ست نه‌دابوو. تازه داره داره‌م ده‌کرد ده‌هات چاك بمه‌وه. ڕۆژێك برد یانمه دیویێك‌و گوتیان تادوو ڕۆژی دیکه مولّه‌تت هه‌یه بڕیاری ڕاستگۆیی بده‌ی، ده‌نا ئه‌و شووشانه‌ی لیره‌ن، له‌نێو زگی تۆدا ده‌شکێن. ئه‌و پۆلوه‌ئاورانه‌ی ده‌یان بینی، ده‌بێ له‌سه‌ریان بنووی. ئه‌و... ئه‌و...

ئه‌وبه‌رنامانه‌ی بۆیان دارژتبووم، کاری چه‌ندین مانگی دیکه بووکه به ئه‌نجامیان بگه‌یه‌نم‌و هه‌موو ڕۆژێ بم مرێنن‌و زیندوم که‌نه‌وه. دوای باسکردنی به‌رنامه‌کان‌و ترساند، بردیانم بو دیوی پێشانگای که‌ره‌سه‌ی شکنجه. دیتنی ئه‌و شتانه‌ی شکنجه‌یان پێده‌که‌ن شوێنێکی خراپی له‌سه‌ر دانام. ده‌له‌رزیم. ده‌ترسام. له‌شکنجه‌کانی پێشوو کارگه‌رتربوون. نازانم بۆ له‌پڕڕا حاجیاغام وه‌بیر هاته‌وه. بڕێکم خۆم سه‌رزه‌نش کرد و به‌خۆم گوت؛ لێدان‌و بێ‌فه‌زیعه‌تی هه‌مووشتێکی له‌بیر بردومه‌ته‌وه. جگه‌له حاجیاغا کێی دیکه هه‌یه به‌فریام بگات؟ باهاوارێك بۆئه‌و پیاوه ڕووحانی‌و نوورانیه‌به‌رم. بێ‌ونه‌بێ زاتێکی ئاوایان لیره‌داناوه به‌فریای چاره‌ڕه‌شێکی وه‌کوو من بگات، نازانم ڕه‌شبینی بۆچی ئاوا سه‌ری لێشێواندوم، ئه‌و ڕه‌شبینیه تاکه‌نگێ؟ بۆ ده‌بێ ئاوا بیر بکه‌مه‌وه؟ ئه‌گه‌ر نه‌یه‌ڵن بمرم.چبکه‌م ؟

هەرهاشەهاشم لەسەری دەهات. مێشکم هاتبوو لەکار بکەوێ. پێم خۆشبوو بمرم، نەیاندەهێشت بمرمو ڕزگارم بێ. خۆڕاگریم تەواو ببوو چیترم لەخۆم ڕانەدەدی. ناچارداوای حاجیاغام کرد. داواکەم زۆری نەخایاند، دووکەسم لێ وەژوورکەوتن. پێم وابوو ئەوانیش هاتوون نۆرە لێدانی خۆیان بوەشێنن و بڕۆن. بەڵام بەپێچەوانەی لێکدانەوەی من، لە پێشدا ئەو پیسایی و میزو خوێنەی بە سەرو گوێلاکمەوە بوو خاوێنیان کردەوەو جلەکانیان گۆڕیمو دەستێکیان بێجامەی نوی دامێو بردیانمە دیوێکی خاوێن لەسەرتەختیان دانام. دوکتور دوای حەمام پێکردن، هەموو لەشی تیمارو پانسمان کردم. بیرو هۆشم لەلای حاجیاغا بوو. بەخۆم دەگوت: بڵێی ئەو مرۆڤە نوورانی‌یە، پێشتر منی نەناسیبێ کە ئەو خزمەتەم پیدەکا؟ سەرم سووڕدەمێنێ پیاوێکی ئاوا مرۆڤدۆست لەنێو ئەو دەمودەزگا پیس و پۆخڵە جەهەننەمیەدا کاربکا. یان ڕەنگبێ خزمی یەکێ لە کاربەدەستانی سەرووی رژیمبێ دایان نابێ کەسانێکی پێویستیان بە یاریدەدان بێ کارێکیان بۆبکا. ڕۆژی هەوەڵ پێیگوتم؛ تۆم خۆش دەوێ، هەرکارێکت هەبوو، بلێ تا بۆت ئەنجام بدەم. ڕۆژ هەوەڵ بۆخۆی گوتی: بگرم، ئازادکەم، بکوژم، هەربۆخۆمم.

باشە منی گێژو وێژ قسەی ئەو فرشتەم بۆچی بە هێند نەگرت؟ بۆچی پێم وایە هەرکەس لێرەبێ جاسووس و بەکرێگیراوی ئەو دەمو دەزگا سەرکوتکەرەیە؟ ئەوانە پرسیارێك بوون لە خۆم دەکردن. هێشتا وەڵامی پرسیارەکانی خۆم وەرنەگرتبۆوە. حاجیاغا بەپێکەنین لێم وەژوورکەوت و هات دەستی لەسەرشانم داناو لەپێش مندا سەلاوی کردوگوتی؛ داوای منت کردبوو ڕۆڵە گیان! بلێ بزانم چیت پێویستە تاکوو پێیان بڵێم بۆت ئامادە بکەن. شەرم مەکە هەرچیت دەوێ، داوا بکە، پێم خۆشە داخوزیەکانت ئەنجام بدەم.

گەورەیی ئەوپیاوە خێرخوازە، سەرنج و دڵو دەروونی منی وەها بۆلای خۆی ڕاکێشا، بەدڵ دەمویست دەستی ماچ بکەم، بەڵام زوو بەخۆم گوت: پەلە کردن باش نییە، دەبێ سەبر بکەمنەوەکوو پەشیمان بمەوە.

چەندین حەوتوو بوو لیم دەدراو دیانکوشتمو زیندویان دەکردمەوە، کەس نەبوو بە *هانا مەوە* بێ چارێکم بکات. ئێستا کە مرۆڤێکی ئاوا لە هانامهاتووە، بۆیە دەبێ دەستی ماچبکەم. ناحەقم نەبوو ئاوا بیر بکەمەوە، بەڵام دیسان غروری سیاسیو تێبینیو ڕەشبینی بەو دامو دەزگایە، ڕێگەی نەدام دەستی ماچکەم.

سەرم داخستبوو کەوتبوومە نێوگۆمی بیروخیاڵاتەوە. بە خۆم نەبوو فرمێسکەکانم هاتنەخوار. دەستی بەسەرم دا هێناو زۆر دڵسۆزانە بە دەست ئەسترەکەی خۆی فرمێسکەکانی ئەستریمەوەو دڵخۆشی دامەوە. بەزمانێك کەبەدڵی من بێ گوتی؛ مەگری کوڕم مەگری، هەرشتێکت لەدڵدایە بەمنی بڵێ.

چاوێکم لێکردو گوتم ئەرێ حاجیاغا مافی پرسیارکردنم هەیە؟

– ئەرێ وەڵلا گیانی حاجیاغا، تۆ جگە لەپرسیار، مافی ڕەخنەگرتنو بێزاری دەربڕینو تووڕە بوونیشت هەیە.

– کاتێ حاجی ڕێگەی دام وەکوو ئازادکرابم پێم وابوو. پێم گوت:

– ئەرێ حاجیاغا! بۆئەوەندەم لێدەدەنو مرۆڤانە لە گەڵم ناجووڵێنەوە؟ بۆ پێیان وایە شتێك دەزانمو پێیان ناڵێم! تۆ خوا حاجیاغا مەردو مەردانە وەکوو بابێکی باش چارێکم بکە لەو مراندنو زیندوو کردنەوەم ڕزگار بفەرموو.

– ئەی بەسەر چاو، ئێستا دەستوور دەدەم بتبەنە ژووری تایبەتی. خۆ ڕۆژی هەوەڵ پێم گوتی؛ هەرچی من بیکەم کەس نییە دەستوەبەر دەستم بێنێو قسەلەقسەم بکات. هەربۆیەش دەسەڵاتی تەواوم دراوەتێ کە بتوانم

خزمەت بە مسوڵمانان بکەمو لەیارمەتی دانی کەسانی وەکوو تۆ چی خوا پێی خۆشبێ وابکەم. ڕۆڵە گیان ! پیاوی دروستکار ڕێگەی ڕاستی دێتە بەر. پیاوی خوارو نادروست، ڕۆژی ڕەش چاوەروانی دەکات . بەڕای تۆش وایە ڕۆڵە ؟

– گورج گوتم : بەڵێ وایە قوربان.

ئافەریم کورم. کەسانی وەکوتۆش دەبێ ڕاست بن تا چاکیان بێتەڕێ.

ئێستا بەڵێنم دەدەیەی لەگەڵ من ڕاستو دروست بی؟

لەچاو تروکانێکدا دەیان پرسیارو وەڵام وەکوو فیلمی سینەمایی بەپێش چاومدا هاتن و ڕۆیشتن، بێ ئەوەی بیر لەوەڵامی حاجیاغا بکەمەوە، گوتم بەڵێ! مەبەست لەو بەڵێ یە، ئەوە بوو کە من درۆزن نیم . بەتایبەتی لە حاست پیاوی بەروحمو دڵسۆزو بەبەزەی وەکوو تۆ دا. کە منت لەو مەرارەتە ڕزگارکرد .

حاجیاغا دەستی بەسەرمدا هێناو ئافەرینێکی دیکەی پێگوتمو لە مەئمورەکانی ڕاخوڕی، دادەی چراغالی، زولفالی، بی بەنە دیوی تایبەتی خۆی با بخەوێ، هەڵیمەستێنن تا بۆخۆی هەڵدەستێ.

چ دیوێکی گەرمو گوڕو نەرمو نۆڵ. دەستبەجێ دوکتور جارێکی دیکەش هات دەرمانی کردمەوەو پێیگوتم بە ئارەزووی خۆت بنوو. دوای چەندین حەوتوو، ئەوە هەوەڵین کەڕەت بوو ڕێگەیان دەدام بنووم. ئەویش بە خاوێنیو لە جێگای نەرمو گەرم. نوستم، کاتژمێری ١١ی ڕۆژی دوایی لەخەو هەستام. مێشکم، لەشم، بەتێکڕایی حەسابوونەوە. ئێشو ئۆفی برینەکانم کەم ببوونەوە. دەمتوانی هەستمو دانیشم. لەو کاتەدا چراغەلی! هاتەژوورگوتی: باش نوستی. ئەوە دەچم نانو چاییت بۆ دێنم بی خۆ دوایی دەچینە لای حاجیاغا .

مێشکم حەسابۆوە دەمتوانی تەما بگرمو بڕیار بدەم، بەڵام پیاوەتی حاجی

ڕاستەقینەکانی لێ شاردبوومەوە. دڵسۆزی و ڕووخۆشی ئەو پیاوە، ماهیەتی ڕاستەقینەی حاجیاغای لەنیو دەم ودەزگای پۆخلێ سەرکوتگەردا، لە من شاردبۆوە. لەپڕ وەخۆ هاتمەوە کە دەبێ پاش نان و چا خواردن بچمەلای حاجیاغا. دوێنێ بەڵێم پێگوت! ئەو بەڵێ یە، بەڵینی بوو بۆ ڕاستی پێگوتن! تەئید یك بوو بۆ شتی ڕاست و ناڕاست. مێشکم حەسابۆوە نەم دەتوانی خۆم فریودەم. پەککوو بە بەڵێ یەك چم کردو چ دەردە سەرێك بۆخۆم سازکرد؟

تۆبڵێی حاجیاغا لیم لەفیڵ بێ نهێنیم پێ بدرکێنێ؟ ئەگەر هاتووگوتی: هەڤاڵەکانت کێن و مەبەستان لەدژایەتی دەوڵەت چبوو، بڵێم چی؟ چۆن دەبێ ڕاستی پێ بڵێم. نێوی هیواو، لاوەو، هەژارو، ئازاد، بدرکێنم؟ ئەو ڕاستی یە بەمانای ڕاپۆرت لێدانە. بڵیم پێکەوە کاری نهێنی مان کردوە؟ ڕۆژنامەوبەیان نامەی دژی ڕژیممان بلاو کردۆتەوە؟ ئەو ڕاستیانە بڵێم تا ئەوانیش بگرن و بیان هێننە ئێرە؟ لێرە کارەساتی منیان بەسەر بێنن؟ ئەوکات من ئازادبم و ئەوانیش مەحکوم بە ئیعدام بکرێن!! دوایەش من ناپیاوی خۆم وەبیر بێتەوە، هەموو ڕۆژێ جارێك بمرم. دەك داوەشێم بۆ بەڵێی گوتم. یانی مێشکم ئەوەندەشی کار نەدەکرد کاتێك بەڵینم پێداو گوتم بەڵێ؟ چۆن لێدان و شکنجە منی ئاوا گێژ کرد بووکە بەڵێ و نەخیر لێك نەکەمەوە؟! ئەی داڕزێم بۆ خەبات و تێکۆشانم. چۆن کاری نهێنیم بۆیە بوو هەڤالانی خۆم لە داو خەم و بیانکێشمە ژێر شکنجەی ئەو ناپیاوانە؟

نانا سەت جار نا، هەرگیز نابێ زمانم بکرێتەوە نهێنیەکان بدرکێنم. نابێ ڕاستی بەدوژمن بڵێم. بۆخۆم بکوژرێم باشترە لەوەی بمێنم شەڕەفی خۆمی پێ لەکەدار بکەم. ویژدانی حەساوە هەزار شەڕەفی بەسەر ناپیاوی دا هەیە. ئەگەرحاجیاغا بۆیەی بێ نێوی کوڕی خەڵکم پێ هەڵداو

بیانگرن لە ژێر شکنجەدا بیان کووژن، دیارە ئەویش وەکوو ئەو قامچی بەدەستانە وایە کە ڕۆژانە دەیان کەس لەژێر شکنجەدا، دەکوژن و لە پیاوەتیان دەخەن. ئەگەر مەبەستی حاجیاغا ئەوەبێ، دەبێ بڵێم ڕووی ڕەشبێ و هەزار لەعنەت لە خۆی و بابی.

دیسان لەبەرخۆمەوە خۆم لۆمەکردو بە خۆم گوت: دووبارە ڕەشبینی کارێکم دەداتە دەست. بەشکم وانەبێ وەکوو من بیری لێدەکەمەوە. با بزانم چۆن دەبێ. نان و چاییم خوارد و چراغەلی وەپێش خۆیدام بۆلای حاجیاغای بردم. ناوبراو لەژوورێکی گەورەدا کە بە شێوەی مزگەوت دروست کرابوو، لەگەڵ هەشت نۆدە کەس دانیشتبوون. لەڕوو بەرووی مزگەوت تابلۆیەکی گەورە سەرنجی تازەواریدی ڕادەکێشا. لێی نووسرابوو؛ شوێنی خزمەتی تۆبە کاران" ئەو هەشت نۆدە کەسە بەڕیز لەلایەکەوە دانیشتبوون. لە بن لێویاندا پسکەپسکیان بوو تەسبێحیان دەگێڕا. بۆ یەکتریان باس دەکرد کە ئێرە ڕۆژێ دەیان خزمەتی ئیسلامی تێدا ئەنجام دەدرێ. نەمدەزانی خزمەتە ئیسلامیەکان چن، لە یەکیانم پرسی؛ خزمەتی وەکووچی؟ لە وەلاّمداگوتی؛ پەلەمەکە ئێستا دەی بینی.

حاجیاغا منی بانگکردە لای خۆی و لەتەنیشت خوی دانام. بەوکوڕەی کە لە دەوری دانشتبوون گوت؛ ئەولاوەی دەی بینن لەلام دانیشتووە، تۆبەکارێکی نوێیە، پێویستە ڕێزی لێ بگرن. وشەی تۆبە، تەکانی دام. ددانم بەجەرگم داگرت، دەنگم نەکرد کەجارێ بزانم چی لێدێتەوە. دەورو بەرم بەخێرهاتنیان کردم. لەخۆڕا هەمویانم ناخۆش دەویستن و بەدڵمەوە نەدەنووسان. لەو کاتەدا یەکێکیان هێنا، واقمورما. کەمۆ! بوو. لەمێژبوو گیرا بوو، پێمان وابوو نەماوە کوژراوە. منی دیت چاوی تێبڕیم، نازانم بۆ نەبووم بەدڵۆپە ئاوێك بچمە هەردەوە؟! دەست بەندی لەدەست دابوو، بەسەر زیندو بوو، ئاهێکی وای لەبەردا نەمابوو.

خوایه‌گیان به‌دیتنی که‌مۆ بۆ شێت نه‌بووم؟ ئه‌و ده‌ست‌به‌ند له‌ده‌ست‌و منیش ته‌ماشاچی! ده‌ڵێن: ڕوح له‌جێگایه‌کی سه‌ختدایه، ده‌بێ وابێ. ده‌نا ده‌بوو من روحم ده‌رچێ. حاجیاغا به‌پێکه‌نینی دایمی خۆی ڕووی له‌دانیشتوان کردو گوتی؛ کوڕینه میوانی نوێمان هه‌یه، کێ هێندێك گوناه له که‌مۆ هه‌ڵده‌وه‌ڕێنێ؟ چه‌ند که‌سێك ده‌ستاین هه‌ڵێنا من، من، من. نه‌م‌ده‌زانی ئه‌و ده‌ست هه‌ڵێنانو من‌منه بۆچییه‌و بۆچی پێشبڕکێ ده‌که‌ن؟

حاجیاغا بێده‌نگی کردن‌و به یه‌کیانی گوت: قامچی وه‌رگره، تۆ فه‌رموو نۆبه‌ی خۆت بکه، خودا خێرت بنووسێ.

ئه‌و ناپیاوه قامچی نێوئاخن‌تێلی هه‌ڵسووڕاند به هه‌موو هێزی خۆی له نێوشانی که‌مۆی ڕاکێشا! نه یه‌ك، نه‌دوو، نه‌سێ، په‌یتا په‌یتا له‌سه‌ریه‌ك دایگرتبوو، ددانی له‌چیرۆه ده‌بردو لێی ده‌دا.

ئه‌ی خوایه چ‌ده‌بینم؟ بۆنا مرم؟ که‌مۆ پێی ده‌گوتن، ئێوخۆتان دۆڕاندوه، خۆفرۆشن، ئه‌وه‌ی ده‌ستوورتان پێده‌دا خوێن‌مژه تاوانباره. ده‌یویست خۆی لاواز پێشان نه‌دا، به‌ڵام نه‌یده‌توانی ده‌ینالآند. نازانم ئه‌و تۆبه‌کارانه بۆ ئاوا دڵڕق‌بوون؟ گاڵته‌یان پێده‌هات. حاجیاغا بێ‌نێوه‌دان قاقای ده‌کێشاو پێده‌که‌نی. به‌و لێدانه نیشه‌ی بزووتبوو له دڵه‌وه خۆشحاڵی خۆی ده‌رده‌بڕی. ئیتر له‌وێ حاجیاغام ناسی.

که‌مۆ له‌خوێندا شه‌لاڵ ببوو، خۆم پێڕانه‌گیرا فرمێسکه‌کانم هاتنه‌خوار. حاجی‌ده‌ستێکی له‌سه‌رشانی‌دانام، پرسی به‌رنامه‌ی کوڕه‌کانت پێ چۆنه؟ که دیتی وه‌لامێکم نییه، ده‌ستی به سه‌ری‌داهێنام‌و گوتی: ئه‌وه به‌ئێعدام مه‌حکوم کراوه، پێش ئه‌وه‌ی تیره‌باران بکرێ ده‌مانه‌وێ هێندێکی گوناح لی هه‌ڵوه‌رێنین. پێت‌چۆنه؟ دیسان وه‌لامی وه‌رنه‌گرته‌وه. گوتی؛ خۆت وه‌ڕه‌ز مه‌که، ڕۆژی هه‌وه‌ڵ ئه‌وانه‌ش وا بوون، به‌ڵام تۆش دوای دیتنی دوو سێ‌که‌سی تر ڕادێی! به‌تایبه‌تی تۆش یه‌ك، دووکه‌س له‌بن لێداندا

بکوژی. باوەڕ بکە وات لێدێ ڕۆژێك بەرنامەی وات نەبێ، وەڕەز دەبێ. ئەو جۆرە بەرنامانە چێژی تایبەتی خۆیان هەیە. ناحەقت ناگرم ئەوانەش وەکوو تۆ بوون. دەبینی ئێستا ڕاهاتوون لەگەڵ یەکتری پێشبڕکێ دەکەن. ئەوە ئیلهامی خودایە هانیان دەدا بۆ لێدانی خوا نەناسان. دادەی تۆش هەستە ئەرکی ئیسلامی خۆت بەڕێوەبەرە یەکدوو قامچی تێ سریوێنە، تابزانم بەڕاستی هاتوویە مەیدان؟ دیسان لەلایەن منەوە وەلامێکی وەرنەگرتەوە. چراغەلی هاتە بنگوێم گوتی: هەتا ئێستا هیچ کەس فەرمایشی حاجیاغای لەهەردی نەداوە. ئەگەر هەڵنەستی گالتەت بەچارەنووسی خۆت کردووە.

من دەمزانی ئەوە سەرەتای کارەو دەیانەوێ وردەوردە لە نێو ئەو تاوانەم وەردەن و دەستم بە خوێنی نیزیکترین هاڤاڵەکانم سوورکەم و تێکیان بشکێنم. حاجیاغا بەسیلەی چاوی دەیروانییە من. کەزانی وەلامی سرتەی چراغعەلی نادەمەوە. وەکوو فەرمان، فەرمانی دامێ: هەستە بەشەخێری خۆتی تێهاوێ! دیسان نەبزووتم. حاجیاغا بێ ئەوەی تۆزقاڵێك خۆی وەڕەز بکا، بە پێکەنین گوتی: کوڕینە ئەو خوا نەناسە درۆزنەش بەرنە لای کەمۆ تێی بگەیەنن. بۆئەوەی ڕووحیەی کەمۆ لاواز نەبێ و بزانی من تەسلیم نەبووم کاتێ ویستیان بمبن بۆلای کەمۆ، هەرچی *بەڵغەمی* لە نێو زارم دابوو، کۆم کردەوە لە چرووچاوی حاجیاغام کردو پێم گوت: ڕیاکاری خوێری لەعنەتی. هەر ئەوەندەم بۆکرا. گرتیانم بردیانمە تەنیشت کەمۆو دامگژانێ. بەلاساکردنەوە لە کەمۆ ددانم لەچیرەوە دەبردو لێوی خۆم دەکرۆژت لاوازیم لێ نە بینن و نەناڵێنم و هاوار نەکەم. بۆئەوەی حاجیاغا بە وەڕەزبوونی من دڵی خۆش نەبی کەیفی پێبکات. هەروەها بەو بەزیوە خۆفرۆشانەش نیشان بدەم کە هێشتا خۆم نەدۆڕاندووەو دەبێ بزانن کە:

هەستوو ئیرادەی خەباتکارو نیشتمان پەروەران، هەرگیزا تێك ناشکێ

# ئامۆژگاری دوژمن روو زەردی دێنێ!

مەلاکرێبار! دالغە هەڵیگرتبوو چووبووە دنیای خیالاتەوەو لە بەرخۆیەوە دەیگوت: وا دیارە ئەوجیهانە ڕووی لەپێشکەوتن دایە، بۆیە ئێستا لەوکۆمەڵگایانە باس باسی دیموکراسییەو سەرگەرمی ئەو بەزم و ڕەزمەن. بێتوو ئەو پێشکەوتنە ئەئاوا بڕواتە پێش، ئێمەو مانان ئەوەندەی دیکە لە برەو دەکەوین و خەڵك وەلامان دەنێ. دەستی کردەوە بە دالغەو لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

- بۆئێمەش خۆمان بەشتێکەوە سەرگەرم نەکەین؟ مادام لەسەر لێفەی مەلا "شەڕەو ئێستا کەس بە کەس نییە، ڕاوەستانی ناوێ. بەتایبەتی لەوکاتەدا کە ئەو هەلە باشەی هەڵکەوتووە دەوڵەتی مسوڵمانی دیوار بەدیوارمان کیسەی کردوتەوەو هەستی ڕاگرتووە بزانێ چی لەدەستبێ، ئا مادەیە هەرچی بوێ بیدا تێ.

مەلاکریبار! چووبووە نێو ئەو بیرو بۆچوونەو بەخۆی دەگوت:

- بەڵێ دەتوانین ئێمەش هەروا لە گۆشەیەك ڕا دەست بەکاربین و شوێنێك بکەین بە مەیدانی خۆمان بیکەینە؛ *گوێ پروچکێن* ، بەشی خۆمان بپچڕین. دیارە بۆ کاری ئاوا مەرجیش هەیە، ئەویش ڕەگەڵ خۆخستنی چەند کەسێکە. ڕەنگبێ ئەوەش دژوارنەبێ و بتوانین بە ئیعتباری ئەو مەندیلە، کە چەند ساڵێکە لەژووریکدا وەپێش خەڵك کەوتووین، کەسانێك پەیدا بن گوێم بدەنێ. باتێگەیشتووش نەبن، لە خۆمیان نیزیك دەکەمەوەو تەماعیان وەبەردەنێم و ڕەگەڵ خۆمیان دەخەم. تاقیکاریەك دەکەم بزانم چۆن دەبێ. هەرنەبێ خۆ *ڕوو ڕووتێکی* پێدەکەم.

ئادەی باوکم سۆفی، حاجی، دەرویش، ئێوەش تەکانێك لە خۆتان بدەن

با کارێك ڕاپەڕێنین. خۆنابێ هەرچاوتان لەئێمەبێ. خۆتان دەزانن ئێمە تا دوێنێ مـلایـەتـی خـۆمـان دەکـردو چـاومـان لـه زەکـات‌و بـەرات‌و سـەرفتـرەی ئێوەبوو، ژیانێکی نەمرنەژیمان پێ‌دەبردە سەر. دیارە ئەوکات کاروبارتان باش بوو، ژیانی خۆشتان جێ‌بەجێ دەکردو ئێمەشتان بەخێوەکرد. دەزانم *ئەو ڕەوەی*، ئـەوسـاڵ بـۆتـان هـاتـەپێـش، لـه پلووپـۆی کـردون، دەوڵـەتـانـی دەراوسێش پڕ بەدڵ بەو ڕووداوە سەرخۆشن. چوونکە ئێستا بەئارەزووی خۆیان‌دەتوانن کەڵکی خۆیان وەرگرن. تاق‌و لۆق مەلای وەکوو ئێمەشیان دۆزیوەتەوە بۆیارمەتی دانی‌کەسانی لێ‌قەوماوی دەست‌تەنگی وەکوو ئێوە. بۆئەوەی پشتمان گەرمتربێ‌و کەسانی دژی ئێمەش تۆزێك بپرینگێنەوە. قەرارە چەکووچوڵێشمان بدەنێ. ئێمەش بەڵێنیمان داوە ئیشیان بۆبکەین. بۆئەوەی شتێکتان دەستکەوێ ئێوەش ئیشێك ڕاپەڕێنن.

– مـامـۆسـتـاگـیـان! مـەبـەستت لـه ئیش ڕاپەڕاندن‌و چەك وەرگرتن چییە؟ بۆمان ڕوون بکەوە تابزانین ئەوانەی ئاماژەیان پیدەکەی، چین؟

برایان چۆن ئێوە ئاگاداری ئەو حیزب‌و میزبانە نین، لەخۆڕا خۆیان کردۆتە پێشڕەوی کوردو خەریکی دەوڵەتی کوردین، ئێوە دەزانن دەیانەوێ خۆیان کارو باری وڵات بەڕێوەبەرن‌و دەستی ئێمەو مانان لەئێران‌و ئێراق ببڕن؟

– بـوچـمـا مـامـۆسـتـا ئـەو تـەمـا یـەی گـرتـوویـانـە، ئیشێکی خراپە؟ هەتا کـەنگـێ لـەژێر شـەپـی عـەرەب‌و عـەجـەم دابـیـن؟ پێت وانییـە کـوڕی کـورد بـەسـەرمـان ڕابگـا و بـەروبـوومـی وڵاتـی خـۆمـان بـۆ خـۆمـان بخـۆیـن باشترە. مـامـۆسـتـا! تـۆسـاڵێك لـەوەپـێش بـۆخـۆت دەت‌فـەرمـوو؛ وڵاتـانـی بچـووکیـش بوون بەدەوڵەت‌و ئالایان دەشەکێتەوە. ئێستا تۆبە ئێمە ناڵێی لەبەرچی وا لەپڕ ڕا ئەو گۆڕانە قوڵەت بەسەرداهاتووە؟!

حاجی‌و سۆفی ساڵان ئاوا *دمهەراش* نەبوون، هەمیشە قسەو خوتبە مەلا لەلایـان نـرخ‌و بـایـی هـەبـوو، ئێستـا ئێـوەش خـۆتـان لێگـۆڕاوە. ئـەو حیـزب‌و

ڕێكخراوانه مێشكیان پڕكردوون له شتی پڕوو پووچ ئاینەكەتان لەبیر كردووه . بەقسەم بكەن ئەگەر ئیسلامتان دەوێ، چیغ بەلای قسەو باسی سیاسیدا بێنن و ڕێبازی نوێی ئیسلامی هەڵبژێرن . دەرگای بەهەشت بە كلیلی ئاینی دەكرێتەوە، نەك سیاسی .

– ماموستاگیان! بۆخۆتان دەزانن هەرچی بە ئێمەتان گوتوو بەقسەمان كردون ، بەلاّم ئەوەی ئێستا باسی دەكەی، تۆزێك بۆ ئێمە نوییە . ئەگەر دەكرێ هێندێكمان پتر بۆ شی بكەوە .

– ئێستا كە واتان پێ باشە، گوێ بگرن بزانن ئێـژم چی؟ هەمووتان ئاگادارن و دەزانن كە ئێمە لە سالاّنی كۆنەوە ڕێبەری ئاینی ئێوە بووینە، خزمەتی ئاینی پیرۆزی ئیسلامانكردووه . ئەگەر ئێمەتان دەوێ، دەبێ بەقسەشمان بكەن. ئێستاش ئێمە لەسەر لایەنگری و پشتیوانی ئێوەی مسوڵمان دەستبەكار بووینە . ئەو پارەو دراوانەی كە ئێوە بەنێوی یارمەتی وەری دەگرن، بەخۆڕایی و *هەوتتە* نییە، ئێمەش بە پشتیوانی ئێوە یە لە هەموو لایەكەوە پارەو چەكو چۆڵمان بۆدێ .

– مامۆستا ! ئێوە كە ئاوا بەلێشاو لە هەموولایەكرا بۆتان دێ، خۆ هێشتا ئەو یارمەتی یەی دەیدەن بەئێمە لەچەند كیلۆبرنج و ڕۆن و تەلیسە ئاردێك تێ نە پەڕیوە . پێمان نالێی چی لێدەكەن؟

ڕاست دەكەی، بەلاّم دەبێ بڕواتان بەئێمە هەبێ كە حەیف و مەیل ناكرێ، بەڵكوو وەكوو *بەیتولمال* بۆڕۆژی تەنگانە هەڵدەگیرێ. لە لایەكی دیكەشەوە ئێمە كاروبارێكی زۆرمان لەسەر شانەو لەباری ئاینیشەوە بڕوامان لە ئێوە بەهێزترە ، بۆیە قورسایی ئیش و كاری ئەولاو لاو ئەو دیوەودیومان هاویشتۆتە سەرشانیخۆمان، بۆئەوەی زۆر زەحمەتی ئێوە نەدەین .

– خوا ڕاوەستاوتانكات مامۆستا ! لەوە باشتر نابێ. ئێمەش هەر

فه‌رمووده‌یه‌کتان هه‌بێ، مادام سوودی گشتی تێدا بێ، واده‌که‌ین.

– ده‌باشه‌برای دینی! ڕه‌حمه‌ت له‌بابتان. ئێستێ‌که لێم تێگه‌یشتن، با ئه‌رکی ئیسلامی خۆتان پێ‌بلێم تا ئێوه‌ش به‌کارو باری خۆتان هه‌ستن.

ئه‌لف: پڕوپاگاند وه‌ڕێ خه‌ن تا کوڕه‌کان بێن چه‌کیان بده‌ینێ بۆ به‌رگری‌و پارێزگاری له ئیسلام.

ب: هێندێك میوانی مسوڵمانی نوورانی لاوه‌یی دێنه ناومان به‌زمانی عه‌ره‌بی‌و ئه‌فغانی ده‌دوێن‌و زمانی ئێمه نازانن، چه‌ندی خزمه‌تیان بکه‌ین‌و ڕێزیان لێ‌بگرین که‌مه. کاروباری نهێنیان ده‌بێ بۆیان ڕاپه‌ڕێنن خێرتان ده‌گاتێ.

ج: له‌پڕووپاگه‌ندی دژ به‌و حیزب‌و ڕێکخراوانه ڕامه‌وه‌ستن، له هه‌موو شوێنێك وه‌کوو دژی ئیسلام به‌خه‌ڵکیان بناسێنن.

د: به هۆی خزم‌و دۆست‌و ئاشناو ڕۆشناتانه‌وه، ئیشێکی وابکه‌ن خه‌ڵك له‌و پارت‌و ڕێکخراوانه دوورکه‌ونه‌وه‌و ئه‌گه‌رکوڕو خزمی خوتان به‌قسه‌تان بکه‌ن، چه‌کی ئه‌وان دانێن. با به‌ره‌و ئیسلام بێن چه‌کی خۆمان هه‌ڵگرن. بێشك ئه‌گه‌رئێمه له باری نیزامی‌یه‌وه به‌هێز بین، جێگای ئه‌وان ده‌گرینه‌وه‌و ده‌بینه ده‌سه‌ڵاتدار.

به‌خوای ماموستا کرێبار! هه‌رچه‌ندی ده‌که‌م ئه‌و فه‌رمایشانه‌ی به‌ڕێزت ده‌یان فه‌رمووی به‌دڵه‌وه نانووسێن. ئه‌وه‌ی ئێمه بیستوومانه، جیاوازی‌یه‌کی زۆری هه‌یه له‌گه‌ڵ ئه‌و چوار شته‌ی جه‌نابت فه‌رمووت. باوه‌ڕبکه به‌هیچ لێکدانه‌وه‌و هه‌ڵسه‌نگاندنێك به‌رنامه‌که‌ت سه‌رکه‌وتنی تێدا نابیندرێ‌و ناتوانێ گوڵ بکات.

– ده‌ی برا ئێوه‌ش قسه‌ی خۆتان بکه‌ن، به‌ڵام نابێ قسه‌ی ئێمه ڕه‌ت بکه‌نه‌وه گوناحتان ده‌گاتێ. با بزانم ڕوانگه‌ی ئێوه چییه‌و له‌و باره‌وه ده‌ڵێن چی؟

– مامۆستا ! ناردنی کورەکان بەسەرچاو ، بەڵام بەمەرجێك ئاکامی کارەکانیان بۆکورد بێ و بۆ ئازادی کوردو کوردستان تێبکۆشن .

٢– باسی نهێنی کاریت کرد ، بەکارێکی باشی دەزانین و لە کۆنەوەش هەرکردومانە . پێم وایە مەبەستی تۆش لە نهێنی کاری ئەوەیە کە سڕوتڕی ناوخۆمان نەچێتەدەر بێگانە کەڵکی لێوەرگرێ .

٣– پێم سەیرە فەرمووت ؛ پڕوپاگاندی دژی پارت و ڕێکخراوەکان بوڵاواز بوونیان وەڕێ خەین ! یان کوڕەکانمان چەکی ئەوان دانێن! مامۆستا تۆبەئێمە ناڵێی چەکدانانی ئەوان ، چ سوودێکی کوردی تێدایە جگەلەوەی دەوڵەتی زۆردار سواری سەرمان بێتەوە ؟ تۆ دەزانی مامۆستا ! پیشمەرگەمان نەبێ ، لەو لایەڕا بە ڕۆژێك دەگەنەوە سەرمان و جیرانە مسوڵمانەکەی تۆش خۆی تێڕۆ دەکا ؟ دەزانی ئەوکات ئەوەندە کوردستانەی کە بەخوێن ئاودراوە ، دەبێتەوە مەیدانی ڕمبازێنی عەڕەب و عەجەم؟ تۆ گوتت چەکی پارت و ڕێکخراو دانێن ، چەکی ئیسلام هەڵگرن ، ئەو موسڵمانانەی کە فەرمووت زمانی خۆمان نازانن ، ئەوان لە ئەفغان و ئێران . . . . ڕا هاتوون . دەنا ، نا ؟

حاجی ، سۆفی ، دەروێش ! وادیارە باش لەمن نەگەیشتون . تێبگەن دەڵێم چی؟ ئێمە هێندێك لە پێشڕەوانی ئاین ، پێمان وایە کە دامەزرانی دەوڵەتی کوردی زەرەری تێدایە ، هەر لەئێستاوە زمزمەیانەو باسی ئازادی و دێموکراسی دەکەن . ئەو ئازادیە بەو جۆرە بچێتە پێش ، نەك هەر کوڕان ، بەڵکوو کچانیش دەبن بەزاناو داناو دوکتۆرو ئەندازیارو تەکنیسیۆن و . . . ئێمەش وەك جاران دەبێ ببینەوە مەلای مزگەوت و چاومان لەبەرات و زەکات و سەرفترەی ئێوە بێ . باشە ئێوە بەمن ناڵێن ئەو مەلایەتییە تاکەی؟ بۆ لێمان ناگەڕێن هێندێکمان کاری ئیسلامی سیاسی بەڕێوە بەرین و بۆ پەرە پێدانی ئاینی ئیسلام هاتووچۆی دەوڵەتانی ئیسلامی

بکەین. خۆتان دەزانن مەلایەکی زۆر هەنەو لە مزگەوتەکان خەریکن. ئێمەش چەند مەلایەك لەلای دەوڵەتە ئیسلامیە دراوسێکان ناسراوین. هەلێکی باشمان بۆ رەخساوە، وازمان لێ بێنن با ئێمەش سەروەتو سامانێك بۆدوا رۆژ کۆکەینەوە. خۆتان دەزانن زۆر کەس خۆی لەسەرکورد تاقی کردۆتەوە، بائێمەش تاقیکاری خۆمان بکەین.

ببوورە ماموستا! مەبەستت لە کێیەو تاقیکاری چۆن؟

بێ بەلاّبن؛ کێ تاقیکاری خۆی نەکردووە، تورك، عەرەب، عەجەم، فارس، دەرەبەگ، ژاندارم، پۆلیس، جاش، ئەم ئەو...

بێشك ئێمە سەرکەوین ئیش و کارمان لەگەڵ ئەوانەی باسم کردن فرەفرە جیاوازەو گەلێك شت بەسوودی ئیسلام ئەنجام دەدەین.

– باشە قوربان تۆ بەرنامەی دوا رۆژی خۆتانت بۆ باس نەکردین.

– کورە! سۆفی، دەروێش، حاجی، بە خوای ئێوە لە خۆتان دەگۆڕن، دەنا هەموو کەس دەزانێ بەرنامەی ئێمەی ئیسلامی سیاسی چییە. ئێوەچیتان پێ باشە وادەکەین و دەست دەکەین بە: پێك هێنانی ترس و لەرزێکی پڕ لە دڵەڕاوکە. وادەکەین ئەوەندەمان لێ بترسن مندالمان پێ ژیرکەنەوە. یاسایەك دادەنێین کەس نەتوانێ باسی ئازادی و دیموکڕاسی بکا، مزگەوت دەکەینە جێ کۆبوونەوەی خەڵك.

هەر بەمندالێ وایان بار دێنین لە ئیسلام بەو لاوە بیری هیچ شتێکی دیکە نەکەنەوە. خەڵك وەها شوکرانە بژێر دەکەین بە لەتە نانێك رازی بێت. کوتایی بە پێکەنین و چەقەنە لێدان و سەما و گۆڤەند و شادیی دێنین. ئەو ژنەی پیلی رووت بێ و قژی دیاربێ تەقەی لێدەکەین. سەری پیاو رووت بێ بەداغ کردن تەمبێ دەکرێ. ئەوەی نێویان لێ ناوە کلتوورو کەلەپوور حەرام دەکرێ. بە کورتی: دەست دەپەرێنین، چاو دەردێنین، بیر دەمرێنین، لانیکەم نیو سەدە لەزەمان دەکوژین و زانست و سەنعەت دوا

ده‌خه‌ینو زانیاری ڕۆژیان له‌بیر ده‌به‌ینه‌وه‌. به‌کورتی به‌یارمه‌تی براده‌رانی مسولمانی دیوار به‌ دیواری دراوسێ، ئه‌و به‌رنامه‌ باشه‌ی بۆئێمه‌مان دارژتووه‌ به‌ خه‌رجی ئه‌وان پیاده‌ی ده‌که‌ینو ئه‌و خه‌ڵکه‌ی که‌ داوای ئازادیو دیموکراسیو سه‌ربه‌ستیو فدراڵیو چیو چی ده‌که‌ن، ئه‌و گێره‌و کێشه‌یان له‌ بیر ده‌به‌ینه‌وه‌.

ئه‌وه‌ به‌رنامه‌ی ئیسلامی ئێمه‌یه‌. جا ئه‌گه‌ر ئێوه‌ش ده‌تانه‌وێ خواتان لێ ڕازی بێو گیرفانتان پڕبێ؟ وه‌رن ڕه‌گه‌ڵمان كه‌ون.

– ئه‌تۆش گوێ بگره‌ مامۆستا کرێبار! تاپێت بڵێین؛ ئێمه‌ش ڕوانگه‌ی خۆمان ساغ کردۆته‌وه‌. ئه‌وه‌ی تۆباست کردو خۆت تێوه‌رداوه‌، هه‌ر له‌خۆت جوانه‌و پیرۆزی خۆت بێ. ئه‌وه‌ی باستکرد هه‌وه‌ڵجاره‌ شتی ئاوامان له‌ زمانی مه‌لایه‌ك كه‌ خۆی پێ كورد بێ، گوێ لێده‌بێ. له‌ ڕابردودا هه‌ر مه‌لای كورد بوو قوڵی خه‌باتی هه‌ڵماڵیبوو له‌ دژی داگیركه‌ران به‌ربه‌ره‌كانیان ده‌كرد. مه‌لاكان بوون ده‌چوونه‌ به‌ندیخانه‌و ژێر شكنجه‌و په‌تی سێداره‌. وێنه‌ی مه‌لای وه‌كوو تۆ له‌هه‌موو كوردستان نه‌ده‌گه‌یشته‌ قامكژمێرێك. ئه‌و قامك ژمێره‌ش كه‌وتبوونه‌ ژێر نفرینی خاسو عام.

دیاره‌ به‌ حه‌ق نێومان ناوی كرێبار. چوونكه‌ بۆ بێگانه‌ كرێباری ده‌كه‌ی و باری بێگانه‌ت هه‌ڵگرتووه‌. ده‌برۆ مامۆستاكرێبار به‌غدا نیوه‌ی ڕێت بێو جارێكی دیكه‌ نه‌گه‌ڕێیه‌وه‌ بۆ پیلانگێڕیو سیخوڕیكردن. كه‌ به‌قسه‌ی بێگانه‌ده‌ته‌وێ بۆته‌ماعو پڕكردنی گیرفانت ته‌بایی ناوچه‌كه‌مان لێتێكده‌ی. ئه‌وه‌ له‌گه‌ڵ تۆشمان نه‌كرد كه‌ ده‌ته‌وێ ئاوا به‌سووكو هاسانی به‌ *قسه‌ی ڕژێمی دیواربه‌ دیواری ئیسلامی ئێران كاره‌ساتێكمان به‌سه‌ر بێنی كه‌ به‌سه‌ر كوردی ڕۆژهه‌ڵاتیان هێناوه‌و له‌ژێر ئاڵای كۆنه‌ په‌رستیداگیریان خواردووه‌و چه‌ندین ساڵه‌ مه‌ینه‌ت ده‌چێژێ وده‌چه‌وسێنه‌وه‌و له‌كاروانی پێشكه‌وتن دوا كه‌وتوون ی٪*

## دەستی لە.... درێـژتـر !

وای چەند ساردە. نەرمەبای ئەورۆ تەنگی پێهەڵچنیوم! تۆ بزانە چ لێوە لەرزەیەکم هاتوتێ. نازانم سەرمامە، یان خەموخەفەتی منداڵ و خێـزانەکە ئاوا تـا م هاتـوتـێ و *چەقووچۆ*دایگرتـووم. تـۆبڵێـی لەبەریەك هەڵوەشانی بناغەی بنەماڵە نەبێ کە خۆم بە خۆم نەزانیوە؟ تێك چونی چەند ساڵ ژیانی هاوسەری هاسان نییە.

دەبا وام لێبێ مافی خۆمە *هەی گۆڕ*. هەرنەهاتییەکی بەسەرم بێ، خۆم بەسەرخۆم هێناوەو لـە خۆم بەو لاوە کەسی تر تـاوانبار نییـە. ئەو گێرەو کێشەو خەمو پەژارە بەدەستی خۆم پێك هاتووە. هاوڕێ و دۆست و ئاشنا و ڕۆشنا زۆریان پێگوتم کچێکی کورد بێنم و لە بیری پێکهێنانی بناغەی بنەماڵێ کورد دابم و دوا ڕۆژێکی ڕوونم هەبێ و ئاوا وەك ئێستـام بەسەر نـەیـە. کـە چـی مێشکـی لـەخـۆبـاییـم و دەمـاغـی لاویـەتیـم ڕێگـای لێ گۆڕیم و ئامۆژگاریم لە کەس وەرنەگرت تا ئاوا خۆم تووشی ڕۆژی ڕەش و منداڵی بێبابی دوا ڕۆژ نادیارو تاریك کرد.

سەت بریا ئامۆژگاری و پەندی دۆست و هەڤالانم بەهێند گرتبا و خۆم تووشی هەناسە ساردی ئێستا نەکربایە. ئێستادۆست و ئاشنا هەرچیم پێ بڵێن جێی خۆیەتی و حەقیانە بم شێلن و برینم بکولێنەوە. *وەباڵی* خۆم بەستۆی خۆمە.

زەنگی تەلەفونە، بابزانم کێیە، دەی کارنییە خوا چاکی نەکات.

ئەلۆفەرموو؛ شەوباش خەمۆگیان! چۆن بوو بەسەرت کردینەوە؟ وادیارە دەردە دڵت زۆرە. بەتەلەفون ناکرێ هەستە وەرە ئێرە باکەمێك خەم و تاڵی

بڕەوێنین و دوو قسەی خۆش پێکەوە بکەین. دە وەرە دەی، پێم خۆشە.

زۆرم پێ خۆشە *خەمۆ* سەرم دەدا. دەزانم پێم دەڵێ تۆش خۆت سەڵت کردەوە. ئیدی *خەمۆ* نازانێ کە بریا هەر سەڵتی بایەو، خەم و دەردی ئەو مندالانەی لە گەڵ نەبایە. بێچارە خەمۆ! دوو مندالیشی هەیە. تۆبزانە ئەو بەدبەختی و نەهاتییەی کە ئێمەی پەنابەر بۆخۆمان پێك هێناوە. چاکە من هەر منداڵێکم هەیە ئەویش لە خەم خەلسیوە. *خەمۆی* چارەڕەش بە دوو منداڵی یەکساڵەو سێساڵەوە دەبێ چبکا؟ تۆ بزانە بزانە ئەو ژنە ئوروپیانە چەندە زیرەکن. چەندی بۆخۆیان حەزیان لێبێ رادەبوێرن و هەرکاتێ ویستان مێرد دەکەن و کەی حەزیان لێبوو بە سووکو هاسانی و بەسەڵت و قووڵتی و دەستی بەتاڵ، مێردەکانیان وەدەر دەنێن!

ئاها دەنگی دەرگایە. وا خەمۆ هات. یاخوا بەخێر بێی خەمۆ. بەخوای دڵم کراوە. زۆرم خەمی تۆ بووکە خێزانت ڕۆیشتووە و پێکەوە نەماون. بەتایبەتی زۆرم خەمی منداڵەکانتە، چونکە وردن. منداڵی ورد دەست و پێگیرە. یاخوا کەس وای بەسەر نەیەو ئەو ڕۆژە نە بینێ.

منیش لەمێژە ئەم دیوی وەڕەزیم دەکردی خۆشحالم بە دیتننت. *هەڵۆ*تو بیستووتە لە قەدیمەوە گوتوویانە: گامردو بەگامردو خۆشە. بە جووتە پێکە نین.

*دەی خەمۆ!* بۆم باس بکە بزانم، چۆنبوو خیزانت بە جێی هێشتووی ڕۆیشتووە و تووشی هەڵوەشانی ئەو بنەماڵە گەرم گوڕەی کردوی ماڵی شێواندووی؟

کوڕە، ڕۆیشتنی چی و بەجێ هێشتنی چی *هەڵۆ* گیان؟ ئەوە چۆنیان بۆ گێڕاویەتەوە؟ بۆ پێیان نە گوتوی؛ بەسەڵت و قولتی وەدەریان ناوم و دووشەقی تەریشیان تێهەڵداوم دەریانکردووم منداڵەکەشیان لێ

ئەستاندووم؟ !

خۆنابی پێم بڵێی ماڵ شێواو. پێم بڵێ؛ ڕەنج بەخەساری چەندین ساڵە! پێم بڵێ؛ بێکەسی وەجاغ کوێر! تۆ دەزانی هەڵۆگیان بۆهەمیشە منداڵەکەم لەدەست چوو؟ باوەڕ بکە *هەڵۆ* وەختە لە سوێیانی شێت بم. قەت بیرم لەو ڕووداوە دڵتەزێنەی ئێستا نەکرد بۆوەو بە بیرمدا نەدەهات کە من بابێکی کاتیم و منداڵ منداڵی من نییە. کاتێ یەکێك لەو بارەوە قسەی بۆدەکردم، بە مرۆیەکی نەزانو پاشکەوتووم دەزانی. ئێستا دەزانم ئەوان دۆستی ڕاستەقینەی من بوون. ئێستا دەزانم بە دەستی خۆم خۆڵم بەسەر خۆم داکرد، بەڵام درەنگبووەو هەزار هاوار بەپوولێکە.

باشە *خەمۆگیان*! پێویست بەو خۆ وەرەزکردنە نییەو بە تەنیا ئەتۆ وات بەسەرنەهاتووە، هاودەردی دیکەش زۆرن وەکوو ئێمە قوڕیان وەسەر خۆیان کردووەو مالیان لێشێواوەو جگەر گۆشەیان لەدەستداوە. بەخەمو پەژارەش هیچ ناکرێ. بەڵکوو دەبێ بیری لێبکەیەوەو ڕیگا چارێك بدۆزیەوە. گرێپووچکەی ئەو گیرو گرفتانە حەکیمانە دەکتێنەوە. چوونکە لەخۆدانو هاتو هاوارهیچ کەندوکۆسپێك حەل ناکا. برالە تۆ بە وەڕەزکردنی خۆت هەموو شتێکت لەبیر بردمەوە. پێم بلێ بزانم منداڵەکەت لەکوێیە، چۆنە، تۆ بۆئاوا بۆی وەڕەزی؟

تۆ لەمن باشتر دەزانیهەڵۆگیان! منداڵ لەو وڵاتە داهاتووی ڕوونە. بەتایبەتی ئەگەر بێتوو دایكوباب پێیان ڕابگەن، دەبن بە هەموو شتێك. بەڵام ئێمە دەردێکیدیکەمان هەیەبیری لی بکەینەوە. ئەو منداڵەی دایکی ئێرەییە ڕۆژ بەڕۆژ لە دایکی نیزیك دەبێتەوەو لە باوکی دوور دەکەوێتەوە. بە پێی یاسا، باب مافیدوو ڕۆژ دیتنی منداڵی هەیە. دەیجا سروشتییە، منداڵ کێشی لای دایکی دەبێو دوای چەند ساڵێك

نەخشی باب کۆتایی دێت .

*هەڵۆ* دەیویست بزانێ منداڵی خەمۆ چۆنن و چیان بەسەرهاتووە، بەڵام خەمۆلە وەڕەزیان دەردە دڵی بۆ دەکردو نە دەچووە سەر وەڵامی پێویست. *هەڵۆگوتی:* بێبەڵابی خەمۆ ئەو هەموو قورەوسەرکردنەی ناوێ . وەك کوری‌شای وای کە تۆ لەحەوتوودا دوو ڕۆژت منداڵ بدەنێ . کوڕە نەت‌بیستووە؛ زەرەر لە نیوەش بگەڕێتەوە هەرباشە. *خەمۆ* سەرێکی ڕاوەشاندو گوتی؛ باشی چی و شتی چی! مافی ئەوەم نەبێ منداڵی خۆم لەلای خۆم بێ؟ وەختم بۆ دانێن بچم بیبینم، بەوە دەڵێن کوڕی شا هەڵۆ؟ لە ئوروپا ئاوا بیردەکەینەوە، بۆیە وا تەواوین !

پێتوایە من ئەو بەزمەم پێخۆشە خەمۆ! منیش لە گوین تۆ سووتاوم، بەڵام دۆڕاندومانەو چارن بێچارە.ئەگەر لەتەمەنی لاویەتیدا هۆشمان هەبایەو لە خۆبایی بوون بەری چاوی نەگرتباین و ئامۆژگاری دۆست‌و ئاشنایانمان وەرگرتبایە، ئێستا کوڕی شای بووین.

هەڵۆبە پێکەنین زەردەخەنەوە گوتی: باقسەی خۆش ون نەبێ ڕمۆ. دەگێرنەوە دەڵێن: مام حەسەنێك لە مەهاباد هەبوو، ساڵانە باغێکی لە نیزیك شاری بە ئیجارە دەگرت‌و تا پایزێ خوردی دەکردەوە. بەرە بەری کوتایی باغ ، تاقمێك قوماربازی سابلاغی شەوێ دەچوون ئەوەی قازانجی کردبوو لێیان دەبردەوە. مام حەسەن دوای دۆڕاندن ئاخێکی هەڵدەکێشاو هەڵدەستا سەرپیۆ خۆی دەتەکاندو دەستی لەسەر بەرگەدەی دادەناوەدەیگوت: کورەبەو پۆپەی دۆڕاندم، خۆبۆخۆم تێرو پڕم ترێ خوارد. ئێستا من‌و تۆش‌دۆڕاندومانە . مەگەر ئێمەش وەك مام حەسەن بلێین: خۆتێرو پڕمان لە گەڵیان ڕابوارد. دیارە ئەوە دڵخۆشی دانەوەو خۆ فریدانە. دەنا بەڕاستی باشمان دۆڕاند. ڕەحمەت

لەبابی ئەوکەسانەی پێمان پێدەکەنن ، یان جنێومان بۆ دەنێرن ، کە ئاموژگاریەکانیان وەرنەگیراو خۆمان پێ لەوان ئاقلتر بوو. وامان دەزانی *حەوت مێشمان* لە کونێکدا دیتوتەوە ، ئەوە چییە ژنی ئوروپاییمان هەیە . ڕابواردنەکەشی بە زیاد نەبێ.

دەردی دڵ بەسە خەمۆ پێم بڵێ بزانم کاتێ منداڵەکان دێنەوە ، ئەو دوو ڕۆژەی لە لاتن خۆشحاڵن؟ دەڵێن چی؟ باسی دایکیان دەکەن؟

کوڕە هەڵۆ! پێخۆشبوونی چیو خۆشحاڵی چی! لە بەیانی شەممۆڕا تا ئێوارەی یەکشەممۆ، هەزار پەڵپو بیانووم پێدەگرنو زوو زوو دەپرسن کاتژمێر چەندە ؟ ئەرێ کەی دەڕۆینەوە ؟ ئەرێ پاپا کەی دەمانبەیەوە لای ماما ؟ و دەیان شتیتر . کوڕەکەم تۆزقاڵێك دڵی بەمن ناکرێتەوە ، ئەگەر خوشکی نەبێ بۆشم ناحاوێتەوە .

خەمۆگیان! شوکری خودا بکە ، ئەگەر نەیان هێشبا منداڵەکان بینە لات چت دەکرد ؟ ئەو دوو ڕۆژەش باشە بۆخۆتان هێندێك سەیرو سەیران دەکەن .

کوڕە هەڵۆگیان! سەیرو سەیرانی چی! تۆپێت وایە ئەو دوو ڕۆژە بۆ منداڵدەدەن بەباب؟ ڕەنگبێ وابزانی لەبەر بابەکانە؟

— : ئەدی لەبەر چییە خەمۆ!

—: دیارە وەکوو یاسا شتێکی خراپ نییە کە لانیکەم دوایماڵوێرانی نایەڵن بە یەکجاری مرۆڤ *وەزگ* بدا . چونکە ئەوەندەش باشەو دڵی مرۆڤ برێك دادەمرکێ. مەسەلە ئەوەیە لە وڵاتانی سەنعەتی دایك لە حەوتوودا پێنج ڕۆژ کاردەکا . ئەو ماوەیەش منداڵەکەی لە باخچەی منالانو... (داگیسو داگهێم ) دادەنێ. لە دوو ڕۆژەی پشوودانیش پێویستی بەکەسێکە بیان حاوێنێتەوەو بۆخۆی بەخۆی ڕابگا . دەبێ ئەو

دوو ڕۆژە بابیش بەمندالْ ڕابگاو پەڕۆی لێ بگۆڕێ‌و مە مکی بۆ بگرێتەوەو سەرگەرمی بکات. دووشەمموّش ڕۆژی کارە، باب ماندوشبێ، توانای کاری هەیە، بەلاّم ژن دەبێ بەحەساوەیی بچێتە سەرکار.

—: دەی دەی وەڵلاّهی هەنووکە تێدەگەم مەسەلە چییە! واتە دوو ڕۆژی پشوودان، ژن لەلای توّش نەبێ، دەبێ یاریدەی بدرێ‌و دەستی بەتالْ بێ‌و بە ڕابواردنی خۆی ڕابگات. بەخوای بابم یاسایەکی باشە.

ئاگات لێیە هەلۆ! ئوروپایی چەندە ئاقلْن؟ ئێمەین تێناگەین، دەڵێین؛ دەبێ خوداش‌مان هەبێ‌و خورماشمان هەبێ. گوێ بگرە هەلۆ! شتێکی تر! دوای ئەو بەزم‌و ڕەزمەش دادگا بریاردەدا کە دەبێ مانگێ چەند هەزارێك بە نێوی نەفەقە بدرێ بەژنەکە، واتە تا ئەو مندالاّنە دەبن بە ١٨ سالْ، دەبێ مانگانە بدەی.

ئەو دراوە چییە خەمۆ! چۆن ژن لەمالّی خۆت دەرکات‌و مندالْت لێ بستێنێ هێشتا مانگانەشی بدرێتێ، بەخوای بەزمێکی خۆشە؟!

دەڵێی چی *هەلۆ!* ئەوە یاسای ئوروپاییە. حەمەو حەجۆی برادەریشمان هەر ئەو بەزمەیان بەسەر خۆیان هێناوەو ئێستا مندالّەکانیشیان ناتوانن بەکوردی بپەیڤن، تەنانەت بەزەحمەت بابیشیان دەناسنەوە.

خەمۆگیان! میللەتێك ولاّتی لێداگیرکرابی‌و بێ‌ولاّت‌بێ، ئەگەر بۆخۆی نەزانێ چبکات‌و گوێ بۆ پەندی کەس‌و کارو هاوڕێی خۆشی ڕانەگرێ‌و بیر لە بنەمالّەی کاتی‌و یەکجارەکی ناکاتەوە، بێشك وەکوو ئێمەی بەسەر دێ‌و ئاموّژگاری ئەم‌و ئەویش داوێتە پشتگوێ.

—: باشە خەمۆگیان! باپرسێکت پێ‌بکەم: ئەگەر خزم‌وکەس‌و ناسیاو پرسیارمان لێ‌بکەن بڵێن: بیستوومانە ژنەکەت ڕۆیوە، یان مندالّەکان لە کوێن، وەلاّممان چیبێ و چۆن وەلاّم بدەینەوە؟

جادەڵێی چی هەڵۆ! تازە کارەو هاتووە، وەڵڵا ڕاستەو ڕاست دەڵێم: ژنەکەم نەڕۆیشتووە، بەڵکوو دەری کردوم و منداڵەکانیشی بە پێی یاسا لێ ئەستاندوم. جا درۆ بۆبکەم *هەڵۆگیان*! با ڕاستییەکەی بە خەڵك بڵێین، بەشکم بە بڵاو بوونەوەی بەسەرهاتی قوڕی ئێمە، چوارکەسی دیکە هۆشیان بیتەوە وەکوو ئێمە خۆیان نەکەن بە گای بەڵەك پاشملەو ڕوو بەروو لۆمەو سەرکۆنەیان بکەن.

تۆخوا *هەڵۆ*! لەو خەڵکە گەڕێ با بەسەرمان برۆن و بمان شێلن. دەزانی هەڵۆ! دوێنێ ڕزگاری هاوڕێم تووشم بوو، دوای دەردی دڵێکی زۆر پێی گوتم:

– چەندم گوت کچی کورد بینە، ژنی لاوەکی ماڵت گەرم ناکات، بەقسەت نەکردم تا تووشی ماڵوێرانی و سەرگەردانی بووی. دوایی پێم پێکەنی و گوتی: ئێستا مافی ئەوەم دەدەیەی پێت بڵێم: دەستت لە گونان درێژتر؟!

## هەزارگوتە، یەك كردەوە!

لەگەرمەی وتوو ویژدابووم، باپیر! بێ ئەوەی باسەكەم كۆتایی بێت وەكوو"كەری نیوەزەری لێكردم و وتەی منی بڕی و بە دەنگی بۆڕی بەسەریدا گوڕاندم وگوتی:

بارام تۆ دەزانی ئەو قسەو باسانەی تۆكۆن بوون و باویان نەماوە؟ ئەو ڕۆ كۆمەڵ پێویستی بە شتی نوێیە. بەسە تا كەنگێ ئەو شتە كۆنانە دەجووی كردووتە بە بنێشتە خۆشكە دەیڵێی و دەیڵێیەوە. قسەوداهێنان ئەگەر تاقیكراوەو سەركەوتنی وەدەست نە هێنا ،دەبێ وازی لێ بێنی و داهێنان بەدارڕژتنی زانستی بێت كایە. جیهانی نوێی ئەو ڕۆ، شتی نوێ، باسی نوێ، هەواڵی نوێ، ڕێ و شوێنی و ڕێبازو تاكتیك و ستراتێژی نوێی گەرەكە. مرۆڤ دەبێ چاوی بكاتەوەو پێ بە پێی زەمان بچێتە پێش و واز لە شتی كۆنی ڕابردوو بێنێ و شتی كون بنێژرێن.

باپیر باراشی وەسەركرد بوو نۆرەی كەسی نەدەدا. قامكی كرد بەدرەوشووكە بۆلای منی ڕاداشت، دوو سێ سوێندی گەورەی بەسەری من و بە مەرگی ئەم وئەوخواردو قسەكانی خۆی دووبارە كردەوە گوت: شتی كۆن و سەرنەكەوتوو باویان نەماوەو دەبێ وەكوو مردوو بنێژرێن و، وازیان لێ بێنین.

ڕووكاری وتەكانی باپیر زۆر بەرێ و جێ و ڕێك و پێك بوون و كەس نەیدەتوانی پەسندیان نەكا، یان ڕەتیان كاتەوە، ئەوەی دەیگوت لەبارەی شتی كۆن و نوێوە ڕاستبوون، بەڵام ئەمن كە دەمناسی و دەمتوانی چەندە بایەخ بۆ وتەكانی دانێم، دانیشتوانی ئەوكۆڕە ئەوەیان نەدەزانی و

شارەزای باپیر نە بوونو لە ناوەرۆکی وتەکانی حاڵی نە بوون کە بزانن ئەوەی باسی دەکا لە خەڵکی گوێ لێبووە، یان ئەو قسانەی بۆ پێشەکی بەرنامەیەکە . یا خۆ یاری بە وشە دەکا و جانتای بە تاڵە ؟

منو باپیر دەمێك بوو ناسیاریو ئاموو شۆمان پێکەوە هەبوو، بەلاَم *دانوومان پێیکەوە نەدەکوڵا* . نەم دەویست وەڕەزی بکەمو دڵی لێم بێشێ . دوای ئەوەی تێرو پڕی قسەکرد ، لەسەرەخۆ گوتم: ئەگەر ئیزنت لەسەر بێتو تووڕە نەبی، پێم خۆشە لەسەر ئەو شتە نوێیەی تۆ باسی دەکەیو بڕوات پێ‌یەتیو کردوتە بە ڕێباز، بۆمان شی بکەیەوە لە ناوەرۆکی تێبگەین و پێکەوە بیکەین بەباسی ئەو شەومان .

باپیر بە پێکەنینەوە گوتی: فەرموو بارام !

زۆر سوپاس باپیر ، دەمەوێ وتەکانم ئاوا دەست پێ بکەمو ئەوانەی دانیشتوون، ڕاستو ناڕاستەکان دەست نیشان بکەن. تۆ قسەکانت وەکوو وشە ڕاستن. شتی نوێ هەموو کەس تەئیدیان دەکات، وەك نوێ وێژی جێگای ڕێزی ، بەلاَم لە نوێ ڕێژیدا نە بە کردەوە، نە بە نووسین هەتا ئێستا هیچم لێ نەدیوی کە پشتیوانیت لێ بکەم و تەئیدی شتە نوێیەکەت بکەم، ئەوەی تۆباسی دەکەی، زۆرجارت گوتووەو گوتوتەوە، بەلاَم قەت نە شتێکت پێوە زیاد کردووە، نە شتێکت لێت کەم کردۆتەوە. بە دووپاتو سەت پاتکردنەوەی *نوێ*سەرت لە خەڵك شێواندووە. تۆ ڕوو لە خەڵك دەکەیو پێشنیاری شتی نوێ دەکەی. بۆخۆشت داهێنانێك، یان شتێکی نوێت نییە بەو خەڵکەی بڵێی. ئەوەندەت ئەو ڕستانە گوتووەو گوتوتەوە ، خەڵك وەڕەز بوونە. با خەڵکیش نەت شکێنێتەوەو بەلێت بۆبڵێن، پێت وانییە ئەگەر بۆخۆت شتێکی نوێت پێ نەبێ دەکەویە ژێر پرسیار؟

باپیر هێندێکی خۆی فش کرد ، وەکوو مرۆیەکی حەقبەخۆ لێم *وەرچەرخایەوەو* هێندێکی لێو و لەتەری خۆی *کرۆژتو* گوتی :

– بارام تا ئێستا تۆ لایەنگری من بووی پەسندی شتی نوێت دەکردو پشتیوانیت لێدەکردم دژی شتی کۆن بووی. پێم نالێی لە کەنگێوە بادداوەتەوە کە ئاوا شتی نوێی من *بەرپەرچ* دەدەیەوە؟

کورە بادانەوەی چی باپیر! تۆبۆ*هەڵدەچی*؟ من پرسیارێك بوو کردمو دەڵێم؛ ئەو شتە نوێیەی باسی دەکەی، پێویستە بۆخەڵکی ڕوون کەیەوە تا بزانن ئەو شتە نوێیەی تۆ باسی لێوە دەکەی چییە؟

ئەوە نییە بارام گیان! بۆخۆت تەئیدی نوێ دەکەیو دەڵێی شتی نوێ باشەو شتی کۆن خراپە. دەی جا منیش هەرئەوە دەڵێم.

باپیرگیان! پێم خۆشە باش گوێ بگریو خۆت لە کوچەی عەلیچەپ نەدەی. من گوتم ئەوەی تۆ باسی دەکەی هێشتا لە وشە دەرنەچووە، وشەیەو بەس. تۆ تائێستا جگە لەبەکار هێنانی وشە شتێکی نوێت نەگوتووەو باسێکت لە سەر شتی نوێ بۆنەکردوین. تۆپێمان بڵێ: ئەو شتە نوێیانەی باسیان دەکەی چن؟ من تەئیدی شتی نوێ دەکەم، بەڵام شتی نوێم پێ نییە، تۆش باسی وشەی نوێ دەکەی، ئەگەر شتێکی نوێت پێیە بۆمان باس بکە، یان پێمان نیشان بدە بزانین چییە؟

– لاالاەالالـلا بە خوای سەیری بارام، تۆ شتت لە بیرنامێنێ، دەنا من هەرچی هاتبێتە پێش پێم گوتویو بۆم باسکردوی.

– بەڕاستی باپیر نازانم دەڵێی چی؟ کاتێك من دەمەوێ شتێك بنووسم، تۆ پێش ئەوەی بیبینی دەڵێی کۆنە ! لێت دەپرسم؛ چ شتێك بە نوێ دەبینی؟ دەفەرمووی: نەنووسرابێو نەبیسرابێو نەکوترابێو نە دیترابێ. بێ بەلابی باپیر! هەرکەس شتێك دەنووسێ دەڵێی کۆنە. شتێك بکات، دەفەرمووی کۆنە. دەی باشە نوێ چییە بیلێ. وەپێشمان کەوە تابزانین ئەوەی تۆ نێوت لێ ناوە نوێ پێشانمان بدە. تۆ بە ڕۆژنامەو نووسەران دەڵێی: مەقالە یان کۆنە. بە پارتەکان دەڵێی: دروشمو داواو

تاکتیك و ستراتیژیان کۆنە. کابراکتێب وەردەگێڕێ پێیدەڵێی؛ هیچی لە جانتایدا نیەکایکۆن کاوێژ دەکات. باشە باپیر تۆ بەمن ناڵێی لەچی ڕازیو چیت دەوێ؟ ڕەحمەت لە قەدیمیان گوتوویانە: *هەزارگوتە، یەککردەوە*.

ئای بارام گیان! تۆش وات لێهات وتەی من بە بێ بایەخ بزانیو ڕەخنەم لێبگرێ؟ سەت جاران بە گوێی خۆم لێم بیستووی باسی نوێکاریو داهێنانی نوێت کردوە، ئێستاش باد داوەتەوە.

– کوڕە باپیر، من کەنگێ گوتومە دژی نوێکاریمو لایەنگری کۆنەپەرستیم؟ ئەوە تۆی بەڕەخنەی من *کێچت لەکەوڵ* کەوتووە. من دەیان جارم پێگوتووی؛ مادام ئەوەندە وشەی نوێ بەکار دێنیو گلەیت لە عەڕشو قوڕشو کائینات هەیە، بۆخۆشت شتێك بکەوکردەوەیەکی نوێ لە خۆت پێشانی ئەو خەڵکە بدە، بەڵام تۆنەك شتێکی نوێت نییە، هیچ شتێکی کۆنیشت نییە. من دەڵێم؛ مادام هیچت لە دەست نایەو ئەو شتانەی کە بۆخۆت باسیاندەکەی لەتواناتدا نییە، بۆ بێدەنگ نابی؟ پێم خۆش نییە خەڵك پاشملە باست بکا. لەلای هەمووکەس دایدەکوتیو لۆمەی ڕێکخراوەکانی باشوور دەکەی. ئەوەتا چونکە هەلوومەرج ڕێگای داوە، هەڵبژاردن کراوەو ئۆتۆنۆمیش بووە بە فیدراڵی، ولاتیش تا ڕادەیەك ئاوەدان کراوەتەوە. دەیجا گۆڕانکاری هەرئاوا دەبێ عەمەر درێژ! بەڵێن دەدەم پارچەکانی تریش درۆشم دەگۆڕن لەو چوارچێوە تەنگەبەرە دێنەدەر. دنیا چاو لێکەرییە باپیر، هەربینا ئەوانیش *درۆشمیان گۆڕی*.

پێم خۆشە شتێکی دیکەشت عەرزکەم، وتەکانی تۆ لە سەرشتی نوێ لە وشە بەولاوە شتێکی تر نییەو کردووتە بەخەتو ڕێبازی خۆت، من بە شتێکی باشی دەزانم هەموو کەس خاوەنی خەت بێ، چونکە ئەگەرکەسێك خاوەن خەتو ڕێبازبێ، هەوڵێشی بۆدەدا، بەڵام مرۆڤی بێ خەت و ڕێباز، سیاسەت نەکردنی باشترو بێ زیان ترە. مەبەستم ئەوەش نییە کە تۆ ڕەخنە

دەگری ، بەلاّم تۆ هەرکەسێك کارێك دەکا ، زۆریش باش بێ تۆ بە خراپی دەژمێری و دەیکەی بە هیچ. زەینم داوەتێ ، ئەگەر هیچ بەڵگەت نەبوو ، دەڵێی ؛ ئەوە کونەو زەمان زەمانی شتی نوێیە ! بەبڕوای من ئەوە ڕەوشێکی فرە خراپە . من و تۆ باش یەکتری دەناسین . تۆ لە ژیانتدا لاپەڕەیەکت نە خوێندۆتەوەو ناخوێنیەوە . تۆ بە من ناڵێی:

تاکەی بێکردەوە ئەسپی خۆت بەبیابانی کاکی بەکاکیدا لینگ دەدەی ؟

## دەستی بەتەنێ تەقەی نایە !

منو هاوڕێ سامان بۆ هەواخۆری لە نێودارستانەکەدا خەریکی رایەلکەو وتوو ویژی خۆمان بووین. سامان جارو بارگنجی دێنا نێو چاوانی خۆیو خولەکێك هەستی ڕادەگرت. برێکی دی ڕۆیشتین دیسان ڕاوەستا چاوی لەسەر یەکدانا گوێی هەڵخست هەستێکیدوو خولەکی ڕاگرت. منکە هیچ هەستو خوستێکم گوێ لێ نەبوو، خۆم بێدەنگ کردبوو. سامان گوتی:

– ئارام تۆ ناپرسی بۆهەست ڕادەگرم؟ گوێ لێیە درۆشم دەدەن؟

کوڕە رایەڵکەی خۆت بکە سامان گیان! تۆ چکارت بە دەنگو هەراو درۆشمدانی خەڵك داوە. جەنگەڵ هەمیشە ئەو دەنگو هەرایەی لێیە. ئێمە بۆیە خۆمان خستوتە قەراغو ناچینە نێودارەکان، تاکوو لە هەراو بەزمی جەنگەڵ بەدوور بین. باوەڕبکە سامان نێو ئەو جەنگەڵە هەرچی تۆ بیری لێ بکەیەوە تێیدایە. سامان ڕایەڵکەی خۆی دەست پێکردەوە. خەریکیدامەزرانی باسێك بووم، دیسان سامان ڕاوەستاو گوتی: ئارام گیان تۆ وەك گوێت گرانبێ وایە، ئەو درۆشمدانە نابیسی؟ وا دیارە درۆشمدان سەری هەڵداوەتەوە. لەوانەیە لە کۆبوونەوەیەکی گەورەدا شتێك پێك هاتبێ، ئێمە لە گوێی گادا نوستووین.

ئەو جار منیش گوێم لێبوو. ئەو دەنگە هەردەهات بلندتردەبوو. ئەو جار پێویستی بەوە نەدەکرد ڕاوەستینو هەست ڕاگرین. بە ئاشکرا درۆشمیان دەدان، درۆشمی ڕێکوپێك. وەکوو: بژی ئازادی ، سەر بەخۆیی ، نەمان بۆداگیرکەرانی کوردستان. بژیکوردستانی گەورە ،و... دوای گوێ لێبوونی ئەو درۆشمانە، ئیدی ڕایەڵکە تامی نەما. لەگەڵ سامان چاومان

تێکبڕی و دەماندڕوانییە یەکتری. لە نێوچاوانی سامانم خوێندەوە دەیگوت باپچین ئەوجاریش خوی تێهاوێینەوە، ئەگەر ئاکامیشی نەبێ، خۆدەزانین دەڵێن چی؟

ئەو دروشم و هەرایە هێندێك شتی بۆ ڕوونکردینەوە. بڕێکی دیکەش چووینە پێش و لەو دەنگە دەنگە نیزیکتر بووینەوە. دروشمەکان دەکوتران و دووپات دەکرانەوە. وادیار بوو لە دروشم تێ ناپەڕێ. خیاڵات هەڵیگرتبووین بێ ئیرادە لەو دەنگە دەنگە دەچووینە پێش! لە پڕڕا سەروکەللەی کاکە عەزە دەرکەوت کە بە تەنیا لە بن دارێکی وشکی بێگەڵاڕاوەستابوو بەرەو کۆمەڵە دارێك چەقیبوو، وەك ئەژماردن بەدەست ئاماژەی دارەکانی دەکرد. جاروباریش دەستی لە بنان گوێی دەناو نارەنارێکی دەکرد. بەدەنگی خۆی لاقەکانی لەهەردی دەکوتان و نیوە هەڵپەڕینێکی زۆر سەیرو نەدیتراوی لە خۆی نیشان دەدا. دەمێکی باش ڕاوەستاین سەیری ئەو دیمەنە غەمینەی عەزەمان دەکرد.

سامانیش وەك لەبەرگێڕانەوە، بەنارە ناردەیگوت: بێچارە عەزەی بە تەماع و بێکەس ئەوە دەڵێی چی؟ هەستی نەتەوایەتی و خەمخۆری بێ ولاتی هەڵیگرتووی؟ یان بە دروشمدان پارە کۆدەکەیەوە؟ یاخۆ دەتەوی بە جێ نەمێنی گەیشتوویەتە ئیرە؟ پیێم سەیرە بەتەنیا دەستی کردوە بە نارە نارو قسەپەڕاندن.

سامان پرسیارەکەی لە خۆیکردو هەر بۆخۆی وەڵامی خۆیداوە. گوتی: بە خوای بابە منیش سەیرم ،ئەوە نییە قسەبۆدارەکاندەکات. کاتی خۆی ئێمەش لە قوتابخانە بەدەرس خوێند مان کە شینایی وەکوو داروگیا زیندوون و گیاندارن.

دەستم هاویشتە سەر شانی سامانو گوتم:

سامانگیان تۆ لەسەر خۆتڕا بەسەر عەزە دەڕۆی؟ ئەدی تۆپێم

نالێی ئەو پرسیارانەت لەکێ دەکرد ، وا بۆخۆت وەلامی خۆت دەدەیەوە ؟!

هێشتا سامان وەلامی منی نەدابۆوە، عەزە سووراو ئێمەی دیت ، چووینە پێش‌و ڕۆژباشمان پێگوت. پرسی ؛ ئەرێ تۆخوا ئیوە لەگەڵ ئەو درۆشمانەی دەمدان چونن‌و ڕاتان چییە؟ ئەگەر دژیشیان‌بن، من زۆر دیموکراتم پێم ناخۆش نییە. ئێمەش زمانمان سووتا دروشمەکانمان پەسند کردو بە ڕوانگەیەکی باشمان زانی. عەزە پێمانەوە نووساو هەزارو یەك پێشنیاری پێکردین کە ببنە ئەندام‌ولایەنگرو چی‌و چی. هاوڕێ سامان وەلامی داوەگوتی: عەزەگیان ئێمە پێش‌ئەوەی گوێمان لە دروشمی‌تۆبی، لە دڵەوە لایەنگری سەربەخۆیی‌بووین بۆیە پەسند مان کرد . خۆپەسند کردنی شتێك بەومانایە نییە تۆ بمان پاڵێوی بەئەندام و لایەنگرو . هیچ پێویست‌ناکات ئاوا تێمان هەڵپێچی‌و ببێ بە قیلی کەوای سپی. عەزە لەجیاتی واز هێنان‌و شلبوونەوە دەیگوت: ئێوە مادام ئەوەندە پیاوی باشن‌و بیروڕاتان لە گەڵ من دەیخواتەوە، نابێ لە باری سیاسیەوە بێکاردانیشن. تێ‌نەگەیشتوو کەیفی خۆیەتی، بەلام مرۆڤی تێگەیشتوو بێ‌لایەن بێ خەیانەتە!

بە سپایی بە سامانم گوت: تێگەیشتی براله، گوێ هەڵخستن‌و هەست ڕاگرتنی بەڕێزتان تووشی چ *قورەشێلێکی کردین*؟ خەڵك لەخۆڕا ناڵێن عەزە پیاوێکی پڕ ڕووە . کورە خۆئامادە نییە دەستمان لێهەڵگرێ. وا من ڕۆیشتم، باعەزەش لە گەڵ ئەو بێ‌زمانانە بۆخۆی خەریکی درۆشمدانی خۆی بێ. توش کەی لەگەڵ عەزە لێك بوویەوە، بە دوامدا وەرە .

سامان ناچار لەگەڵ عەزە کەوتە باس‌و وتوو وێژ، باسەکەیان ئەوەندە قووڵ بۆوە، بەئازازوکەرەم لێك نەدەبوونەوە. عەزە بەکوردستانی گەورەوە نووسابوو ئامادە نەبوو تۆزقاڵێك لە وتەی خۆی بێتە خوار. سامانیش دەیکردە دووقوناغ وای بە دروست دەزانی لەو کاتەدا جارێ لە هەڵگرتنی ئەو درۆشمە زلە خۆبپارێزن . من هێشتا دوور نەکەوتبومەوە سووڕام

گوتم؛ عەزەگیان! ئەوەی تۆ باسی دەکەی، وەك ئارەزووی داخوازییەکی باش‌وخۆشە، رەنگبێ ئاواتی لە سەتا نەوەدی کۆمەڵگا بێ. بەڵام بۆ ئەورۆی ئێمەی بێ پشت‌و پەنا کوڵەبارێکی زۆر قورسەو بڕوا ناکەم بەو چەند کەسەی لەدەوری یەکین هەڵگیرێ. لەلایەکی دیکەشەوە کارێکی وا گەورەو گران مرۆڤی لێزان‌و پسپۆڕو داهێنەرو زانای گەرەکە. بۆئاوا سادەو ساکاری پێتوایە؛ ئەو بارە قورسە بە ئەحەو خلەو ڕەحە هەڵدەگیرێ؟ فارسان پەندێکیان هەیە دەڵێن: *سنگ بزرگ علامتی نزدن است*.

کاکە گیان! تۆئەگەر دەتەوێ خەبات‌و خزمەت بکەی بۆکارێك ناکەی لەتواناو هێزی خۆت‌دابێ. تۆبۆخۆت لە بن ئەو دارە ئەستوورە ڕاوەستاوی دروشم بەخەڵك دەدەی پێتوایە ئاوا بەو دروشمە زلانە گەورەتری؟ باشە پێم خۆشە ئەگەر بکرێ وەڵامی پرسیارێکم بدەوە بزانم: تۆدەمێکە لە بن ئەوداره ئەستوورە لای ئەو کوڵەبارە قورسە ڕاوەستاوی، داوا دەکەی خەڵك بێن لەگەڵت هەڵگرن. بەڵام کەس نەهاتووە! لە لێکدانەوەکانتدا، پێت‌وایە سوودێك بە کۆمەڵ دەگەیەنی؟ یان تۆکارت بەلێکدانەوە نییە؟ تەنانەت من پێموایە گوێت لە وەش نییە کە خەڵك دەڵێن چی‌و پاشملە چۆنت باسدەکەن؟ بیستوومە، گۆیا لەو دوایانەدا حاوانەوەشت باش باس ناکرێ‌و هەر ڕۆژێ یەکدە ڕواو یەکدێ، ئەوە ڕاستە؟ یان ئەوانەی دێن‌و دەڕۆن، زۆربلێ‌و درێژدادڕن‌و تۆش حەوسەلەی زۆرگوتنت نییە؟

عەزە قومێکی لە جگەرەکەی داو بە زەردە خەنێکەوە گوتی:

– بەخوای ئارام‌گیان! پرسیارەکانتم پێ سەیرن، پێم وابوو دوای ئەو هەموو ساڵانەو ئەوکوێرەوەریانەی دیتووتن، هۆشت هاتۆتەوە بەرو ئەزموونت لە ڕابردوو وەرگرتووە. پێم سەیرە باسی خزمەت‌وشتی وا دەکەی! تۆ ئێستاش خەون بە ڕەش‌و ڕووتەوە دەبینی. کوڕە وشەی هەژارو چەوساوە باوی نەماوە، تۆش وەرە وەکو من شایی خۆت بگرەو هەڵپەڕە،

بێبەلاّ بی چکارت بەو خەمو خەفەتە داوە ! وتەکانت پڕ بوون لە پرسیار ، منیش کاتم نییە وەلاّمی ئەو پرسیارانە بدەمەوە . تۆ باسی درێژدادڕیت کرد ، ڕەحمەت لەبابت ، بەخوای ڕاست دەکەی ، من کەیفم بە مروڤی زۆربلێ نایە ، بێدانیشێ باسی تاکتیكو ستراتیژیم بۆبکات. خەباتی کوردستانی گەورە ئەو بەزمو ڕزمەی ناوێ . تۆ دەزانی کابرای پڕ داواش گوێی بە شتی ئاوا نە دەبزووت هەرچی گوتبایان حەوالّەی خوارەوەی دەکرد . یاخۆی لێ مۆن دەکردنەوە بە پالّپێوەنانێكو هەلفریوانێك ، کێشەو تاکتیك حەلدەکرد . ستراتیژیش باسی لێنەدەکرا ، تا لە ئاخرو ئۆخرەکانیدا ستراتیژیشی کرد بە "پاراستنی"سنوورەکان. دنیاش چاولێکەرییەو منیش گوێ نادەمە ئەو قسەو قسەلۆکانە کە داخوا کێ دێوکێ دەڕوا . من هەلّپەڕینیخۆم دەکەمو سەرچۆپی خۆم دەگرم ،کێ هات بەخێربێ ، کێ ڕۆیی بەخێر چێ .

سامان ئاخێکی هەلّکێشاو ڕووی تێکردم گوتی :

– ئارامگیان ! حەقانییەتی قسەکانی تۆم بۆدەرکەوت بەسە . ئێستا دەبێ منو تۆ بڕۆین . با کاکە حەزەش سەرچۆپی خۆی بگرێ و خەریکی هەلّپەڕکێو نارە ناری خۆی بێ . *با بزانین بەو بارە قورسەوە دەستی بەتەنێ تەقەی دێ .*

بیچم – سیستم * لەگوینە – ممکینە
پێشینە – سابیقە * سەرپشك – هەڵبژێری
تەشقەڵە – گڕوفێل * سەجەرە – شەجەرە
توانج – تەشەر * شکۆ – گەورەیی
لاتاو – توانجوتەشەر * شڵەژان – پەشۆکاو – خەجڵان
تێوەگلان – تێکەوتن * قرسان – تەخمین
چرپە – سرتە * غەوارە – بێگانە
چاولەدوو – تەماعکار * قۆرغ – قەدەغە
درێژدادڕ – زۆر بلێ * قەبارە – ئەندازە – بارستایی
داڵدە – پەناو پشتیوان * قەبلاندن – نرخ دانان
دەستخرۆ – فریو * گازەندە – گلەیی
ددان پێدانان – ئیعتراف * گۆڵەز – بەزم
دەستەبەر – تعهد * گیرۆدە – گیرکردنی ناخۆش
درووشم – ئارمی دەوڵەتی * مەسخەرە – گاڵتەپێکردن
دروشمدان – شعاردان * ناخوونەك – بەلاشخواردن
دوورخستنەوە – تبعید * هەوەنتە – بەهیچێچوون
ڕەوانبێژ – قسەخۆش * هەڵنان – تعقیب
ڕاڕا – مترّدد – ڕا گۆڕ * هەڕەشە – تهدید
ڕەمەکی – ڕەشۆکی – لەگۆترە * نەشیاو – نەگونجاو – حەرام
زارەترەك – ترسان لە شتێ * زەندەق – ورە بەردان – ورە
بنج – ڕەگوبن – ڕیشە * حەجمین – ئارام، ئۆقرە .
* – لەبەز – لەتوانا، لە هێز * دایگژایە – وەریگەڕایە .